سیخوڕی بە ئامێری سیخوڕی و لێکۆڵینەوە لە مێژوو و پاراسایکۆلۆجی

زانیاریە دەربارەی سیخوڕی
لە سەرکوت و پاراسایکۆلۆجی و
لێکۆڵینەوەی زانستی لە مێژوو و ڕامیاری

نوسینی / ئاماژ جاف

بەرگی یەکەم

سلێمانی -٢٠٠٢

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

سیخوڕی
بەئامێری سیخوڕی‌و لێکۆڵینەوە لەمێشک‌و پاراسایکۆلۆجی

زانیاریە دەربارەی: سیخوڕی لەسەر کوردوپاراسایکۆلۆجی‌و لێکۆڵینەوەی زانستی لەمێشک‌وڕامیاری

بەرگی یەکەم ٠٠٠٠٠٠٠٠سلێمانی ٢٠٠٢

پەرتوک : سیخوڕی بەئامێزی سیخوڕی و لێکۆڵینەوە لەمێشک و پاراسایکۆلۆجی
نووسەر : ئاماژ جاف
ژمارەی سپاردن : (٣٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٢ی وەزارەتی ڕۆشنبیری
کۆمپیوتەر: هونەر
چاپخانە : ئۆفسێتی ژیار
تیراژ : (١٠٠٠) دانە.

مافی لەچاپ دانەوەی پاریزراوە بۆ نووسەر

وێنەی نووسەر ئاماژ جاف

لەساڵی (٢٠٠٠)دا

سورة الحجرات – اية ١٣

بسم الله الرحمن الرحيم

يأيها الناس انا خلقناكم من ذكر و انثى و جعلناكم شعوبا و قبائل لتعارفوا ان اكرمكم عند الله اتقكم ان الله عليم خبير.

سورة البقرة – اية – ١٩٤

بسم الله الرحمن الرحيم

... فمن اعتدى عليكم فأعتدوا عليه بمثل ما اعتدى عليكم

(سورة الانعام –اية – ٦٧)

بسم الله الرحمن الرحيم

كل نبأٍ مستقر و سوف تعلمون.

پێشەکی

ڕەوان بالایی زانستێکە لەسەرووی هەموو زانستەکانەوەیە پەیوەستە بەژیان و ئەرێ‌ونەرێی ژیان و کۆمەڵ و چاک‌وبەدی‌پێشکەوتنی کۆمەڵ کەهێشتا مرۆڤ وەکو زانستەکانی بەرچاوو هەست پێکراو شوێنی نەکەوتووە وکەڵکی‌بە ئەرێی لێوەرنەگرتووە.

ڕەوان بالایی زانستێکی بالایە وە جیایە لەزانستە ڕووتەکان‌ولەناو ژیان دایە. میللەتی کورد بەپێی سەرچاوەی ئایینی‌و شوێنەوارناسی یەکەم میللەت بووە بەڕەوان بالایی ئاشنابووەو کاری سەروو ئاساییان پێ‌ئەنجام داوە، هەر وەکو دیارە ئاینی یەزیدی کورد یەکەم ئایینە لەڕۆژهەڵات داکە کوردە یەزیدیەکان کاری سەروو ئاساییان پێ‌ئەنجام داوەو بە(فەرجود)ناویان هێناوە.

هەروەها سەرچاوەی ئایینە ئاسمانیەکان لەکوردستانەوە سەری هەڵداوە پەیام بەری گەورەی وەکو نوح‌وئیبراهیم لە کوردستان لەدایك بوون‌و ئایین‌و ڕێڕەوی خوا پەرستی‌یە کەبەهۆیەوە لەکۆنەوە تا ئێستاکاری فەرجودی پێ‌ئەنجام دەدرێ. وەئیستاش لەسەردەمی ئایینی‌ئیسلامەوە ڕەوشی شێخەکانی ناو کوردەواری باشترین فێرگەی زانستی ڕەوان بالایین تا ئێستا.

من بەهۆی شارەزایم لەزانستی ڕەوان بالایی‌یەوە بوو کەلەلایەن پۆلیسی نهێنی نەمساوە بووکەوتمە ژێرچاودێرییەوە وە زانیاری لەسەر من بەدرۆ بەڕاست دراوەتە CIA- کەسەرئەنجام پۆلیسی نهێنی نەمساوە ئامێری سیخوڕی‌ولێکۆڵینەوە لە مێشکی وەرگرت لە CIA- و لەمنی بەکارهێنا بۆسیخوڕی لەسەر کوردان و دەوروبەر ئەزموون تاکی‌کردنەوە لەسەر زانستی ڕەوان بالایی بەمیشکی من ئەنجام دراوە کەهەموو ئەو ئەزموون‌وتاکی‌کردنەوانە

تۆمارکراون‌وبەئەمریکاو پاشتریش بە بەریتانیا گەیەشتووە وەکو ئەم ئەزموونانەی کە ناویان دەهێنم‌وخۆم پێشتر تا ئەندازەیەك توانای ئەنجام دانیم هەبوو ئەزموون بەمێشکی‌من کراوە دەربارەی دەروونە جووڵە وەکو کارکردنە سەرتەن‌و شتومەك.

ئەزموون بەمێشکی من کراوەدەربارەی کەش گۆڕی کەمانای کارکردنە سەرکەش‌وئاوهەوایەو باران باراندن‌وەهەروەها ئەزموون بەهەستی بۆن کردنم بۆ بۆنکردنی سەرووی ئاسایی لەکات‌وشوێنی جیاوازدا.

ئەزموون دەربارەی کارتێکردن لەسەر ڕووەك‌و گیانداران‌ومرۆڤ کەدیسان بەمن کراوە کە لەڕێگای ئامێرەکەی ناومێشکمەوە فەرمان بەسەر مێشکمدا دراوە. دەربارەی هێمای ڕەوان بالاییم هێمای(∞) بێکۆتایی‌یە.

ئەم چوارینە پێشگۆییەی (نۆستەردامۆس) دیارییە بۆ ئەم پەرتووکە.

شخص عظيم جداً يرتجفُ في شهر ايار

زوحل في برج جدي المشتري وعطارد في برج ثور

الزهرة ايضا في برج سرطان، المريخ في برج العذراء

ثم سيهطلُ البردَ و حجم حبته اكبر من البيضة.

تنبؤات نوستر داموس – قرن العاشر – رقم ٦٧.

ئامارژجاف

لەندەن.

پاراسایکۆلۆجی‌وئامیری سیخوری‌و لیکۆلینەوە لەمیشك:

ئەم پەرتووکە دەربارەی سەرگورزشتەی ژیانی خۆمە کەلەولاتی نەمسا ژیانم بەهۆی ئەم زانستەوە واتە زانستی پاراسایکۆلۆجی‌یەوە کەوتمە ناخۆشی‌و هەلدیر و نائارامی‌یەوە کە هەرگیز بیرم نەکردۆتەوە کەلەولاتیکی بەناو دیموکراتی وەکو ئۆتریش بەو شیوەیە دژایەتی خەلکی بیگانەبکریت لەژیر پەردەی پاراسایکۆلۆجی‌و تلەپاتی زانین دا وە هەروەها خۆ بەدەستەوەنەدان بۆ پۆلیس کارکردن‌و سیخوری‌نەکردن لەسەرکوردە پەناهەندەکان و پارتە رامیاریەکانی کوردستان‌و دەربارەی خۆم ئەلبەتە زانستی پاراسایکۆلۆجی لە کوردستانی رۆژهەلات لەسالی ١٩٨٩پیی ئاشنابووم‌و خولیای‌بووم. بەلام ئەوکاتەی پەناهەندەی رامیاری بووم لەنەمسا بووە هۆی تیکچوونی ژیانی من ئەم زانستە بەتایبەتی لەسالی١٩٩٧ بەدواوە. وە لەم پەرتووکەدا روون دەبیتەو کەخەلك‌و پۆلیسی نەمسا هیشتا گیانی نازیەتیان لەمیشکدا ماوە وە دەرفەت بە بیگانە نادەن شتیك فیربیت لەدەرەوەی بەرژەوەندی‌و تیگەیشتنی ئەوان بیت واتە دەسەلات دارانی نەمسا وە چەندین جار هەولی کوشتنی منیان داوە کەبمکوژن بەدزی‌یەوەو و کەس ئاگای نەبیت لیم بی‌سەروشوین تیدابچم نەکابەشیوەیەکی ئاشکرا بەسەریانەو ببمە مال‌و خەلکی کورد بەتایبەتی پی‌بزانی کەپۆلیسی نەمسا منی کوشتووە.

نووسینی

طارق رفعت حکیم/ ئاماژ جاف

٥ - ١٢ - ١٩٩٨لندن

کورتەیەکی ژیانی منداڵی‌و خەباتم :

من لەدایك بووی ساڵی ١٩٦٥م لەگوندی جاسەنەی بناری سورداش لەخێزانێکی مام ناوەندی جووتیار خوێندنی سەرەتاییم لەگوندەکەم تەواوکردووە وەلەکاتی شۆڕشی ئەیلول دا وەکوو هەموو فێرکارەکانی‌تر خوێندنی ساڵی ١٩٧٤م بەفیڕۆچووە، وەخوێندنی ناوەندیم ساڵێك وازلێهێنا بەهۆی هێرشی دەزگای سیخوڕی ڕژێمی عیراق بۆ سەرخێزانەکەمان‌و گرتنی دایکم بۆ ماوەی شەش مانگ لەزیندان دا چونکە براگەورەکەم پێشمەرگەبوو لەگەڵ یەکێتی‌نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٠ - ١٩٨١دا.

خوێندنی ئەوساڵەم بەفیڕۆچوو لەناوەندی ئازادی‌وخوێندنی دواناوەندیم لە فێرگەی ئەزمەر تەواوکردووە، پاشان ساڵی ١٩٨٥ - ١٩٨٦ لەپەیمانگای تەکنۆلۆژی لەکەرکوك وەرگیرام لەبەشی‌کارەبا لکی ئەلەکترۆن هەربە هۆی نەکردنی بەعثیەتی‌ومەشقی سەربازی‌و سوپای میللی‌یەوە تادەرکرام لە پەیمانگاو کاغەزم کرایە سەری لەلایەن نوسینگەی بەسەربازکردن لەشارۆچەکەی دوکانەوە -داریٚ- پاشان چوومە ڕیزی خەباتی چەکداری‌کوردستانەوە لە(ی.ن.ك)دا.

پاشان ساڵی ١٩٩٠چوومە گەڵ پاسۆك‌وخەباتم لەگەڵیان کردوو وە لەساڵی ١٩٨٩بەزانستی پاراسایکۆلۆجی ئاشنابووم‌و خولیای‌بووم کە دەتوانرێ کەڵکی لێوەربگیرێ.

نووسینی

طارق رفعت حکیم/ ئاماژ جاف

فێربوون، هیوایەت، ئارەزوو، ئاوات، وەهەروەها تاد...

ئێمەی مرۆڤ لەڕووی لەش‌ولاروەوە هەموو وەك یەكین بەڵام جیاوازیمان هەیە لەفێربوون‌و بیركردنەوە و تێگەیشتن‌و وەتاد وەهەموو مرۆڤێكیش بیروباوەڕی هەیە هیوایەتی هەیە بەڵام ئەمانە هەمووی لەیەكتری جیاوازن لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی‌تر وەكو دوومندالی دوانەكە بەسكێك لەدایك دەبن‌و لە یەك دایكن ئەوا یەكیان بەری بۆ ناو ئاینی بودایی یان هیندۆسی وە ئەوی‌تریان بەری بۆناو ئایینی ئیسلام یان مەسیحی ئەوا كاتێ گەورەدەبن دوو باوەڕی جیاوازیان هەیە وە دوو تێگەیشتنی جیاوازیان هەیە لەڕووی ئایینی‌یەوە و كۆمەڵایەتی‌یەوە و دووبیروباوەڕی فەلسەفی جیاواز فێردەبن لەكاتێكدا كە هەردووكیان لەیەك سك‌ودایك‌و باوكن وەئەمە گوناهی هیچیان نی‌یە بۆچی بیروباوەڕیان جیاوازە لەڕووی ئایینی‌وە وە هەروەها تێگەیشتنیان جیاوازە لەڕویی كۆمەڵایەتی‌یەوە. وە بەبۆچوونی من لەو كۆمەڵەو شوێنەواری تێیدا دەژین هەردووكیان ڕاستن وە دەتوانم بڵێم ژیان‌و سروشت وەكوو ماتماتیك وایە گریمان ئەو ژیانەمان دانابە ژمارە(٨)وەبۆ بەدەست هێنانی ژمارە(٨) هەركەسە وجۆرێك دووسێ ژمارە لێكدەدات یا كۆی دەكاتەوە یان لێكی دەكات وە یان دابەشی‌دەكات ژمارە(٨)بەدەست دەهێنێت كە ئەنجامی هەر هەموویان ڕاستە. بۆ نموونە مرۆڤی چینی دەڵێ ٤+٤=٨وە ئەوروپی:٩-١=٨وەهەروەها بەشێوەی بێكۆتا - ∞- واتە بێكۆتا مرۆڤەكان بیرلەبەدەست هێنانی ژمارە(٨)دەكەنەوە كەهەمووشیان ڕاست دەكەن ژمارە(٨) بەدەست دەهێنن وە ناشتوانن بڵێن بۆچی ئەوەیان وا ژمارە هەشتی‌بەدەست هێناو ئەوی‌تریان بەشێوەیەكی‌تر وە هەروەها چونكە هەموویان هاوكێشەكەیان ڕاستە وە ئەنجامەكەیان ڕاستەكەژیان‌وسروشت بەژمارە(٨)دابنێن وەشێوەی فێربوونیش بەشێوەیەكی بێكۆتا- ∞ - لەیەكتری‌جیاوازن‌و هەمووشیان ڕاستن وەكو تێگەیشتن

لەژیان‌و سروشتە کە بێگومان هێزێك خوایەك هەیە بۆبەڕیوەبردنی ئەو ژیان‌وسرووشتە بەلام تەنها زانستەڕووتەکان لەلای مرۆڤە جیاوازەکان لەشوێنەواردا وەك یەکە وەکو زانستی ماتماتیك کەلای هەموو کەس لە جیهاندا لەدوای ژمارەچوار(٤) ژمارەپێنج(٥)دێت وە یان ٢+٢=٤وەیان ئاو لەلای هەموان یەك تایبەت مەندی هەیە وەیان لای‌هەموان ڕەنگی‌سوور ڕەنگی خوێنە وەیان زێڕ لای هەموون مادەیەکی بەنرخەوجوانەو ژەنگ ناکات وەناسینی مادەکان‌وزانستی کیمیا لای‌هەموان وەکو یەکە وەیان ئاو لای هەموو مرۆڤەکان بەکارهێنانی یەکەو هەموان وەکو یەك تێی‌دەگەن کەبۆ خواردنەوەوپاك‌وخاوێنی بەکاردێت. بەلام بیروباوەڕ و فەلسەفەکانی جیاوازن داب‌ونەریت‌و خووەکان جیاوازن، چۆنیەتی زانستەکان لەیەکتری جیاوازن وەفێربوونیان جیاوازە. ئەمە لەڕووی‌بیرو باوەڕ وفێربوونەوە لەناوکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا. کەواتە فێربوون لەگەلێکەوە بۆگەلێکی‌تر جیاوازە وبگرە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی‌تریش کەمێ جیاوازە وەهەوەهالە ڕووی هیوایەتەوە مرۆڤ هەیە هیوایەتی ڕاوە یان پەرتوك خوێندنەوەیە یان وەرزشە یان پارەکۆکردنەوەیە یان بوونە ڕامیاریەوانێك یا دوکتۆرێك یان هۆنەرمەندێك وە تاد. کەواتە هیوایەتی مرۆڤەکان جیاوازە.

وەهەروەها دەربارەی ئارەزووەکان لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی‌تر جیاوازە مرۆڤ هەیە ئارەزووی خواردن‌وخواردنەوەیە یان -زایوەنە- ڕووت پەڕیە- یان جل‌وبەرگە، چونکە لەئارەزوەکانی چێژوەردەگرێت کەواتە مرۆڤەکان ئارەزوویان جیاوازەو هەریەکە بەئارەزوویەك خۆی‌تێردەکات.

بێگومان منیش کە مرۆڤم حەز وئارەزوویەکی جیاوازم هەیە وەفیربوون‌و هیوایەکەشم جیاوازە وە جیاوازی بیروڕاشم هەیە. بۆیەبیروباوەڕ و حەزم‌و هیوایەتم چۆتە سەرزانستی پاراسایکۆلۆجی لەساڵی ١٩٨٨وەکە بەرەبەرە تێدەچوومە

خەڵوەت ولەبیرچوونەوەو فڕینە ناو جیهانی بیرودابڕان لەمادە وبەرەو فەلسەفەی خۆیی چووم کە پێی دەڵێن -ئیگۆئیست- وەبێ خودیم هەڵبژارد واتە ئاگالەخۆنەبوون- کەبیر لەهێزوبیرلە زیندە ووزەی خۆم بکەمەوە واتە ئەودیو هەست وتێگەیشتنی مرۆڤ، ئەو دیو هەستەکانی مرۆڤ بەرەو ئاسودەیی بڕوات وە بووە هۆی قوڵبوونەوەم لەزانستی پاراسایکۆلۆجیدا.

دەم ویست پترتێبگەم لەدەوروبەم واتە پتر لەوتێگەیشتنە ئاساییەی کە هەیە لەڕێگای پێنج هەستەکانی مرۆڤەوەو بیرکردنەوەی مرۆڤەوە کەلە جیهانی بەردەستەدایە.واتە لەبەردەست دایە-Real-دا تێگەیشتنەکان جیاوازن کە تێگەیشتن نیسبییە- هاملاییە-و جیاوازە لەنێوان مرۆڤەکاندا. بۆ نموونە لەجیهانی بەردەست دا ئەگەربۆ کەسێکی مێژوونووس ڕووداوێك بگێڕتەو جۆرێك تێدەگات و هەڵی دەسەنگێنێ و تاووتۆی دەکات کە جیاوازە لەیەکێکی تر کەشارەزایی لەزانستی فیزیا یان کیمیا هەبێت یان کەسێك کە ڕامیارەوان بێت کە هەر یەکە لەم کەسایەتیەجیاوازانە بڕیاری جیاواز دەدەن لەسەر ئەم ڕووداوە وەتێگەیشتنی هەمووشیان جیاوازە لەگەڵ ئەو کەسەی لەناو ڕوداوەکەدا بووەو ژیاوە و بینیویەتی. خۆئەگەر بینەریش ئابووریەوان بێت ئەوا بڕیاری جۆرێك لەسەر دەدات کە خۆی تێیدا ژیاوەو شانۆکەی گێڕاوە. بۆ پاڵپشتی ئەم نموونەیە گریمان کابرایەکی بێباوەڕبە ئاین وکۆمەنیست منداڵێکی بنەماڵەیەکی ئاین زاو خودا پەرست دەکات بەژێر خودڕەوەکەیەوە (ئۆتۆمۆبیل) منداڵەکە دەمرێت وەئەو دووبنەماڵەناوبراوە بەهیچ شێوەیەك زانیاریان لەسەر یەکتر نەبووە یەکتریان نەناسیوە.

وەئەوکەسایەتیانەی سەرەوەش کە ناوم هێنان بەشێوەی جیاواز لێی تێدەگەن وەڕامیاریەوانەکان بەشێوەی جیاواز لێی تێدەگەن گریمان کابرای شۆفێریش ماشێن باش لێدەخوڕی وە ماشێنەکەش تازەیە وە تەمەنی منداڵەکەش(١٢)ساڵانەگریمان

لێرەدا ئەوانەی لەڕوانگەی ئایینەوە بیردەکەنەوە دەڵێن قەزاوقەدەر ە هەروەها ئەوانەی بڕوایان بەزانستی ڕووتەو کۆمۆنیستن دەڵێن ڕێکەوت (صدفە)بووە، هەروەها وە ڕامیارەوانەکانیش لەدیدی ڕامیاری‌خۆیانەوە کەفێری‌بوون دەڵێن: پیلانێکی ڕامیاریە وە هەندێ‌کەسی‌تر دەڵێن کەس تێ‌ناگا و نازانرێ بۆ ڕوویداوە وە پۆلیسی هاتووچۆ دەڵێن هۆی ڕێگاوبان‌و جەنجاڵی بووە ....هتد.

ڕەنگە لەسەر شێلانی ئەومنداڵە ناکۆکیەکی توند لەنێوان ئاین زاکان‌و کۆمەنیستەکان دا ڕووبدات بەڵام لەم ڕوانگەی زانستی پاراسایکۆلۆجی‌یەوە تێگەیشتنێکی‌ترە کە جیاوازی لەگەڵ ئەوانیتر هەیە. ئەڵبەتە کەزۆربەی زانایانی پاراسایکۆلۆجی دەڵێن کە ئەو هێزە لەسروشت دا هەیەوکاری سەرووئاسایی ئەنجام دەدات ئەوا هەر خوای‌گەورە دروست کەری ئەو هێزەیە. وە زیندە ووزەی مرۆڤ پەیوەندی دەکات بەو هێزەوەکە ئەم زیندەووزەیە لە هەموو گیانەوەران دا بەمرۆڤیشەوە هەیەو هەستی پێ‌ناکرێت. وەبەتێگەیشتنی پاراسایکۆلۆجی ڕوودانی‌ئەو ڕوودداوە ناوەڕۆکی دژ بەیەکی ئایین زاکان‌وکۆمەنیستەکان کەلە ئاوەزی ناوەوە –عقل باطن– نەك هۆشی‌ئاگای مرۆڤ ئەو ڕوودداوەی هەڵسوڕاندووە.

دەربارەی زیندەووزەی مرۆڤ کە جیاوازە لەووزەی فیزیایی‌وە ئەم زیندە ووزەیە لەمرۆڤ دا دژی خۆشی‌کار دەکات هەتا بۆلەناوبردنی ئەو کەسە خۆشی‌وە مرۆڤ وەکو کۆمپیوتەرێك وایەچی‌فێربێت ئەوا بەپێی فێربوونی بیردەکاتەوەکەبە دەستی خۆشی‌نییە بیرکردنەوەکە چونکە واپرۆگرام بووە وافێربووە. وەهەموو بیرێك کە لەفێربوونەوە هاتووەلەڕوانگەی پاراسایکۆلۆجی‌یەوە کارە واتەبیریەکسانە بەکارکەپێش ئەوەی‌کارەکە ئەنجام بدرێ بیرەکە هەیە وەبیریش لەفێربوونەوە سەرچاوە دەگرێ.

دەربارەی خۆم بۆیەمن دەمویست پاراسایکۆلۆجی فێربم وەشارەزاییم لە زیندە

ووزەپتر بیتوە لەودیوی جیهانی هەستەکانەوە لەروداوەکان تیبگەم چونکە روداو میژوو هەر دووبارە دەبیتەوە بەشیوەی جیاواز ویەکسانیلە ناوەرۆکدا. کەزیندە ووزەی مرۆڤ، خۆی روداو میژووی کۆمەل دروست دەکات بەلام وەك گوتم سەرچاوەی هەموو هیزو ووزەکان هەربوونی خوایەك دەگەیەنی،کەوەك هیزیکی بالا لەگەردووندا هەیە.

بەلام هەندی روداویش هەیە لەجیهانی بەردەست دا لە تینەگەیشتنەوە روودەدات ئەوەکاتی مرۆڤ نازانی گفتۆگۆیەك دەکات کەبەزیانی خۆی تەواو دەبیت یان هەلسوکەوتیکی ئەریی خۆی دەدوی کە بەهرەیەکی شارەزایەکی لەبواریکدا هەیەوە نازانیت کە دەور وبەرەکەی خۆزی پیدەبەن-حەسوودی- پیدەبەن و حەزیپیناکەن وتووشی گیروگرفتی دەکەن ئەم روداوانە لەچوارچیوەی ژیانی مادی دایە لەوچوارچیوەی هەستەکانی مرۆڤ دایەورووداویکی بەردەستە.کە رەنگە هۆکەی ململانیی نیوان دوو بەرژەوەندی بیت یان دووفەلسەفەی یان دوو بیربیت یان نەریتیکی درندەییە و زال بوونی دەستەیەك بەسەر دەستەیەکیتردایە. یان مرۆڤیك بەسەر مرۆڤیکی تردایە. یان دەرخستنی راستییەکی زانستیە کەدژی دەوروبەر و ژینگەکەیەتی وەکو چۆن گالیلۆ سوتینرا لەلایەن کەنیسەوە بەهۆی ئەوراستیە زانستییەی کەووتی زەویو هەموو ئەستیرەکانیتر بەدەوری رۆژدا دەسووریەوە. ئەم جۆرە روداوانە لەجیهانی هەستەکانماندا تیدەگەین کەهۆکەی چییە؟ هەرچەندە ئەم روداوەش لە جیهانی ئەو دیو هەستەکانەوە زیندە ووزە دەی گویزیتەوە بۆ جیهانی هەستەکانو تیگەیشتن بۆیە تیدەگەینو دەزانین هۆکەی چییە؟ کەواتە هەندی لە روداوەکان لەجیهانی هەستەکانمانە وە هەندی لەروداوەکان لەجیهانی ئەو دیو هەستەکانەوەن وەدەربارەی مرۆڤ جگە لەوەی کەلەژیاندا هەموو شتیفیردەبیت، بەلام هەندی فیربوون نەریتیش هەیە بۆ ماوەیەو

زگماگـە لەگـەل مـرۆڤ دایـە و پیویسـت ناکـات فـیری ببیـت لـەژیانیدا کەئـەم جۆرەبۆماوەییـە فیربوونـە جگـە لـەمرۆڤ لەگیاندارانیشـدا هەیـە. کەواتـە دەگەیـنـە ئەنجام بمانـەوی‌و نەمانـەوی ژیـان جیاوازیـە ململانـی‌ی بەردەوامـە وەمـرۆڤ بەتـەنی بەئارەزووی خۆی ئاساییش دابین دەکات کەئەمـەش کاریکی دژوارە کەواتـە لەباری ئالۆزی نائاسایدا دەژیت.

* * *

کورتەیەك لەسەر زانستی پاراسایکۆلۆجی ـ رەوان بالایی:

پاراسایکۆلۆجی مانای ئەودیو سروشتەوەیە زانستی ئەودیو. هەستەکانی مرۆڤەوە دەگەیەنی کەبەهۆی زیندە ووزەی مرۆڤ‌و گیان دارانەوە ئەنجام دەدریت وەزیندە ووزەش زۆر جیاوازە لەووزەی فیزیاوی یان ووزەی کارەباو ووزەی ناوکی‌و ووزەی رۆژ وە ئەم زیندە ووزە لە مرۆڤ دا پیگەیشتوو تر وپەرەسەندووترە وەك لەگیانی داران وە کەئیمەی مرۆڤ بوونەوەریکی سی دوورین بەپیی زانستی ئەندازەکاری کەسی دووری دریژی و پانی و قولی یان بەرزی هەیەوە هەروەها بەپیی‌ی زانستی ئەندازە جگە لەم سی دووریەدووری چوارەم‌وپینجەم وەتاد هەیە وە هەندی لەزیندەوەران یەك یان دوو دووریان هەیە بۆنموونە کرمی زەوی یەك دووری دەزانیت وە نازانیت لەدەرەوەی گل‌و زەوی‌چی‌هەیە وە هەندی لەماسی‌دەریا دوو دووریان هەیە، بەلام مرۆڤ سی دووری هەیەوتیگەیشتنی لە هەموو گیان دارانی‌تر بالاترە وەمرۆڤیش لەو سی‌دووریە بترازیت دووری چوارەم‌و پینجەم تی‌ناگات، وە نازانی لەدووریەکانی سەرووی سی‌هەمەوە چی‌هەیە و رووەدەدات وە هەستەکانمان سنووورداره وەکو هەستی بیستنمان کەهەندی دەنگ نابیستیت بەلام کەهەندی گیانەوەری‌تر دەی‌بیستیت وەچاومان تا دووەیەکی دیاری‌کراو دەبینیت، بەلام هەندی‌گیاندار هەیە بەشەو دەبینیت وە هەستی‌بۆن کردنمان دیاری‌کراوە کە هەستی بۆن کردنی سەگ(٣٠٠)جار لەهەستی‌بۆنی مرۆڤ بەهیزترە، وەهەندی لەگیانداران وەکوو مرۆڤ پیشبینیان هەیە رووداوی داهاتووی کورت هەست پیدەکەن وە زانستی پاراسایکۆلۆجی دابەش دەبیت بەسەرئەم لکانەدا.

١. پیشبینی واتە پیش بینی رووداویك پیش ئەوەی رووبدات بەماوەیەك.
٢. پیش گۆیی: واتە پیش گۆیی‌وهەست پیکردنی رووداویك پیش ئەوەی

ڕووبدات بەماوەیەك.

٣. تلەپاتی- تخاطر- هاوبیری: مانای‌بیر خوێندنەوەی کەسێك پێش ئەوەی بەگفت دەری‌ببڕێت کەلەمێشکیدایە لەدوورونزیك، وەتلە پاتی نێرەرو وەرگرە واتە ئەوەی‌تر بیرەکە دەنێرێت وە ئەوەی‌تر وەری‌دەگرێت.

٤. سایکۆکنیز- حرکە نفسیە- دەروونە جوڵە: کارکردنە سەردەوروبەرو مادەیە وە جگەلە دەروونە جووڵە دەتوانرێ دەروونە تواناشی پێ‌بگوترێ کەبەتوانای دەروونی دەتوانێت مادە لەشوێن خۆی بجوڵێنێت.

٥. تیلە پۆرتاسیون:- تغیر مکان شی-ئالۆگۆڕی شوێنی شتەکان:- کەگوێزرانەوەی شتێك لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌تر دەگەیێنێت. جێگەکەی بگۆڕدرێت وەیان خۆگواستنەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌تر بەهێزی بالاو ونائاسایی(قوةالخارقة).

٦. لیڤیاسیون:- تحریر من جاذبیةالارض-ڕزگاربوون لەهێزی‌کێش کردنی زەوی وبەرزبوونەوە: وەکو مرۆڤێك لە زەوی‌بەرزبێت وکەمێ‌بفڕێ.

٧. سایکۆمیتری - تکهن النفسي- دەرونەخەملاندن- بەهۆی وێنەیان جل‌وبەرگی کەسێکەوە یان شتێکی لێ‌بزربووبێت کەبەهۆی ئەوشتەوە بزانێ خاوەنەکەی لەکوێیە وچی‌دەکات.

٨. جوڵەی کاتی نائاگا (میکانیزم توقیت اللاشعور)دوورکەوتنەوە لەڕووداوێك کەحەزی‌پێ‌ناکەیت ویان نیزیك بوونەوە لە ڕووداوێك کەحەزی‌پێ‌دەکەیت بەشێوەی پۆزەتیف - ئەرێ وەنەرێیە ئەگەر بەپێچەوانەوە ڕووی‌دا،بەبێ ئەوەی ئاگات لێ‌بێت‌و هیچ زانیاریەکت هەبێت.

٩. هیپنۆتیزم - بەخەو بێهۆش بوونی سەرنج‌و بیری کەسێکە واتە بیری کۆ دەکەیتەوە دەی کەیتە یەك تیراسا و پاشان ئاوەزی یان هەستی دەنێری

بۆکات‌وشوینیکی‌تر بۆزانیاری یان مەبەستی‌تر وەهیپنۆتیزمیش چەند جۆریکە.

١٠. دەروونەکەش گۆری – مانای کارکردنە لەکەشی ئاو وهەوا و باران باراندن‌و نەباراندنە وەتـــاد.... .

بەسەرهاتەکانم لەوولاتی نەمسا لە شارۆچکەی شتایر لەسالی ١٩٩٧.

پەندیکی پیشینان هەیە دەلی ئەگەر زمان بهیلیت سەر رەحەتە سەرەرای ئەمەش چوونە مالەوەم وەبینویانەمن پەرتووکی پاراسایکۆلۆجیم هەیەو دەیخوینمەوە کە ئەمەش ریگەیەکی‌تری چاودیری‌بووە لەلایەن پۆلیسی نهینی‌یەوە ئەلبەتە من زمانی خۆم کەباسی چۆنیەتی زانستی پاراساسکۆلۆجیم کردووە لەنەمسا بۆتە هۆی دژایەتی کردنی پۆلیس بۆمن چونکە من درەنگ تیگەیشتم کە خەلکی نەمسا ووتەزوولەدەمیان بەراست‌وچەوت بلاودەبیتەوە ولەگەل پۆلیس کاردەکەن بەریژەی گەلیك زۆر و هەروەها بەهەلەدا چووبوم کەنەمسا دیموکراتی‌یە چونکە ئەگەر کەسیك فیری زانستیك بیت کەلە دەرەوەی بەرژەوەندیان بیت ئەوا بەزیان بۆئەوکەسە دەگەریتەوە خۆئەگەر فیری تلەپاتی‌وپاراسایکۆلۆجی‌بیت ئەوا هەر مەپرسە چی‌دەبیت.

وەهەروەکو چۆن منداليك بەناوی ئەحمەد کوری مامۆستا سەلاح لەکەرکوك لەلایەن ئەمن‌وئیستخباراتەوە دەستی‌بەسەرا داگیرا، خۆئەگەر لەنەمسا بووایە چارەنووسی‌باشترنەدەبوو، بەلام ئەوا لەبەسەرهاتی خۆمەوە تیدەگەم کە وولاتی ئوتریش دیموکراتیەکەیان کە خۆیان پیی‌دەلین دیموکراتی تەنها بۆخەلکی نەمسایەوبۆبیگانەنیە وە ئەگەر شتیك لەوبابەتانە فیربیت ئەوا مەترسی لیدەکەن‌و دەکەونە دژایەتی‌و چالی بۆهەلدەکەنن، ئەلبەتە من لای‌کەس باسی نهینیەکانی خۆم نەکردووە. بەلام هەندی‌شتی پەرتوك‌و لاوەکی تەنها بۆیەکی لەناسیاوان –ai– ریکخراوی مافی مرۆڤم باسکردووە چونکە لەسالی ١٩٩٤ئەندامی‌ریکخراوی مافی

مرۆڤی جیهانیم‌وکاریان بۆدەکەم لەشارۆچکەی شتایەر لەگەل گروپی(٤٩) ـ ai ـ کارم کردووە و ئەندام بووم، وەیەکیك لەئەندامانی -ai- کەزۆر تیکەلی بووبووم ناوی برونۆکیرن بووە-bruno kern- کەزیاتر لەلای ئەم باسی زانستی پاراسایکۆلۆجیم کردووە. بەلام لای خەلکانی‌تر زۆر بەدەگەمەن بووە کاتیك سالی ١٩٩٨لەمانگی‌یەکدا بە خۆم زانی‌و لیی تیگەیشتم کە برۆنۆ سەرەرای ئەوەی ئەندامی ئەمنیستی‌یە -ai- وەهەوالگریشە بۆ پۆلیسی نهینی ئوتریش وەپاش ماوەیەکی کەم بەبرۆنۆم گوت تۆلەگەل پۆلیس کاردەکەیت‌ودەنگ‌وباسی منیش پییان دەدەی دوایی سەرئەنجام دانی پیداناو گوتی چۆن دەزانی ووتم بەتلەپاتی هەست بەتۆدەکەم کەئەوەی بۆ تۆم گیراوەتەوە بۆ ئەوان‌وخەلکی ترت باس کردووە ووتی راستە دەنگ‌وباسی تۆم بۆ مالەوەو ناسیاوی خۆم باس کردووە. وەدەربارەی برۆنۆکیرن لەسەر تلەپاتی بۆیم باسکردووە کە دەتوانی لەریگەی پەیوندی ئاوەزەوە - عقل - لەکەسیکی‌تر تیبگەیت وەکتیبی ئەلمانی دەربارەی پاراسایکۆلۆجی لەمن وەرگرتووە و خویندوویەتەوە کەهەر نووسراوی پەرتوکەکانی خۆیانم بۆ گیراوەتەوە.

هەروەها هەر لەو شوینەی لیی دەژیام لەساختومانەکەمدا خیزانی - خانوادەی- سوکتە عبدالرزاق دەژیا کەخەلکی بەغدایەو کەخۆی بەکوردوعەرەب نیشان دەدات وەکەس‌وکاری لەگەل ئەرەب تیکەل بووە، ئەمیش لەگەل پۆلیس کاری دەکرد وە دراوسیی منیشە کەناوی عبدالرزاق وە بەئەبوتارا ناسراوە، وەپۆلیسی نەمسا ریگەی پیدابوو رۆژنامەی صوت کردستان دەربکات بۆ دەنگ‌وباس‌ودژایەتی پارتەکوردیەکان بەتایبەتی پارتی-پ .د.ك وە ی . ن . ك وەکاتیکیش کەپەناهەندەیەکی کورد ئەرەب دەهات بۆ شارۆچکەی شتایەر وئەم دەبووە وەرگیری وزانیاری نهینی دەربارەی پەناهەندەکەی دەدا بەپۆلیس کە لەکاتیکیشدابەلگە

نامەی وەرگیری‌نیە، ئەمەیش لەسەرەتاوە کەهاوسیم بوو پەیوەندیم خۆش بوو لەگەلی بەلام پاشان زانیم بۆ پۆلیس کاردەکات، لەسالی ١٩٩٧وکۆتایی ١٩٩٦پەیوەندیم لەگەل ئەبوتارا بری‌کە زۆر لەمیژە بۆ پۆلیس ئوتریش کاردەکات وە زۆربەهەلە گوزارشی لەمن داوە لای پۆلیس.

لەسەرەتای‌سالی ١٩٩٧و لەکارگەیەکی شووشە کارم دەکرد هەرچەند کارەکەشم گران بوو بەلام پیم خۆش بوو چونکە لە مالم چەند خولەکی دوور بوو کەچی پاش ماوەیەك کاریان کەم بوو من‌وچەند کریکاریکی‌تریان دەرکرد وەویستم لەنووسینگەی‌کار لەشارۆچەکەکەدا داخوازی‌کردنی پیشەیەك بکەم وەکو فیربوون لەپەیمانگایەکدا وە خویندنی ئەلەکترۆن تەواوبکەم کەچەند جاریك چوومە لایان‌و پیم گوتن لەوەلامدا ووتیان پارەمان نیەتا بۆتۆی بدەین بۆفیربوونی پیشەیەك وئیمە کەسانی‌تر فیرپیشە دەکەین کەلەتەمەنی‌خوار(٢٠)سالانەوە بیت وەئەوژنەی لە نووسینگەی‌کار بەرپرسی‌من بوو ناوی ئیگل مایەربوو، هەرئەم ژنەبوو سالیك پیشتر پارەی مانگی بیکاری منی بریبوو کەگوایە من کارناکەم و کارم دەستکەوتووە بەلام لەراستیدا خاوەنداری کارگەکەکاری نەدا بەمن نەك من کار رەفزبکەم دوایی تی‌گەیشتم ئەمانە پیلانی پۆلیس بووە.

وەپاش دەرکردنم لەکارگەی شوشەی شتایەر بیکار مامەوە بەلام کەلکی هەبوو بۆ پتر فیربوونی زانستی پاراسایکۆلۆجی چونکە لەشم ماندوو نەبوو،وەهەندی‌جار کە برۆنۆ منی دەبینی‌و گفتۆگۆمان دەکرد لەسەر چۆنیەتی ژیان‌وکارکردن‌و پیم دەگوت ئەگەر من وەکو ئیوەکاروپیشەی خۆم هەبیت‌و لەولاتی خۆم بژیم ئەوا زۆر پیشرەوی دەکەم لەزانستی پاراسایکۆلۆجیدا بەلام کەمن ئیستا بیکارم و ئاوارەم لیرە زۆرگیروگرفتم هەیە ناتوانم خیزانم لەکوردستانەوە بهینم کە چەند هۆیەك هەیە وەناشتوانم بەئاسانی لەشاریکی‌تر خانوو بەکری بگرم و لیرە بگویزمەوە چونکە لیرە

کارم پی‌ناکریت وەزۆربەری کارگەکانیش خەلکی بیگانە وەرناگرن بۆکار، بەهۆی ئەم هۆیانەوە ناتوانم بەکردەوە لەزانستی پاراسایکۆلۆجی پیشرەوی بکەم‌وسەرکەوتن بەدەست بهینم، دەربارەی برۆنۆ لیی‌تیگەیشتم کە لەسەرەتای سالی ١٩٩٧دەنگ‌وهەوالی‌من دەدات بەپۆلیسی نهینی دەربارەی پاراسایکۆلۆجی‌وچەند جاریك هاتووچۆی مالی برۆنۆم کردووە و وادەهاتنەبەچاو خیزان‌وبنەمالەی باش بن، وەهەرواش تیدەگەم کە دەنگ‌وهەوالی منی‌داوە بەپۆلیس بەرەزامەندی خۆی نەبووە وبەداخوازی‌و فەرمانی پۆلیس بووە،بۆیە من ناتوانم تاوانباری بکەم چونکە لەوو پیش کەلەسالی ١٩٩٤داناسیومە بۆ پۆلیس کاری‌نەکردووە، واتە پۆلیس تاوانبارە ئەوی بەکارهیناوە بۆ نهینی‌گرتن لەمن. دەربارەی‌خەلکی نەمسا ئەو دیاردەیان هەیە کەهەوال‌و ووتە زوولەناویان بلاودەبیتەوە و شتی شاراوەیان لای یەکتری‌کەمە، وەپیرە پیاو و پیرەژنەکانی نەمسا هەر چییەك ببینن کەبەدلیان نەبی ئەوا هەوال دەدەن بەپۆلیس‌وتەلەفون بۆ پۆلیس دەکەن‌وگوزاریش لەهاوسیی‌خۆیان دەدەن ئەگەرپشوویان لی‌تیك بدات یان رووداویکی بچوك رووبدات وەدەربارەی ئەبوتارا کەلە بیرم چووباسی‌بکەم لەسالی ١٩٩٦کەلای ئەم هەندی شتم دەربارەی پاراسایکۆلۆجی‌گوتووە ژیانی ئۆلف میسینکم بۆی گیرایەوە کەچۆن لەسەردەمی ستالین دا لە رووسیا تاکیان کردەوە ڤۆلف چووە بانکیك بەپەرەیەکی سپی(٧٠)هەزار رۆبلی لەژمیریاری بانك وەرگرتووە وبەخۆی نەزانیبوو وەهەستی پی‌نەکردبوو کەڤۆلف بەئاگای پۆلیسی رووسی بۆتاکی‌کردنەوە کرد بووی کەپاشان چوونە لای ژمیریاری بانك‌وپییان گوتبوو بگەری لەناو چەکەکاندا چەکیکی سپی‌هەیە وە حەفتاهەزار رۆبل دیارنییە، کاتی ژمیریار دەبینی وایە یەکسەر لەهۆش خۆی دەچی‌و دەبووریتەوە و دوکتۆر بانگ دەکەنەسەری‌و پاشان ڤۆلف پیی‌دەلی مەترسە من بووم بۆتاکی‌کردنەوە ئەوەمان کرد ئەوەش(٧٠)هەزار

رۆبلەکەیە.

کەچی ئەبوتارا دەچی ئەمە دەگیریتەوە بۆ پۆلیس‌ودەلی طارق ئەوەی بۆمن گیراوەتەوە و ئاگاتان لی‌بی‌خۆشی فیرنەبووبی لەئیوەی بکات لەبانك، وەپاش چەند رۆژی چوومە بانك پارە وەربگرم واتە پارەی خۆم، کاخەزیکی دامی تابچم لەشوینیکی‌تر هەر لەبانکەکەمدا کەبانکی ئەو ستریا بوو وەلەهەمان کاتدا پرسیاری لیم کرد کاخەزی ترت وەکو ئەمەپی‌نییە؟ ووتم نەخیر هەر ئەمەم پییە، وەپاشان چووم لەپۆست پارەی خانووکارەبا بدەم - لەپۆستیش بەهەمان شیوە لەناو خۆیاندا بۆلەبۆلیان کردوپارەکەیان تەماشا وبەسەرکردەوە نەبادا ناتەواوبیت لەکاتیکدا نووسراوی‌پەرتوکم گیراوەتەوەو کاری‌وا لەتوانای‌من نی‌یە.

وەپاش ئەم رووداوە بەتلەپاتی بیرم لیکردەوە وە گەرامەوە بۆکاتی رابردوو زانیم کە ئەمە کاری ئەبوتارایە لەسەر من لای‌پۆلیس گوتوویەتی وەپاشتر لەسالی ١٩٩٦لەبانگ تا پارە بەقەرز وەربگرمو بخوازم کەچی لەبانك پارەی قەرزیان بەمن نەدا وەلەهەمان کاتیشدا کەکارم دەکرد لای بانك باوەریم هەبوو، وەلەبانك باوەریم هەبوو وە لەبانك ئەوستریا-bank austria-ژمیریارەکە پیمی گوت دەبی کەسیك کەفالەتیت بکات تائیمە قەرزت پی‌بدەین وەناچار برادەریکم بەناوی کوردوقادر بوو بەکەفیلم تاقەرزەکەیان پیدام، نیزیکی سەری سال گەرامەوە بۆکوردستان‌و لەمالەوە پییان گوتم کەوا گیروگرفتم خەریکە بۆپەیدا دەبی‌وناتوانم ژنەکەم بەرم پەناهەندەیی پی‌نادەن‌و پاشان خۆم گەرامەوە بۆ ئوتریش وەهەر١٩٩٧/١/١٠کەلە کوردستان بووم کارم کردە سەرباران بارین لەکوردستان.

دەربارەی پاراسایکۆلۆجی لای‌برۆنۆکیرن باسم کردووە ئەوەی من فیری بووم هەندی تلەپاتی وسایکۆکنیزە(حرکەنفسیە) وەهەروەهادەتوانم کاربکەمە سەرئاو هەوا کەبەزمانی کوردی دەتوانین پیی بلیین دەروونە کەش گۆری، وەگوتم دەتوانم

باران بباریتم بەلام رەنگە لەسالیکدا چەند جاریك بی‌نەك بەزۆری وەبۆ ئەمە دەبی ماوەیەکی دیاری‌کراوە دالخەی‌پیوە لیبدەم بەقولی(معایشەداخلیە)تا دەگەمە باری لەهۆش رۆیشتن‌و نائاگا بوون کەلەویدا پەیوەندی گیان‌و ئاوەزم‌ولەشم دەبیتەیەك- روح‌والعقل والجسم- بەلام راستیەکەم بۆئەوی نەگوتووە تەنها لابەلا لی‌ی دواوم وەگوتومەکەلیرە لەشتایەر بارانم باراندووە، وەئەمەش بەپی‌ی شارەزایانی پاراسایکۆلۆجی ئەوامیشك‌و ئاوەز زال دەبیت بەسەر مادەدا وەهەروەها گوتم لەسالی۱۹۹۵ئەمە فیربووم کەئیستا دووریەکەی دەگۆرم مانای شوینیکی‌دوور لەخۆمەوە دەتوانم ئەنجامی‌بدەم کەهەمان دالخەیە کەشیوەو جۆرەکەی دەگۆریت وئەمە لەسالی۱۹۹۷دا ئەنجام داوە، ئەمەش هەندی‌دەربارەی کەش گوری بۆئەو کورەم باسکردووە لەکۆتایی۱۹۹٦دا دەربارەی خوینەر کەئەمە(جیگای باوەری ئاوەزی بەردەست نییە)وەدەمەوی بەخوینەر بلیم کەپاراسایکۆلۆجی کات‌وشوینی بۆ نییە کە ئەمەشارەزایانی پاراسایکۆلۆجی دەیزانن‌و شیخەکانی ئیسلام بەهەمان شیوە ئەم راستیەدەزانن، سالی۱۹۹۷کەچوومەوە کوردستان باران کەم باریبوو تائەوکاتەی‌کەمن چوومەوە، کات مانگی یەك بوو هەولم دا باران بباریت وە وام هەست کرد هەولەکانم بەئەنجام دەگات بۆیە لە(۱۰)ی‌مانگی یەکدا بەدواوە باران باری‌وەبەهاریکی گەلیك پر باران بوو ئەوساله بەلام من نالیم ئەوبەهارەپربارانە من بووم هەمووی تەنها دەتوانم ریژەی بۆکارتیکردنی خۆم بگیرمەوە بەلام کەئەوە دەگەریتەوە بۆ رەزامەندی خودا وەکاتی پەیوەندی دەکەی بەودیو هیزی سروشتەوە.

لەمانگی حەوتی۱۹۹۷یەکی لەرۆژەکانی(۲۰:۲۵)-۷-۱۹۹۷بوو کەنزیکی‌یەك هەفتەدالخەیەکی قولم بەشیوە نائاگاو ئەودیو سروشتەوە لیدا وپەیوەندیم کرد کەخۆم چوومە جیهانی بزری‌وبیخودی تاسەر ئەنجام هەورە تریشکەو

بارانگەیشتەسەر شارۆچکەی شتایەر وکەبەیانی زووبوو تازە لەخەوهەلدەستام وەبروسکەیەك دای لە سەتەلایتی هەموو ساختومانەکەو بووەهۆی سووتانی گشت ڤیدیۆو تەلەفیزیۆنەکان پەنجەرەی مالیکی پشت من لەهەمان ساختوماندا شکابوو وەتەنها ئەمە هەر لەوشوینە روویدا لەشاری شتایەر و ناوچەکەدا کەنیزیکەی (٣٠)مال ڤیدیۆوئامیری سەتەلایت وتەلەڤیزیۆنیان سووتا کە ڤیدیۆی خۆشم بەرکەوت ئەمەبەهۆی ئەو پالەپەستۆ کارەبایە بەرزەی لە هەورە بروسکەکەوە بەرسەتەلایەتەکە کەوتبوو وەکارەبا لە ریگەی وایەرەکانەوە بەرڤیدیۆو تەلەڤیزیۆنەکان کەوتبو، وەپاش ماوەیەك هەستم کرد کەئەبوتارا بەپۆلیس دەلی کە طارق ئەمەی کردووە بەلام من خۆم ئەمەم لایکەس نەزراندووە و نەم گوتوەو نەم گیراوەتەوە هەروەها ئەبوتارا زۆر جاران لای خەلکی نەمساوی بەنەری لەسەر من دوواوە تاپەیوەندیەکی نالەبارم هەبیت لەگەل نەمساویدا بەلام بەپیچەوانەوە من لەسالی ١٩٩٤لەگەل گروپی(ai)بووم وە لەسالی١٩٩٧وە هاتووچۆو هاوکاری پارتیسەوزی نەمسام کردووە بۆمەبەستی تایبەتی. وەگۆڤاری -صوت کردستان- کەئەبوتارا بەعەرەبی گۆڤارەکەیدەردەکرد پۆلیسی نەمساوی ریگەی پیداوە تا دژایەتی پارتەکانیکوردستانیباشور بکات، وەدەنگوباسیش بەهۆی گۆڤارەکەوە وەربگریوبیدا بەپۆلیسی نەمسا ئەبوتارا لەخیزانیکیتیکەلەو زاواو ئاوەل زاوای ئەرەبی زۆرە، وەئاوەل زاوای ئەبوتارا کەناوی -ق- لەشاری ڤینیا دەژی وەبرای ئەم-ق-مدیری مخابراتی بەغدایە وە ئەبوتارا خۆی بۆمن دووا بەرلەسالی١٩٩٦.

بیمەوە سەرهەوالیخۆم لەشارۆچکەی شتایەر کە ماوەیەك بیکاربووم وە نوسینگەی کار دەورەیەکی بیئیشیان بەمن دا لەودەورەیەدا فیرت دەکەن کەچۆن کارپەیدا دەکەیت، کەئەوەش شتیکی تەنها رۆتین بوو، بەلام دەمویست دەرفەتی وەربگرموپەیوەندنی بەچەند کارگەو فابریکەوە بکەم وەخولی فیربوون لەسەر

ئەلەکترۆن بکەم بۆ ئەمە لەشتایەر کارگەیەکم دۆزیەوە کەڕاهێنان لەسەر فێربوونی ئەلەکترۆن بکەم لەگەڵ کرێکاراندا بەڵام کارگەکە درۆیان لەگەڵ من کرد کەتەنهاکرێکارەکان‌وچاودێرەکان کاریان لەسەر بەستنی کارەبای ماڵان دەکرد نەك دەزگاوماشێنی ئەلەکترۆنی ئەوەبوو منیش دووڕۆژم کرد وازم لێهێناپاشان کاگەکە بوختانێکی خستەپاڵم ونامەیەکی نارد کەپلایس دیارنییە و بڕاوە و بردووتەدەبێ‌ببڕژێری و پارەبدەی منیش چوومەوە سەر بەڕێوەبەری کارگەکە بەو نامەیەی کەبۆمیان نارد بوو ووتم من ئیمزام نەکردووە پلایس و گاز وەربگرم ئێستا چۆن من پلایس و گازتان بۆ ببڕژێرم کە چی لەوەڵامدا ووتی دیارنیەودزراوە دەبێ تۆببڕژێری گوتم لەوەڵامدا تۆناتوانی‌وا بەمن بڵیت چونکە من نەم دزیوە تابۆتی ببڕژێرم وەئەمە ڕەوشت نیە ئەم تۆمەتەبەبێ بەڵگە دزی دەدەنە پاڵ من، ووتی دەباشە مەی بڕژێرە نامەکەم پێ‌بدەرەوە تالەکۆمپیوتەرەکەدا ڕەشی بکەمەوە لەوەڵامدا گوتم ئەوەنامەکەت‌و جارێکی‌تر دووبارە نامەم بۆ بەڕێ‌نەکەیتەوە و بمان کەیت بە دز بێگومان ئەمە دەستی پۆلیسی نهێنی تێدایە.

پاش ئەمە هەوڵم دا دەربێم لەشتایەر و خانوو لەشوێنێکی‌تر بدۆزمەوە تا پتر توشی‌گیروگرفت نەبم. ئەوەبوو چووم بۆ وەزارەتی ناوخۆبەشی پەناهەندە بۆ لای کلورمان ناوێك بەرپرسی خانووبەرەی پەناهەندەیە وەپێم گوت کەخانوەکەم بۆبگۆڕێت بۆڤیننا لەوەڵامدا گوتی پێم تازە تۆ حەقت بەسەر ئێمەوە نەماوە و خانوومان پێداوی‌و ناتوانین بۆت بگۆڕین وە هەروەها نەشم دەتوانی خانووی تایبەت بەکرێ بگرم چونکە کرێیەکی گران بو بۆیە بەنائومێدی‌و نابەدڵی‌گەڕامەوە شارۆچکەی شتایەر پاشان لەکاردەگەڕام کار دەست نەدەکەوت بەڵام لەلایەکی ترەوە کاتی خۆم بە خوێندنەوەی کتێبی پاراسایکۆلۆجی دەبردە سەر خەریکی ڕاهێنانی بیرودەروونی خۆم بووم‌و خۆم پەروەردە دەکرد لەڕووی‌پراکتیکەوە پترلە تلەباتیدا

گەشەم دەکرد وەهەرکەسێ کەپەیوەندی گیان‌وهزری‌و ئاوەزیم لەگەڵ بکردایە دەم توانی تائەندازەیەك لەبیری تێبگەم کەچی دەوێ بکات‌ونیازی‌چییە.

ئەمەش بەوەی دەهاتم بیرم ساف‌وڕوون دەکرد و بەتەواوەتی دوور لە کارتێکردنی دەوروبەروژینگە کەئەنجا هەرچی هەستم پێدەکرد ڕێك وڕاست دەردەچوو، چونکە ئەگەربتەوێ تلەپاتی - هاوبیری - بزانی‌و وەرگری باش بێت دەبێ بیروهۆشت ساف بێت لەهەموو کارتێکردنێکی دەرەکی خۆ ئەگەر ساف نەبێت ئەوا ئەو زانیاریەی‌پێت دەگات زانیاریەکی شاش‌وهەڵەیە وەکو چۆن کەسێك لەخۆیەوە وڕێنە دەکات چونکە ئەو زانیاریانە بەهەڵەپێی دەگات وەلەڕووی سایکۆکنیزەوە-حرکە نفسیە- دەروونە جوڵە یان دەروونە تواناوە کە هەروەها گەشەم کردبوو کە دەبێ ئەوشتەی خۆت دەتەوێ داڵخەی کوڵی پێوە لێبدەیت بەئەری‌و لەنائاگادا وەچاوەڕوانی بکەیت بەنەرێ تا ئەوکارەی دەتەوێ بەکردەوە ئەنجامی‌بدەیت.

وەهەروەها لەڕووی دەروونە کەش گۆڕییەوە گەشەم کردبوو وەکارم دەکردە سەرئاووهەواو دەم توانی بارانببارێنم وەکاتێکی‌دیاری‌کراو داڵخەی ئەرێ لێبدەم بەنائاگا وبێ خودی ترازان لەجیهانی بەردەست‌و چوونە ناو جیهانی ئەودیو بەردەست‌وهەستەکان وەلەو کاتەدا داڵخەی ئەرێ کەلەجیهانی بەردەست‌وهەستەکاندا بەکردەوە دەکرێ‌وباران دەبارێ چونکە ئەوهۆیە لەسروشت دا باران دەبارێنێ لەسەر زەوی لەژێر کارتێکەرێکدایە، وەئەمە زۆرجار لەشتایەر ئەنجام داوە وەهەروەها لەکوردستانی باشور ئەنجام داوە وەکوردستان بەگشتی بەڵام ئێستا توانای دەروونەکەش گۆڕیم لەدەست داوە بەهۆی ئامێری سیخوڕی مێشکەوە.

ئەوەبوو لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٧ئاگام لەهەواڵی تەلەفزیۆن هەبووکەباسی ئەندۆنوسیاو نیوزیلاندی دەکرد کە ووشکی‌وبێ‌بارانییە لەودوو ولاتە، منیش

ئـاڵۆگۆڕێ بەمێشـکمدا هـات ووتم بـا ئاڵوێڵوقازانجێبکـەم وە نامـەم نووسـی بۆسەفارەتەکەیانیان ئەگەر بتوانن تێبگـەن ئـەوا پارەیـەکی زۆردەسـت من دەکـەوێو دەبمە ملیۆنەر و دەچمە وڵاتی نیۆزیلاندە وە ئەم خەیاڵە چەورەم کرد بۆوە. هەستام نامەیەکم نووسی بەیەك ناوەڕۆك.

بۆهـەر دوو وڵاتـی ئەندۆنوسـیا و نیوزیلانـدە بـەدوو ئەدرەسـی جیـاوازی سەفارەتەکانیان وەچاوەڕێبووم تا وەڵامی هەردوو باڵوێزی ئەو وڵاتە چیدەبێ کە نامەکـە بەئەڵمانییـەوە والـەخوارەوە کەلەبـەر دەسـت دایـەو وەرگێڕدراوەتـەوە سەرزمانی کوردی نامەکە.

Newsee land trade
Develop ment Bord 14
d. Republick.f sbg tuv
Wets Albe bundes strasse 10
Wien

Hakem Tariq
Tabor weg 42/3
4400 steyr
11.12.1997 – Dosteyren

Sehr geehrte meine Damen und Herren
Ich schreibe für ihnen ausser gewonnlich, aber ist wahr.Dass ich kann %80 mit über naturlichem krafte ihrem land befrei machen von troken heit, aber ich mache das gegen über megne geld, wenn sie glauben mir?dann ich brauche von ihnen folgende information mit einem voartrag dass sie zum mir Senden
ihre Geographi shem land karte mit gezeichnetem troken heit.
von welchem Richtung wetter werde ihrem land be ein flusst.
(von welchem Richtung Regen wolken über ihrem land kommen)
Mit voll Respeckt
Hakem Tarip.

وەبەهەمان ناوەڕۆك نامەکە بۆ باڵوێزی ئەندەنوسیابەڕێکراوە، وە هەرچەندە نامەکە لە ڕووی زمانی ئەڵمانیەوە(ڕێزمانەوە)کەموکوڕی هەیە بەڵام ڕوونە.

ریزو سلاو بۆ خانمان وئاغایان

١٩٩٧/١٢/١١پینج شەمە-شتایەر.

مـــن شـــتیك دەنووســـم بۆتـــان كەســـەر ســـورهینەرەو لـــەدەرەوەی هەستەكان وتیگەیشتنمەوەیە بەلام راستیە. ئەویش ئەوەیە كەدەتوانم لەسەدا ٨٠٪دا بـــەهۆی هـــیزی ئـــەودیو سروشـــتەوە وولاتەكـــەتان رزگاربكـــەم لەووشـــكی وبی‌ئاوی وبارانی. بـــەلام مـــن ئەمـــە دەكـــەم بەرانبـــەر پارەیـــەكی زۆر، ئەگەربروام پیدەكەن ئەوا پیویستم بەم زانیاریانە خوارەوەیە.

نەخشەی جوگرافیای وولاتەكەتان لەگەل ناوچەی دیاری‌كراوی‌بی باران‌و ووشكانی.

ئایـا ئیستا لەوولاتەكـەتان وەرزی بـاران بارینـە یـا ووشـكی‌یە. واتـە لـەكام لاوە ئاوهەوای باراناوی بەسەرو ولاتەكەتاندا دیت.

لەگەل ئەوپەری ریزم دا.

طارق حكیم

پاش سی‌رۆژ هەستمكرد كەنامەكانم نەگەیشتووە بەبالویزی ئەودوو وولاتە لەشاری فیننناوە پتر میشكی خۆم ساف كرد بۆسبەینی تابزانم چی‌بووە تاپاشان تیگەیشتم كـە هـەردوو بـالویزی نیوزیلانـدەو ئەندەنوسـیام نـاردبوو لەلایـەن پۆلیسـەوە دەستی‌بەسەردا گیراوە. وەلەمەوە تیگەیشتم كەنامەی پۆستم كۆنترۆلە وە لەژیر چاوەدیریدایـە لەلایـەن پۆلیسـەوە وەنـاتوانم هیـچ بكـەم چونكـە لای كی‌شكایەت‌وسكالام بكردایە كەوا پۆلیس دەست بەسەر نامەكەی منداەدەگریت وەپۆلیس بـەهیچ شـیوەیەك لـەمن ناپرسـی بۆچـی ئەونامانـەت بـەریكردووە؟ وەبـەبیدەنگی‌و بەوورپایی‌یـەكی زۆرەوە لـەژیر چـاودیریدام كـەمن چی‌دەكـەم‌و

پـــەیوەندی لەگـــەل کی‌دەگـــرم وهـــات‌وچۆی کی‌دەکـــەم رۆژیکیـــان کچیـــك بـەناوی‌Elseئیلسـی پـاش یەکترناسـینمان پرسـیاری دەربـارەی خۆم‌وژیـانمی‌کرد تۆدەبینم کوریکی‌باشی‌بەپیچەوانەی هەندی‌کەسەوە گرفتت بۆدەکەن‌و بەهەلەناوت دینن لای پۆلیس وەهەروەها ئەومالی ئەبوتارا sukhta–سوکتا لەگەل پۆلیس دان‌و لای خەلکی نەمساوی بەخەراپ لیت دەدەوین وە. وەهەروەها هەندی کەسی‌تر دەلین کەتولەخەلکی‌تر تیدەگەیت‌و بیریان دەخوینیتەوە وهەروەها دەلین کەتۆکار دەکەیتە سەر ئاووهەوا وباران بارین ئایا ئەمەراستە لەوەلامدا بەلی بەلام ئەمە نیسیبەو لەسەدا٤٠٪یان پتر راستە، وەهەروەها ناتوانم هەموو شتی تی‌بگەم کەهەرچی خەلك دەیکات‌و دەیلیت هەموو ئەوانەش پاراسایکۆلۆجی دەزانن ناتوانن هەموو شتی تیبگەن‌و بزانن ئەنجا کچەکە لیم تیگەیشت‌و ریزی لیم گرت‌و ووتی من شتیکت پی‌دەلیم بەلام دەبی سویند بخۆی کەدەنگی ناکەیت چونکە من حەزبەکەلك‌و قازانجی تۆدەکەم بەلام لای‌کەس دەنگی مەکە ووتم بەلی فەرموو دلنیابەلای کەس دەنگی‌ناکەم ئەنجا –Else–ئیلسی ووتی‌پۆلیس دەیانەوی بەلایەکت لەسەربدۆزنەوە وتووشی گیروگرفتت بکەن، وهەروەها گوتی من زۆر کارم بۆپۆلیس کردووە و لەئەنجامی‌سیکسی زۆردا تووشی ئایدز بوومەو من حەزناکەم کەتۆش بی‌گوناه توشی ئایدز بیت کەئەمە پیلانی‌پۆلیسە دەیانەوی من یا کچیکی‌تر کە لەگەل پۆلیسدا کاردەکات‌و ئایدزی هەیە کەتۆبناسن‌و لەریگەی سیکسەوە تووشی ئایدزت بکەن بەلام گوتی کەمن نیردراوم ئەم تاوانە لەگەل تۆبکەم کەتۆ کوریکی بەریزیت‌وریزی خەلکی دەگری‌و پۆلیس تەنها دژایەتی تۆدەکەن چونکە بیگانەی‌و پیلان دژت دەکەن وەهەروەها گوتی زۆرکەچ‌وژن هەن سەر بەپۆلسن دەیانەوی بۆلای‌تۆی ری‌بکەن نیازت لی‌وەربگرن‌و تووشی گیرمەوکیشەت بکەن‌وگەلی‌شتی‌تر.

خواخیری ئەم کچە بنووسیت کەئەم زانیاریە گرنگەی پیدام تا پتر ئاگام لەخۆم بیت

ولەم سەریشەوە هەست دەکەم پۆلیس هیچ بەلگەیەکیان لەسەر من نیە تەنها دەیانەوی دژایەتیم بکەن وەچالم بۆ هەلکەنن، ئەمەلەمانگی (١٢)سالی ١٩٩٧دابووکەپیشتر لەوجۆرە خەلکەم ناسی‌و پیمیان گوتووە ئاگات لەخۆت بیت لیرە خەلك هەیە رکیان لەبیگانە و بیانییە منیش لەکۆتایی‌مانگی(١٢)سالی ١٩٩٧دابوو هەولم دا تووشی گیروگرفت نەبم چونکە هەست دەکەم پۆلیس زۆر بەوردی چاوەدیریم ئەکەن‌وشەو ماشینی سیخوری بەنیزیك مالم دا دین‌و بەدیار مالمەوە دەوەستن تابزانن کی‌هاموشۆم دەکات، واتە ماشینەکانی پۆلیسی نهینی کەکەمی دوور ونیزیکی‌مالەکەم لەماشینەکەیدا دەمیننەوە ئاگایان لەمالی‌من دەبیت وەمن بەتلەپاتی هەستم کرد کەئەمانە پۆلیسی نهینین وەدەیانەوی بزانن کی‌بەشەو هاتوچۆم دەکات منیش پترهەستم راگرت وورتم بزانم جاری چۆن دەبیت وەکەپۆلیس ناتوانن هیچ بەلگەیەك لەسەر من بدۆزنەوە وەخۆم بیدەنگ کرد لەنامەدەست بەسەرداگیراوەکاندا وەئەواکات بەرەو سەری‌سالی تازەی١٩٩٨دەچیت، لەم سەروبەندەدا هەندی خەلکی نەمساوی‌کەدەم ناسین پیم دەلین تۆ بۆ ژنی کورد دەهینیت‌وژنی‌نەمساوی ناهینیت منیش لەراستیەکەیدا زۆر جاران وەلامم نەرم بووبە زۆرجاران وەلامم توندورەك بوو، دەمگوت کوا ژن هینان لەنەمساهەیە هەموو هاوریی سیکسی یەکترن و تەلاق دان گەلیك زۆرە دوای‌مارەکردن‌و یان ژنەکە سەرەرای پیاوەکەی خۆی‌دۆستی پیاوی تری‌هەیە و هەندی جاران لەسەرەتاوە بەزۆری دەمگوت من لیرەنامینمەوەبۆیە ژنی کوردم هیناوە وەمن فەرهەنگی جیاوازم هەیە لەنەمساوەئەوانیش هەندی جاران دەیان گوت تۆش وەکو ئیرە دۆست بگرەو بەری بدە وەکو ئیمە بکەو بژیەوفەرهەنگی‌خۆت بگۆرە من بەهۆی توانای پاراسایکۆلۆجیمەوە ترسم لە پۆلیس‌و زیندان نەبوو.

دەربارەی خۆم زۆر شەوان دەچوومە ئەو شوینانەی گشتی‌یەو ژن‌وپیاووکچ‌وکوری

لیە ئەگەر کچیك لیم نزیك بوایتەوە ئەوا لیی‌تی‌دەگەیشتم کەسەر بەپۆلیسە وەزۆر لەخەلکی نەمساوی کچ‌وژن‌وپیاو لەگەل پۆلیس نهینی کاردەکەن زۆر لەو کچانە کە لەگەل پۆلیسی نهینیدا بوون رەوانەی لای تورك‌و یۆگۆسلاوی فارس و عەرەب دەکران تابەهۆی کچەوە لییان تی‌بگەن کەچ دەکەن‌وهەروەها بۆلای کوردیش نیردراون. وەلەهەمان کاتدا من هاموشۆی پارتی سەوزم دەکرد وهاوکاریم دەکردن وەهەروەها هاوکاری(ai)یم دەکرد ولەگەلیان ئەندام بووم بۆکاری خۆم‌و دەرخستنی رووالەتی باشیم لەنەمسا.

بەلام هەستم دەکرد کە پۆلیس زۆری پی‌ناخۆش بوو کە من هاتوو چۆی پارتی سەوز دەکەم چونکە پارتی سەوز بەرهەلستکاری بوو واتە فەرمان رەوا نەبوو وەخۆشیان پارتی سەوز وەکو -ئەندریاس- ئەندامیان بەمنی دەگوت لیرەش بەرهەلستکار لەژیر فشاری پارتی فەرمان رەوادایە ئەمە بەسەرهاتی سالی ١٩٩٧بوو کە هەموویم نەنوسیوەتەنیا ئەوانەی بەرچاوەو کاری هەبوو نوسیومە بەلام ئەگەر لەگەل پارتی فەرمانرەوادا بوومایە دەبوایە لەگەل پۆلیسی نهینی‌بم‌و سیخوریان بۆبکەم کەسەرە ئەنجام داوایان لیکردم.

دەست پێکردنی ساڵی ١٩٩٨دەستپێکردنی بەسەرهاتی تازە.

دەربارەی چاوەدێری و ئاگایی لەلایەن پۆلیسەوە لەسەر من هەست رادەگرم کە هەربەردەوام وە من نەدەترسامو دەمگوت هیچم لەسەرنیە و لەم ولاتەشدا کوشتن بەناشکرا نیە وە ئەگەر بشم دەن بەدادگا ئەوا ئەوکەسەی شتیك لەسەر من دەلیت دەبی بەلگەی لەسەر من هەبیت، بەلام من ئەمانە هەمووی بەهەلە تیگەیشتبووم چونکە دەتوانن لەژێر پەردەوە گەلیك بەلگەی درۆدروست بکەن وەپۆلیس دەتوانی هەموو شتیبکات هەروەکو لەمانگی(٤)١٩٩٨دا کردی.

وەلەساڵی ١٩٩٨دا تیگەیشتم کە یاساوپۆلیسی ئەم وولاتە دیموکراتیانە وەکو پارە دوورووبان هەیە کەرووی دەرەوە و رواڵەتی دەرەوەیان دیموکراتیی ویاسایی سەر کاغەزە وەدیوی ناوەوەیان فاشیەتو نازیەتوتیرۆر و سەرنگون کردنیئەوکەسەیە کە بیانەوی کە خۆی لەتیرۆری مۆدیرندا دەبینی. رۆژیکیان کابرایەکی جولەکەم بینیو کەوتمە گفتوگۆ لەگەلیو لەوەلامدا ووتی من باوکمو باپیرم خەلکی نەمسایەوکاتی جەنگی جیهانی دووەم لەنەمسا هەل هاتوونو پاشان کۆچیان بۆ ئیسرائیل کردووە کە ووتی گەراونەوە بۆئیسرائیل ئەلبەتە ناویم لەبیرچۆتەوە ئەلمانی باش دەزانیو مرۆڤیکی وریاو رۆشنبیر دیار بووەکەوتمە گفتوگۆ لەگەلی لەکاتی کۆفیخواردنەوەدا گوتم من کوردمو هەندی لەسەر کورد بۆی دوامو گوتم بوونی دەولەتیکیکوردی کەبەرژەوەندی ئیسرائیل تیك نادات ئەگەر کەلکی بۆئیسرائیل نەبی ئەوا زیانیشینیە لەوەلامدا پیمی گوت من حەز بەکورد دەکەم وەزۆر لەرۆشنبیرە میژوونوسەکانیشمان حەز بەکورد دەکەن چونکە لەمیژووی جولەکەدا کورد دووجار فریایکەوتووە جاری یەکەم نزیکی ساڵی ٦١٢یپیش زاین کاتیکەدەولەتی مادیکوردی ئیمپراتۆریەتی ئاشووریەکانی رووخاند هەموو دیلە

جولەکەکانی ئازادکردو گەرانەوەبۆ ئیسرائیل وهەروەها جاری‌دووەم لەسالی شەستەکانی ئەم سەدەیەدا کاتی بەعسیەکان لە عیراق هاتنەسەر تەخت جولەکەکان توانیان بینەکوردستان‌ومەلامستەفا بارزانی ریگەپیدان لەکوردستانەوە بچنەناو ئیران‌ولەویوە بگەرینەوە ئیسرائیل لەکاتی ئەم گفتوگۆیەدا بوو پۆلیس لەویوە تی‌پەرین‌و منیان بینی لەگەل کابرای جولەکەکە دیاربوو جولەکە بوو بەکلاوە رەشەکەی سەری‌وریشیدا کابرای جولەکە گوتی میژووی جولەکەش وەکو میژووی کوردان پرەلەشکست وەهیتلەرە نازیەکان زۆر لەئیمەی جولەکەیان کوشت کەئیمەی جولەکە ئەم بەسەرهاتە لەبیرناکەین، پاشان کۆتاییمان بەدانیشتن هیناو هەستاو لای من بەرەو ڤیننا رۆشت وە ژمارەی تەلەفونی منی‌وەرگرت تاکەگەرایەوە نەمسالەریگەی تەلەفونەکەوە پەیوەندیم پیوە کاتەوە پاشان بۆ رۆژی دوایی پۆلیس پەیوەندی بەمنەوە کرد کەلە کەیەوەئەو جولەکەیەدەناسم لەوەلامدا گوتم تەنها هەر لەو رۆژەوە ناسیومە و هیچ پەیوەندیم لەگەلی‌نیە. پاشان پۆلیس گوتی ئەگەر پەیوەندی‌کردەوە جاریکی‌تر دەبی بزانین لەوەلامدا گوتم بەریکەوت بووەو ئیتر ناگەریتەوە. لەمانگی(١)سالی١٩٩٨دا نامەیەکم بۆسەرۆك عبدالله ئوج ئالان نارد کەهەندیکی نامەکە دەربارەی زانستی پاراسایکۆلۆجی‌بوو وە کۆپیم لەنامەکە هەل نەگرت کەنامەکە بەم شیوەیە:

بەریز سەرۆك ئاپۆ پاش ریزسلاو دەمەوی هەندی زانیاری لەسەر پاراسایکۆلۆجی بنووسم تاکوردیش وەکو گەلانی رووس‌و ئەمریکا وچین‌و ئەوروپاکەلکی لی‌وەربگرن، لەم زانستەدا وەك زانستەکانی‌تر هەول بدری خەلکی گەنج فیری تلەپاتی بکری‌وتاهەندی لەجموجۆلەکانی رژیمی فاشی تورکیا ئاگاداربن بۆکەلکی کوردان وە من دەتوانم بەشیوەی تیۆری یارمەتیتان بکەم‌و وەمن خۆم هەندی لەسایکۆکنیزو تلەپاتی‌و دەروونەکەش گۆری فیربووم کەکارم کردۆتەسەر ئاووهەوای کوردستانی

باشوروبارانم باراندووە لەبەهاری ساڵی ١٩٩٧وەحەزدەکەم کەخەڵکی‌تریش ئەم شت‌وزانیارییانە فێر بن بۆکەڵکی میلەتەکەمان هەستام نامەکەم داخست‌ودام بەدەستی مسلم ناوێك کەئەندامی Ernkلە شاری لینز تابەڕێی‌بکات لەڕیگەی پۆستیانەوە ووتی باشە بەڕێی‌دەکەم وەگوتم باکەس نەزانێت کەچی چووبووبە ناخێری لەلای هەندێ‌کوردی باشوور کەلەهەیڤی سوردا کاریا ن دەکرد گێڕابوویەوە و هەر لەناو ئەو کوردانەی باشوریشدا کە لەهەیڤی سووردان چووبوون هەواڵیان دابوو بەپۆلیس کەوا طارق نامەی بۆ سەرۆك ئاپۆ ناردووە ئەڵبەتەدەزانم کێ بەپۆلیسی گوتووە بەڵام ناوی ناهێنم. پاش نووسینی‌ئەم نامەیە بەچەند هەفتەیەك چاوم بەهاوڕێ نەمساویەکەم لەگروپی (٤٩)-ai- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی کەوت کەناوی بڕۆنۆیەBrunoوەکەمنیش لەساڵی ١٩٩٤ئەندامم لەگەڵیان.

لەدانیشتنم لەگەڵ بڕۆنۆدا گوتی طارق تۆ pkkنیت، لەوەڵامدا گوتم نەخێر ووتیpkkچۆن دەبینی‌ولێیان تێدەگەی ووتم من بەپارتێکی بەهێزی بەدیسپلینی‌کوردی دەزانم‌وخەبات بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی دەکەن ووتی باشە بەڵام دەڵێن‌pkkتیرۆدەکەن ووتم ئەوە ووتەی تورکیاوئەوروپایە چونکە pkkخەبات دەکات بۆ ڕزگارکردنی میللەتێك بەڵام تورکیاداگیرکەری کوردستانەو هەمووشارو گوندی کوردی ڕووخاندووە و سوتاندووە بەچەکی ئەوروپا بەتایبەت ئەڵمانیا کورد دەکوژێ هەر لەمندالێکەوە تاوەکو پیرێك وەبۆچی بەتورکیا ناڵێن دەوڵەتێکی تیرۆریستە تاوەکو زمانی‌کوردیشی لەکورد قەدەغەکردووە؟ ووتم بابڵێین pkkتیرۆر دەکات بەڵام pkkکەماوەیەکی کەمەخەبات دەکات‌وهەوڵ دەدات بۆڕزگارکردنی مرۆڤی‌کورد لەزیندان دژی داگیرکەری کوردستانە بەڵام ئەڵمانیا دەوڵەتە چەندین سەدەیە خاوەنی خۆیەتی ئەنجا خاوەنی تیرۆرە لەسەر میللەتی خۆی‌ومیللەتانی‌تر وە ئەو تیرۆرەی هێتلەر کردی هێشتا وێنەی هەر نەبووە

وەئەڵمانیاهێشتا بەشدارە لەکردنی تیرۆردا بەوەی چەك بەتورك دەفرۆشێ ویارمەتی تورك دەدات لەدژی کوردان ئەی بۆچی ئەڵمانیا تیرۆر دەکات و پێی ناوترێ تیرۆریست ئەنجا ووتم بڕۆنۆ تۆ بچۆ کوردستان بگەڕێ و بەڕژێمی تورك بڵێ بۆزمانی کورددیت لە کوردان قەدەخەکردووە جابزانە لەسەر ئەم پەیڤەت تورکیا فرێت دەداتە زیندانەوە و توشی ئەشکەنجەت دەکات یان نا، وەلەکاتی ئەم گفتوگۆیەدا من دەزانم بڕۆنۆ لەگەڵ پۆلیسە و لەمەوە پتر تێگەیشتم کەهەموودەنگ وباسی من دەدات بە پۆلیس بەڵام من ترسم نەبوو وە ئامادەبووم لەلای پۆلیس هەمان گفتوگۆبکەم، پاشان بڕۆنۆ گوتی طارق دەڵێن تۆڕکت لەتورکەو تێکەڵی تورك نابیت، کە ئەمە پرسیاری پۆلیسە بۆمن ووتم بڕۆنۆ ڕاست نیە من دژی تورك نیم و تورك خەڵکی باشیان هەیەوهەیانە لەگەڵ کوردان دایە بەڵام من دژی ئەو تورکەم کە دژی کوردە وەگوتم لەتورك تێنەگەیشتوون چونکە هێندەی ئەوەی تورك لەنەمسا دەژیئەگەر نیوەی ئەوە نەمساوی لەتورکیابژی ئەوا هەر ڕۆژەی لاشەیەك دەگەڕێتەوە بۆ نەمساکەبەدەست تورکان کورژراوە، کە نیزیکەی(٣٠٠)هەزار تورك لەنەمساهەیە ودەژی، بەڵام ئایا دەتوانێ (٣٠٠)هەزار نەمساوی لەتورکیادا بژی کەمێبێدەنگ بوو ووتی من ئەمانەم نەزانیوەدەربارەی ئەم بڕۆنۆیە هیچ تێکەڵی تورك نەبووەو برادەری تورکینیە وەمن نزیکترین بێگانەبووم لەگەڵیا لەگروپی –ai–کارمان دەکرد ئەنجاگوتم بڕۆنۆ من لەوولاتەدا پەناهەندەمومیوانمودەمەوێ ڕێزی یاسایئەم وولاتە بگرم وەچاك دەزانم پۆلیس پرسیاری منت لێدەکات لەسەرەتاوە حاشایکردوپاشان کە من سووربووم ووتی ڕاستە، وەگوتم دەمەوێ بەپۆلیس بڵیی ئەگەر شتێك لەسەر من بەهەڵەتێگەیشتوون بالەوەپتر هەڵەتێنەگەنو چونکە دەبینم زۆربەگەرمی لەژێر چاوەدێریان دام، وەدەمەوێ لەگەڵیان دانیشم بۆ هەرهەواڵێکی هەڵە لەسەر من ووتراوە بەرەوڕوو ببمەوە بڕۆنۆ لەوەلامدا بەدەنگێکی نزم ووتی

باشە پێیان دەڵێم، ئەوگوتی ئەودراوسێکەت لەناوخەڵکی ئێمەوپۆلیس دا بەباش لەسەرت نادوێ ووتم ئاگاداری ئەوەهەم کەچی بۆ بەرەو ڕووبونەوە لەسەر ئەوهەواڵە درۆیانەی پۆلیس لەسەرمن ووترا بوو پۆلیس بانگی‌منیان نەکرد تابەرەوڕوو ببمەوە.

ڕۆژێك (ك) هەیە کەبرادەر بووین‌و وتم تۆ تەلەفۆن دەکەی بۆ من ئاگات لەخۆت بێت چونکەتەلەفۆنی‌من کۆنترۆڵە لەلایەن پۆلیسەوە کەچی (ك) لەوەلامدا کەوتە بۆڵەبۆڵ و ووتەی‌لابەلاو بێ‌کەڵك ووتی بۆچی تەلەفۆنی‌تۆ کۆنترۆڵ دەکەن‌و کاریان بەتۆچییە وتۆهەر لەخۆتەوە دەیڵێیت. وەهەروەها بەهاوڕێیەکی ترم گوت کەناوی (ھ) گەئەویش وەکو (ك) لەشاری ڤیننایەو لەگەڵ (ك) یەکتری‌دەناسن وەگوتم (ھ) تەلەفونم کۆنترۆڵە لەسەر تەلەفون باسی هەمووشتێ مەکە کەکاتێ‌تەلەفونم بۆدەکەی لەوەلام دا ووتی طارق هەی داوەشێ‌ی ئەوە لەچی‌دەترسی‌و تەلەفۆن کۆنترۆڵ کردن کواهەیە، ووتم باشە پێم بڕوامەکە بەلام لەسەر تەلەفون شتی من مەڵێ، پاش ماوەیەك پۆلیس بانگیان کردم‌وهەندێ پرسیاریان لێکردم، ئایاپەیوەندیت بەپارتە کوردییەکانی کوردستانەوە هەیە لەئیراك ووتم نەخێر پەیوەندیم نییە ئەنجا گوتیان پەیوەندیت لەگەڵ ppk هەیە؟ ووتم نەخێر لەگەڵ ئەوانیشدا نیمە گوتیان پەیوەندی نامەت هەیە نامەت بۆ ppkبەڕێ‌نەکردووە؟ ووتم نەخێر ووتی ئێمە دەمانەوێ بزانین کەتۆ هەتە یان نەخێر بەڵکو بەکەڵکمان بێت، پاشان گوتیان وای پێ‌دەچێ‌تۆ حەزبەئێمە نەکەیت چونکە چووی لەناوخەڵکدا سیخورەکانی ئێمەت ئاشکرا کردووە وەکو ئەبوتارا عبدالرزاق(her surkhate)،کە ووتم من گوتومە لای پۆلیس بەهەڵە خەبەری لەمن داوە، هەواڵی‌درۆی‌داوە بەئێوە لەوەلامدا ووتیان نەخێر هیچی لەسەرتۆنە ووتووە ووتم بەدڵنیایی ووتویەتی ئەگەر ڕێگەم بدەی کۆمپیوتەرەکەتان ببینم کەچەند زانیاری درۆوڕاپۆرتی درۆی لەسەرمن بەئێوە گوتووە کەبگرە پتر

ه(٥٠)جاره وەگوتم من دەمەوێ لەگەڵ هەموو ئەوکەسانەدا کەبەهەڵە هەواڵی
سەرمن داوە بەرەو ڕووببمەوە کەمن هیچم لەسەرنیەو هەمووی درۆیە لەسەر من
وتراوە وەمن کەلەنەمسا پەناهەندەی سیاسیم دەمەوێ ڕێزی یاسای ئەم وڵاتەبگرم
یچ گیروگرفتی دروست نەکەم، وگوتم وای پێدەچێت ئێوەچاوەدێری من بکەن
ەشەوماشێنی پۆلیسی نهێنی دێتە نزیکی ماڵەکەم وپاسەوانی لەمن دەگرێ
ابزانی کێهام وشۆم دەکات ووتیان وانیەڕەنگە بەڕێکەوت لەوێ بوون بن کاریان
خەڵکی تربووبێیان لەوێوە تێپەڕبوون، لەوەڵامدا گوتم ئەوەپتر لەدووهەفتەیە ئێوە
ەو پاسەوانیلەمن دەگرن ووتی نەخێر تۆبەهەڵەتێگەیشتووی وەئەنجا گوتم ئێوە
ر وەها تەلەفونی منتان کۆنترۆڵ کردووە ووتیان کێوابە تۆ دەڵێ درۆیە تەلەفونت
نترۆڵ نیە ووتم ئێوە ڕاستیبەمن ناڵێن کۆنترۆڵتان کردووە، کەچی هەر حاشایان
کردو گوتیان بەڵام یاسا ڕێگەمان پێدەدات تەلەفونی هەرکەسێ بمانەوێ
نترۆڵیبکەین وەبەمنیان گوت لایکەس مەڵێشەوماشێنی پۆلیس لەنزیك ماڵم
مێنێتەوە تەلەفونم کۆنترۆڵە وەگوتم پێیان ئێوە منتان بانگ کردووە بۆ ئێرە ئایا
چ شتێکتان لەسەرمن هەیە لەوەڵامدا گوتیان نەخێر هیچمان لەسەرتۆنیە وتەنها
مانەوێ گفتۆگۆت لەگەڵدا بکەین وەئێمە دەزانین تۆخەریکی پاراسایکۆلۆجیت و
ەپاتی دەزانی لەخەڵکیتر تێدەگەیت و دەتەوێ بەسایکۆکنیز کار بکەیتە
ەرئاوهەواو یان کارت لەسەر خەڵکیتر هەیە، منیش لەوەڵامدا گوتم فێربووم
نێکی نیسیبی کەمە ومن ناتوانم لەهەمووشتێ تێبگەمو لەهەموو کەسێ تێبگەم
کارکردنە سەر ئاو و هەواش هەروەها بەڕێژەیەکی زۆر کەمە وەئەنجا گوتم
خەڵکی نەمساویش هەیە وەکو من خەریکی پاراسایکۆلۆجین و شت دەزانن وەك
ن ووتیان بەڵێ ئەمە دەزانین بەڵام تۆبە زیرەکترین دەزانین کەتۆلە
ڵکیترتێدەگەی چونکە بە برۆنۆی برادەرت گوتووە من لەتۆ تێدەگەم و

دەنگ‌وباسی‌من بۆ پۆلیس دەبەی وەهەروەها بەئەبوتارا دەڵێ‌کە بۆ پۆلیس کاردەکات لەوەلامدا گوتم من بۆیە لەوان تێدەگەم کەپووداوەکە لەسەر خۆمە چونکەگوزارشیان لەمن داوە بەلام ئەگەر بچن گوزارش لەخەڵکی‌تر بدەن ئەوا من ناتوانم تێبگەم ئەنجا گوتیان بڕۆنۆ گروپی-(ai-(49 لەشتایەر دەڵێن طارق کوڕی باشەوئێمە دەی‌ناسین‌و پەیوەندی لەگەڵمان باشەوهەروەها تاد...

پاشان پۆلیس گوتیان حەز دەکەین لەگەڵ ئێمە بیت‌وبچیتە ناو pkkو ی.ن.ك و پ. د. ك پارتە کوردییەکانی‌تر دەنگ‌وهەواڵمان بۆ بهێنی‌وهەروەها لەکوردستان دەنگ‌و هەوڵمان بۆبهێنی وەئەنجا بۆ خۆت ژیانێکی خۆش لێرە بژی‌و تۆبۆخۆت بژی باشترەو ژیانی خۆش بکەی‌و خۆش بژی لەوەلامدا گوتم من سیخوری لەسەر کورد ناکەم بۆ هیچ کەس وەکەوا لەنەمسا دەژیم نامەوێ سیخوری لەسەرنەمسا بکەم بۆ هیچ لایەنی‌دی، وەدڵنیابن من سیخوری لەسەرکورد ناکەم‌و نامەوێ دژی کوردبم، لەوەلامدا ووتیان مەبەستمان ئەوەنیە دژی کورد دەبیت مەبەستمان ئەوەیە هەواڵمان بۆ بێنی وەکە تۆ لەم وولاتە ترست لەکەس نیەو ئێمە دەت پارێزین‌و ژیانت خۆش دەبێ، لەوەلامدا گوتم دەمەوێ تێبگەن ئەمە کاری من نیە بڕۆن خەڵکی‌تر بدۆزنەوە با سیخوریتان بۆبکات لەوەلامدا گوتیان خەڵکی تریشمان لەکورد هەیەو سیخوریمان بۆدەکات بەلام ئێمە تۆبە لێهاتوویی دادەنێین لە وەلامدا گوتم جارێکی‌تربە من مەڵێن بۆ سیخوری‌کردن لەسەر کوردان وەنەك ئێوە کەس ناتوانێ‌سیخوری بەمن بکات لە سەرکوردان.

وەکە من زانستی پاراسایکۆلۆجی فێربووم تەنها لەڕووی زانستی‌یەوە هیچ مەبەست‌ومەترسی تێدانیەو بۆ سیخوری‌نی‌یە وەهەر وەکو خەڵکی خۆتان منیش خەریکی پاراسایکۆلۆجیم کە هیچ قەدەخەنییە پاشان گوتیان بەلام حەزناکەین تۆ دڵت گران بێت لەم گفتوگۆیەی ئێمەو لای کەس مەڵێ پۆلیس داوای سیخوریان

لەمن کردووە ووتم ئەگەر جارێکی‌تر پێم بڵێنەوە ئەوا دڵنیابن بەخەڵکی دەڵێم بەڵام ئەم جارە بەکەسی‌ناڵێم وەدڵی منیان دایەوەو خودا حافیزیم لێکردن وە ئەوەی ئەم پەیڤینەی‌لەگەڵ من کرد ناوی شتۆڵ بێرگە–stoll berger–بوو لەگەڵ دوانی‌تر کە لەڤیناو هاتبوون بەپێی ووتەی‌خۆیان.

پاش ئەم گفتوگۆیەم پۆلیس جارێکی‌تر بانگی منیان کرد لەشتایر لەڕۆژی ٩–٢–١٩٩٨دا وەمنیان تاوانبار کردو وتیان بۆهەڕەشەی کوشتنت لەچەند کەس کردووە بۆ کوشتن لەوەڵامدا گوتم درۆیە من هەرەشەم لەکەس نەکردووە وبۆختانم بۆهەڵدەبەستن ووتی چوویت هەڕەشەت لەماڵی ئەبوتارا کاردووە و هەرەشەت لەماڵی نەمساوی‌وتورك کردووە وەئەنجا گوتیان ئەبوتارا دەڵێت تۆدەمانچەت لەماڵەوەهەیە، لەوەڵامدا گوتم من هەڕەشەم لەکەس نەکردووە و دەتوانن بێنە ماڵەوە تەماشابکەن بزانن من دەمانچەم هەیە، ووتیان باشە دێین پاشان لەگەڵم هاتنە ماڵەوە و ماڵەکەیان پشکنی تەواو هیچ دەمانچەیان نەدۆزیەوە وپاشان گەڕانەوە وتم خۆ دڵنیابوون دەمانچەم نییە ئەوا هەرکاتێ گومانتان هەبوو وەرن تەماشای ماڵەوەبکەن‌و بیپشکنن بەبێ ئاگاداری من چونکە بەبێ ئاگاداری من پۆلیس بەزۆری چوونەتە ناو ماڵەکەم.

پاشان خواحافیزیان کردو ڕۆیشتن کەچی پاش دوو ڕۆژ لە ڕۆژی١١/٢/١٩٩٨جارێکی‌تر بانگی منیان کردەوە ووتیان دەت دەین بەدادگا چونکە لەڕەشەی کوشتنت لەخەڵك کردووە وێنەمیان لەتەنیشت‌و لەپشتەوە گرت‌و ووتیان ڕۆ تانامەت بۆدەنێرین، پاشان گەڕامەوە بۆماڵەوە تەلەفونم بۆبرۆنۆکرد گوتم وا پۆلیس من دەدن بەدادگا ئەوا منیش –ai–ئاگاداردەکەمەوە کە بەخۆڕایی من تاوانبار دەکەن وەمن بۆیە ئەمەم گوت چونکەبڕۆنۆ لەگەل پۆلیس بووکەچی لەڕۆژی ١١/٢/١٩٩٨لەدادگای شتایەرەوە وەڵامم بۆهات کەئەمە بوختانەو ڕاست نی‌یە

بەرواری ١٩٩٨/٢/٢٤ی‌دراوەکەپاشان بەپۆست هاتووە ئەوا (لەلاپەڕەی بەڵگەنامەکاندایە).

ئەوەبوو لەڕۆژی ١٩٩٨/٣/٣لەگەڵ گروپی(٤٩)aiلەشارۆچکەی شتایەر دانیشتم کەکۆبۆنەوەی گروپەکان بوو وەبۆیانم باسکرد کەپۆلیسی شتایەر ویستوویانە بمدەن بە دادگاو بەدرۆتاوان بارم بکەن‌وە نامەی دادگای شتایەریشم پێ‌نیشاندان‌و پێیانم گوت دەمەوێ پرۆتێست و پاڵپشتیم بکەن تالەداهاتوودا پۆلیس بەم جۆرە لەگەڵ من دووبارە ی‌نەکاتەوە ئەوە بوو هەموو بەدەنگێ بەناوی گروپی(٤٩)ی شتایەرەوە نامەیەکیان نووسی بۆ دادگای شتایەر وەئامادەببوان ئیمزایان کرد وەئەوا لە لاپەڕەی (بەڵگەنامەکاندا) دەقەکەی لەبەر دەست دایە کە بەکورتی‌و بەکوردی بەم شێوەیە.

ژمارە ئەکتەکەی st482/98

ڕێزو سلاو بۆ داوەر و گزیری - شتایەر

بەو ژمارە ئەکتەی سەرەوە ئاگاداری ئاغای -طارق-تان کردووە دەربارەی تۆمەتی هەڕەشە و کوشتن‌ووەلامدانەوەی ئەو تۆمەتە هەڕەشەیەی کە خۆتان دەڵیی بەڵگەمان نییە، دەمانەوێ ئێمە ئیمزای بکەین دەربارەی کەسایەتی طارق وەڕوونی دەکەینەوە ئەوا ئێمە چەند ساڵێکە کە ئاغای طارق دەناسین کە لەگەڵ گروپی(٤٩)ی ئەمنیستی ئنترناشنالٚ -ai-کاردەکات لە گەلمان ئامادەیی چارەسەری گفتویی‌هەیە و ئامادەی گفتوگۆی هەیەو لەهەموو کردنێك و پیشاندانی هێز وەدوورە وەکو ئێمە دەیناسین.

لەگەڵ سلاوی هاوڕێمانەماندا ناوی ئیمزاکەران.

پاشتر لەڕۆژی ١٩٩٨/٣/١٧دا نامەیەکم بۆ aiفیننا نارد بەئەڵمانی کەواپۆلیس‌وخەڵکی پۆلیس دژایەتی‌من دەکەن‌و پیلان دژی من دەکەن‌و پۆلیس هەوڵ دەدات تورك بکات بەگژ مندا وەیەکێ لەبو تورکانە دەیەوێ بیکات بەگژمندا

ناوی عەلیە لەشارۆچکەی شتایەر دا دەژی وەبۆیە ئەم نامەیەم بۆ ئەمنستی فیننا نووسی تائاگاداربن پیلانی پۆلیسی نهێنی وەئەوکاتە سکرتێری aiناوی ئاغای پاستێل–pazeltبوو.

وەپاشتر ڕۆژی ۱۹۹۸/۳/۱۳نامەم بۆ سەرۆك وەزیرانی نەمسا د.فیکتۆرکلیما نووسی و فاکسم کرد لەگەڵ نامەی‌مەحکەمەوپاڵپشتی aiگروپی(٤٩)کەواداوای یارمەتیم لێکردووە و کەپۆلیس‌و خەڵکەی کە بەبۆ پۆلیس کاردەکەن منیان گوناهبار کردووە بەدرۆ ئەوا دەقی نامەکە بە ئەڵمانی ئاماژەی پێکراوە وەلە خوارەوەدا دەقەکە بەکوردی‌نوسراوەتەوە.

Bundes Kanzleramt
Kabinet, dBundz kanzler s,l
Ball haus datz
Wien

Hakim Tarik
Tabor weg42/3
4400
Steyr

Mit Herzlichern respekt für ihre exzellenz tej:07252 – 80979 13-3-1998 steyr
Ich wohne in steyr ich bin kurde aus sud kurdistan in den irakischer teil.....

ئەمەش دەقە کوردیەکەیەتی.

لەدڵەوە ڕێزم هەیە بۆ بەڕێزتان

من کەلە شتایەر دەژیم‌و کوردی کوردستانی خواروم بەشی عێراق وەلەساڵی ۱۹۹۲ پەنابەری ڕامیاریم لەم وولاتەدا بەپێی ڕێکەوتن نامەی‌جنێف.

من ئەم وولاتە بەوولاتی دووەمی خۆم دەزانم‌و دەمەوێ ڕێزی یاسای ئەم وولاتە بگرم.

بەڵام بەداخەوە پۆلیسی نهێنی‌و خەڵکی سەر بەپۆلیسی نهێنی گیرگرفتم بۆ دەکەن‌و دژایەتیم دەکەن‌و بوختان‌و تۆمەتم بۆدەکەن بەهۆی زانینی پاراسایکلۆلۆجی‌یەوە من لێرەدا دەمەوێ پۆلیس لەوەپتر بەهەڵە لەمن تێنەگەن‌و ئامادەم بۆ

دیالۆگ‌وتێگەیشتن لە جیاتی ئەوەی هەڵەتێبگەن‌و گیرگرفتم بۆ بکات پۆلیس، ئەوەتا بەڵگەی دادگاوپاڵپشتی ai .

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا.... داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر نامەکەم کەم‌وکوڕی ڕێزمانی هەیە.

ئەوەبوو ڕاوێژکاری نەمسا (سەرۆك وەزیران) لەڕۆژی ١٩٩٨/٣/٣١دا بەم ژمارەیە وەڵام

Zahl 413 824/1 – I/4a /98 وەڵامی منی دایەوە(دەقە ئەڵمانیەکەی لەلاپەڕەی بەڵگەنامەکاندایە)

(0222)53126 ژمارەی فاکس (0222)53126/2125ژمارەی تەلەفۆن

سلاوزۆر ئاغای طارق:....

لەڕۆژی ١٩٩٨/٣/١٣دا نامەت ناردووە گوایە پۆلیس بەهۆی زانستی پاراسایکلۆلۆجی‌یەوە گیروگرفتت بۆ دەکەن ئەمە ڕاست نی‌یەو ئێمە هاوکاری‌و بەشداریت ناکەین وە بەتەمای هیچ هەل‌و دەرفەتێکیش مەبە لە ئێمەوە لەگەڵتابین‌و بتوانین بەشداری ململانی نێوان تۆو پۆلیس بکەین.

لەگەڵ سلاوی هاوڕێینانەماندا.

دەبینم لەگەڵ ئەو دوو بەڵگەیەشدا هێشتا دەڵێ گرفتت نی‌یە لەگەڵ پۆلیس کەخۆشی ئاگاداری کاری پۆلیسە دەربارەی من وەکو لەدوایدا بۆ من دەرکەوت.

وە لەلایەکی‌ترەوە نووسینگەی کار کردبوویە سەر من دەبێ کار بکەی ئەگینا پارەی بێکاریت دادەشکێنین منیش هەستام بەگەڕان بەسەرکارگەکاندا چوومە کارخانەی خودڕەوی (B.M.W) وە ئەوانیش وەرگرتنی کرێکاریان لەڕێگەی بەڵێن دەرانەوە وەردەگرت کەمنیش پیشتر کارم تێداکردبوو ساڵی پیشتر وە ناونوس کرابووم

لەبەڵێن دەر ماین هارد – Main hard بۆکارکردن لەکارخانەی خودرەوی(B M W)ی ئەڵمانی لەنەمسادا. وە ساڵی پێشتر کارم کردبوو بۆماوەی شەش مانگ. وەخۆیان ڕایان گەیاند کەئەمساڵیش کاریان دەوێ لەڕێگەی کرێکار ئامادەکەرانەوە(بەڵێندەران)کرێکاران ئامادەکرد وەکو تورك‌ویۆگسلافی وە منیش چووم بۆلای بەڕێوەبەری کرێکار ئامادەکەر کە ناوی ماین هارد–main hard–بوو.

بەمنی گوت ناتوانین تۆ وەرگرین‌و بتنێرین بۆ کارگەی B M W ووتم بۆچی؟ ووتی ناتوانین کاربدەین بەتۆ ووتم پۆلیس واتان پێدەڵێ کەچی هیچ وەڵامی نەدامەوە و بێدەنگ بوون هەر ئەوەندە ووتی ناتوانین، کە پاش ئەمڕۆ و سبەیەکی‌زۆر ئەنجائەو وەڵامەیان پێدام وەمن گەڕامەوە و زۆر بێزار بووم کەپۆلیس ڕێگەی کار لەمن دەگرن کەئەوا ڕووی فاشیەت‌ونازیەتیان دەرکەوت بەرانبەر بەمن،پاشان نامەم بردە وەزارەتی ناوخۆ بەشی خانوو بەرە ئاغای کلۆرمان نووسی کە خانووەکەم بۆ بگۆڕێ، بۆ شارێکی‌تر چونکە ئەگەر خۆم خانووم بەکرێ بگرتایە لەخاوەن خانووەکان ئەوا کرێی گەڵێ زۆرەو دەرنابەم.

وەهەست دەکەم پۆلیس هەر بەردەوامە لە کۆنترۆڵ کردنی من وەکاتێکەدەچمە کافێ‌و ئەو شوێنانەی قەوخان‌و زۆرخەڵکی لێیە هەست دەکەم پۆلیس ئەوانەی کەسەر بەخۆیانن لەپیاولەژن هەوڵ دەدەن لەمن نزیك ببنەوە، وە منیش خۆم لێ دووردەخستەوە وە ناچاربووین لەپاشاندا کەچیتر دەرنەچمە دەرەوە هەست دەکەم کێشەی‌من‌و پۆلیس بەرەو خراپی دەڕوات‌و هەر لەژێرچاوەدێری هەمیشەیاندام هەستام لەمانگی ١٩٩٨/٤دا نامەیەکم بۆ مامۆستا جەمال نەبەز نووسی کەئەبوتارا خاوەنی گۆڤاری صوت کردستان لەگەڵ پۆلیس کاردەکات نزیکی(١٥)ساڵ پترە وە زۆر دەنگ‌وباسی منی بەدرۆداوە بەپۆلیس وەهوشیار ناوێك کەکوڕەکەی‌ناوی ڕەوەزە پەناهەندەیی لەنەمسا بۆ دەرنەچوو کەزۆرجار ئەبوتارا وەرگێڕانی بۆ دەکرد

وەکاتێ ویستی دەربچێ پۆلیس خۆی ڕێگەی بەئەبوتارا دا تا لەسالزبۆگەوە دەریبکات بۆ ئەلمانیا وەئەم هوشیارە کاریکاتێری لەگۆڤاری صوت کردستان لەژمارە(٢٦)سالی١٩٩٦دا دەرکردووە،وەهەروەها ئاگاداری مامۆستا جمال نەبەزم کرد بۆوە کەچیتر وتارنووسین بەڕێ نەکات بۆ ئەبوتارا لەگۆڤاری دەنگی کوردستان بلاوی بکاتەوەو وەگۆڤارەکە بەزمانی ئەرەبی‌یە، چونکە لەگەڵ پۆلیسەولەدژی کورد کاردەکات وەچەند دوکانی بەکرێ داوە کەپۆلیس مۆڵەتی ئەودوکانانەی پێداوە وەهەندێ لەو دوکانانەی دەیدات بەکرێ بەفاشیەتورکەکان کە ئەوانەی دژی کوردن ئەمەش ناونیشانی دوو دوکانیانە کەدراوە بە فاشیە تورکەکان لەسالی١٩٩٨دا ناووناویشانیانم وەرگرتووە ئەوانەی پێدەڵێن (کۆمەڵەی گورگە بۆرەکانی تورك).

Turkischer und osterreichischer.
leben mitel geschaft.
Dukartagasse.41
A4400 steyr
leben hitel geschaft
fratten gasse 2
4400 stegr
video holy wood
siernener sbrasse. 93
A4400 steyr

وەئەمەیان دوکانی خۆیەتی واتە ژمارە سێهەم کەدوکانی ڤیدیۆکاسێت بەکرێدانە. وەهەمان نامەشم بۆمامۆستا جواد مەلا بەڕێکرد کەزانیاری لەسەر ئەبوتارا هەبێت. دەربارەی پۆلیس لەمانگی(٣)ی ١٩٩٨بەدواوە لەبەرامبەر پەنجەرەی ماڵەکەی خۆم لەساختومانێکی‌ترەوە کە بەسەر ماڵەکەی مندا دەی ڕوانی پۆلیس کامیرای نهێنیان دانابوو بۆچاوەدێری‌کردنی من بەشەو و بەڕۆژ کەلەوێوە ناو ماڵەکەمیان باش

دەبینی بەکامێرا، منیش هاتم ڕۆژێ بەکامێرایەکی سادە وێنەی ئەوپەنجەرەم گرت کە لەدراوسێکانم وەرگرتبوو وێنەی ئەو پەنجەرەیەم گرت کە کامێراکەی لەژوورەوە بوو. وەوێنەی ماڵی خۆشم هەروەها کەوێنەکان ماون بەڵام بچوکن.

لەسەرێکی‌ترەوە لەکۆتایی مانگی(٤)دا بوو پۆلیس پیلانی‌کرد کەدەبێ طارق تێکەڵی ئەبوتارا ببێتەوە و بۆ ئەوەی ئەگەر من ئەبوتارام ناسیەوە دەنگ‌وباسی‌من بەزۆری بداتەوە بەپۆلیس بۆ ئەم مەبەستە ئەبوتارابە (ی) گوت کە کوردی‌تورکیایە وەپاشان (ی) هات بەمنی‌گوت دەبێ لەگەڵ ئەبوتارا ئاشت ببێتەوە ووتم (ی) ئەبوتارا لەگەڵ پۆلیسە من نامەوێ لەگەڵی‌ئاشت ببمەوە ووتی نەخێر هەر دەبێت لەگەڵی ئاشت بیتەوە منیش لەبەرئەوەی‌لەتەمەندا لەخۆم گەورەتربوو بۆیە ووتم باشە من لەگەڵت دێم‌ودەچین ئاشت دەبینەوە بەڵام دەبێ‌جارێکی‌تر خەبەر لەمن نەدات لای پۆلیس ووتی دەچین بۆماڵی ئەم شەو، منیش هاتم تەسجیلێکی بچوکم خستەگیرفانمەوە و هیچیان هەستیان بە من نەکرد کاتێ‌چومە ماڵیان هەر لەکاتی سلاوکردندا پەنجەم بەدوگمەی تۆمارکردن دا نا تاهەموو گفتۆگۆکانم لەسە کاسێت تۆمارکرد. وەلەگفتۆگۆدا ووتم ئەبوتارا تۆ لەگەڵ پۆلیس دا کاردەکەیت بە درۆ سەواڵی منت داوە بەپۆلیس وەمن لەگەڵت ئاشت دەبمەوە کەنابێ جارێکی‌تر ووبارەی بکەیتەوە لەگەڵ من کەچی هەر حاشای‌دەکرد پاشان گوتم ئەگەر راست دەکەی دەچین بۆ لای پۆلیس لەوێ تەماشادەکەین کەچی لێم توورەبوون‌و بەپاڵ نیان کردەدەرەوە، ئەمە لەبەرواری ١٩٩٨/٤/٢٩دا.

هەروەها لە Med t.v لەبرۆکسیل لای د. ئاکرەیی ئەم کاسێتەو بەڵگەکانی‌ترم شان داوەو لایانم بەجێ‌هێشتووە وەهەروەها پۆلیسی شتایەر چەندین پیلانی شەرمانەیان لەگەڵ من کردووە کەهەوڵیان داوە منداڵی(١٣-١٤)سالان بنێرنە سەر گەوتاقیم بکەنەوە ئایا منداڵ خەراپ دەکەم کەپیلانە دژم دەیکەن کەچەند جارێك

ناردبوویانە سەرپێگەم تا بەم ڕێگەیەوە ئابڕووم بەرن و واتێگەیشتوون کەمنیش خەڵکی نەمساویم. منیش بەبڕۆنۆم گوت کە پۆلیس پیلانی وایان لەگەڵ من کردووەکە ئەمە فەرهەنگی من نییە دەیانەوێ پیلان دژم بکەن. وەئەو پۆلیسەی ئەوپیلانەی دژی من دەکات کەقەت من ئەوەم نەکردووەبەڵام بەبەرچاوی کامێراو تەلەفیزیۆنی نەمساو(cnn)و ئەوانیترەوە ئەوا پۆلیس خەراپ دەکەم پاش ئەمە بێدەنگ بوون پاش ئەمە هەوڵیان دا تورك بنرێنە سەرمن کەبەگژ من دابێن و شەڕی کوردوتورك دروست بێ و پاشان بیکەنە گیروگرفتیکوردو تورك لەنەمسادا، وەمن لەبەرئەوەی کوردمو بێدەوڵەتم بۆیە ئەم دژایەتیەی منیان کردووە خۆئەگینا تورك لەساڵی شەستەکانەوە لەنەمسا دەژین پۆلیسی نەمسا نەیتوانیوە پیلان دژی تورکان بکات لەبەرئەوەی ئەوان دەوڵەتیان هەیە، بەڵام کورد نێچیرێکی باشە بۆنەمساوی هەر لەکوشتنی سەرکردەی کوردەوە.

ڕۆژی ١٩٩٨/٤/٣٠چووم بۆ ڤێننا چوومەماڵی (ع) کەرکوکی وماڵی (ك) و ماڵی دوکتۆر (ح) وە بۆیە چووم لەترسی پیلانی پۆلیسی شتایەر بوو وەهەستم پێکرد بوون کەنیازی پیلانیانە دژی من کەنیازیان بوو شەوێ تورك ویوگسلافی ونەمساوی بکەن بەگژ منداو لێدانی باشم بکەن ئەڵبەتەکەلەمانگی چوارەوە ١٩٩٨/٤لەماڵی خۆم دەخەوتم کلیلم لەدەرگادا جێدەهێشت یان دام دەخست تانەتوانن پۆلیس کلیل بەکاربهێنن دەرگاکە بکەنەوە کە نەمزانی پۆلیس کلیلیتایبەتیان هەیە دەتوانن هەموو دەرگایەك بکەنەوە وەشەوی یەکەمم لەڤیننا لەماڵی (ع) کەرکوکی خەوتموشەوێ ع گوتی بابچین بۆ کافێ بۆ دەرەوە بۆ شوێنی ڕابواردن.ووتم سوپاس من نایەمە دەرەوە ئەوکاتی قسەی لەگەڵ من دەکرد هەستم دەکرد تەلەفونەکەی کراوەتەوە تاقسەکردنەکانمان بدات بەپۆلیس وە بۆبەیانی پاش لەخەوهەستان کەقسەی لەگەڵ من دەکرد دووبارە تەلەفونەکەی لادرا

بۆووە، وەپاشان تێگەیشتم کەپۆلیس زۆری لە (ع) کەرکوکی کردووە تا (ع) هەوڵ بدات من لەگەڵی بچمە دەرەوە بۆشوێنی ڕابواردن بێگومان پیلانی پۆلیس بووبۆمن. وەشەوی دوای چووم بۆماڵی د.(ح) شەوێ لای ئەو خەوتم ئەو شەوە هەستام لەخەو بەیانی هەستم بەگۆڕان کاری‌کرد لەسەرخۆم بەڵام هیچ تێناگەم کەشەوێ چی لەمن کراوە. وەبۆ نیوەڕۆ چوومە ماڵی (ك) کە ژنەکەی لەکوردسانبوو نیوەڕۆ لای ئەو نانم خوارد هەست دەکەم کە (ك) ڕەنگی‌تێکچووە وەپرسیاری زۆر لەمن دەکات‌و ئەو پرسیارانەی لەمنی دەکات هیچی قسەی خۆی نییە چونکەهیچ کات بابەتی ئەوهام بۆباس نەکردووە تاپرسیاری بەو شێوە لەمن بکات کەئەمە پرسیارەکانیەتی. ووتی بەقەتار هاتوچۆدەکەیت بلیت دەبڕیت یان نەخێر؟ لەوەڵام داگوتم بلیت دەبڕم (کەئەمەپرسیاری پۆلیس بووە تابزانن بەبلیتی‌قەتار هاتوچۆدەکەم بلیتەکەتەواو دەست کاری‌کراوە) کەئەمە چیرۆکی ڤۆلڤ میسینگ بوو کەچەند جارێ پارەی‌پی‌نەبوو پارچەکاغەزێکی سپی داوەبەجابی شەمەندەفەرەکە لەئەلمانیاوڵێ‌بووە بەبلیتی‌ڕاستی کەیەکێ‌بووە لەهەرەشارەزایانی پاراسایکۆلۆجی یەگەورەکان وەمن ئەوەم بۆ بڕۆنۆکێرن باس کردووە.

هەروەها (ك) پرسیاری‌کرد طارق تۆچۆن منداڵی خۆت پەروەردە دەکەیت؟ لەوەڵامدا گوتم ئاسایی وەك و هەموو باوك‌ودایکێکی‌تر تۆ چۆنی دەکەیت‌و منداڵ خۆی پەروەردە دەبێت. ووتی نا طارق من کوڕەکەی خۆم بەرنامەم بۆ داناوە خۆم دەزانم چۆن گەورە دەبێت‌و چی‌دەکات ووتم (ك) ئەمە بەرنامەی خۆتە وە ئەم پەروەردەکردنی منداڵە لای کورد باسم نەکردووە تەنها لای برۆنۆ نەبێت کە منداڵ ئێمە لەناو کورددا چۆن پەروەردەی دەکەین وەزۆر لەدایك‌وباوکان جەختیان لێدەکەن کە شت فێربین، ووتم (ك) نامەم بۆ مامۆستا جەمال نەبەز ناردووە دەربارەی ئەوەی ئەو گۆڤارەی ئەبوتارا بە ئەرەبی دەری دەکات تا مامۆستا جەمال نەبەز

نووسین و بلاڤۆکی بۆ ڕەوان نەکات چونکە لەگەڵ پۆلیس کار دەکات و گوتم تەلەفونی من کۆنترۆڵە لەلایەنی پۆلیسەوە وەژمارەی تەلەفونی تۆم پێداوە یەکسەر (ك) گوتی طارق با جەمال نەبەز تەلەفون بۆ من نەکات و پێی بڵێ ئەنجا (ك) گوتی چوویتەوە کوردستان ووتم بەڵێ چوومەوە کوردستان لەم گفتوگۆیەم دا لەگەڵ (ك) هەستم کرد ك پچڕپچڕ ناوە بەناوە گفتۆگۆ لەگەڵ من دەکات و پرسیارم لێدەکات من تێدەگەم ك ئەوە هیچی قسەی خۆی نییە چونکە من هیچ لەوانەم لای (ك) وەکو گوتم باس نەکردووە. من دەبینم ك هیچ وایەرێك یان (سەماعەیەك) بیسەرێك لەدەرەوەی گوێی نییە. وەدەشزانم ئەمە پرسیاری پۆلیسە ڕاستەوخۆ لەهەمان کات دا پرسیارەکان دەدرێن بە (ك) تا پرسیار لەمن بکات وە (ك) ڕەنگی سوور و تەلخ هەڵگەڕاوە سەرئەنجام بیرکردنەوەی لێی واتێگەیشتم کە (ك) بیسەر - سەماعەو مایکرۆفۆنی - بچوکی لەناو گوێچکە دایە. و من نای بینم وە پۆلیس پرسیارەکانی پێدەڵێ تا لەمنی بکات وە وەلامەکان هەمووی لەڕێگەی ئەو مایکرۆفۆنە بچوکەوە ڕەوانە دەکرێنەوە بۆ لای پۆلیس ووتم ك هەموو بۆ ژیان و بەرژەوەندی خۆتان دەگۆڕێن (ك) لەوەلامدا گوتی ئەگەر ژنەکەم پەناهەندەیەکەی لێبستێنرێتەوە تۆ ئەمان ژێنی و پەناهەندەمان پێدەدەی وەپاشتر (ك) گوتی مێشکم دەزرنگێتەوە و دێشێ هەروەها لەم گفتوگۆیەدا (ك) گوتی طارق وا (ه) دەڵێ با طارق بەرژەوەندیخۆی بزانێت وە (ك) ووتی طارق بۆ خۆت بژی کارت بەهیچ نەبێت. لەوەلامدا گوتم من ئەگەر وەکو ئێوە لەترسان بگۆڕێم و لەترسی ئەوەی پەناهەندەییم لێوەربگرنەوە واتە لەترسان و لەبرسان بگۆڕێم بۆ پۆلیس ئەوا ژیانم گەلێك زۆر لەهی ئێوە خۆشتر دەبێت وەئێوە دەتانەوێ بەگوێی پۆلیس بکەن و ڕەگەزنامەو پەساپۆرتی نەمساوی وەربگرن وەلەهەموو ئەم دانیشتنەدا لەگەڵ (ك) دا هەستم کرد شتێك لە (ك) کراوە و لەترسان ڕەنگی سوور هەڵگەڕاوە و بەناچاری بەسەریدا

سەپاوە ئەو پرسیارانە لەمن بکات پاش نان خواردنی نیوەڕۆ و گفتوگۆکان لەگەڵ ك دەرچووین بەرەو بارەگای – ERNK– واتە PKKو کوردی باکورەوە نزیکی بارەگای –ERNK– دوو پۆلیسم بینی ئەوانیش منیان بینی‌و تەماشای منیان کرد و پێکەنین. من پتر تێگەیشتم هەستم کرد کەشتێك لەمێشکی من کراوە وە (ك)ش لەبەر ئەوەی کە خێزانی لەکوردستان بوو ترسی هەبوو پەساپۆرتەکەی لێوەربگیرێتەوە بۆیە بەگوێی پۆلیسی کرد بوو تائەو پرسیارانە لەمن بکات و ڕێگە بەپۆلیس بدات مایکرۆفۆنی بخرێتەگوێیەوە لەوێ لەبارەگای–ERNK– چەند کاژێریك ماینەوە ڕپاشان نزیکی ڕۆژئاوا بوون گەراینەوە بەرەو ماڵی (ك) وەکاردۆخمان لەگەڵدا بوو بەپەیکانی خۆی ئێمەی بردەوە. پاش کەمێ گفتۆگۆی کاردۆخ لەگەڵمان لەماڵی (ك) کە دانیشتبوو پاشان کاردۆخ کە خەڵکی هەولێرە هەستاو ماڵئاوایی لەئێمەکرد شەو ەماڵی (ك) خەوتم بۆ سبەی ڕۆژی یەکشەمە بوو شەوەکەی چوومەوە بۆ ماڵی ،.(ح)و ئەڵبەتە ك لێمی پرسی شەوی داهاتوو دەچیتە ماڵی کێ؟ گوتم دەچمە ماڵی(ڕ)یا(ح)وە بۆ نیوەڕۆ کەلە ماڵی (ك) دەرچووم چووم بۆ ماڵی (د) و لەماڵی ەوان نانم خوارد لەماڵی (د) ،(ش) هەولێری هات‌و بەستەنی لەگەڵ خۆی هێنا ەنجا (ھ) هات و هەروەها (ڕ) هات، وە (ھ) منداڵەکانی لەگەڵ دابوو وەهەموو یێکەوە چوین بۆ یارگەی گەورەی ڤێننا لەوێ لەپیاسەوگەراندا بووین (ھ) برسیاری ئەوەی لێکردم ئایا – یانصیب – Lotto– بەخت بازی دەزانی ٔ وەیاری ەکەی‌و بۆت دەردەچێت هیچ لەوشەش ژمارەیەی –lotto– بەخت ژمارە – وە ئایا ژمارەکان شەوێ نایەنە خەونت ووتم چەند جارێ هاتوونە خەونم بەڵام هەموو ژمارەکان نا وەجارێکیان هەموو ژمارەکان بوو لەبیرم چۆوە وە وای پێدەچوو کە ئەم برسیارەی (ھ) لێمی دەکرد راسپاردەی پۆلیس بێت چونکە لەلای برۆنۆوە – bronc– کەسەر بەپۆلیس بوو باسی هاتنە خەوی ژمارەکانم کردووە تەنها هەر وەکو

ئەوەی کە نووسیومە وە ئێوارە درەنگ لای ئەوانم بەجێهێشت‌و چووم بۆماڵی (ح) وە بۆ بەیانی کە لەماڵی (ح) بووم ووتم دەگەڕێمەوە بۆشتایەر وە زۆر لەمن هاڵا و خولك‌و خۆی منیان کرد بەڵام گوتم هەردەگەڕێمەوە لەگەڵم هاتە دەرەوە لەئیستگەی شەمەندەفەری ژێر زەوی لەهێڵی ژمارە ٦ بەئەڵمانی bahn – u - 6 یەگەر کاسی – jager gasse-جیابووینەوە و ماڵئاواییم لێکرد. دابەزیم‌و لەسەر هێڵی –6– بەرێ کەوتم وە لەهەڵوێستەگەی ڤێست بانۆف west banhof-دابزیم‌و چوومە ئیستگەی ڤێست بانهۆف تا بەرەو شتایەر بەرێ بکەومەوە بەڵام پاش ئەوەی لەماڵی (ح) دەرچووم‌و گەیشتمە jäger gasse- لەوی کابرایەکی کەڵەگەتی نەمساوی کە پۆلیسی نهێنی‌بوو وەپاشتر کە تێگەیشتم لەدوامەوە نزیك بۆووە کاتێ ئاگام لێبوو لێم نزیك بووەوەو گەڕایەوە ئەوکاتی لێم دوورکەوتەوە ئاوڕم دایەوە وام هەست کرد کە شتی ووردوبچوکی فڕێ داوەتە سەرپشت‌وسەرسەری من وەجانتایەکی بچوکیشم بەکۆڵەوە بوو سەرم تەکاندو جانتاکەم تەماشاکرد و بە (ح) گووت هیچ بەسەروپشتی منەوەهەیەو لەوەڵامدا گوتی نەخێر لەدوایدا تێگەیشتم تەنها بۆ چەواشەکردنی من هاتۆتە سەر ڕێم وەدوام کەوتووە.

دەزگای پۆلیسی نهێنی ڕۆژئاوا هەندێکیان بۆ کاروباری تایبەتی مرۆڤی کەڵەگەت وزلە زلە و مەشك پێکراو بەکاردەهێنن. هونەرو تاکتیکی بەڕەنگاربوونەوە لەگەڵ خەڵکی دا فێردەکرێن. ئەنجا بێمەوە سەر ئەوەی کەلەڤێنناوە لەئیستگەی ڤێست بانهۆف بەرێ کەوتم بەرەو شتایەر. ئەڵبەتە لەو گەشتەمدا ئەو هەرایەی لە ڕۆژی ١٩٩٨/٤/٢٩دا لەشتایەر لەماڵی ئەبوتارا کرا لەگەڵم بۆ مامۆستا جەمال نەبەزم ڤاکس کرد چونکە نووسینی مامۆستا جەمال نەبەز لەگۆڤاری صوت کردستانی ئەبوتارا بڵاو دەبۆووە و ژمارەی گۆڤارەکە دەنێرا بۆ مامۆستا جەمال نەبەز وە لەرۆژی ١٩٩٨/٤/٣٠کە لەڤێننا بووم سەرەتا چوومە ماڵی (ئ) وشەو لەگەڵ (ع)

ەڕامەوە بۆ ماڵی(ع) من لەم گەشتەمدا ووتم کەپۆلیس پرسیاری لە هەموو ئەو وردانەی کەمن دەناسن کردووە. دەربارەی رابردوو و هەروەها هەلس‌و کەوتی من نەمسا من ئەوشەوەی کە لەماڵی(ح) خەوتبوم و بەیانی هەستام هەستم خەوگرانی‌کرد پاشان هەستم کرد کە هاتوون پۆلیسی نهێنی شتیان لەمن کردووە سەرەتاوە وا تێگەیشتم کە دووبارە مایکرۆچیپیان کردۆتەوە ناو لەشی من بەڵام ەرئەنجام لەبەریتانیا تێگەیشتم تەنها بۆ ئازمایشی چاوی من هاتوونەوە و پێیان ەیربووە بینینی چاوی من‌و لەبەرواری٢٣/٢٤ / ٤ / ١٩٩٨ لەماڵی خۆم هاتوونە ورەوە مایکرۆچیپیان لە من چاندووە لەمێشکمدا لەڕێگەی دەرزی‌لێدانەوە.

ەر ئوای گەرانەوەم لەڤێننا پۆلیسی شتایەر وازیان لەچاوەدێری من هێنا بوو ەشەو چیدی ماشێنی پۆلیسی‌نهێنی نەدەهاتنە دەوری ماڵی من و لەشارۆچکەی ستایەردا ناوبازاڕ کەس چاوەدێری منی نەدەکرد و پۆلیس خۆیان لە من دەگەیاندو چاوەدێری منیان نەدەکرد وە تەماشای منیشیان نەدەکرد هەرپاش ەڕانەوەم بۆ شتایەر خەڵك هەڵسوکەوتی لەگەڵ مندا گۆڕابوو وە خەڵکەکە وەکو بشتر نەدەبینران تومەز ئەمە پۆلیسی نهێنی لەشتایەر دەنگ‌وباسی بڵاوکردۆتەوە ناو خەڵکیاندا کە کەم دووبن لەگەڵ من خۆیان نا ڕێك‌وپێك پێشیان نەدەن چونکە ڕێگەی مایکرۆچییەکەی مێشکمەوە سەرۆکی پۆلیس و راوێژکاری نەمسا ەڵس‌وکەوتی پۆلیس و خەڵکی شتایەر یان دەبینی دەربارەی دانانی یکرۆچییەکە لەمێشکی مندا بەدڵنیایی کەخۆم تێگەیشتبم دەبێ لەڕۆژ و شەوی ١٩٩٨/٤/٢٤/٢دا بوو کە پۆلیسی نهێنی نەمسا بەچاودێری -Cia– ی هاتوونە ڵەوە و شەوێ لەکاتی خەوتنم دا کە دەرگاکەم لەسەر خۆم داخستبوو وە ئەوان ش ئەوەی گازی‌بێهۆش کردنیان کردۆتە ژوورەوەم ئەنجا دەرگایان کردۆتەوە ونکە نەك پۆلیسی نەمسا بەڵکو پۆلیسی هەموو ئەوروپا کلیلی مالان‌و

خانوەبەرزەکانیان هەیە وەهەرکاتی هاتنە ژوورەوە یان کامیرای ڤیدیۆیان پێ‌بووە بۆ وێنە گرتنی‌لەشی‌من وە چۆن دەرزی تایبەت مەندی مایکرۆچیپ لەمن دەدەن تاوەکو بەڵگە نامەکەم بمێنێتەوە بۆیان بەڵام دەربارەی ڕۆژی ۱۹۹۸/۵/۳جارێکی‌تر هەردوو لایان هاتوونەتەوە سەر من لەشەودا لەماڵی(ح) لە ڤیننا بۆ پشکنیینی چاوی‌من کە کەجۆرێکی سەیروجیاواز دەبینێ بەلای ئەمانەوە بەڵام نازانم چۆن ئازمایشی چاوی منیان کردووە بەڵی من ئەوکاتە واتێگەیشتم کە دیسان هاتوونەتەوە دەرزی مایکرۆچیپی‌تریان لە من داوە:micro chip دەربارەی کوردەکان بەدڵنیایی پۆلیسی نەمسا فشاری خستۆتە سەریان تا زانیاری لەسەرمن بدەن بەڵام کوردەکان نەیان زانیوە ئاوێتەیەکی کیمایی‌هەیەوهەربەمایکرۆچیپ ناسراوە بەڕێگەی دەرزی‌لێدان بۆ لەش‌و ئەنجا بڵاوبوونەوەو جێگیربوونی لەلەش دا کەرۆڵی سینی شەپۆل گر دەگرێتەوە خۆ،ئەگەر پرسیاریشیان لەکوردەکان نەکردایە ئەوا هەرلەمنیان بەکاردەهێنا، چونکە واتێگەیشتبوون کەمن بەکەڵکی نەمسا نایەمو ئامادەی سیخوڕیان نیم دژ بەکوردو عەرەب‌و فارس کەئەو دووزمانە دەزانم هەرچەندە زانیاریم هەیە کە ئەو کوردانەی هاوکاری سیخوڕی نەمساو ئەوروپاشن ئەنجا ئەم ئاوێتە کیمایایەیان لێ‌بەکار هاتووە، وەلە ئاوەزی هەموو دەزگاکانی سیخوری جیهاندا هەیە کەسیخوڕێکیان بۆ مەبەستی سیخوڕی یان بۆ سیخوڕێکی‌تر لەناوبەرن بەڵام بەداخەوە جگەلەوکوردانەی سیخوڕی دووسەرەن مانای ئەوانەی ڕاستەوخۆ نۆکەری بێگانەن بۆ ئەوروپاو ڕۆژئاوا سیخوڕی دەکەن. بادڵسۆزی خۆیان بۆ کورد بخەنەڕوو و ئاشکرای بکەن‌و لەنامیلکەو پەرتووکدا کاری سیخوڕی‌و بەسەرهاتی خۆیان بنوسنەوە بەڵام دەربارەی کوردەکانی نەمسا بەلای منەوە تاوانبارنین چونکە دوای دەرچوونم لەنەمساو لەندەن تێگەیشتم کەپۆلیسی نهێنی نەمسا سووربوون لەسەر دژایەتی کردنی من دەبوایە ئەنجامیان بدایە تاوان‌و

ڕۆژەکەیان دژ بەمن، وەزۆربەی ئەو کوردانەی نەمسا لای پۆلیس گوتوویانە طارق
ڕی چاکەو ڕێك‌و پێك و ڕاستگۆیە کە پۆلیسی نەمسا بەمنی‌دەڵێن پاش پرسیاری
واومان لەکوردەکان ئەوە وەڵامیان بووە بێمەوە سەر گەڕانەوەکەم بۆ شارۆچکەی
تایر کەماڵەکەمی لێنیشتەجێبوو کەپتر کوردی باکوور لەم شارۆچکەیە دەژیان
ڵام نزیکەی سێ کوردی باشوور دەژیان، دەبینم هەڵسوکەوتی خەڵکی نەمساوی
ڕانی بەسەرداهاتووە تەماشای من ناکەن خۆیان دوورە پەرێز دەگرن گەیشتۆتە
وەی وەڵامی سلاو و پرسیاریش نەدەنەوە پۆلیسی نهێنی و ئاشکرا تەماشای من
کەن لەدوورو نزیك گەرامەوە شتایەر لە ژوورەوە هەستم بە جۆرێکی تربەخۆم
کردو وام دەزانی لەماڵەکەم دا شتێك یا جیهازێك ڕوولەمێشکم کراوە لەناو
ورەکەم دا شتێ وردی سیخوری دانراوە بەڵام جارێ دەمەوێ هەندێ باسی پێش
یکرۆچیپەکە بنووسم لەمانگی ٤-١٩٩٨دا.

ڕۆژی ١٩٩٨/٤/٨ کات دە(١٠)ی بەیانی بوو نامەیەکم بۆ ئەمنستی گروپی(٤٩)ی
تایەر نووسی‌بە ئەلمانی وە تۆمارکراو سفاریشی بەریم کرد کەژمارەی بەڵگەی
ڕست ماوە بەم ژمارەیە (26627)

*-49 –AI – GRUPPE-
POSTFACH 86
A 4402STEYR

لەنامەکەدا نووسیبووم کە هەوڵی کوشتنی من دەدرێت))

ئاگاداریتان بەڵام نازانم چ لایەنێکە ئەلبەتە ئەوانیش لەترسان نامەکەیان دابوو بە
ڵیس کەلەمەوە تێگەیشتم ئەمانیش واتە گروپی (٤٩)ئەمنیستی سیخور بوون
سەر من لەلایەکی ترەوە بەتایبەتی ئەوەی کلیلی پۆستی لابوو ناوی خانم
لیزابێت بوو. کەپاشتر لە کۆبوونەوەدا هەفتەیەك دواتر گوتم پێی نامەی تۆمارم بۆ

ناردوون پێشانی گروپەکەت دا گوتی هێشتا لەپۆستە من ئەو نامەیەم نووسی وەکو ئاگاداری‌کردنی (ai) (٤٩) بەڵام من زۆر هەڵە بووم لەمەدا کە ڕێکخراوێکی کارتۆنیە هیچ دەسەڵاتێکیان بەرانبەر بە پۆلیس نییەو ناتوانن خۆشیان بپارێزن لە پۆلیس نەك مرۆڤ و خەڵکی‌تر. بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەڵگەو تێگەیشتن بوو لەسەر ڕێکخراوی ai وەگوتم لەسەرەوە ژمارەی بەڵگەی پۆستی نامەکە ژمارە(26627)بوو.

وەکو گوتم لەمانگی (٥)دا پۆلیسی نەمسا بەتایبەتی شتایەر ئەو نەمساویانەی کە پێشتر ناسیبووم لە منیان دوور دەخستەوە وەهەروەها ڕێگریان لەمن دەکرد لەتێکەڵیم لەگەڵ خەڵکی نەمساوی‌دا.

کچێك بەناوی ئەندریا ئیلسنگەر خوێندکاری زانکۆ ناسیم لەمانگی ١٩٩٨/٤دا وە پێوەندیم بە تەلەفۆن پێوەکرد کە ئەڵبەتە پاش ناسینێك لە شاری‌لینز ژمارەی تەلەفۆنیم لێوەرگرت ولە پەیوەندی‌کردن پێیدا کە لەخانەی خوێندکاران لەڤیینا دەژیا لەپەیوەندی‌و تەلەفونی یەکەمدا گوتیان چووینە ژوورەکەی لەوێ نیە جارێکی‌تر تەلەفۆن بکەرەوە کە دوایی دێتەوە من ئەو هەڵەیەم کرد کەتەلەفونم کرد چونکە تەلەفونی من وەکو گوتم لەژێر چاوەدێریدا بوو. وەرۆژی هەینی‌و شەممە بووتەلەفونەکەم ووپاش چەند ڕۆژێکی‌تر تەلەفونم کردەوە بەتورەییەوە لەپرسگەی خانەی خوێنکاران وەڵامیان دایەوە کە لێرە نییەو تۆچۆن لەخۆتەوە تەلەفون دەکەی ناوی ئاوا لێرە نییە. گوتم لەوەڵامدا خۆتان پێش گوتتان شوێنی لێرەیە بەڵام خۆی لێرە نییە گوتیان ناتۆ هەڵەی‌و تەلەفۆن مەکەرەوە ئەمیش ئاشکرا بوو پاش تەلەفونی یەکەم پۆلیس چۆتە سەری‌و گوتویەتی بەکچەکەو بەپرسگەی خانەی خوێندکاران کەئەگەر بێگانەیەك تەلەفونی کرد بۆ ئەندریا دەبێ وەڵامی نەدەنەوە و ڕاڵێن لێرەنی‌یە ئەمەش ناوونیشانیەتی کردنی تەلەفون لەماڵەکەو ئاشکرای دەکات کە تەلەفۆنم کۆنترۆڵ بووە. ژمارەی تەلەفونی Andrea..٤٣-٢٢٢-١٨٠,٣٣٧

ilsinger : HANDLES KAL 68لەلایەن پۆلیسەوە کە ئەمە بەڵگەیە ئەڵبەتە لەجاری دووەم هەم بەتورەییەوە وەڵامی منیان دایەوە کە من ئەو کچە چۆن دەناسم و لەکەیەوە دەیناسم ئەوەبوو جاری سێیەم و چوارەم تەلەفۆنم کردەوە بەهیچ شێوەیەك وەڵامی منیان نەدایەوە من درێژ دادڕیم دەکرد بۆ پتر تێگەیشتن لەنەمساوی ئەڵبەتە فەرهنگی ئێستای نەمساوی کە لە دوای تیوریەکانی زانای دەروون ناسی نەمساوی بەڕەگەز جولەکە کە هەموو پەیوەندیەکی نیوان پیاووژن دەباتەوە سەر زایوەن و ڕووت کاری وسێکس بۆیە ئیستا خەڵکی نەمساوی لەسەدا٩٥٪ یان ناسینی پیاوو ژنێك یان کچ وکوڕێك بەناسین وتێکەڵی و ڕووت کاری دادەنێن. وەکە چەندین نمونەی تری هەیە کە پۆلیس نەیان هێشتووە هیچ جۆرە پەیوەندی و تێکەڵی لەگەڵ خەڵکی خۆیاندا بکەم کە پاشتر بۆ خەڵکی بێگانەش هەمان کاریان دەکرد پۆلیس.

لەساڵی ١٩٩٧وەماوەیەك لەگەڵ پارتی سەوزی نەمسا کارم دەکرد و تێکەڵیان دەبووم وەپەیوەندیم هەبوو لەگەڵ ئەندامەکانیان هاوکاریانم دەکرد وەناوی ئەو ئەندامانەی من دەمناسین وەکو ئاغای کۆرت - ئاغای ڤۆلڤ کانگا - ئاغای ئەندریاس - ئاغای چارلس وچەند کەسێکی تر. وە لەدوو سەردانی خانمی پێرترۆڤیچ بۆ شتایەر و لینز لەسەردانی ئاهەنگی پارتی سەوزدا کەناوبراو سکرتێری پارتی سەوزی نەمسایە، من بەشدار بووم وخۆم بەخانم پەترۆڤیچ لە ەرفەتێکی کورت دا ناساندووە. وەئاهەنگەکان دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ەرێمی ئۆبەر ئۆستراییخ بوو(O BER ÖSTEREICH)وە وێنەم بەکۆمەڵی لەگەڵیان ڵرتووە (وێنەکە لەلەندەن بەجێماوە).

ە ویستم لەئایندەدا لەگەڵ پارتی سەوز بم بەئەندام تابتوانم بەڵگەم دەست بکەوێ ەرێگەی پارتی سەوزە کەچۆن قاسملۆو شەهید کراوە چونکە پارتی سەوز

زانیاریان هەیەو پۆلیسیان تاوانبار کرد لەوەختی دادگای میکۆنوسی ئەڵمانیادا دەربارەی شەرەفکەندی وە من بۆیە هاوکاری پارتی سەوزی نەمسام دەکرد تا پاش وەرگرتنی ڕەگەزنامەی نەمساوی لەگەڵیان ببمە ئەندام بۆ ئەوەی بەڵگەنامەم دەست کەوێ لەسەر پۆلیسی نەمسا لەشەهیدکردنی د.عبدالرحمن قاسملودا کە دەم زانیو دەزانمو کوردیش دەزانێ کە نەمسا پتر تاوانبارە لەشەهیدکردنیدا. بەڵام من بە دوای بەڵگەنامەدا دەگەڕام بۆ ئەمەش پارتی سەوز دژی ئەو کارە بوون دەیانویست ئاشکرای بکەن بۆ مەبەستی خۆیان بەڵام دەسەڵاتی پارتی سۆشیال دیموکراتی نەمسای فەرمان ڕەوایان نەبوو. کەپارتی سەوز دەیانگوت ئەندامەکانیانو دۆستانیان شەرمێکی گەورەیە بۆ نەمسا بەتایبەتی شارۆچکەی شتایەر، نارازیبوونە بەتێکەڵیم لەگەڵ پارتی سەوزدا بۆیە لەڕێگەی پۆلیسی نهێنییەوە واتە سیخورەوە بەپڕۆپاگاندەی نەرێ منیان لەپارتی سەوز دوور کردەوەو لای ئەوان نیگەران کرد کە من بەڕاستم نییە و تێکەڵیگروپی سەوزنابم ئەوەبوو خۆشم پاش بەکارهێنانی مایکرۆچیپەکە لێم هاتوچۆم لێبرین. بۆ بەرژەوەندی خۆم تا خۆم بەجۆرێکیتر نیشان بدەم کە بەهۆی مایکرۆچیپەکەوە ئاگایان لەهەموو جووڵەیەکی منە نەك ئەوان خۆیان دوور بخەنەوە.

دەربارەی خۆم کە کوردەکان دەزانن من ئامادەیی تێکەڵیم لەڕێگەی ژنەوە لەگەڵ نەمسانەبووە و هەر هاتمە نەمساگوتم ژنم هەیە کە ژنم نەهێنا بوو وە ساڵی ١٩٩٤ ژنم مارە کرد بەڵام نەم گواستەوە لەساڵی ١٩٩٧لەیەکتری جیابوینەوە لەبەر ئەوەی نەم دەتوانی لەنەمسا پەناهەندەیی بۆ وەربگرم چونکە تێگەیشتبووم پۆلیس دژایەتی من دەکاتو پەنابەری ناداتێ.

بەڵام نەم دەزانی نەمسا ئامێری سیخوڕی مایکرۆچیپ وەردەگرێو لەمێشکی من بەکاری دەهێنێ خۆ ئەگەر تێکەڵی نەمساویش ببومایە وازم لەکورد تائەندازەیەك

هێنایە ئەوا هەر مایکرۆچۆپم لێبەکاردەهات وەختم هەبوو کە ڕەگەزنامەی ەمساویان بەمن نەدا. وەهەروەها د.فاضل کە لەگەڵ د.قاسملۆ شەهیدکرا ژنەکەی ەمساوی‌بووکەواتە بەسەرهاتەکەم مسۆگەر بووە و دەبوایە ببوایە بەڵام من هەندێ بەیوەندیم لەگەڵ –A–وپارتی سەوز کردووە تەنها بۆ ئاڵوگۆڕی پەیوەندی بووە و بۆ تێگەیشتن لەژینگە بووە.

* * *

بەسەرهاتی مانگی پێنج (٥)ی ١٩٩٨:-

هەر وەکو پێشتر گوتم کەلە (٢٩)ی ١٩٩٨/٤دا کەبەناچاری لەترسی پیلانی پۆلیس سەردانی برادەرانی کوردی ڤیننام کرد وەلەوێ ئێوارەی ٢٩/٤/فاکسم کرد بۆ مامۆستا جەمال نەبەز دەربارەی ئەوبەسەرهاتەی ماڵی ئەبوتارا کە بەسەر مندا هات. وهەروەها نووسیومە کە چوومە ماڵی کێو لای‌کێ بووم. کەپاشان ڕۆژی دووشەمە بوو لەلای (ح) لە یەگەر گاسێ جیا بوومەوە و بەرەو شتایەر بەرێکەوتم لەئیستگەی ڤیست بانهۆف هەستم کرد کەسێك لەمێشکم دا دەڵێت هەروەکو پێشتر گوتم دەڵێ بەڕێز راوێژکار د.ڤیکتۆر کلیما ئەم کوردە مێشکی وەکو ئێمە نیە هەمووی ئەرێیە -پۆزەتیڤ - وەبەئەرێ بیرئەکاتەوە کە ئەم رستەیە بەئەلمانی و کوردی لەمێشکم دا تێگەیشتم من لەبەر ئەوەی نەم زانی‌چۆنەو لێتێنەگەیشتم بەئاسایی گرتم‌و بەرێ کەوتم بەرەو شتایەر لەکاتی بەڕێ کەوتنم دا لەناو شەمەندەفەرەکەدا لە کابینەیەکدا بەتەنها دانیشتبووم دەم ویست پشوو باشتر بدەم ئەوەندەی پێنەچوو لەبەڕێکەوتندا لەڕێگادا ڕەشێکی ئەفریکی هات دابینشێت لای کابینەکەی من وەپرسیاری کرد ئێرە کەسی تری لێیە وگیراوە لەوەڵامدا گوتم گیراوە کە کەسی‌لێنەبوو. بەڵام من دەمویست بەتەنها بم تاپشوم دەربچێ وەکابرای ڕەش ڕۆیشت بۆ کابینەیەکی‌تر لەم کاتەدا هەستم بەدەنگێکی‌ترکرد کە دەڵێت طارق وەکو ئێمە وایە حەز بەڕەش ناکات کەدیسانەوە بەکوردی‌و ئەلمانی ئەم دەنگەم هەست پێکرد لەناومێشکم دا. وەپاشان کە گەیشتمەوە ماڵەوە لەشتایەر یەکسەر هەستم کرد کە پۆلیسی شتایەر هاتوونەتە ماڵەکەوە پشکنیویانە. وەلەبەر ماندوویەتی یەکسەر لەماڵەوە لەسەر تەختی خەوتنم راکێشام بەرەو ڕووی تەلەفیزیۆنەکەم. وەتەلەفیزیۆنەکەم پێکرد تەماشای بکەم گەرامەوە سەر تەختەکەم ڕاکشام‌و درێژبووم. وەلەکاتی تەماشاکردنی تەلەفزیۆنەکەدا هەستم کرد تەلەفزیۆنەکە

لەشوێنی خۆی جوولاوەو دەبینم لەپێشی تەلەفزیۆنەکەم شتێکی ووردی بچوکی سپی وەکو دەنکە برنج بەپێشی تەلەفزیۆنەکەمەوە نراوە. منیش هەستام لێم کردەوەو دام نا نەمزانی‌چییە؟ پاشان بیرم بۆی چوو کەئەمە شتی سیخورییە بە تەلەفزیۆنەکەمەوە نراوە بۆ کۆنترۆڵی تەلەفزیۆن وەیان وەکو شێواندنێك بۆ من ئەوە کراوە تەماشای تەلەفزیۆنەکە دەکەم دەبینم لەشوێن خۆی جولاوەتەوە دەرم کێشا و تەماشای بکەم سەیر دەکەم پشتی تەلەفزیۆنەکەم کە پاك نەکراوەتەوە و تۆزاوی‌بوو. دەبینم شوێن دەست‌وپەنجەی پێوەدەبوو وەپتر لێی وردبوومەوە دەبینم برغووەکانی هەمووی شلن‌وتوند نەکراونەوە بەباشی‌وەهاتم کردمەوە و تەماشای ناوەوەیم کرد لەدواییەکەوە لە پشتی شاشەی تەلەفزیۆنەکەمەوە کەسەرێکی هەیە لەوێ ئەم شێوەیە بەسترابوو : – V1.5K HDکە1.5KV–بوو لەگەڵ HD ئەلبەتە نەمزانی دایۆدە یان ترانستۆرە یان شتی ترە وە هێندەی دەنکە نیسکێ گەورەبوو کە پاشان ڕاستی جوامێر کەخەڵکی سلێمانی‌یە لێمی وەرگرت ووتی بۆ من وەپتر گەرام لەناو تەلەفیزیۆنەکەم دا هیچی ترم نەدۆزییەوە و بەرچاو نەکەوت. وەهەستم کرد ڤیدیۆکەشم دەست کاری کراوە بەلاّم نازانم چۆن چۆنی؟ چونکە پێشتر کاسێتم تۆماردەکرد کاسێتەکە فیلمی لەسەر تۆمار نەدەبوو لەتەلەفزیۆنەکەش ئەگەر بەرنامە و فیلمێك بە دڵی من بوایە ئەوا لێمان دەگۆڕی‌و بەرنامەو فیلمی تریان دەخستە سەر وە زۆر جاران بۆمیان دەگۆڕی بە فیلمی ڕووت وە جارێکیان لەبەرنامەی کە دەڵێ خۆشەویستی زینایە بڕگەبڕکە راوێژکاری خۆیان پێشان دەدا تابزانن من چی دەڵێم کە لەمێشکمەوە هەستم پێدەکردن بەلاّم من بەبێدەنگی دەمامەوە وە من هێشتا نازانم بەتەواوی چی لەگەڵ من‌ومێشکی من کراوە. وەهێشتا کەسەرەتامە هەموو شتێ لێی تێناگەم وە کەشەوێ دەخەوتم هەستم کرد شتێك لە مێشکمدا دەجولێت. بەلاّم بڕوام بەخۆم نەدەکرد و لەخۆم تێك دەداو تەماشای سەرجێگەو دیوارم دەکرد

کەنەبێ تیشکێك یان شەپۆلێك دانرا بێت کار لەمێکشم بکات وە هیچم لەژوورەوە بەرچاو ناکەوێت.

ڕۆژی ١٩٩٨/٥/٤بووکە هەر سەرم دەخورێنم و هەست دەکەم لەناوەوەی مێشکم دا تەزوویەکی کارەبا هەیە مێشکم سڕ دەکات دیسانەوە ترسام شتێك لەژوورەکەم دانرابێت و کاربکاتە سەر مێشکم وە ڕۆژی دوایی‌تریان هەر بەردەوام بوو وە هەستم دەکرد کەپێستی سەرم وەکو ئەوەی دەرزییەکی پێدا بچێت ئەوها ئازارەکەی بەو شێوە بوو ڕۆژی دوایی‌تریان ویستم خۆم بشۆم وەخۆم ڕووت کرد بۆوە و دەستم بۆناوی بەکۆڵی گەرماوەکە -حەوزی حەمامەکە - برد کە ئاو لەبۆیلەری ئاوی گەرمەوە بەشێرە - بەلوعە- بۆی دەهات وەمن دەستم لێدا تابزانم گەرمیەکەی چۆنە؟ کەحەمامەکەی من لەجۆری گۆڵ بوو کە بەئەڵمانی دەڵێن - BAD- یەکسەر دەستم بەرتەزووی کارەبا کەوت، دەستم خێرا گێڕایەوە یەکسەر زانیم کە ئەمە پۆلیس لەگەڵ منی‌کردوە بۆ ئەوەی بم کوژێت، کەئەمە کەس بیری بۆی ناچێت و پاشان دوکتۆر لەسەرت دەنووسێ لەماڵەوە کارەبا گرتوویەتی هاتم پاش پشکنین تەماشا دەکەم وایەرێکی گەورەیان لەژێر زەمینەوە هێناوە ماڵەکەم کەلەقاتی یەکەمدا بوومماوە لەژێربۆیلەرەکەوە تا وایەرەکە نەبینرێ وە هاتووە لەو شوێنەی ئاوەڕۆی حەوزی حەمامەکە لەوێوە بەستراوە وە گەرمی کارەبا بوو بەڤۆڵتیەی بەرز کەلەهێڵی سەرەکی‌یەوە هاتبوو. وە ژمارەی ژووری من ژمارە -٣-یە ساختمانی ژمارە٤٣- پاشان هاتم لەنزیکی دیوارەکەوە کەوایەرەکەی لێهاتۆتە دەرێ بەپلایسێ وایەرەکەم بڕی‌و لەوێ دام ناو ئەنجا خۆم شۆری. بەلام بەڕاستی ترسم لێنیشتبوو و وەبەسەر خۆم نەدەهێنا پاش خۆ شۆرین هاتم نامەیەکم بۆ ڕاوێژکاری نەمسا د.ڤیکتۆرکلیما نووسی کەوا ئەو نامەی لە ١٩٩٨/٣/١٣دا نووسیومە بۆ بەڕێزتان دەربارەی پۆلیس کەلەسەر زانستی پاراسایکۆلۆجی‌یەکە پۆلیس دژایەتیم دەکەن مەبەستم شکایەت

کردن لەپۆلیستان نەبوو لای بەڕێزتان بەڵکو ڕەخنەم لێ گرتوون کەوا پۆلیس هەڵە لە من تێگەیشتوون وە ئێستا هەڵس‌وکەوتی پۆلیس لەگەڵ من باشە بۆ ئەوە ئەم نامەیەم نووسی تاپۆلیس دژایەتیم کەم بکەنەوە. ڕۆژی دوایی پیاسەم دەکرد لەناو شتایەر دا و گۆڕەپان‌ولەناوجەرگەی شارۆچکەی شتایەردا وەمێشکم زۆر ساف بوو لەپڕدا نوسینێك هاتە بەچاوم کەلە هەمان کات لەمێشکم دا کەسێك دەی خوێنێتەوە کە من خۆم نەم خوێندەوە چونکە من خووی خوێندنەوەی تابلۆ و نووسینم نەبووە کە ئەوەی کارم پێی نەبووبێ وەزۆرم لاسەیر بوو وە لەبیرم نەماوە وشەکە چی‌بوو وەمن لەمەوە تێگەیشتم کەئەمەی لەگەڵ مێشکی من کراوە کارو تاوانێکی زۆر گەورەیە وەیەکسەر ترس‌وسام دایگرتم‌و بەسەرخۆشم نەهێنا بۆ ئەوەی هەستم پێ‌نەکەن وەتێگەیشتم کەئەمە ئامێری سیخوڕیە خراوەتە ناو مێکشی منەوە وشەپۆلەکانی دەدات بەماهوارە مانگی دەسکرد سەتەلایت - ئەنجا دەیداتەوە بەناوەند لەڤینا وە پۆلیس ئاگایان لەهەموو هەست‌ونەست‌و بینین‌و پەیڤینێکی منە ەدەرەوە و لەماڵەوە لەهەمووکات‌و شوێنێکدا وە لەهەستی ناگام دا گوتم تازە ئارلەکار ترازاوە و من ئەگەر ووریا نەبم تێدادەچم‌وتێگەیشتم ئەگەر بە کەس ەڵێم‌و ئاشکرای نەکەم جارێ لەم کاتەدا ئەوا بەکەڵك‌و قازانجی منە، وە وا زوو من اکوژن کەلێم تێناگەن چونکە هەستم بەوەکرد کە ئەگەر لای کورد و نەمساوی‌و ەسی‌تر بم گوتایە ئەوە لەگەڵ من کراوە ڕەنگە بکوژرامایە بەدزییەوە لە لایەن ۆلیسەوە وەبێ سەروشوێنم بکەن وە یان لای دکتۆر لەسەرم بنوسن کەمن نەخۆشی ەروونیمە، وەکارەباکەش هەوڵێك بوو بۆ کوشتنی من چونکە هێشتا ئاوێتەکە ،واو لەشمی نەگرتبووە تا بەفەرمانی مێشکم دڵم لەکار ڕابگرن وئیتر ئەوا ئیستا هەموو ڕوویەکەوە هەست دەکەم بەخۆم‌و بەئامێرە سیخوڕیەکەو بەپۆلیس بۆیە تەواوەتی ڕێرەو پەیڕەو و پرۆژەی ژیانم لێتێکچوو وە نەمتوانی لەماڵەوە

پشوبدەمو خۆم ڕابکێشم چونکە هەم پێیان ناخۆش بوو هەم گاڵتەیان بەمن دەکرد.کەخۆیان لەناوەندی سیخوڕیو کار گفتوگۆیان لەسەرمن دەکرد وەلێیان تێدەگەیشتمو دەمزانی لەهەموو شتێکی من تێدەگەن بەڵام هێشتا من بەوردیو دوورودرێژی تێنەگەیشتووموو سەرم سووڕماوە بەو خێراییە وەکو من لەمن تێدەگەن وەکو من دەبینن و دەبیستن وەکاتێ لەسەر تەوالێت - ئاودەست - دادەنیشتم بۆ پیسایی کردن دەیان گوت ئای طارق چۆن پیسایی دەکاتو تین دەداتەخۆیوە من سەرم گێژبوو بوو ئایا چۆن ئاگایان لە پیسایکردنی منە ئایا دەبێ کامێرای شاراوە هەبێ پەیوەندی بەمایکرۆچییەکەوە هەبێ لەژێر تەوالێتەکەوە دانرا بێبۆبینینی دواوەی من یان بەهۆی مایکرۆچییەکەوە بزانن وە دەشزانم کەهیچ کامیرای شاراوە نیە پاشان کەلە دەرەوە دەچمە ئاودەستیتر بەهەمان شێوە هەست بەمن دەکەن ئینجا دڵنیا بووم بەهۆی ئامێرە سیخوڕیەکەوە ئەوها هەست بەکردنی پیسای من دەکەن وردە وردە تا ئیستا ڕۆژ بەڕۆژ و مانگ بەمانگ بەشارەزایی خۆم لەسەر ئەم مایکرۆچییەوە ئامێرە سیخورەیە - پتر دەبێو تێدەگەم لێیان.

وە هەروەها کاتی خۆشۆرین هەستم دەکرد پێم دەڵێن طارق ئەندامی نێرینەی جوانە وەکو ئێمە نیە من ئەوکاتە تێنەگەیشتم بۆ چی وادەڵێن بەڵام پاش(٨-٩) مانگ تێگەیشتم کە موسلمانمو ئەندامی نێرینەم خەتەنەکراوە و ئەوان کەفەلەن مەسیحین ئەندامی نێرینەیان خەتەنە نەکراوە بۆیە ئەندامی نێرینەی ئێمە جوانتردەردەکەوێ بەلای ئەوانەوە پاشان هەر لەکاتی خۆشۆرین داو خۆووشک کردنەوەدا لەبەر ئاوێنەکەم دا دەیان گوت طارق ئەو هەموو مووە چییە پێیەوە و بەلەشیەوەیە وە ڕاوێژکاری نەمسا د.ڤیکتۆر کلیما کە من دەبینێت وە کاتێ کەلە بەرئاوێنە خۆم سەری خۆمم ئارایشت دەکرد و چاك دەکرد بەمنی گوتوڕووی لەپۆلیس کرد ئەم لەرەجە چییە بۆ منتان دۆزیوەتەوە وە ئەمە لەمانگی(٥) ١٩٩٨دابوو.

ن ئەم هەست پێکردنەم بە ئەوان زۆر ئاساییە وەکو چۆن لەخەوندا مرۆڤ گوێی
ەدەنگی کەسێکی‌ترە وەبەمەدا بۆم دەرکەوت کەلای ڕاوێژکاریش دەزگاهەیە وەك
ۆمپیوتەر تەلەفیزیۆن بۆ بینینی‌من. وە ئەگەر لەوێ نەبێت ڕاوێژکار ئەوا دەبێ
اش گەرانەوەی پۆلیس هەواڵی من بدات بە ڕاوێژکار د.ڤیکتۆر کلیما وە من
جارجار لەمانگی ئایاری ١٩٩٨دا کزە ئومێدو بیرێکم بەخۆم داوە دڵی خۆم دەدایەوە
ە ڕەنگە پاشان پۆلیس‌و ڕاوێژکار خۆیان بانگم بکەن‌و لەمێشکم دەری‌بکەن
ەدەمزانی ئەوانیش بەگێلم دەزانن من جاربەجارێ ئیستگەی کوردی ئەمریکام
ەکردەوە گوێم لێڕادەگرت کەچی هەستم بەپۆلیس دەکرد لەمێشکمیدا دەیان گوت
یستگەی کوردیشیان هەیەو ئەمەریکا ئیستگەی کوردی بۆ کردوونەتەوە وە من ڕۆژ
ەڕۆژ کەپتر لێیان تێدەگەم هەستم کرد لە مێشکمدا کە وەرگێری کوردی ئەلمانیان
یەو وە وەرگێرەکان نەمساوی‌وئەلمانیشن لەکوردستان دوای ڕاپەڕین سەردانیان
ردووە لەشاری سلێمانی‌وناوچەی بادینان چونکە کرمانجی‌و سۆرانیان باش
ەزانی چونکە کەمن تێکەڵی کوردی کرمانج دەبووم‌و بەکرمانجی کە دەدوام هەستم
ەکرد بەتەواوی شارەزان وە ئیستا کەلەهەفتەی سێهەمی مانگی پێنج دام کاتی پتر
ەسەردا تێپەڕیوە بۆیە شارەزایی‌و تێگەیشتم لێیان پتر بووە وەمانای ئاوێتەکە
ەپتر تەنیویەتی‌یەوە لەلەشم دا.

ە ئەوەی ڕاستی بێت هەر لەدوای بەکارهێنانی مایکرۆچیپەکەوە لێمەوە هەستم
ەشەرمی زۆردەکرد کاری ڕووت پەری‌زایوەن(سێکس) لە پێش چاوی ئەوان بکەم
ڕاستی لەژیانێکی زۆر ناهەموار دام. وەمن نەم توانی هیچ کاری زایۆن‌وپەڕین
سێکس) بکەم تا سەرەتای ساڵی ١٩٩٩کە زانیم هیچ چارم نییە و دەبێ لەگەڵیا
ژیم‌و ئەوکارەش بکەم کە گەورەترین تاوانە لەمن کرابێ چونکە بەپێش چاوی
ەوانەوە فلیمی ڕووت دەردەکەم و کاری ڕووت پەری دەکەم خۆ جگە لە

گردنیڕووت پەڕییکە ئەگەر من لەخەونمدا شەیتانی بووبم ئەوا بەهەمان شێوە کە دەزگای تایبەتی لایانە ئەوا شەیتانیەکەی من لای ئەوان وەکو فلیمی ڕووت تەماشای دەکەن وەخۆ ئەگەر بیر لەکچێك بکەمەوە بەڕووتی و بۆ حەز و ئارەزوو تێرکردن ئەوا ئەوان بەهەمان شێوە وەکو مێشکی من دەی بینن بەڵام من هیچ کات بەوچاوە تەماشای کچوژنی کوردم نەکردووەو ئاگام لەخۆم بووە بۆ ئەوەی کاری ڕووت پەڕی لەناو کوردا تێنەگەن لەڕێگای مێشکی منەوە نەزانن. ئەو کاتی هەریکی پەرتوك خوێندنەوە بووم لەسەر پاراسایکۆلۆجی و هەندێ جار لەسەر زمانی کوردی وویژە و هونەری کوردی زمان و نووسینی کوردی کۆن هیسەردەمی پیش زاین و دوای زایین وەپۆلیس زۆرپێیان سەیربوو کە کورد میللەتێکی ئەوەندە کۆنەوزمان وویژەی پێش کەوتووە بەڵام ڕاوێژکاریان دیگوت گەلێکی زۆر کۆنە و هەتا ئەوان خاوەنی شارستانیبوون گەلانیتر خەوتبوون.

هەروەها ئەو کاتی من تەماشای تەلەفیزیۆنم دەکرد نزیکی(٤٥) کەناڵی تەلەفزیۆنم هەبوو کەکەناڵی ئەرەبیشی تێدابوو هەستم کرد پۆلیس دەڵی طارق گوێ لەگۆرانی ئەرەبی دەگرێ ئەی بۆچی برادەرەکانی بەئێمە دەڵێن طارق گوێ لەگۆرانی ئەرەبی ئاگرێت واتە کوردەکان دەڵێن ئەڵبەتە برادەرە کوردەکان بەهۆی ئەوەی کە -پاسۆك- ووم و تێگەیشتبوون لەمن گوێ لەگۆرانی ئەرەبی ناگرم بەڵام لەڕاستیدا وانیە چونکە من گوێ لەهەموو جۆرەکانی و مۆسیقایەکی بێگانە ڕادەگرم بەڵام پێش هەموان مۆسیکاو ئاواز و گۆرانی کوردی چونکە من کە کوردم زمانی تایبەتی کوردیم هەیە کەواتە ئەرکی سەرشانمە کە گۆرانی و مۆسیکای کوردی لەڕێزی یەکەمەوە دابینم جگە لەوەی کەچێژیلێ دەکەم هەروەها دەربارەی خواردن و خواردنەوە پۆلیس زۆر سەیر لەمن تێگەیشتبوون بۆ نمونە من لەماڵەوە هەنگوینم هەوارد بە بەرچاویانەوە بەڵام هەستم ڕاگرت دەڵێن خەڵکی ئێمە لەشتایەر واتە

نەمساوی بە ئێمەیان گوتووە طارق شیرینی ناخوات وەلەبەر ئەوەی لەدەرەوە دەیان بینی کەمن شەکر ناکەمە ناو قاوەوە -کافێوە- بۆیە واتێگەیشتوون کەمن شیرینی ناخۆم وە دەربارەی خواردنم کەمن خۆم خواردن بۆ خۆمم دەکڕی و ئامادەم دەکرد کەخواردنەکەش ئەوەم دەکری کەدروست کردنی ئاسان بوایە وەکو برنج کەلێنانی ئاسانە وەهەروەها گۆشتی قەلو مریشك کەلێنانی ئاسانە وهەروەها لەگەڵ شلەدا هەموی خۆم ئامادەم دەکرد بەلاّم گۆشتی گوێرەکە و مەڕگران بوو وەهەروەها گۆشتی ماسی گران بوو بۆیە نەم دەخوارد تەنها بەکەمی نەبێ.

وەك پۆلیس چاوەدێری کڕینی خواردنەکانی منیان کردبوو تێگەیشتبوون کەمن هەرئەو خواردنانە دەخۆم کەباسم کردن بەلاّم کاتێ لەبەریتانیا لەشوێنی کارەکەم کەخواردنی ماسی تێدا ئامادەکرا وە دەیان گوت طارق لەنەمسا ماسی نەدەخوارد کەچی ئێستا ماسی دەخوات وەفێڵی لەئێمە کردوە تالە وەلاّم دا گوتم من لەنەمسا تەنها گۆشتی ماسی قتووم خواردووە وە لەبەر گرانی نەم توانیوە گۆشتی ماسی بکڕم کەهەروەها پاککردن‌ودروست کردنیشی تۆزێ زەحمەتە من لەنەمسا شیرم زۆر دەخواردەوەو بەکارم دەهێنا وەئێستاش گەر هەبێ هەروەها بۆیە زۆر بەلایانەوە سەرنج ڕاکێش بوو چونکە نەمساوی شیروماست زۆرکەم دەخۆن بەتایبەتی بۆ شیر دەلێن شیر بۆمنداڵە نەك بۆ گەورە وە هەروەها نانم زۆر بەکەمی دەکری چونکە لەگەڵ خواردن و برنج‌و گۆشت نانم نەدەخوارد وەئەمەشیان لەسەر من کرد بوو بە ماڵ کەمن نان ناخۆم بۆیە واتێگەیشتبوون کەئەو خواردنانەی دەی خۆم‌وئەوانەی نای خۆم پەیوەندی بە فێربوونی زانستی پاراسایکۆلۆجی‌یەوە هەیە. ئەڵبەتە لەڕاستیدا کە خواردنەکان لەفڕێدانی ووزەدا جیاوازن وەکەڵکیان جیاوازە بەلاّم تائیستا زانیاری کەمیان هەیە کەمن چ خواردنێك کەڵکی بۆ من هەیە.

ئەوەی ڕاستی‌بێت من زۆر شارەزایی فەرهەنگی نەمساوی بوم کەفەرهەنگیان جیاوازە لەتەواوی ئەورووپا بەتایبەتی ئەورووپای باشور زۆرتر وەهەموو پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی بەپەیوەندیی‌یەکی زایۆن -سێکسی- دەزانن وە لەگەڵ تیۆریەکانی دەروون ناسی نەمساوی بەڕەچەڵەك جولەکە تەواوکەری یەکترین کە تیوریەکانی لەسەر تێگەیشتن‌و ئاوەزی خەڵکی نەمساوی داناوە چونکە خەڵکی بێگانەش لەوڵاتەکەیان وەکو خەڵکی خۆیان دەبینن وا دەزانن ئەو تێکەڵیە و هاموشۆیەی بێگانە لەناو خۆیدا تێکەڵیەکی سێکسی وەکو خۆیانە لەنەمسا شەرمە پیاو و پیاو پێکەو پیاسە بکەن وەهەمان پێناسە بۆ ژن و ژنیش ڕاستە کەچی‌بە پێچەوانەی ئەو پێیناسەیە کە شەرمە هاوڕەگەزەکان پێکەوە بن واتە پیاوو پیاو ژن‌وژن کەلە هەمان کات دا ئەوەندەی‌کاری زایەوەن‌وڕووت پەڕی لەنێوان هاوڕەگەزەکان دا هەیە ئەوا لەهیچ وڵاتێکی‌تر بەدی ناکرێت. بێمەوە سەر ئەوەی کەلەژێر چاوەدێری پۆلیس دام پترچاوە دێریم دەکەن بزانن من چۆن تلەپاتی‌و سایکۆکنیز دەکەم - هاوبیری‌و دەروونە جوڵاوە -بۆیە ڕۆژی ناچار بووم پێیان بڵێم کە ئێوە پۆلیسن‌و دەتانەوێ کەشارەزایی پاراسایکۆلۆجی نین لەمنەوە فێر بن لەرموو ئەو کتێب کەلەوڵاتی خۆتان بەئەڵمانی هەیە بچن بیخوێننەوەو فێر ببن. وە ئەوە خەڵکی پاراسایکۆلۆجی خۆتان هەیە بۆ ناچن بەلای ئەواندا لەڕاستیدا منیان بۆ دوو مەبەست بەکارهێناوە کە هەر بەهۆی تلەپاتی‌یەکەوە سیخوری لەسەر کورد بەهەموو لایەنەکانەوە بکەم بۆ ئەوەی ئەورووپای ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمەریکاو بەریتانیا ئاگایان لەجم‌وجۆڵی کورد بێت. وەلەهەمان کاتیشدا کەئەو پاراسایکۆلۆجی ڕۆژهەڵات کەهەیە فێری ببن‌و کەلێمی وەربگرن کەلەپراکتیدا جیاوازە لەهی ڕۆژئاوا وە من لەهەمان کات دا توانای دەروونە کەش گۆڕینەشم هەیە

بەلاّم تائێستا نازانن من چۆنی دەکەم جگە لەمەش کورد بێ دەسەلاّتەو لەڕۆژهەلاّتەو لەڕۆژهەلاّتی ناڤین دەژی.

بەلاّم بەڕاستی کە پۆلیسی نەمسا چاوەدێری منیان دەکرد کە ئاوەز و فێربوونێکی نەخۆشیان هەیە بەپێی تێگەیشتنی ئەوان ئەوەی وەکو نەمساوی نان ئەخوات ئەوا فێری نان خواردن نەبووە کەچۆنی دەخوات. وەسەرم سوور مابوو کەمێشکو ئاوەزەیان بەو جۆرەیە، چونکە کاتێ دەچوومە چێشتخانە بۆنان خواردن یان لەماڵەوەبە منیان دەگوت نازانێت خواردنەوەش بخواتو بخواتەوە ئەڵبەتە من بەپێی فەرهەنگی خۆم نان دەخۆم کەبەدەستی ڕاستە بەلاّم نەمساوی بەدەستی چەپ نان دەخۆن بەلاّم من هەربە دەستی ڕاستم نانم دەخوارد وەهیچ پێویست نیە فەرهەنگی خۆم بۆ ئەوان بگۆڕم خەڵکی نەمسا بەگشتی لە فەرهەنگی گەلانیتر شارەزانینو خەڵکێکیکراوەو ڕۆشنبیر نینو زۆر دەبەنگن بۆ تێگەیشتن کە پتر لە(٤٠)ساڵ دەبێت تورك لەولاّتی نەمسا دەژی بەلاّم نازانن چی دەخوات بەتایبەتی پۆلیسیان وەمن ەمان ڕستەم لەکاتی خۆیدا بەپۆلیس گوت کە هەمیشە ئاگایان لەمنە گوتیان ەمانزانی طارق هەموو شتێك دەخوات وەئەو میللەتانەی ڕۆژهەلاّت خواردنی حەلاّڵو حەرامیان هەیەو گۆشتی بەراز بەپیس دەزانن بەلاّم من لەوەلاّمدا گوتم خۆ تورك هەموو بەو شێوەنە و ئەوا ٤٠ساڵ پترە لەولاّتەکەیان دەژی کەچی هێشتا ازانن ئەی بۆچی تورك دەزانی خەڵکی نەمساوی‌چی دەخوات ودەخواتەوە لە ەفتەی سیهەمی مانگی ئایاردا بوو ڕۆژی سێ شەمە بوو چووم بۆوەزارەتی ناوخۆ ۆ بەشی خانووبەرە بۆ بەشی پەناهەندە بۆلای ئاغای کلۆر مان کەبەرپرسی خانوو ابەشکردن بوو بەسەرپەنابەراندا و پێشترنامەم بۆ نارد بوو لەڕێگەی ڕێکخراوی اوکاری خەڵکی‌یەوە VOLKS HELFE– وەخانم کریستینا لەوێ بەرپرس بوو ەلەڕێگەی ئەمەوە نامەکەم بۆ ئاغای کلۆرمان بوو نارد بوو. ومن کاتێ لای ئاغای

کلۆر مان ووتی نامەکەم پێنەگەیشتووە ووتم ئەو سێ هەفتەیە بۆتانم بەڕێکردووە دەبێ لەمێژ بێت گەیشتبێ تۆمەز ئەمە پیلانی پۆلیسە کەخانوم بۆ نەگۆڕێ وەدرۆ لەگەڵ من دەکات. جارێکی‌تر نامەکە وفۆتۆکۆپی بەڵگەکان کەهەمووی پێم دا وگوتم گیروگرفتم لەگەڵ پۆلیسدا هەیە دەمەوەێ بۆم بگۆڕی ئەوە کاغەزی دادگای‌شتایەر و ئەوپاڵپشتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی -AI- ئەنجا لەوەلامدا گوتی دەبێ بچیە شاری لینز کار بکەیت و بەڵگەی کارکردنم بۆ ڕەوانە بکەیت تا خانوەکەت بۆ بگۆڕم کەلە ڤینا خانومان نیەوناتوانین بۆت بگۆڕین بۆ ڤیننا وەك وگوتم بەهۆی ئامێرە سیخوریەکەوە هەمیشە لەمن ئاگادارن پۆلیس و دەبێ زانیاری من لەڕێگای خۆیانەوە بدەن بە ڕاوێژکاریان د.ڤیکتۆرکلیما ولەڕێگای گەرانەوەدا بۆ شتایەر لەئیستگەی شەمەندەفەر ی ڤێست بانۆڤ WEST BANHOF کوڕێکی نەمساوی ڕەوشت ناتەواو لێم نزیك بۆوە و پێمی گوت وەرە لەگەڵم بۆ پیاسە ووتم بچۆ لەگەڵ کچ پیاسە بکە کەچی پۆلیس گوتی خەڵکی کورد لێرە دوودوو سێسێ بەبێکچ پیاسە دەکەن وەرگێرەکەش گوتی کورد وەکو ئێمە نین‌و فەرهەنگیان جیاوازە پیاو لەگەڵ پیاودا یان ژن لەگەڵ ژن دا لای ئەوان زۆر ئاساییە و هەڵە تێگەیشتن نییەو شەرمیش نییە. کاتێ سواری شەمەندەفەر بووم‌و بەڕێکەوت و بۆ شتایەر بۆ شەو چاو پێکەوتن و دانیشتنم هەبوو لەگەڵ گروپی(٤٩)AI- مافی‌مرۆڤ وەهەموو شەوێ لەماڵی -GERLINDE- گێر لیندە کۆبووینەوە وەبەڕێگەی منەوە پۆلیس ئاگاداری هەموو ئەمانە هەبوو. وەئەم ژنە خۆی مامۆستایە ومێردەکەی پارێزەرە ئەڵبەتە ماڵێکی زۆر ڕێك‌وپێك دیاربوون و بەڕێز دەردەکەوتن وە خۆیان سێکوڕیان هەبوو لەگەڵ کچێکی بێباوك ودایکی هیندی کەکردبوویان بە منداڵی خۆیان کەلەڕێگەی دایە ترێزاوە وەریان گرتبوو لەهیندستان وەهەست دەکەم پۆلیس شلەژاون تۆمەز ئەمە ڕاوێژکارخۆشی تەماشای من دەکات ڕاستەوخۆ وەکەهەموو

لەم ماڵە کۆبووینەتەوە کەشەربەت و ئاوی کانزایی بۆ داناوین دەمان خواردەوە و دەدواین لەگەڵ منداڵەکان وەکوڕە بچوکەکەیان بەناوی ئەلیاس لەباوکی وەرم گرت وخستمە باوەشم ئەم جارە شەرمم کرد ماچی‌بکەم کەلای زۆربەی نەمساوی ماچ کردنی منداڵ شەرمە بەلاّم ئەم خێزانە ئایینی بوون بەم شێوەیە نەبوون منداڵیان زۆر خۆش دەوێت لەم کاتەدا هەستم کرد پۆلیس بەڕاوێژکار دەڵێت طارق منداڵی بچوکی زۆر خۆش دەوێ کە ڕاوێژکار خۆشی تەماشا دەکات وئەویش گوتی خۆ ئێمە بین ئەوها منداڵی کورد لەباوەش ناگرین. لێرە خۆیان نیشان دا کەئەوان چۆنن‌و منیش چۆنم.

پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە گەرامەوە بۆ ماڵەکەم زۆر شەرمم لەخۆم دەکرد کەوا چاوەدێری من دەکەن‌و ئاگایان لێمە بەلاّم ئەوەی سەیر بوو پاش گەرانەوەم لەڤیینا بۆشتایر کە گوم لێڵ بووبوو پاش هەڵکەندنی گلۆپی ماڵەکەم یەکسەر سووتا وە ئەوشەوە بەتاریکی دانیشتم کەئەمە بەپێی پیناسەی پاراسایکۆلۆجی میکانیزمی کاتکراوی نائاگا ڕۆڵی دەبینی – میکانیزم توقیت لاشعور بەلاّم زۆر بەلای منەوە سەیرو جێی گاڵتە پێکردن بوو وەتێگەیشتم بەفەرمان دان بەمێشکم ئەنجام دراوە لەلای پۆلیسەوە، پۆلیس زۆر هەواڵی هەڵەو شاشیان بەڕاوێژکار گوتبوو دەربارەی هەڵس‌وکەوت‌و جم‌وجۆڵی من کە ئاماژەکردن‌و دەست ڕاکێشان و جووڵەپێ کردنی ئەندامەکانی لەش لای ئەوان مانای هەیە و پێی دەڵێن زمانی ئاماژەیی بەدەن – KÖRPER SPRACHE-هەموو جارێ دەیان گوت طارق دەست‌وپەنجەبۆ سەروچاوی دەبات‌و مانای هەیە وە پەنجە بۆ لوت‌و چاوی دەبات مانای هەیە کە مانای بەدو نەرێیە واتە نەگەیتفە دەبوایە من هیچ دەست‌وپەنجەم بۆ سەرودەم‌و چاوم نەبردایە چونکە بەهەڵە ماناکەیان لێک دەدایەوە. وەڕۆژێ سەیری هەواڵی کەنالی تەلەفزیۆنی ئەرەبیم دەکرد پەنجە م بۆچاوم برد یەکسەر هەستم کرد ڕاوێژکار

تووڕە بووە دەڵێ طارق ئەوە بەمن دەڵێو لەمن وادەکات پۆلیس لەوەڵام دا گوتیان نازانین. تا سەرئەنجام ڕۆژێ لەپەرتوکێکی ئەلمانیدا بەرچاوم کەوت دەربارەی زمانی ئاماژەی بەدەنی – KÖRPER SPRACHE– کە جوڵاندنی دەستوپەنجەکان بوو هەموو جووڵەیەك ماناکەی بەهەڵەبوو بەپێچەوانەی ئەوەی پۆلیس گوتوبویان ئیتر ئەم پەرتووکە فریام کەوتو وەلەم کاتەبە دواوە چیدی هەڵە تێنەدەگەیشتن وەڕاوێژکار گوتی ئێوە هەموو شتەکانتان بەهەڵە پێگوتووم ئەوە پەرتوکی ئەلمانییەو مانای دەست جووڵاندن بۆسەر ودەمەوچاو بەجۆرێکیتر دەڵێ لەوەی کە ئێوە بەمنتان گوت وەئاگام لێبوو بەپۆلیسی شتایەریان گوت طارق ئەوا بەدرۆی خستینەوەو لەپەرتوك خانە تەماشای پەرتوکی زمانی ئاماژکردنی بەدەنی دەکاو دەخوێنێتەوە لە وەڵامدا پۆلیسی شتایەر گوتی هی خۆیانە یان هی ئێمەیە لەوەڵامدا گوتیان بەپۆلیسی شتایەر پەرتوکی ئەلمانیخۆمانە ئەمە ڕۆژێك لەڕۆژەکانی مانگی(٦)حوزیران لە شاری لینز پیاسەم دەکرد و لەپڕ چوومە پەرتوك خانەیەکەوە چاوم بەپەرتوکەکە کەوت دەربارەی گۆڕینی خانوەکەم و لەشتایەر دەرچوونم جارێکیتر چوومەوە لای ئاغای کلۆرمان هەمان ووتەی پێشووی دووبارە کردەوە کە کەرەتی رابردوو پێمی گوت بەبێبەڵگەی کار خانووەکەم بۆ ناگۆڕێ وەمن بۆ پتر تێگەیشتنم هەوڵی خۆڕایم دەدا، وەشتێکی تازەم هەست پێکرد پاش گەرانەوەم بۆ شاری شتایەر کەسەرەتای مانگی حوزەیرانە دەبینم ئەو خەڵکەی جاران ناسیومەو گفتو گۆم لەگەڵ کردوون هەموو گۆراونو سڵ دەکەنەوە و نزیکم ناکەونو ئاگایان لەخۆیانەوە لە گفتوگۆیاندا وزمانی ئاماژەی بەدەنی کەلەنێوان ژنانوپیاواندا هەیە بۆ پەیوەندی سێکسو بەیەك گەیشتن کەکچانو ژنان لەپێش چاوی منی ناکەن لەگەڵ کوڕانو لەناو خۆیاندا. وە من وام هەست کرد پۆلیسی نهێنیان لەناو خەڵکدا گوتویانە زۆر تەماشای طارقی مەکەنو گفتوگۆی لەگەڵدا مەکەن بەهۆی ئامێرە

سیخوری‌یەکەی مێشکەوە هەستم کرد کە وەرگێرەکان زۆر زۆر لەسەر کورد دەدوێن و دەڵێ کورد خەڵکێکی باشن وڕێزی ئەورووپی‌و بێگانە دەگرن وەدڵیان زۆر سەخی‌یەو خێروبێری زۆر دەکەن‌و وە ئیستا ژیانیان هەتا بڵێی ناخۆشە وشار وگوندیان هەموو ڕووخاوە وسەدام لێکوشتوون بەڵام زۆر ئازان‌و شەڕ کەرن و خەڵکی ڕۆشنبیریان زۆرە هەستم کرد پۆلیس بڕوا بە وەرگێڕەکە ناکات وەپێیان سەیرە کەسەدام ئەوهای لەکورد کردووە و ئەوها لێیان دەکوژێت و کەس‌وکاری پێشمەرگەی گرتووە دیارە پۆلیسی نەمسا زانیاری زۆرکەمی لەسەرکورد هەبووە وەدیسان پۆلیس دەیان گوت کورد تێناگەن‌و رامیاری نین و چەندین تۆمەتی‌تر دیارە ئاگایان لەهەڵس‌وکەوتی ڕژێمی ئیراکی نەبوو بە وردی لەگەڵ کوردا چۆن بووە. وەرگێڕەکە گوتی ئیستا هەژار و داماویان زۆرە و سواڵکەریان زۆرە پۆلیس گوتی خەڵکی پاراسایکۆلۆجیان زۆرە ئەوها وەکو طارق ی بێت لەوەڵامدا وەرگێڕەکان گوتیان ئێمە خەڵکی وەکو طارق مان نەبیستووە کە وەکو ئێوە باسی دەکەن‌و دەڵێن شت زۆر دەزانی هەور دێنێ و باران دەبارێنێ.

پۆلیس دووبارە پرسی‌یەوە ئەی طارق لەکوێ ئەم شتانە فێربووە بۆ پێمان نالێ بەڵام وەرگێڕەکان باسی شێخەکانی کوردستانیان کردبوو کەکاری سەرووی ئاسایی دەکەن ڕۆژێ لەبازاڕی شتایەر دەگەڕام هەستم کرد ڕاوێژکار د.ڤیکتۆر کلیما خۆشی تەماشای من دەکات کەلەکۆتایی مانگی حوزیران دایە لەناو بازاڕی شاری شتایەر کابرایەکی شڕی چڵکنی سواڵکەری نەمساویم بینی دەگەڕا کە لەشتایەر دەژیا ئەڵبەتە زۆر چڵکن‌و پیس و پۆخڵ بوو. وەبەلای‌دا تێپەڕیم‌و هەستم کرد لەهاواری ڕاوێژکار د.ڤیکتۆر کلیما دەڵێ ئەم چڵکن و سواڵ کەرە چییە لەناو شتایەردا پیاسە دەکات خۆ ئێمە کورد نین چڵکن‌و سواڵکەرمان هەبێت مەهێڵن لەشتایەر بێت‌و جارێکی‌تر نەی بینمەوە کەچی ڕاست دەرچوو ئەوە دواهەمین جار بوو کەبینیم وە

جارێکی‌تریش لەشاری لینز ژنێکی سواڵکەری ڕۆمانیم بینی دیسانەوە ڕاوێژکار بەهەمان شێوە هاواری کردەوە بەڵام پۆلیس لەوەڵامدا گوتی ئەم ژنە خەڵکی نەمسا نیە چی‌لێ‌بکەین.

هەروەها ڕۆژێکی‌تر هەر لەم مانگەدا بوو بۆ گەران چوومەوە ناوشاری شتایەر وە کچێکم بینی لەگەڵ دۆستەکەی بوو وەدەمناسی و بەشەرمەوە سەیری منی‌کرد کەچی پۆلیس هەستم پێکردن بەوەرگێرەکان دەڵێن ئەم کچە لەساڵی ١٩٩٧دا زۆر حەزی بە طارق دەکرد لەگەڵ ئێمەیەو ناردمان بۆلای طارق دایکی حەزی نەدەکرد.

وە ئەمە یەکێ لەو کچانەی کەپۆلیس بە خۆیان دانیان پێدا ناکە خۆیان ناردوویانە ڕۆژی گەرم بوو دەچووم بۆمەلەوانگەی -مصبح- بۆ مەلەکردن کە دەمزانی لە ڕێگەی چاومەوە پۆلیس وەکو من دەبینین لەڕکی ئەوان کەپێیان ناخۆش بوو تەماشای لەشی ڕووتی ژنەکان و کچەکانم دەکرد کەزۆرتریان لەگەڵ دۆستەکانیان دابوون و لەبەر خۆرەکە خۆیان ڕاکێشا بوو - دیارە وەکو ڕووەك تیشکە پێکهاتن دەکەن!!! لەم سەرەوە کەپەیوەندی خۆم لەگەڵ مامۆستا جوادملاو جەمال نەبەزدا هەبوو نەم دەتوانی دەربارەی ئەم ئامێرە سخوریە بۆیان بنووسم بڵێم وام لێکراوە لەلایەن ڕاوێژکارو پۆلیسی نەمساوە، بەڵام تەنها نامەیەکی‌کورتم بۆ مامۆستا جەمال نەبەز نووسی کە ناتوانم لەم کاتەدا هەموو شتێ بۆتان بنووسم چونکە دارودیوار گوێی‌هەیە، بەڵام وابزانم لێم تێ‌نەگەیشتبوو.

هەروەها لەلینز وشتایەر لای برادەرانی ernk کوردی باکور کە تێکەڵیان نەدەبووم لەدوای ئەم بەسەرهاتەوە و وە نەم دەوێرا لایان باس بکەم چونکە لەوە دەترسام پۆلیس بێ‌سەروشوێنم بکەن، وەیەکێکیان کەناوی هەڤال -مسلم- زۆر تێکەڵی‌بووم وام هەست کرد پۆلیس ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پرسیاری لێ‌کردبێ هەروەها لەم سەرەوە هەستم کرد کەمسلم هەڵە تێدەگات و دەڵێ طارق لەگەڵ پۆلیس کاردەکات

تا ڕۆژێك لەشاری لینز ئاهەنگێکی بچکۆلەی گۆرانی و هەڵپەرکێبوو چووم بەمسلیمم گوت هەڤاڵ واتێنەگەی کەمن سیخوری لەسەر کورد بکەم ئەوەی وات پێدەڵێ ئەگەر پۆلیسە یان کەسێکی‌ترە ئەوا لەگەڵی بەرەو ڕوودەبمەوە بەلاّم شتێك لەگەڵ من کراوە ناتوانم باسی‌بکەم ئەویش لەوەلاّم دا گوتی ناهەڤاڵ من واتێناگەم وە گوتم ئامادەم لەگەڵ هەموو کەس بەرەو ڕووببمەوە بەلاّم شیتکم لێکراوە پۆلیس دژایەتیم دەکات ناتوانم باسی بکەم وەهەڤاڵ مسلم لەهەندێ شتی من ئاگاداربوو چونکە پێش بەکارهێنانی ئەم مایکرۆچیپە بە هەڤاڵ مسلم گوت کەپۆلیس گیروگرفتم بۆ دەکات و خەڵك دەنێرێتە سەرم ئەگەر بەهۆی ووریایەو –ai– نەبێ ئەوا تووشی گرفتی زیاتر بووبووم ئەوەبوولەدوایدا کردیان وە پاش بەکارهێنانی مایکرۆچیپەکە لیم بەهەڤاڵ مسلمم گوت مەیە بۆ ماڵەوە بۆلام کە ڕەنگە ئامێری سیخوری لەماڵەکەم دانرابێتا هەرکەسێك هات لێی ئاگاداربن وەهەروەها کەکوڕێکی گەنجی هەیەوونم ئاگات لەکورەکەت بێت پۆلیس پیلانی بۆنەکات لەگەڵ تورك و یۆگۆسلاڤی‌دا وەلەمانەوە کە هەڤاڵ مسلم تێگەیشت خۆی لێم دوورگرت.

پۆلیس سەرەتای بەکارهێنانی مایکرۆچیپەکە لێمەوە بڕێك پارەیان (700) دۆلاریان بۆ خستمە سەرژمارەی بانکم تابەوپارەیە هەڵم خەڵەتێنن و ببمە پیاوی ئەوان و مایکرۆچیپەکە پەسند بکەمو سیخوری پێیەوە بۆیان بکەم. وەزۆرم پێناخۆش بوو کەواپارەدەخەنە سەرژمارەی بانکی من وە لەهەمان کات نەشم دەوێرا دەنگی بکەم کەئەمە لەسەرەتای مانگی ئایار دابوو نزیکەی ٧٠٠دۆلاریان بۆ خستمە سەر بانکم کە پاشان دەیان زانی ناڕازیم لێیان بڕیم چیتر پارەیان بۆ نەخستمە سەرژمارەی بانکم - پارەخانە.

ئەوەی لەبیرم چوو بینووسم ئەوەبوو لەمانگی ئایاردا بەناوی د.ئەحمەد عبدالقادر کە کوردی ڕۆژئاوا لە سوریا– کەهەندێ پەرتووك و نوسینم لای بەجێهێشتبوو وە

پێشتر لەهەمان کاتیشدا ئاگادارم کردبوو کەپۆلیس دژایەتیم دەکەن لەسەر زانستی پاراسایکۆلۆجی وەدوکتۆر ئەحمەد عبدالقادر کە ئەبوتارای دەناسی و پێیم گوت کە لەگەڵ پۆلیس کاردەکات وەدەنگوباسی منی زۆر بەهەڵە داوە بەپۆلیس ئەڵبەتە ئەمە لەمانگی چواروسێدابوو ئەم زانیاریانەم پێگوت بەڵام وەك گوتم لەمانگی ئایاردا کەهێشتا نەم دەزانی مایکرۆچیپەکە لەهەموو شتێ ئاگاداره کەنامە بۆدکتۆر ئەحمەد دەنووسم وەنامەکە دەربارەی بەڵگەکانو پەرتووکەکان بوو کەلایم دانابوو وچووم لەدەرەوە نامەکە بو د.ئەحمەد فاکس بکەم لەم کاتەدا کە خەریك بوو فاکس بکەم هەستم کرد لەمێشکم دا دەڵێن وا نامەی بۆ د.ئەحمەدی فاکس کرد، منیش یەکسەر گەڕامەوە و فاکسم نەکرد وەنەشم توانی تەلەفۆنی بۆ بکەم وەبەمەدا زانیان چیم لای د.ئەحمەد هەیەو داناوە ئەوەبوو پاش هەفتەیەك د.ئەحمەد بەڵگەو پەرتووکەکانی بە پۆستەدا بۆم ڕەوانەکردەوەو نامەیەکی گلەیی بۆم نووسیوە کەجارێکیتر من لای ئەوشت دانەنێمو بەپۆستی ئەودا نامەم بۆنەیەت لەشوێنو وڵاتی ترەوە چونکە پێشتر بە د. ئەحمەدم گوتبوو تەلەفۆن و پۆستی من کۆنترۆڵە لەلایەن پۆلیسەوە.

وای پێدەچوو پۆلیس چوونە سەر د. ئەحمەد عبدالقادر کەوا طارق پەرتوکو بەڵگەنامەی لای تۆ واتە د. ئەحمەد داناوە ئەوەبوو لەمانگی حوزیراندا کۆڕێکی هونەری هۆنەری ناوداری کورد بەڕێز عبدالله پەشێوبوو لەشاری ڤێناوە د.ئەحمەدعبدالقادر لەوێ ئامادە بوو کە هەڤاڵی عبدالله پەشێوبوو چووم چاڵوچۆنیم لەگەڵ کردو ئاشتم کردەوە ئیتر پەیڤێکیبە تەوسەوە بە من گوت کەگوایە من لەگەڵ پۆلیس کار دەکەم گوتم هەڤاڵ ئەحمەد ئەگەر من سیخوری بۆ پۆلیس بکەم ئەوا ئامادەم خووشك و دایکیشم بۆ پۆلیس بەرم چونکە من هیچ هێزێك ناتوانێ ڕازیم بکات سیخوری لەسەرکورد بکەمووەگوتم من زۆر دژایەتی

دەکرێم لەلایەن پۆلیسەوە ئەنجا بڕوای پێم کرد وە گوتم ئاگات لەخۆت بێت زۆر کورد هەن کە ئارەزوومەندانە دەنگوباس بۆ پۆلیس دەبەن گوتم ئەوە (ب) لەگەڵ پۆلیس کار دەکات چونکە ئاگام لێبوو پۆلیس دەیانگوت(ب) پەیوەندی بەڕاوێژکارەوە هەیەو ئەندامی سۆشیال دیموکراتە.

ئەو کاتێ لەکۆڕەکەدا دانیشتبوو عبدالله پەشێو هۆنراوەی دەخوێندەوە هەستم کرد پۆلیس دەڵێ بیستوومانە یەکەم هۆنەری ناوداری کورد شێرکۆ بێکەسە و وا هەستم کرد کەیەکێ لەوەرگێڕەکان دەڵی عبدالله پەشێو هۆنەری ڕەخنەگریانەوە نەتەوەیی‌یە پاشان هەستم کرد دەڵێن هۆنەرەکانی ئێمە ئەوها بەگەرم و جۆش نین‌و ناتوانن ڕەخنە لەپارتەکان‌و میری بگرن لەنەمسا وە هەتسم کرد کە وەرگێڕەکان بەڕاوێژکار دەڵێن هۆنەری ئەوان چۆنە. و منیش لەمەوە تێگەیشتم کە ئەگەر هۆنەرێکی وەکو عبدالله پەشێویان هەبێ ئەوا ڕەخنە لەپارتەکانیان بگرێ تووشی گەڵ دژایەتی‌و سزای گەورە دەبێت و تێگەیشتم کەپارتەکانی کوردستان ی.ن.ك و پ.د.ك زۆر دیموکراتی‌ترن لەپارتەکان‌و پۆلیسی نەمسا چونکە ئەوانیش پارتەکانی نەمسا گەلێك گیرگرفتیان لەگەڵ یەکتردا زۆرە پاش تەواو بوونی کۆڕە هۆنەریەکە هەموو ئێك جیابووینەوەو خودا ئاگاداریمان لەیەکتری کرد.

ەمانگی حوزێرانی ١٩٩٨بوو کە تێگەیشتم مایکرۆچیپەکە لەمێشکم دایەوە بەوردی ەژێرچاوەدێریاندام لەهەموو ڕوویەکەوە هەستم کرد، ڕۆژێ کەبەشوێن کاردا ەگەڕام بەشەمەندەفەر لەشتایەرەوە بەرەو لینز بەڕێ کەوتم لەڕێگا جولەکەیەك سوار وو ووتم پیی‌تۆ خەڵکی ئیسرائیلی ووتی بەڵێ بەسەردان هاتووم ئەویش پرسیاری ردەوە گوتی تۆ خەڵکی کوێی ووتم خەڵکی کوردستانم بەشێ‌ئیراك بەگاڵتەوە ووتی مەدام هاوڕێی باشی کوردە گوتم باش دەزانی !! ئەڵبەتە بەپێچەوانەوە بوو ووتی ەزانم گیروگرفتان زۆرە ووتم لەهەموو پارچەکانی کوردستان گیروگرفتمان هەیە.

ئێمەش خەبات دەکەین بۆ دەوڵەتی کوردی وەکو جولەکەکان بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل وتی دەزانم ووتم ئەوە تورکیایە کەزۆر دڕندەیە ناتوانین لەگەلیدا بژین و دەمانەوێ جیاببینەوە کچێکی نەمساوی بەتەنیشت منەوە بوو هەڵیدایەوگوتی واباشترنییە ئێوە لەگەڵ تورکدا پێکەوە بژین و شۆرش و خەبات نەکەن. لەوەڵامدا گوتم ئێمە ئەزموونی پێکەوە ژیانی (٧٠٠)ساڵەمان لەگەڵ تورکان دا هەیە کەهەر ئەوان سەردەستەن و خۆیان بەسەرماندا زاڵ دەکەن و لەهەموو مافێکمان بێبەشین وە زیاتر نمونەم بۆ هێنایەوە بۆ ئەوەی لەمێشکیدا بیسەپێنم ووتم پێی تۆدۆستت هەیە یان مێرد ووتی دۆستم هەیە و شوم نەکردووە واتە دۆستی کوڕی هەیە لەگەڵیدا دەخەوێ گوتم تۆ دۆستەکەت خۆش دەوێ و یەك زمانن و لەیەکتر تێدەگەن ئایا تاسەر دەتوانی لەگەڵ دۆستەکەتدا پێکەوە بژین و جیانەبیتەوە؟ لەوەڵامدا پێکەنی و بەشەرمەوە ووتی نازانم و باوەڕناکەم، ووتم ئەی چۆن بەکوردو تورك دەڵێی باپێکەوە بژین کە دوومیللەتی جیاوازن و بەرژەوەندیان جیایە وەئەوان ئێمە دەچەوسێننەوە ئەوەبوو کچەکە بیوەڵام مایەوە ئەوەندەی پێنەچوو گەیشتینە شاری لینز و هەموو لەیەکتری جیابووینەوە ئەوەی بەلای پۆلیسەوە سەیربوو کە من چۆن ئەوها لێیان تێدەگەم وەهەستم دەکرد دەڵێن ئای طارق چۆن دەڕوات وە ڕۆشتنی وەکو خەڵکی ئێمە نیە وەدەیان گوت باشە بۆ -تڕوتس- لێنادات وەکو خەڵکی ئێمە نیە، وەرگێرەکان لەوەڵامدا دەیان گوت خەڵکی کورد فەرهەنگیان وەکو ئێمە نییە شتی وا زۆر شەرمە لەناوکورددا. بەڵام ئەمە لەناو زۆربەی خەڵکی نەمسادا ئاسایییە تێبینیمنیان کرد بوو کەزۆر کات لەچ کۆڵانێکەوە دەڕۆم وە من هاتم کۆڵانەکەم گۆڕی و لەکۆڵانێکیترەوە ڕۆیشتم هەستم کرد پۆلیس دەڵێ بۆ وەکو ڕۆژان لەکۆڵانەکەی ترەوە نەڕۆیشت کەئەمە یەکەم جارە لەم کۆڵانەوەبڕوات کەپێشتر پیدا ڕۆیشتبووم.

لەمانگی نیسانی ١٩٩٨دا نامەیەك هاتبوو بۆ ماڵەوە کەهەر ناونیشانی منی لەسەر بوو کە بەکۆمپیوتەر نووسرا بوو وە بیرم بۆی چوو کەئەمە نامەی بۆمبی‌یە بۆ منیان ڕەوانەکردووە چونکە لەنەمسا نامەی بۆمبی گەڵێك زۆر بوو پۆلیس خۆی بۆ ئەو خەڵکانەی دژایەتی دەکردن بۆی ڕەوانە دەکردن وەلەناو پۆلیسی نەمسادا ڕێڕەوێکی نازی هەیە و ئایدۆلۆژیەتی هێتلەریان هەیە منیش نامەکەم نەکردەوە و بەر ڕووناکیم دا دەبینم کاغەزی لەناودا نییە و سیم‌ومادە بەرچاوم دەکەوێ وە منیش یەکسەر چووم فڕێم دایە ناو ڕوباری شتایەرەوە بەڵام لەتەفیزیۆندا بینیوبووم کە نامەی بۆمبی تەکنیکی چۆنە کەلە ناوەوە سیم‌ومادەی تەقینەوەی زۆر خێرای تێدایە لەجۆری T.N.T دەربارەی ئەمە پیشتر بڕۆنۆ پێمی گوت طارق ئاگات لەخۆت بێت نامەی بۆمبیت بۆ ڕەوانەکەن. ووتم بڕۆنۆ من دەزانم چونکە لەوڵاتی ئێمەش نامەی بۆمبی ساز دەکرێت لەلایەن پۆلیسی نهێنی‌یەوە بۆ بەر هەڵستکارەکان، وەمن ڕاتی‌گەیشتم کە ئەم نامە بۆمبی‌یە پۆلیس بۆ منی بەڕێکردووە وەبڕۆنۆش خۆشی هەر وەك‌و گوتم بۆ پۆلیس کاری دەکرد. وەمن کاتی خۆی لەبڕۆنۆ واتێگەیشتم کە ڕاسپاردەی پۆلیسە بەمن دەڵێ تابزانن شارەزایم لەنامەی بۆمبی هەیە ئیدی دوای ئەمە نامەی بۆمبیم بۆنەهاتەوە.

دەربارەی خانوگۆڕینم بۆ جاری سێهەم چوومەوە بۆ لای ئاغای کلۆرمان لەڤیینا کوتی لەوەڵامدا بەمن پاش دوو هەفتەی دی چاوەڕی‌بکە وەلە گەڕانەوەمدا دەکابینەی شەمەندەفەردا دەگەڵ کچێکی نەمساوی ڕێڕەوی گفتوگۆ دەکەم گوتم حەزبە چی‌دەکەیت هیوایەتت چییە؟گوتی حەز بەوەرزش دەکەم و هەروەها حەز دەبەخێوکردنی و ڕاگرتنی سەگ دەکەم منیش هەندێك زانیاریم لەسەر سەگ و پشیلە ئۆ ڕوون کردەوە ووتم سەگ و پشیلە ئەگەر بیان خەیتە ناو کارتۆنێکەوە و دەرەوە دەبینن بیان بەیت بەکەسێکی نەناسراو لەشارێکی نزیك بەرەلایان بکەیت ئەوا ڕێی

مالی‌خاوەنەکەیان هەڵدەگرن‌و دەگەڕێنەوە ئەنجا گوتم بەپێی زانیارییەك کەلەکەناڵی تەلەفیزیۆنی ئەڵمانی وەرم گرتووە هەستی بۆنکردنی سەگ(٣٠٠)جار لەهی مرۆڤ بەهێزترە لەم کاتەدا هەستم کرد پۆلیس دەڵێن طارق بزانە چۆن شارەزایی لەسەگ هەیە ئێمە پۆلیسین ئەمەندە شارەزایمان لەسەگ نیە هەروەها پۆلیس گوتی ئەوە ئیستا ئەو کچە دەگەڕێتەوە و بۆ باوك‌ودایکی دەگێڕێتەوە کە بێگانەیەك زانیاری لەسەر سەگ‌و پشیلە پێ‌گوتووە.

لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات هەر لەمانگی ئایارەوە پتر تێدەگەیشتم لەم ئامێرە سیخوریە وتی‌گەیشتم لەمانگی حەوت دا -تموز- من چی‌بکەم پۆلیس دەزانی وە چی پێنج هەستەکەی من وەرێ بگرێ‌و بۆ مێشك ئەوا مایکرۆچیپەکە دەیدات بە شوێنی کارکردن لەڤیننا وەپاشان تێگەیشتم ئاگایان لەخەون بینیم هەیە وەخەونی دەستکردیشم پێ دەبینن وە کاتێ لەکارگەی پاتری بانە لەشاری لینز کارم دەکرد هەمووجاری زۆر ماندوو دەبووم و پلەی گەرمی لەشم زۆر بەزر دەبۆوە هەستم کرد لەمێشکمدا دەڵێن طارق چۆن بەرگەی ئەو پلەگەرمیەی لەشی دەگرێت کەزۆر گەرمایەتی‌وماندووە وەلەمەوە پتر تێگەیشتم هەرچی گۆڕانی ساردی‌و گەرمی‌وشتی‌تر هەیە کەبەسەر لەشم دا دێت هەمووی پۆلیس تێدەگات وە تێگەیشتم هەرچی لەناو مێشکمدا بەخەیاڵ و ڕاست و درۆ و ئاگا و نائاگاوە واتە نائاگای تەواو نا کەئەوانی‌تر پۆلیس هەمووی دەزانێ کەمایکرۆچیپەکە دەی‌دات بەمانگی دەست کرد و ئەنجا دەیداتەوە بەناوەندی کار لەڤیننا کەشەپۆل بەمێشکی من دەگات‌و لەمێشکی من دەردەچێت هەر وەکو شەپۆلی رادیۆیی وایە کە چۆن رادیۆ شەپۆلی ئیستگە وەردەگرێت بەڵام من واتی‌دەگەم کە شەپۆلەکان دەگات بەماهوارە و ماهوارەش دەیداتەوە بەزەمین چونکە لەسەرتاسەری دنیادا وەری‌دەگرێت و من لەهەر شوێنبم دوورونزیکی دەوری نی‌یە بۆ ڤیننا.

وەمن هەستم کرد بەسێ دەستەو شەفت لەناوەندی کار چاوەدێری من دەکەن وا تێگەیشتم ژمارەی وەرگێڕەکان بەلای کەمەوە شەش کەسن بۆ کاری وەرگێڕان وەهەریەکەی هەشت کاژێر دەمێننەوە وەکوردی بەسۆرانی وکرمانجییەو دەزانن و فارسی و تورکی و عەرەبی دەزانن و خەڵکی نەمسا و ئەلمانیان و شێوە زمانی هەورامی و زازای و لوری نازانن.

بە ووتەی خۆیان یەکێکیان بەردەست pkkکەوتووە و لای گەریلا ماوەتەوە وە pkk خەباتی pkkو فاشیەتی تورکی بۆ ڕوون کردونەتەوە بەڵام تەواو تێنەگەیشتم سەردانی کردوون یان بەدەستی pkk گیرابوون وەهەر من تێگەیشتم کە کێدەبینم و دەناسم گفت وگۆکانم دەدەنە سەرۆکی پۆلیس وراوێژکاری وە پاشان کەلەنەمسا دەرچووم گەیشتمە بەریتانیا خۆیان بەمنیان دەگوت لەکوردەکانمان پرسیوە هەموویان کە طارق کاری چیبووە لەکوردستان بۆیە سەریان لە من ئاوساوە و ئیستاش نازانن ژیانی رابردووی پێش مایکرچییەکە چۆن بووە و چۆن ژیاوم و چیم کردووە ئەگەر بیرخۆمی نەهێنمەوە دەربارەی هەستی تام کردن لەمێشکمەوە ڕەوانی دەکات کەکاتێمن خواردن دەخۆم و چێژی لێدەکەم دەیان گوت طارق چەند خواردن بەتام دەخوات و تامی خۆشی لێدەکات کەهەموو خواردنێ بەتام دەخوات وە پێیان سەیربوو کە من تام و چێژی زۆر دەکەم لە خواردنی سێو بۆیە لەوەرگێڕەکانیان دەپرسی لەکوردستان سێویان نیە وە ئەو ماوەیە چوومە چەند ماڵە کوردێك و خواردنیان دروست دەکرد بۆمو میوانیان بووم پۆلیس دەیان گوت خواردنی خۆش دروست وئامادەدەکەن و کورد خواردن وەکو ئێمە ناخۆن و وەجۆری خواردنەکەشیان جیاوازە بەڵام کورد زۆر خۆرە تەماشاکەن چەند گۆشت زۆر دەخۆن و خواردن باش دەخۆن، ڕۆژێکیان لەماڵەوە هێلکەو ڕۆن و تەماتەم دروست دەکرد و گوتم پێیان دەبینن چۆن هێلکەو ڕۆن وتەماتە پێکەوە و خۆش دروست دەکەین وەگوتم ئێوە

خـەڵکی نەمسـا نـازانن وا هێلکـەو ڕۆنو تەماتـە دروسـت بکـەن، ئەمـەیان زۆر پێناخۆش بوو کە شوێنی چێشت لێنانم لەڕووی دەرەوەی خانوەکەم بوو هەستم کرد پۆلیسـی شـتایەریان ئاگـادارکردو وتیـان بچـن لـە پەنجەرەکـەوە یـەك فیشـەك بەمێشکی طارقە وە بنێن لەکوزی دایکی بەرنوا گاڵتەمان پێدەکات وەڵامی پۆلیسی شتایەر گوتیان ناتوانین لەبەر چاوی خەڵکی خۆمان ئەوە بکەین وەهەر لەسەرەتای بـەکارهێنانی ئـەم مایکرۆچیپـەوە لێمـەوە دەترسـام و لـەماڵو لـەئاوەدانی دوور نەدەکەوتمـەوە وە شـەو لـەکاتی خـەوتندا چـەقۆم دەخسـتە ژێـر سـەرمەوە وەهـەر لەمانگی پێنجەوە دەرگاکەم جگەلەکلیلی خۆی قفڵی تایبەتیم بۆ کڕیبوو کەلەدیوی دەرەوە دای بخەم کاتێ لەماڵ دەردەچووم بەڵام پاشان هەستم کـرد دەتوانـن ئـەو قفڵـەش بکەنـەوە بـەکلیلی خۆیـان واتـە پۆلیـس وە لـەدیوی نـاوەوەش دەرگاکـەم لەسەرخۆم قفڵ دەکرد لەمانگی شەشدا بوو شەوێ خەبەربوومەوە کە یەکێ هەوڵ دەدات دەرگاکەم بکاتەوەو بێتە ژوورەوە منیش کەلەخەودابووم هەستام بەبێپێلاو لەکونی دەرگاکەوە تەماشای دەرەوەم کرد بزانم کێیە بینیـم سـەر ڕەش بـوو واتـە نەمسـاوی نـەبوو پـتر تەماشـام کـرد بـەخێرایی دەرچـوو منیـش چوومـە لای پەنجەرەکەوە تەماشام کرد بینیم تورکە و خێرا لەڕێگالای داو خۆی لەپێش چاوم وون کرد. کەتەلەفۆنی دەستی بەگۆێیەوە بوو وای پێدەچوو پـەیوەندی بەپۆلیسـەوە بێت وە لەهەمان کاتیش دا هەستم کرد پۆلیس بـەراوێژکاریان دەڵێـن ئـەوا طـارق خەبەری بۆوە وەئەوەی راستی بێت نەم وێرا بەدوایدا بچم چونکە زانیم کە پۆلیس ناردویەتیو لەدەرەوە خەڵکی تریشی لەگەڵ دایە بەڵام من هەرتەنها خۆیم بینی.

وەبۆسـبەینێ تورکـەم بینـی بـاش نەمناسـیەوە لـەناو بـازاڕو جـەنجاڵدا کەلەبەرانبەرمەوە تێپەڕی بەڵام هەستم کرد پۆلیس لە مێشکمدا پۆلیسی شتایەری ئاگادار کردەوە کەئەوتورکە خۆی پێشانی طارق نـەدات لـەبازار وەك ئـەوم بینـی

ڕەنگی گۆڕا وە پۆلیس بەوەرگێڕەکەیان گوت ئەو تورکە چمان بوێت بۆمان دەکات، وەڕۆژی سێشەممەیەك کە لەڤیینا گەرامەوە بۆ شتایەر بۆ تاقیکردنەوە تەلەفۆنیان بۆ ژنێك بەناو کچ کردبوو لەلایەن تورکێکی سەربەپۆلیسەوە وە خۆی بەطارق ناساندبوو کە پێشتر دەمناسی وەناوی ئیڤا بوو کاتێ بۆ بەیانی چوومە بازارپیاسە بکەموئەو ئیڤایەم لەگەڵ دۆستەکەیدا بینیو لێم هاتە دەم گوتی بۆ تەلەفۆنت بۆ من کردووە تۆمەز دەستی پۆلیس بوو ووتم من تەلەفۆنم نەکردووە بەلام توڕەبوو، ئەنجا گوتم باشە جارێکیتر تەلەفون ناکەمەوە وە دۆستەکەشی ویستی تورە بێت منیش جوێنم پێدا ئەوەبوو بۆ شەوێ دووپۆلیس هاتنوناسنامەی پۆلیسیان نیشان دام کەبەرگی ئاساییان لەبەردابوو بەمنیان گوت بۆ تەلەفۆنت بۆ ئیڤاکردوە وە کارت چییە بەکچی نەمساوی لەوەلامدا گوتم من هیچ کارم نیە بە کچی نەمساوی وەمن تەلەفۆنم نەکردووە کەچی توڕەبوو گوتم باشە جارێکیتر پەیوەندی لەگەڵ ژنی نەمساوی ناکەم ئەوە بوو ڕۆیشتن و منیان ئاگادارکرد کە ئەگەر دووبارەی بکەمەوە توشی گیروگرفت دەبم وەلەم کاتەدا هەستم کرد پۆلیسی شتایەریان ئاگادارکردۆتەوە بۆ چوون بۆ ماڵی طارق وا ڕاوێژکارمان بۆ خۆی چاوی لێیە ڕەپاش کەمێ دوای ئەوە پیرێژنێکی نارده لام تۆ بۆ حەز بەکچوژنی نەمساوی ناکەیت گوتم من لێرە نامۆمو دەگەڕێمەوە ولاتی خۆم وەمن بۆ کچوژن نەهاتوومەتە نەمسا وە بڕۆ لەگەڵ پۆلیس لێدوان بکە ئەوەبوو پیرێژنەکە ڕۆیی وچیتر نەهاتەوە.

بێمەوە سەر ئاغای کلۆرمان لەوەزارەتی ناوخۆ بەشی خانووبەرە کەدوا جار مانگی ئەوت چوومەوە لای یەکێکیان لەڕۆژەکانی سێشەممە گوتم ئاغای کلۆرمان ئەوا ارم دۆزیوەتەوە و ئەوەش بەڵگەی کار کەناتوانم هاتووچۆ بکەم بۆشتایەر وەهۆی ەرەکی تریشە کە پێشتر پێم گوتووە ناتوانم لە شتایەر بژیم کەوتە درۆ و دەلەسەو وتی دەبێ چەند مانگێکی تر چاوەڕێ بکەیت تاخانوو دەبێ وەمن بەهۆی

بەردەوامیم‌و درێژدادرپیم پتر بۆمن ئاشکرا دەبوو پیلانیان وای تێگەیشتم کە ئەمە پیلانی پۆلیسە نایانەوێ شتایەر چۆڵ بکەم و بچمە شاری گەورەوە کە ڕەنگە دواجار بیان ویستایە لەوشارە بچوکە لەناوم بەرن منیش تێگەیشتم کە درۆ دەکەن و خانوەکەم بۆ ناگۆڕن وازم لەئاغای‌کلۆرما هێناو شەوێ لەڤیینا مامەوە چومە ماڵی (ك)ی برادەرم وە ئەو ڕۆژە من‌و(ك) و خێزانەکەی و لەگەڵ کمال شاکر وحاکم قادر کەتازە ناسیم ناوبراو جێگری سەرۆکی بەرەی تورکمانەکان کە بارەگایان لەهەولێربووەوە ناوبراو وەکو خۆی بۆ منی باسکرد کەبەسێ هەفتەکەمتر لەنەمسا پەناهەندەی رامیاری بۆ دەرچووە و لەگەڵ کەمال شاکر لەکوردستان یەکتریان ناسیوە وە چووین لەکۆشکی کەیسەری نەمسادا پیاسەمان کرد وەهەندێك وێنەمان گرت بە کامیرای کوردۆ وەپاش نان خواردنێکی سەر پێی کە حاکم قادر و ژنەکەی لەگەڵ دابوو من‌و کەمال شاکر بە یەکەوە چووینە لاوەو پیاسەمان کرد کەمال شاکر هەندێ شتی بۆباس کردم‌و گوتی حەزدەکەم لەگەڵ ئێمە یەکێتی لێرە شانە دروست بکەینەوە ڕێکخستنمان هەبێوە پێشتر پێیم گوتبوو کە من یەکێتی‌مە بەڵام لێمی دووبارەکردەوە زۆرترکاری ڕێکخستن بکەین من لەبەر مایکرۆچیپەکە ی میشکم کە نەم دەتوانی هیچ بۆ کەمال شاکر باس بکەم گوتم دوایی هەموو شتێ پێکەوە باس دەکەین وەنەشم دەتوانی بڵێم پۆلیس لەمێشکی من ئامێری سیخوریان داناوە چونکە نەم دەویست گەورەی بکەم تا کاتی خۆی بۆئەوەی بگەمە چارەو پۆلیس لەمێشکمی دەریهێنێتەوە ئەوە بوو کە هیچ چارەیان بۆم نەکرد پۆلیس‌و ڕاوێژکار ئەو کاتەی لەنەمسا دەرچووم ئینجا کمال شاکرم ئاگادارکرد پۆلیس لەمێشکی‌من ئامێری سیخوریان داناوە دەربارەی حاکم قادر کە کەمێ باسی خۆی بۆ من کرد گوتی من لەگەڵ دیمیریل سەرۆك کۆماری تورکیا دانیشتووم و گفتۆگۆم کردووە گوتی من لەتورکی‌یەکەی ئەوتێنەدەگەیشتم وە وەرگێڕمان لەنیواندابوو وەمێژووی

تورکمانەکانم لێ پرسی گوتی ئێمە وەختێ ئیسلام کەهات لەئازەربایجانەوە هاتینە ئەوناوچانە نیشتەجێبووین وەشەوی دوای (ك) لای (ئ) مامەوە ئەنجا گەرامەوە بۆ شتایەر.

وەەر لەسەرەتای مانگی پێنجەوە لەکاتی بەکارهێنانی مایکرۆچیپەکە لێمەوە دووجار چوومە لای دکتۆر لەشتایەر کە دکتۆرەکە ناوی شلوس باوێر بوو تاپزگارم بکاتو بم نێرێت بۆلای دکتۆری تایبەتی و پزگارم بکات لەم دەزگا سیخوریە بەلاَم پۆلیس ڕێگەی لێم گرت و نەیهێشت گوتی ئەوە چارەی لای دکتۆر ناکرێ خۆمان چارەی دەکەین وە پاشتر بەپۆلیسم دەگوت باشە کەی لەمێشکم دەری‌دەکەنەوە تاکەی لەمێشکم دەبێ کەخۆیان ئاگایان لەمن بوو چرکە بەچرکە وەەر چاوەڕێبووم ڕۆژێ بە من بلێن بۆ چارەی وەمن دەمگوت پییان کەهەر لە سەرەتاوە پێیانم ڕاگەیاندووە کە سیخوری لەسەر کورد ناکەم بۆهیچ کەس و من نامەوێ بەسیخوڕی بژیم بەلاَم پۆلیس هەر لەسەر دژایەتی خۆی بەرانبەر بە من بەردەوام بوو دەم گوت پێیان کەئەگەر دەری بکەن لەمێشکم ئەوە دەربارەی ئەم ئامێرە سیخوڕییە بەکەس ناڵێم وە من بۆتان ئیمزادەکەم کەکەس لەمنی نابیسێ بە س لەمێشکم دەری‌بکەن وەدەم گوت پرسیارتان لێدەکەم ئایا تاکەی لەمێشکی مندا دەمێنێتەوە کەچی بێ وەلاَم دەمانەوە و منیان پشت گوێ خستبوو وە من دەمزانی ئەم زانیاریانە کەلەسەر کورد کۆی دەکەنەوە دەی‌دەن بەدەوڵەتی تورك ئەوانی‌تر بۆ دژایەتی کردنی کورد وە هەروەها بەدەزگای سخوڕی cia لەئەمریکا ئەگینا دەوڵەتێکی وەکو نەمسا کاری چییە بەکورد و کوردستان ئەگەر بازرگانی بەکوردەوە نەکات بۆ تورکیا و ئەوانی‌تر و ئەمەریکا وەمن بۆ تاقی‌کردنەوەی نەمسا گوتم پێیان فەرموو بەم مایکرۆچیپەوە بەڕێم بکەن بۆ تورکیا سیخوریتان بۆ دەکەم لەسەر تورکیا لە ئەنقەرە بەلاَم بەهیچ شێوەیەك ڕازی نەبوون بە پێشنیارەکەی من چونکە پەیوەندی تورکیا و نەمسا

ەهێز ە و سۆشیال دیموکراتی نەمسا کەلەسەر تەخت بوون پڕۆژەیەکیان لەگەڵ
ورکیادا بەدەستەوە بوو. وەتورکیا بەپلەی یەکەم لەوڵاتەکانی ئەورووپایی
ەخواست زانیاری لەسەر pkkی پێبدەن ئەنجا لایەنە کوردەکانی پارچەکانی تر
اوکاری لە نێوانیاندا چۆنە وە لەڕێگەی ئەم ئامێر سیخوڕیەوە تێگەیشتم کە
زلیس دەڵین لەناو کوردەکاندا پروپاگەندە دەکەین کە pkkتیرۆریستە تا کوردی
ارچەکانیتر هاوکاریان نەکەن وە ئەوکاتەی د. کەمال شاکر هاتبوە نەمسا پۆلیسی
ەرێمی ئۆبەر ئوسترایخ پرسیبووی کە pkkلەکوردستانی باشوور هەن ئایا
ەیانەوێ دەست بەسەر کوردستانی باشوردا بگرن لە وەڵامدا کەمال شاکر دەڵێ
وردستانی باشوور پارتیتری زۆرتێدایە و فرەپارتییە pkkناتوانێ دەستی
سەردابگرێ وە ئێمە وەکو ی.ن.ك –pkkبەتیرۆریست دانانێین چونکە ئەویش
ەبات دەکات بۆ پارچەیەکی تری کوردستان وەپۆلیس پرسیبووی ئێوە ی.ن.ك
ەخەبات دەکەن بۆ فیدراڵی یان دەوڵەتی کوردی لە وەڵامدا کەمال شاکر گوتبوی
مە ی.ن.ك خەبات بۆ فیدراڵی دەکەین چونکە ئێوەی ئەورووپا ڕێگەی دەوڵەتی
وردیمان پێنادەن خوێنەری بەڕێز ئایا نەمسا کاری بەکورد چییە وبۆچی
پارتەکانی کوردستان دەپرسێ کەپەیوەندی لەگەڵ هیچ کامیان نییە بەڵکو
زرگانی دەکات بە سەری کورد وە بۆ داگیرکەرانی کوردستان.

پۆلیس هەوڵیان لەگەڵ من دا کەئامێری سیخوڕیەکەم لەمێشکمدایە تێکەڵ بە
ك وی . ن . ك و پ.د.ك و ئەوانیتر ببم منیش بەهیچ شێوەیەك بەگوێی ئەوانم
کردووە و خۆم لەهەموو هەواڵی خەڵکی کورد پاراستووە و نەم هێشتووە زانیاری
من بڵێت وەخۆیان چەندین جار دەیان گوت کورد چییە طارق چییە بۆلەمێشکی
ربکەین ، وەکەس و هیچ کوردێ لەطارق تێناگات و طارق بۆهەر شوێنی بچێت

ملکی خۆمانە هەروەها ڕاستەوخۆ پێمیان گوت ئەگەر بێدەنگ بیت ئەوا لەئایندەدا دەتکەین بەکاربەدەست لەهەردوو حکومەتی هەرێم دا.

من لەسەرەتای مانگی حەوتەوە ئاگادارم کردن کەهەتا ۱۹۹۸/۷/۲۰چاوەڕێدەکەم تا لەمێشکی من دەرێبکەن‌و لای کەس ئەم ئامێرە سیخوڕییە ئاشکرا نەکەم، بەلام ئەوان هەنگاوی تریان گرتە بەر و واتێگەیشتن کە کورد هیچی پێناکرێ‌و وەلەم ئامێرەسیخوڕیە تێناگات و طارق بەشێت دادەنێین وە نەمسا کەلە ئەمریکا ی وەرگرتووە ئامێرە سیخوڕیەکە ئەوا بەشداریان دەکات ئەمەریکا و بەریتانیا ەچارەکردنیدا واتە ناهێلێن کورد و طارق هیچ بکەن بەلام من هەر لەنەمسا پێم گوتن کە دوژمنایەتی لەناوکوردا هەیە ئەوەی کەسێکی بکوژرێ ئەوا تۆلەی خۆی ەکاتەوە لەو کەسەی کە کوشتوویەتی کەچی لەمانە تێنەگەیشتن وەمن ڕۆژی ۱۹۹۸/۷/۲۰تا ئەوکاتە وەلامیان نەبوو هەستام سێنامەم بۆ سەرۆکی نەمسا ۆماس کلستل‌وڕاوێژکاریان د.ڤیکتۆر کلیما هەر دوو کیان پارتی سۆشیال یموکرات نەمسان وە بۆ د.ڤۆلڤ گانك شوسل نارد کە مایکرۆچیپەکە لەمێشکم ەربکەن و کەگیرگرفتم لەگەڵ پۆلیس بۆ چارەبکەن. وەلەنامەکەدا نووسیم کە د. یکتۆر کلیما ئاگاداری من هەیە و لەگەڵ سەرۆکی پۆلیس.

ەئەمە دەقی نامەکەی سەرۆك کۆمارە

Herr: präsident thomas klistel
Bundes prasident amt
Hof burg leopoldinish tragt
1010 Wien

ovrnr – 046002812
ai gruppe 49
hakim tarik
tabor weg 42/3
4400 steyr 20/7/1998

sehr geehert herr prasident
mib herzlichem respekt fur ihre exzellenz, dass ich mochte beweissen ic
bin ein korreckter mench und ich mochte sie wissen schon langezeit ube
meinem hobby in berreiche der para psychologie die manche

polizei haben missver standen und wollen mich benutzen als spionen für ihrem vorteil, aber seit 1992 ich bin in ostereiech.
als treuer burger und osterreich sind meine zweite heimat da her ich bin frei von politische ab hangig, aber nurich bin ein –ai- international mit glieder und active arbeiten für die menschen rechte..
Ich ersuche ihnen so wie ein burger mich verstehen In osterreich und die polizei nicht mehr mich benützen als einen spion. Ich ent schuldige mich wenn meine brief gramatisch mengel haft ist .
Mit hoch respeekt
hakem tariq

ئەمە دەقی نامە ئەڵمانیەکەیە بۆ سەرۆکی نەمساوە بەناوی ئەندامی a i– نوسیومە.

ئەندامی ژمارە -046002812

ئەمە دەقی نامەکەی سەرۆك کۆمارە بە کوردی کەناردوومە داوای چارەی گرفتم لێکردووە لەگەڵ پۆلیس

ڕێزو سلاوم بۆ بەڕێز سەرۆك کۆمار

لەدڵەوە ڕێزم هەیە بۆ سەروەریتان وەئەمەوێ بۆ بەڕێزتان بسەلمێنم کە من مرۆڤێکی ڕاستم کەزۆر لەمێژە دەربارەی هیوایەتم لەبواری پاراسایکۆلۆجیدا هەندێ لە پۆلیس هەڵە تێگەیشتنیان هەبووە گرفتیان بۆ کردووم.

بەڵام لەساڵی ١٩٩٢ من لەنەمسام وەکو هاوڵاتیەکی دڵسۆز کە نەمسا ئەبێتە وڵاتی دووهەمم.

لێرەدا من ئامادەم بۆ هەموو گفتوگۆیەکی بەکەڵك و ئەرێ لەگەڵ پۆلیس دا وەبێلایەنم تەنها ئەندامی مافی مرۆڤی جیهانیم وەبەچالاکی کاردەکەم بۆ مافی مرۆڤ من تکالەبەڕێزتان دەکەم کەوەکو هاوڵاتیەك لەنەمسا لێم تێبگەن وە پۆلیس چیدی من بەکار نەهێنێ وەکو سیخورێك بۆ خۆیان ئەمە لەسەر شێوەی تێگەیشتنی خۆیان نووسیومە.

وە داوای لێبوردن دەکەم کەنامەکەم لەروی ڕێزمانەوە کەمو کوڕی هەیە.

لەگەڵ ڕێزمدا.....

طارق رفعت حکیم.

وە تائێستا سەرکۆماری نەمسا بێوەڵامە بەڵام نازانم هەڵوێستی چۆنە لەگەڵ پۆلیس وە ئەم نامەیەشم بۆ -ai- لەلەندەن بەڕێکردووە وە داومە بەوەزارەتی ناوخۆ پەناهەندە لەلەندەن وە لەهەندێ شوێنی‌تر جێم هێشتووە وەنامەکەی‌تر هی‌ڕاوێژکاری نەمسایە کە لەپارتی سۆشیال دیموکراتی نەمسایە دەقە ئەڵمانیەکە لەوبەرەوە دەبینرێ وە خۆی ئاگاداره و بەپشتیاری خۆی ئەم ئامێرە سیخوڕییە لەمن بەکارهێنراوە.

Herr Dr. viktor klima
Bundes kanzeler amt kabinette,d
Bundes kanzeler s.l
Bal haus platz 2
1010 wien

ovrnr:0460028 – 1160112
ai – Gruppe 49
Hakem tarik
Tobor weg 42/3
4400 – steyr 20/7/1998

sehr geehert herr Bundez kanzler
mit herzlichem respeckt fur lhrer Exzellenz dass lch mochte beweissen ich bin ein korreckter mensch und schon lange zeit sie wiessen uber miss verstanden von manche polizei dar uber meinem hobby in bereiche der para psychologie, aber seit 1992 ich bin in osterreich als treuer burger und osterreich sind meine zweite heimat da her ich bin bereit fur jade posative unter haltung mit der polizei und ich bin frei von politische ab hangig aber nur ich bin ein – ai – mit glieder und aktiv – arbeiten fur die menscher Rechte ich ersuche ihnen sowie ein Burger mich zu sehen in osterreich und nicht mehr mich benutzen als einen spoin.
Ich entschuldige mich wenn meinen brief Gramtisch mengel haft ist.
Mit Herzlichem Respeckt
Hakem Tarik

ئەمە دەقی نامەکەی راوێژکاری نەمسایە د.ڤیکتۆر کلیمان لەبەرواری ١٩٩٨/٧/٢٠دا پێژو سلاوێکی گەرم بۆ بەڕێز راوێژکار د. ڤیکتۆر کلیما
لەدڵمەوە ڕێزم هەیە بۆ گەورەیی و سەروەریتان.

ئەمەوێت بیسەلمێنم بۆ بەڕێزتان کە من مرۆڤێکی راستم وەهەروەها کاتێکی زۆرو دورودرێژە بەڕێزت دەزانێت کەهەندێ لە پۆلیس هەڵە تێگەیشتنیان لەسەر من هەیە لەبواری پاراسایکۆلۆجیدا وەمن لەساڵی ١٩٩٢ لەنەمسام وەکو هاوڵاتیەکی دڵسۆز وە نەمسا بەوڵاتی دووەمم دەزانم بۆیە ئامادەم بۆدانووساندن لەگەڵ پۆلیس و من کەسێکی بێلایەنم بەڵام تەنها ئەندامی ڕێکخراوی – ai – وە چالاکانە بۆمافی مرۆڤ کاردەکەم تکا لەبەڕێزتان دەکەم من وەکو هاوڵاتیەك لەنەمسا ببینن، لەوە پتر پۆلیس من بەکارنەهێنێ وەك سیخوڕێك.

لەکۆتایدا داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر نامەکەم لەڕوی ڕێزمانەوەناتەواوە.
لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم دا.....

حکیم طارق

٩٩٨/٧/٢٠ دەرفەتم پێدابوون کەلەنەمسا دەبم وە پاشان دەردەچم بۆولاتی‌تر، کەچی بەمنیان گوت وەلامت نادرێتەوە.

وەبەدوای کردنی فاکسەکان پۆلیس دوو بێگانەی ناردە سەر ڕێم کەبەیۆگۆسلاڤی دەچوون بەلام من بەئاگابووم وەچەقۆم پی‌بوو بۆ بەرگری لەخۆم کردن وەویستم هەمان نامە لەهەمان کات بۆ –ai– لەلەندەن فاکس بکەم کەدواتر گەڕامەوە بۆ پۆست بەلام ئەم جارەیان لەپۆست بۆمیان فاکس نەکرد وە لەهەمان کاتدا کارمەندی پۆست بەتەلەفۆن لەلایەن پۆلیسەوە ئاگادارکرایەوە کاتێ لەناو شاری لینز بەرەوە جادەی گشتی دەڕۆیشتم و بەتەنێ‌بووم گوتم و هاوارم کرد چیتان لەمن دەوێ دەوەرن بمکوژن کە چی پاش کەمێ کە چوومە ناوەندی شاری لینز کەهێشتا بەیانی بوو هەر ئەوەندەم زانی پۆلیس بە پەیکانەوە بەلامدا تێپەڕین‌و تەماشای منیان دەکرد وەدەیان ویست بمگرن. بەلام من گەرامەوە ناو جەنجاڵەکە و چوومە کافەیەك دانیشتم کەهێشتا چۆڵ نەبوو دوو سیخوڕی نەمساوی واتە پۆلیسی نهێنی کە زۆر کەڵەگەت‌و زلەبوون دوو هێندی خۆم زیاتر ویستیان لێم نزیك ببنەوە بم گرن کە بێ‌ئاگابووم بەلام ڕووم کردە ئەوان‌و بەئاگا دانیشتم ئەوەندەم زانی خەڵکی‌تر هاتن بۆکافێ خواردنەوە و دانیشتن ئینجا سیخوڕەکان ڕۆیشتن، وە کات بوو بە٩/٣٠نۆو نیوی تەواو ئەنجا شار بەتەواوی جەنجاڵ بوو وەکەس بەدەوری منەوە نەما وەکو پۆلیس‌و پۆلیسی‌نهێنی وە منیش بەرەو شتایەر ڕۆیشتمەوە بۆ ڕۆژی شەممە بوو بەرەو شاری ڤین بەڕێکەوتم چونکە لەڕێگای ئامێرەکەی مێشکمەوە بەمنیان گوت کەوەلامی نامەکانت نادرێتەوە بۆیە منیش پاش لەخەوهەستانم ڕۆژی شەممە بەڕێکەوتم بۆ ڤیننا. بەلام پێش بەڕێکەوتنم کەویستم لەماڵی خۆم بێمە دەرێ سەیردەکەم دەرگاکەم ناکرێتەوە تابچمە دەرێ وەلەدیوی دەرەوە لەسەرم داخراوە. منیش چوومە لای پەنجەرەکەوەو لەوێوە چوومە دەرەوەوە کە قاتی ژێرەوە بوو

ماڵەکەم وە هاتمەوە بزانم لەدەرەوە دەرگاکەم بۆ داخراوە کەبینیم نەمساویەکی کەڵەگەت کە پۆلیسی نهێنی‌بوو ئەو دەرگاکەی لەسەر من داخستبوو وە من لەدەرگای دەرێ چوومە ژوورێ ئەو دەهاتە دەرێ وە چوومە لای دەرگای خۆم کە دەبینم کراوتەوە منیش زانیم کە پۆلیسەو پێم دەڵێن مەچۆ بۆ ڤیینا، وەلەژوورەوە شتێ پێویستم خڕکردەوە و لەگەڵ خۆمدا بردم بۆ ڤیینا، وەلەڕێگادا لەناو شەمەندەفەرەکەدا پەساپۆرتەکەم تەماشا کرد پاش ئەوەی لەجانتاکەم دەرهێنا دەبینم لاپەڕەی پەساپۆرتەکە ئەوەی وێنەکەی پێوەیە لەگەڵ لاپەڕەکەی بەرانبەری پێکەوە لکاون‌و وەبۆیە وایان کردووە تامن بە پەساپۆرتەکە سەفەرنەکەم بۆ وڵاتێکی‌تر و لەنەمسا دەرنەچم، وەپاش دەرچوونم بۆ ئەڵمانیا لەبەرلین پەساپۆرتەکەم پێشانی خەڵکی کورددا بەڵام هەندێکیان وتیان کەخۆی پێکەوە لکاوە یان من خۆم وام لێکردووە وەباوەڕیان نەدەکرد بگەڕێمەوە سەر گەشتەکەی ڤیینا کە چوومە ماڵی د و پێشانی ئەوانم دا کە (ڕ) و (ھ) هەروەهاً لەماڵی (د) بوون وەئەو دەزگایەی بەتەلەفیزیۆنەکەمەبەسترابوو پێشانی (ھ) و(د) و(ڕ) دا بڕوایان نەدەکرد، وە(ڕ) گوتی ئەوەیان بۆمن لێی وەرگرتم‌و ئەوی‌تر وەکو دەنکی برنج وابوو (ڕ) بەدان شکاندی من هەستم کرد کە تەنها (ھ) پۆلیس دەربارەی من پرسیاری لێدەکات، بەڵام (د)و (ڕ) تائەم گەشتە پۆلیس پرسیاری منی لێنەکردوون، ڕاستەوخۆ ڕەنگە لە ڕێگەی کوردی‌ترەوە بووبێ وەپاشتر چوومە ماڵی (ئارام کاکەیی)و لەماڵی ئەوان بووم، وەڕۆژی سێشەممە بەیانیەکەی چووم بۆ نووسینگەی ڕاوێژکار د.ڤیکتۆرکلیما و بەتەلەفۆن بەسکرتێرەکەیم گوت کەناوی خانم بریلایە دەبێ ڕاوێژکار ببینم‌و لەسەر گیروگرفتی خۆم‌و پۆلیس گفتۆگۆی لەگەڵ بکەم بۆ چارەو ئەوشتەی لەمێکشی منیان داناوە لەگەڵ پۆلیس دا، کەچی پاش چەند کاتژمێرێك ڕاگرتن منیان بەڕێکرد ووەڵامیان ئەوەبوو کەکاتمان نیە،

ژێرێکی‌تر چاوەڕێ‌بکە ، ئیتر بەدەستی دەستی‌پێکردن چەند کاژێرێکیان دوا ستم هەر دەیانویست چەند کاژێرێی تریش دەستی دەستیم پێبکەن ئەوەبوو یش بەخانم بریلام گوت کەناتوانم چیدی چاوەڕێ بکەم چونکە ئەوە نزیکەی ەش کاژێرە چاوەڕێ دەکەم پاشان گەڕامەوە بۆ ماڵی ئارام کاکەیی‌و هەر ئەو ژەش گەرامەوە بۆ شتایەر جانتا گەورەکەم پرکرد لەجل‌وبەرگ‌وگەرامەوە بۆماڵی ام کە نەموێرا لەشتایەر بمێنمەوە وە وا چەقۆشم لەگیرفان دایە چونکە نیازم بوو ژی دوایی لەماڵی ئارامەوە دەربچم بۆ ئەڵمانیا بەڵام ئەوەبوو ڕۆژی پێنج شەمە ۆ لەگەڵ ئارام کاکەیی بەخود ڕەوەکەی خۆی بەرەو نوسینگەی ڕاوێژکار بەڕێ ەوتین وەچوین بۆ لای خانم بریلاوبینیمان لەپێشدا گفت‌وگۆی لەگەڵ منداکرد و وتم پێی کە من هاتووم بەڕێز ڕاوێژکار کەلە گیروگرفتی من ئاگادارە لەگەڵ مەرۆکی پۆلیسدا وە دەمەوێ بۆم چارەبکات وتی گیروگرفتی‌تۆچییە گوتم ڕاوێژکار ئۆی دەزانێت کەپۆلیس شتێکی خستۆتە مێشکی منەوە دەمەوێ ڕزگارم بکەن، ەوەڵام دا گوتی ڕاوێژکار لێرە نییەوکاتی نییە وهەروەها شێرو ڕێوی هێنایەوە باشان لەوەڵامدا گوتم ئەگەر تەلەفۆن بۆ ڕاوێژکار ناکەیت‌و ئاگاداری ناکەیت کەخۆی ئاگای لەمنە ئەوا کەلێرە دەرچووم ئیتر جارێکی‌تر ناگەڕێمەوە ئێرە بەزیندوویی ئەگەر تەرمەکەم بهێننە ئێرە وە دەرچووم.

بەڵام بانگی ئارام کاکەیی کردو بەمنی گوت ڕاوەستە باچارەکێ گفت‌وگۆی لەگەڵ بکەم ووتم فەرموون پتر لەچارەکێك چاوەنواڕم کرد تائارام لەگفتۆگۆکەی بۆوە لەگەڵ خانم بریلادا پاشان هاتە دەرێ‌و پێکەوە گەڕاینەوەبۆماڵی‌ئارام ووتم ئارام چی‌ووت لەوەڵام دا ووتی تەلەفۆنی بۆ ڕاوێژکار کردووە وەڵامی دایەوە کە طارق هیچ گیروگرفتی لای ئێمە نی‌یەو تەنها خۆی باری دەرونی تێك چووە بابچێ بۆ لای ئاغای کلۆرمان لەڤین خانووی بدەنێ ئەنجا بەئارامم گوت ئارام من بۆ وەرگرتنی

خانوو بۆلای راوێژکار نەهاتووم وەخۆیان دەروونیان تێکچووە هەردەمە شتێك دەڵێن ئەی بۆ بەمن دەڵێن ڕاوێژکار لێرەنیەو بەلأم وەلأمی تۆ دەدەنەوە وە گوتم ئارام شتێك لەگەڵ من کراوەو لەسەرم دایە ناتوانم تالەنەمسا دەرنەچم بۆتی باس بکەم وە ووتم ئاگات لەخۆت بێت شتێك نەڵێیت دارودیوار گوێیەهەیە مەگەر جنۆکەت لەمێشکدا بێت، ئەنجا گەیشتمە ماڵەوە یەکسەر ئاغای کلۆرمان بێئەوەی زانیاریمان پێدابێ گوتی ئارام بەطارق بڵێ نەمسا جێنەهێڵێ باری دەرونی تێکچووە وەخانوی دەدەمێ لەڤین گوتم بڵێ خۆیان دەروونیان تێکچووە تازە دەیانەوێ خانووم بۆبگۆڕن ومن نەهاتووم بۆخانوو وەرگرتن بەڵکو گیرگرفتم لەگەڵ پۆلیسو ڕاوێژکار هەبووە وەهەرئەمڕۆ نەمسا جێدەهێڵم ئەمە پۆلیس تەلەفۆنی بۆ کلۆرمان کردبوو کە طارق وا لەماڵی ئارامەو دەیەوێت بڕواتو تەلەفۆنیبۆبکە بڵێ خانووت لەڤین دەدەیەنێ ئەوەبوو ئارام زۆرم تێهالاً بۆ نەمسا جێدەهێڵی گوتم نا دەبێ بڕۆم مەگەر لاشەکەم بگەڕێتەوە نەمساو ڤین .

نیوە ڕۆژەم لای ئەوکرد و ئەنجا بەڕێکەوتم بەرەو بەرلین. ئەڵبەتە ڕۆژی ٢٠/٧/١٩٩٨نامەم لەڕێگەی مامۆستا عەلی زەنگەنەوە کەلەهۆڵەندەیە بۆ کەسوکارم ڕەوانەکرد کەوا کەسێك گیرگرفتی بۆم کردووە لای پۆلیس وە چیتر نەم وێرا بینوسمو فاکسی بکەم وە لەهەمان کات دا نوسیبوم ئاگاتان لەخۆتان بێت نامەی هەڵەتان پێنەگات بەناوی منەوە، وەئەگەر دەنگوباسی من نەبوو ئەوا پرسیار لەمامۆستا جمال نەبەز بکەن لەبەرلین چونکە جمال نەبەز پیش بەکارهێنانی مایکرۆچیپەکە ئاگادارم کرد بۆوە کە پۆلیس دژایەتیم دەکات، بەلأم دوای بەکارهێنانی ئامێرەکە نەم وێرا بڵێم ئامێری سیخوریم لێبەکار هاتووە.

وەهەروەها کەلەنامەی ٣/٧/١٩٩٨نوسیبوم بۆ مامۆستا جمال نەبەز کە من لەژێر چاوەدێری وەزارەتی نەمسا دام بەتایبەتی ئاغای ڕاوێژکار د.ڤیکتۆر کلیما وە

هەموو کاتێ بەڕێژەیەکی زۆر ئاگایان لەمنەو و منیش هەندێ وتەو هەواڵیان ئاگادارمو دەتوانم بڵێم دەوڵەتی نەمسا ئاگای کەمیان هەیە لەبارەی رامیاری‌وئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و فەرهەنگی‌و ڕەوشتی کوردەوە و تاجوگرافیای کوردستانیش بەتەواوی نازانن وە تائێستا نەیان زانیوە ئیزگەی کوردی ئەمەریکا هەیە وە وا هەست دەکەم دەزگای سیخوری - ئاژانس گری لەماڵەکەم دا هەیە بەڵام نازانم چۆنە وەمن واهەست دەکەم بەهۆی ئەم پاراسایکۆلۆجی وە تلەپاتی‌یە وە ناوم چۆتە مێژووی نەمساوە وە وابەهۆی منەوە لەفەرهەنگی کورد شارەزا بوون ...تەواو ... وە پتر لایەنی پەیوەندیەکانم فاکس ناردن بوو بۆ مامۆستا جمال نەبەز ئەوەبوو کەدەمویست ئاگاداربن‌و لەڕێگەی ئەوانەوە خەڵکی‌تریش ئاگاداربێت وەکەس‌وکاریشم پاش پرسیارکردن پتر ئاگاداربن جگە لەمەش واتێگەیشتبووم کەس ناتوانێ ئەوبخاتە ژێر فشارەوە.

ئینجا وەك لای ئارامم جێهێشت بلیتم کڕی بۆ شاری نۆرنبێرگ لەئەلمانیا بەشەمەندەفەر بەڵام من هێشتا دڵم بە - ai -خۆش بوو وەدەمگوت ئەندامی - ai - بۆیە ناتوانن بمکوژن چونکە ئەگەر لەوولاتانی جیهانی سێهەم ئەندامی - ai - بکوژرێت ئەوا تەواوی ئەوروپا ئەو ڕێکخراوە لەسەری هەڵدەدەنێ‌و دەیکەنە هەرا کەئەندامی ڕێکخراوێکی a i کوژراوەو تیرۆر کراوە. چونکە کاتی دەرچوونم گوتی ئەندامی - ai - ناتوانین بیکوژین پاشان تێدەیگەیشتم کەلەهەر وولاتێکی یەکێتی ئەوروپادابم هەروەکو نەمسا وایە و جگە لەمەش لەهەموو شوێنێکی جیهان بەیوەندی بەمێشکمەوە هەیەو لای زانستی پزیشکی ئاشکرا نی‌یەو چارەی نی‌یە کە تەنها پۆلیسی نهێنی بەکاری دەهێنێ بۆیەکاتێ گەیشتمە نۆربیرگ لەئەلمانیا چوومە لای برادەرێکم بەناوی کمال سەرگەڵویی نوێنەری ی،ن،ك لەوێ وەگوتم چونکە ئەندامی - a i - بۆیە پۆلیس نەی کوشتووم، بەڵام دەبینم ئەویش گیروگرفتی

لەگەڵ پۆلیسی ئەلمانیا هەیەو ی،ن،ك نەبێت جێگەی لێژبووە، من زۆر سوپاسی دەکەم کەلەتەنگانەدا چوومە ماڵی و ڕێزی لێم گرت و نیوە ڕۆژەم لای ئەو بەڕێکرد.

ئینجا ڕۆژی ١٩٩٨/٧/٢٤ لەشاری نۆرنبێرگ کەپاش ئەوەی نانی نیوەڕۆژەم لای کردو بەڕێکەوتم بۆشاری بەرلین و تەلەفۆنی جڤاتی کوردیم لێوەرگرت لەبەیانی تەلەفۆنم بۆمامۆستا جمال نەبەز کرد لەماڵەوە نەبوو ئەنجا تەلەفۆنۆم بۆ جفاتی کوردی کرد کوڕێك لەوێبوو ناوی طارق بوو کوڕێکی باش وخەڵکی سلێمانیەو وەهات بەدەنگمەوە گوتی مامۆستا جمال نەبەز سیمیناری هەیەو جڤاتی کوردی بەمن نیشان داو پاشان شەو چوومە هۆتێل خەوتم تا بەیانی و بۆشەوی دوایی‌تریان هۆتێلەکەم گۆڕی کە ڕۆژی یەك شەممەبوو وە من حەزم نەدەکرد لەگەڵ هەمۆو کەسێ دانیشم و دەنگ‌وباسی بگات بەپۆلیس وەتەنها لەبەر ئەوەی کەزۆر ڕکم لەسیخوری کردن بوو هەرچەندە کەئەمە لەویست‌ودەسەڵاتی مندا نیە ئەوەبوو ڕۆژی دووشەمە تەلەفۆنم بۆمامۆستا جمال نەبەز کرد لەمال بوو. پاش چاك وچۆنی مامۆستا بەمنی گوت کوری‌خۆم هیچم دەسەڵات نییەو پێناکرێ. بەڵام ئاگات لەخۆت بێت ئیرە کوردستان نیە بەژیری(منطق)و زانین گیروگرفت چارە سەربکە. وتم مامۆستا زۆر هەولم داوە بەئاوەز و تێگەیشتن چارەی بکەم بەڵام پۆلیس لەنەمسا ڕێگەیان لێگرتووم وە ڕێگەی دکتۆریان لێگرتووم لەوەڵامدا گوتی ئەوا هەر لەسەرخۆبە باشترە منیش گوتم سوپاس ماڵت ئاوا بزانم چۆن دەبێ منیش وادەکەم، وەپاشان کەمامۆستام لەجڤات دەبینی کەم گفت‌وگۆم دەکردو شتم دەپرسی چونکە من دوورم لێك دایەوە کە پۆلیسی ئەلمانیا و نەمسا پەیوەندیان هەیە تازانیاریان لەسەر مامۆستا و من نەبێت.

١٩٩٨/٧/٢٧ لەبەرلین نامەم بۆ ی.ن.ك بۆ لەندەن فاکس کرد بەم شێوەیە پۆلیسی نەمسا دەزگایەکی سیخوڕ زۆر بچوکیان خستۆتە مێشکی منەوە بەپێنج هەستەکەی

مرۆڤەوە بەندە وە ئەم دەزگایە لە ڕێگەی سەتەلایتی ئاسمانەوە هەواڵ لەمێشکەوە دەنێرێت بۆ ناوەند لای خۆیان کۆمپیوتەر هەیە بۆ کۆنتۆڵ کردن وەمن هەر شتێکم لێبێت دەوڵەتی نەمساله ژیانم بەرپرسیارە وە بەپێی تواناتان داوای یارمەتیتان لێدەکەم کە هاوکاریم بکەن وەئیستا هەڵهاتووم لەنەمسا وا لەبەرلین دەژیم ئەمە بەکورتی نامەکە بوو:

من لەبەرلین لەسەرەتاوە باری دەرونیم تەواو نەبوو. زۆر ئاڵۆز و تێکچوو بووم وە وام دەزانی دنیا بەسە منداڕووخاوە وە خێراخێرا نامەم بەولاو بەم لادا دەنووسی وفاکس دەکرد. وەهەروەها بەسەرهاتی خۆم بۆ کوردەکانی بەرلین باس دەکردو زۆر کەس وان بڕوایان بەمن نەدەکرد دەیان گوت دەروونیە.

من هەستام نامەیەکم بۆڤاتیکان بەکوردی بەم ژمارە فاکسەی خوارەوە بۆپاپا لەڤاتیکان ناردو ئەنجامی ناردنی فاکسەکەش-OK- واتە بەڕێکراوە ئەمە ژمارەی فاکسەکەیە -٣٩٠٦٦٩٨٨٥٢٥٥-والە خوارەوە دەقی نامەکەیە، وەمن بەم نامانە تێدەگەم کە دیموکراتی و کەنیسە جاشی ماکەرێکن.

بۆ ڕابەری ئایینی مەسیحی پیرۆز

پاپا یەهانیس پاولی دووەم

ڕێزوسلاو

بەڕێز و پیرۆز پاپا پەنام بۆئێوەی پێشڕەوی ئاینی هێناوە کە تاوانێکی دژی خوایی و ئاینی وڕەوشت و یاسا دژی من کراوە لەوڵاتی نەمسادا ئەویش کە دەزگایەکی سیخوڕیان خستۆتە مێشکمەوە وە بەهەستەکانی مرۆڤەوە بەندە، وەهیچ شتێك لەم ئامێرە سیخوڕییە شاراوەنییە کە بەوێنەو دەنگەوە وەری دەگرێت لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە کەلای خۆیان کۆمپیوتەر هەیە وەرگێڕی زمانی کوردی

لە ئەلمانیان هەیە وەپۆلیس و راوێژکاری نەمسا بەبەردەوامی ئاگاداره لەمن. وەمن لیستا لەنێوان مردن وژیان دام وە هەمووکارێکم لەژێر چاوەدێریان دایە بەوێنەوە بەڵام من پێویستم بەژیانە دەمەوێ وەکو مرۆڤێك بژیم یان گیان لەبەرێك بۆیە داوای یارمەتی لەبەرێزتان دەخوازم تا لەمردن ڕزگار ببم.

ژیان خواز

طارق رفعت حکیم

١٩٩٨/٧/٢٧ برلین.

وەمن لەسەرنامەکە ناونیشان جڤاتی کوردی بەرلینم لەسەر نووسیوە لەگەڵ ژمارەی فاکسی، بەڵام هیچ وەڵام نەبوو وە لەم سەریەشەوە لەمێشکمدا هەستم دەکرد نەمسا گاڵتەم پێدەکەن و دەڵێن ئەوا لای پاپا حەیامان چوو. بەڵام خۆ ئەگەر ڕاست بێت و درۆ من شێوە و ناوەڕۆکی ئەورووپام ناساند پاپا دەبێ بەرگری لە (کەنیسە یان دیموکراتی)بکات.

ئەوا گیا لەسەر بنجی خۆی شین دەبێتەوە دیموکراتی ئەورووپا داب ونەریت وخووی کەنیسەی هەیە، وەهەروەها نامەیەکم بەکوردی بۆپەرلەمانی ئەورووپا لەبەلجیکا نارد بەفاکس وەئەمەش کورتەی نامەکەیە:

ۆ/ بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپی.

ڕێزوسلاوی گەرم.

ن ناوم طارق خەلکی کوردستانی باشوورم وە لەدایکبووی ١ / ١ / ١٩٦٥ی زاینیم ن کە پەناهەندەیی رامیاریم لەیەکێ‌لە وڵاتەکانی یەکێتی‌یەکەتاندا کە ئەویش وڵاتی ەمسایە کەئامێرێکی سیخوڕیان خستۆتە مێشکی منەوە وە پەیوەندە بەپێنج ەستەکەمەوەیە کەلەڕێگای ماهوارەوە دەگات بەپۆلیسی نەمسا وەبەکۆمپیوتەر کۆنترۆڵ دەکرێت وەهەموو دەنگ‌وکارێکم بەوێنە لایانەوە من ئیستا لەنێوان مردن‌و ژیاندام وەبەکارهێنانی ئەم ئامێرە دژی یاسای یەکێتیەکەتانە وە دژی ئایینە دژی ەوشت‌ویاسای مرۆڤە وەمن داوای یارمەتی لەئێوەی بەڕێز دەکەم کەدەمەوێ بژیم ەکو مرۆڤێك یان گیان لەبەرێك وەهەروەها کە من ئەندامی–ai وە ئەو نامەیەی بۆ– a–م بەڕێکردووە لەگەڵ ئەم نامەیەدا پێتان دەگات وە ئیستالە نەمسا هەڵهاتووم‌و ناتوانم بەهیچ شێوەیەك بگەڕێمەوە نەمسا. وەبەڕێزان ئەگەر لەسەدەکانی ناوەڕاست ا گالیلۆیان سووتاند لەسەر زانست ئەوا ئەمڕۆ من دەبمە قوربانی زانستی باراسایکۆلۆجی لەسایەی سەدەی دیموکراتی‌دا نەك لە سایەی کەنیسەدا ومن ەمەوێ لەم ئامێرە سیخوڕیە ڕزگارم بێت‌ووەکو مرۆڤێك بژیم.

ژیان خواز

طارق رفعت حکیم

١٩٩٨/٧/٢٧ بەرلین

* * *

ەمن بەم ژمارە فاکسە ناردوومەو بەناونیشان‌وفاکسی جفاتی کوردی بەرلین لەسەر امەکە م ، بەڵام دیارە گەر فاکسەکە گەیشتبێ ئەوا نامەکەخراوەتە تەنەکەی خۆڵەوە

وە بەپۆستیش دا ناردوومە ئەنجامی فاکسەکە -ok- واتە گەیشتووە وە ئەمەش ژمارە ی‌فاکسی یەکێتی ئەوروپایە ...(٣٢٢٢٨٤٤٩٩١..) fax کەخۆیان وەرگێریان هەیە.

وەهەروەها لە ١٩٩٨/٧/٢٧ نامەیەکم بۆپەرلەمانی ئەلمانی نارد لە بۆن وەگوتم دیارە دەبێ وەرگێڕی کوردی ئەلمانیا هەبێ کە بۆ سیخوڕی هەیانە بۆ بۆ وەرگێڕان نیانە وە ئەمە پوختەی نامەکەیە:

بۆ/بەڕێزان سەرۆك‌و ئەندامانی پەرلەمانی ئەلمان.

پاش ڕێزوسلاوێکی گەرم ...

لەئێوەی بەڕێزتان دەخوازم کەوا ئەم بەڵگەنامەو ئەو نامەیەی بۆ ڕێکخراوی - ai - م نووسیوە بەدەستان دەگات. وە هیوادارم ئێوەش چاوێکی پێدا بخشێنن‌و هەڵوێستی مرۆڤ دۆستانەو پارێزەرانەتان بجوڵێ‌وە پاڵپشتی مافی پەناهەندەیەك بکەن کەلەسەر لێواری مەرگە و کەبەسەر منداهاتووە لەوڵاتی نەمسای باشوورتانەوە لە کاتێکدا لەسەر کورسیەکەی پەرلەمانی ئەوروپی لەتەنیشت ئێوەوەیە کەکارێکی بێ ڕەوشتی‌یەو بێ یاسایی‌یە کە پۆلیسی نەمسا لەگەڵ منی کردووە بێ هیچ بەڵگەیەك لەسەر من کەئەم کارەیان دوورە لەهەموو ڕەوشت‌و یاسایەك‌و ئاینێك وەبەکارێکی تیرۆرو ڕەفتار فاشی ئەژمێرێ وە ئەگەر من وەکو مرۆڤ ناپارێزن‌و داکۆکیم لێناکەن ئەوا من وەکو گیاندارێك بپارێزن .

لەگەڵ ڕێزو سلاوم دا....

ماف خواز

طارق رفعت حکیم

١٩٩٨/٦/٢٧ بەرلین

ەبۆ وەڵامدانەوەی نامەکەم ژمارەی فاکسی ئەکادیمی کوردیم پێوابوو کە کاك
ئەهمی باڵەیی لەوێ کاری دەکرد کە ئەنجامی ناردنی نامەکە – ok– بوو کە
گەیشتبوو، بەڵام هەمووی ئەم نامانە چوون بەچاڵاو بێوەڵام مانەوە وەمن لەبەرلین
ڕۆژانە دەچوومە جڤاتی کوردی وە دەچوومە ئەکادیمی کوردی لەلای فەهمی
باڵەیی و وەهەروەها لەئینستیتۆی کوردی چاوم بە مامۆستا محمدامین پێنجوینی
کەوت بۆیم باس کرد لەوەڵامدا گوتی د.صلاح هەیە لەناوەندی قوربانیەکانی
ئەشکەنجە وە کاك صلاح لەجڤاتی کوردی د.صلاحی دەناسیوە پێیبڵێ تا
بەیوەندیت بۆ پێوە بکات لەگەڵیدا تا دصلاح بتنێرێتە خەستەخانەی ناوەندی
قوربانیانی ئەشکەنجە مرکزضحایا تعذیب بەڵکو دوکتۆر بتوانێ ڕزگارت بکات و من
کە شەوانەش لەهوتیڵ دەخەوتم شەوێ بە (٦٥)مارك کە ئەمە ناوی
هوتێلەکەیە:hotel zureich post ...urban strasse 48 – 10967 berlin

ەوەبوو بۆ ڕۆژی دوایتر صلاح لە جڤاتی کوردی بووم چاوم پێکەوت و گوتم پێی د.
صلاح دەناسی وتی بەڵێ دەیناسمو ژمارە تەلەفونی ماڵی کاك صلاحم وەرگرت تا
بەیوەندی پێوە بکەمو وەڵامی د.صلاحم پێبداتەوە ئەوە بوو تەلەفۆنم کردو گوتم
د.صلاح دەمەوێ تۆ وەکو کوردێك ڕێنیوێیم بکەیت بۆچارەکردن لای دکتۆر وە
هەنگوباسی خۆمم پێگوت وتی من دەرمانێك دەنێرم یەکسەر چاکت بکات ووتم
هەزانم بەدەرمان چاك نابێت بەڵام بەکاریدەهێنم چونکە وای پێدەچێ ئەمە میتاڵ
ێت لەمێشکم دا وتی من لەوەزیاترم پێناکرێت تۆ بەکاریبێنە. وتم من وەکو
کوردێك قسەت لەگەڵ دەکەم کەپاشان سەیردەکەم د.صلاح هەندێ گیای
کەپسولدا بۆ من پێچاوەتەوە وەبۆمنی ناردووە گوتم باشە من بەکاری دەهێنم بەڵام
ئەی‌چاك نابێ کەچی پاشان لای ئەو دەرچووم و تەماشام کردو فڕێم دا. بەڕاستی
ەر هیچ لەمن تێنەگەیشت کە پاشان زانیم کە صلاح دکتۆری دەروونیە وە دکتۆری

دەرونی بەهیچ شێوەیەك تێناگەن وە چونکە خۆشیان زۆر لەگەڵ نەخۆشدان ئەوا خۆشیان تەواو نین لەڕووی دەرونییەوە وە پاشتر تەلەفۆنم بۆیکردەوە وگوتم خراپترم چاکترنیم و بەوە چارە نابێت گوتی من لەوە پترم پێناکرێت ئیتر بێئومێد بووم کەناتوانێ وەرم گرێ لەخەستەخانەی قوربانیانی ئەشکەنجە کەئێستا ناوبراو وەزیرە ئەڵبەتە بڕوام وابوو بەجۆرێك لەنەشتەرگەری چارە دەبێ جار بەجارێ دەچوومە لای فەهمی وهەموو ئەو نامە ئەڵمانیەی کەهەم بووئەلمانی بوو لای ئەوم بەجێهێشتووە لەگەڵ هەندی زانیاری لەسەر مایکرۆچیپەکە پاشان لەلەندەوە بۆیم نارد،ئەوەبوو ڕۆژێ کاك فەهمی وتی دەمەوێ سەردانی نەمسا بکەم. وتم کێ دەناسی لەنەمسا گوتی ستار دەناسم وتم ئەگەر زەحمەتی‌نیە ئەو کلیلی ماڵەکەم دەتوانی لەگەڵ ستار بچیتە ماڵەکەم وەهەندێ کاسێتم هەیە بۆم بهێنی‌بۆ بەرلین وتی باشەو کلیلەکانم پێدا وە کاتێ گەرایەوە بەمنی گوت نەچووم‌و تەلەفۆنم بۆ ستار کردبوو گوتی وەختمان نیە. ئەلبەتە کەمن واتێگەیشتم کەستار فەهمی نەبردووە بۆماڵەکەی من چونکە پۆلیس ڕێگەی ستاری نەداوە ئەڵبەتە پۆلیس بە من دەڵێ ئێمە بەستارمان گوتوە فەهمی نەبات بۆماڵەکەت وکاتێ کەفەهمی گەڕایەوەو گوتم چوونە ماڵەکەم گوتی وەختم نەبووە لەگەڵ ستار بچم. منیش چونکە کێشەکەم دەزانی زۆرتر پرسیارم لێنەکرد. پاشان چەند ڕۆژێتر تەلەفۆنم بۆ ستارکرد وتی دوای فەهمی چومە ماڵەکەت هیچی تێدا نەبوو وتم ڕۆژێ پێش تۆ ئارام کاکەیی چووە شتەکانی بردۆتە ماڵی خۆی بۆم دەپارێزێ وتم ئەی بۆ پێشتر فەهمیت نەبرد گوتی وەختمان نەبووە بچین وەك گوتم دەربارەی ستار پۆلیس دەڵێ ئێمە بەستارمان گوتوە فەهمی لەگەڵ خۆی نەبات.

وەدەربارەی ئارام پێشتر تەلەفۆنم بۆ ئارام کرد بوو وە ئارامیش عبدالله کەرکوکی‌و سالارێکی کەخەڵکی سلێمانیە لەگەڵ خۆی بردبوو چووبوون بۆ شتایەر بۆماڵی من

بەرتوکەکان‌و تەلەفیزیۆن‌و کاسێتەکانی لەگەڵ خۆی بـرد بـوو بـۆ مـاڵی خـۆی وە ەوانیتری بەجێهێشتبوو وە هەرواشم پێگوتبوو.

ڕۆژێك لەبەرلین چوومە کۆمەڵی کوردەکانی باکور کەبەناوی -ernk- وە چـاوم بـە بەرپرسێکیان کەوت گوتی هەڤاڵ تۆ بچۆرە ئەنستیتۆی کوردی لای مامۆستا محمد مین پێنجوێنی و هەڤاڵچ سەبری- ئەوبوو منیش بەگوێی ئەو چووم وەهەروەها کە پێشتر باسم کرد چاوم پێیان کەوتبوو نەیانتوانی هیچ بۆمن بکەن چونکە ئەو کاتە ڕا تێدەگەیشتم کە دەتوانن یارمەتیم بکەن ڕۆژێکی‌تر چومە هەیڤا سورا کوردستان هەڤاڵێکی لێبوو کە کچی باکور بوو زۆر جوان ئەلمانی دەزانی کەناوی خەجێ بوو. ڕەناسیم کەلەگەڵ چەند هەڤاڵێکی‌تر لەوێ بوون کەیەکێکیان ناوی تەحسین بـوو ڕەبەناوی خۆیەوە ناردمی‌یە لای دکتۆر جەمال کەکوردێکی سوریایە وەلەبەر ئەوەی پەناهەندەی نەمسابووم کارتی تەندروستی نەمسام لە ئەلمانیا نەی‌دەخوارد و بەکەڵك نەدەهات ئەوەبوو چوومە لای دوکتۆر محمد جمال لە 114 str emser - لەبەرلین لەڕۆژی ١٣/٨/١٩٩٨دا وەئەویش ناردمیەلای دوکتۆری تایبەتی بۆ گرتنی ئەشیعەی ڕەش‌وسپی مێشك کەئەوەبوو ئەشیعەی منیان گرت‌و هیچی تێدانەبوو وە ئەشیعەکە لەڕوو و لەتەنیشتەوە بوو ئەمە لای خانمی دوکتۆر کارین ئارنۆلد کە ئەڵمانی ڕەگەزبوو و دوکتۆر بوو لەبەشی رادیۆلۆجی وەهەموو ئەم ئەنجامەم بردەوە بۆ لای دکتۆر محمد جمال ئەویش تەماشای‌کرد وتی طارق مێشکت هیچی تیدانیە،کە دەروونی‌یە وای پێدەچێ وە بچۆوە بۆ نەمسا بۆ شوێن‌وڕێی خۆت، ووتم د.جمال کەسێکم لەگەڵ بنێرە بۆ نەمسا یان خۆت ئەوا من هەموو کرێ‌وپارەتێچونێکی بۆ دەدەم، تەنها بۆ ئەوەی بزانیت پۆلیس چی‌بەمن دەکات وە بزانیت چۆن کارەبایان لەماڵی من بەستووە لەگۆڵی حەمام -(bad room) -کە چی لەوەلامدا دیسان گوتی طارق من وەکو دوکتۆرێك بەئەشیعەکە بڕوا دەکەم کەهیچی

لێدا نیشان نادات منیش دەڵێم هیچی تێدانییە وتم باشە بەڕێم کە بۆ ئەشیعەی کۆمپیوتەری وتی ئەگەر ئەمە هیچی پێشان نەدات ئەوا ناتوانم بەڕێت بکەم بۆ ئەوێ وتم باشە دوکتۆر سوپاس بۆ ماندوو بوونەکەت ویارمەتیت وەمن هێشتا مابووم لەم کاتەدا تێبگەم کەئاوێتەیەکی کیمیاوییە.

ڕۆژێک لەبەرلین لەگەڵ کوردێکی خۆراسانی پیاسەم دەکرد و پەناهەندەبوو لەئەلمانیا وە لەناو ڕێگەدا توشمان بووبە تووشی کوردێکی ڕۆژهەڵات کەخەڵکی ئیلام بوو. وە ناوی محمد بوو و خاوەن ژن ومامۆ بوو، زۆر کوردێکی باشبوو وە بەیارمەتی بوو، ئەوبوو یەکترمان ناسی و ژمارەی تەلەفونەکەی پێدام و ڕۆژی دوایی چوومە ماڵیان بۆلای ئەو کورێکی دەناسی ناوی ئەدیب بوو وە کوردی باشوربوو ئەوە بوو کە محمد ئیلامی زانی کە من لەهوتێل دەخەوتم وتی باشە بۆ لەهوتێل دەخەوی من کورێك دەناسم بەناوی ئەدیب ئەوا پێی دەڵێم تا جێگەت بکاتەوە لەماڵەوە لەگەڵ براکەیەتی دووژووریان پێیە وشوێنیان هەیە ئەوەبوو لای ئەدیب مامەوە تا ڕۆژی ١٩٩٨/٨/٢٨کە بەڕێکەوتم بۆ بەلجیکا وە ئەو بەڵگەنامانەی کە هەم بوو لای محمدی ئیلامی و لای ئەدیب بەجێم هێشت لەگەڵ هەندێ زانیاری لەسەر مایکرۆچیپ هەر لەوماوەیەدا کەلە بەرلین بووم چوومە خاچی سوری ئەلمانی وچاوم بەئاغای پیتەر هۆڤ مان کەوت وە هەموو بەڵگە نەمساویەکان و ناسنامەی پەناهەندەیی و کارتی تەندروستی و بانکم پێداو لێمی وەرگرت و فۆتۆکۆپی کرد وگوتیان هەوڵ دەدەین بۆت چارەبکەین وە پەیوەندی دەکەین بەبالوێزی نەمسا لە بەرلین وخاچی سوری نەمسا لە بەرلین بەڵام دوو ڕۆژچاوەڕێ بکە تالە ناو خۆماندا وتوویژ دەکەین و بڕیار دەدەین و ئەوسا وەڵامی تۆش دەدەینەوە ئەوەبوو پاش دوو ڕۆژەکە چوومەلای ئاغای پیتەر هۆڤ مان -peter hof man-وتی بەداخەوە ئێمە ناتوانین هیچ بکەین چونکە تۆ لە ئەلمانیانیت و بەڵگەی تەندروستی واتە کارتی

تەندروستی ئەلمانیت نییە، وەخۆمان بەرپرسیار ناکەین. منیش گوتم باشە خاچی‌سووری ئەلمان دەچێتە وڵاتانی جیهانی سێیەم وە خەڵکی ئەوێ چارە دەکات لەبێماری کە هیچ کام لەو خەڵکانە کارتی تەندروستی ئەلمانیان نییە وتی لەوەڵامدا ئەوە جیاو شتێکی‌ترە وتم بەڵام خۆ ئەگەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وایان لەمن بکردایە بۆ منتان چارەدەکرد و دەتانکردە هەرا و ئاشکراتان دەکرد بەڵام چونکە من لەئەوروپاو لەوڵاتی نەمسا وام لێکراوە ئەوا ناتوانن گیرگرفتیان بۆ بکەن، وتی باشە تۆ بچۆ بۆ ناوەندی قوربانیانی ئەشکەنجە دراو – مرکز ضحایا تعذیب– وەئەوان ئەوکەسانە چارەدەکەن، کەبەدەستی وڵاتە دیکتاتۆریەکان ئەشکەنجە دراون بەڵکو بتوانن شتێك بۆ تۆش بکەن کەئەمەش ناو ناونیشان‌و ژمارەی تەلەفۆنیانە:

behandlung zentrum fur folter opfer
klinik westend haufe 6
spandauerdam 150 – 14050 berlin
Tel: 0049 303906-0

وە من بەوەرگرتنی ئەو ناونیشانە خودا حافیزیم لەخاچی سوری ئەلمانی کرد کە ژمارەی تەلەفۆنی ئەوانە.

ئاغای پیتەر هۆف مان – ژمارەی تەلەفۆن ٠٠٤٩٣٠٣٩٠٠١٤٠

بەهۆی ئەو تەلەفۆنە ناونیشانی ناوەندی قوربانیانی ئەشکەنجەیە پەیوەندیم کرد لەگەڵ ئاغای kethener sebb—و گفت‌وگۆمان کرد پێکەوە وتی طارق ئێرە تایبەتە بەقوربانیانی ئەشکەنجەو جەنگی وڵاتانی جیهانی سییەم بەتایبەتی وڵاتە دیکتاتۆرەکان بەڵام ئەوانەی لێرەن زۆری کوردن‌و زۆریان کوردی باکورن وەسەردانی خۆی بۆ من گێڕایەوە کە چووە بۆ کوردستانی باشور بۆ چارەسەرکردنی ئەشکەنجە دراوان‌و بریندارانو وە گوتی پێم خەڵکی کورد باشن وە وڵاتەکەتان خۆشە بەڵام دیار بوو هەڵس‌وکەوتی یەکێتی بەدڵ نەبوو لەناوچەی سلێمانی‌و سەری لەمام جلال بادا کەوتی بینیومە وەلە سەعدی ئەحمەد پیرە

ناڕازی‌بوو چونکە وەکو پێویست بەدەنگیەوە نەهاتووە وەوای پێدەچوو حەز لەپارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی باشور نەکات وەناوبراو لەگەڵ پۆلیسی نهێنی ئەڵمانەو بڕوای پێناکەم چونکە گفتوگۆی پۆلیسی نهێنی هەموو فرۆفێڵو هونەرە نەك گێڕانەوەی ڕاستی‌یەکان وەکەمێ لەسەر pkkی گوت کەلەکوردستانی باشور هەن و لەسەر د.صلاح دوا کە لەگەڵ خۆیدا کاردەکات و گوتی لەم خەستەخانەیە لەگەڵم دایە بۆ کوردستانیش لەگەڵی بووە وە گوتی پڕبۆتەوە و بڕیارە تاشەش مانگی دی کەس سەرەنەگرێ، بەڵام دەتەوێ سەرەی چەند مانگێکی‌ترت بۆ دەگرین ئەمە لە ڕۆژی ١٩٩٨/٨/١٨بوو ئەنجا پاشان گفت‌وگۆی لەگەڵ منداکرد وەمن پێم گوت هەمووبەسەرهاتەکەم کەچی ئەو لەڕوی دەرونی‌یەوە لەمن گەیشت پرسیاری کردو گوتی چ جاران ئەشکەنجە و دیل کراوی لەوەڵامد گوتم نەخێر. ئەنجا گوتی لەنەمسا تێکەڵیت لەگەڵ خەڵك هەبووە وتم بەڵێ لەگەڵ کوردو لەگەڵ خەڵکی نەمساوی هەبووە، وەلە گەڵ گروپێکی -ai-نەمساوی کارم کردووە پرسیاری لێمکرد وتی ئەو ئامێرە سیخوڕیان بۆ خستۆتە مێشکی تۆوە وەتۆ چی‌بوویت و چیت کردووە؟ وتم پۆلیس هیچ بەڵگەیان نییە کە من دژی ئەوان بووبمو تەنها هەریکی زانستی پاراسایکۆلۆجی بووم وە بوە هۆی ئەوەی داوام لێبکەن کە کاریان بۆ بکەم لەسەر کورد وە گوتم من لەبواری تلەپاتیدا ئەوەندە بەتوانا نەبووم تا لەخەڵکی تێبگەم وە یان لەپۆلیس بەتەواوی تێبگەم وهەر چیش پۆلیس لەگەڵ من کرد بووی بۆیم باسکرد کە چی‌پاش ئەو هەموو لێدوانە دەڵێ بەتێگەیشتنی‌من ئەمە دەروونی‌یە و هیچی‌ترنیە وتم چۆن وا دەڵێی و لێکت داوەتەوە و بیرت کردۆتەوە کەتۆ هەندێ شتی پۆلیس تێگەیشتووی وتی من بڕوا ناکەم نەمسا کاری‌وا لەگەڵ تۆ بکات ئەنجا گوتم ئاغای زیب بۆ دەچیتە وڵاتانی‌تر بۆچارەکردن بەڵام من هاتوومە بەر دەستت خۆت زەحمەت نەداوە بۆچارەم ناکەیت وەهەروەها گوتم ڕەنگە بۆیە بۆ

ئەو ولاتە دوورانە دەچن تابۆ ئەوەی باستان بکەن بڵێن ئەلمانیا خێر خوازە. بێدەنگ بوو ووتی ئەی ناتوانی بچیتە لای دکتۆری تایبەتی گوتم هیچ بەڵگەی تەندروستی ئەلمانیم نییە ئەنجا گوتی دەم بوری من هیچم بۆتۆ پێناکرێت بەلاَم دەتوانم یەك شت بۆتۆبکەم بەوەی بتنێرم بۆشوێنێك لەوێ بمێنی‌تەوە تاپارەی خواردن‌و خەوت بۆ سەرف بکەن‌و پەناهەندەی بگۆڕە یان وەربگرە ووتم من بۆ خواردن و خەوتن‌و پەناهەندەیی نەهاتوم بۆئەلمانیا چونکە لەنەمسا هەموو ئەمانەم هەبوو وە بەجێم هێشتووە، وەهەروەها گوتم خۆشت کورد دەناسی من ئەوروپی‌نیم‌و لەسەر جادە بخەوم‌و سواڵ بکەم وە ئەوکاتەی وام لێهات پی‌پارەو ئومێدببم ئەوا بەمەلە تۆفەوە دەچمە سەر باڵویزی نەمسا لەبەرلین ئەو کاتە لەزیندان خواردن‌و خەو و هەموو شتێ هەیە وە دووبارە پێمی گوت ئاغای طارق ناتوانم هیچ شتێك بکەم وە (لیستی) پێزپەری شەش مانگ پڕکراوەتەوەو جێگەمان نییە، وەگوتی شوێنێکی‌تر هەیە بچۆ بەڵکو جێگەیان هەبێ تاچارەت بکەن وە ئەو شوێنە ناوی -کسێونێون -xxenion- لەڕۆشە شتراسێ Roscher strase 2A لای خانمی ساڤیتا savitaوە ئەمە ژمارەی تەلەفۆنیەتی ٠٠٤٩٣٠٣٢٣٢٩٣٣٩ پاش ئەمە ڕۆیشتم‌وئەو بەڵگەنامەیە هەبوو لایم بەجێهێشت وە گوتی تەلەفۆنم بۆ بکەرەوە ئەوە بوو تەلەفۆنم کرد و کاتمان یاری‌کرد تا لەکاتی خۆیدا چووم بۆلای خانمی ساڤیتاله -Xenion- وە ئەم شوێنەش هەر شوێنی ئەو کەسانەیەکە ئەشکەنجەدراون وەهەموو دەنگ‌وباسی خۆم‌و بەسەرهاتنی نەمسام بۆخانمی ساڤیتا گوت وە بەڵگە ئەڵمانیەکانم لای‌بەجێهێشت و پێمی گوت دو ڕۆژی تر وەرەوە تائەوکاتە لەناو خۆماندا ڕاوێژدەکەین ئەوەبوو پاش دووڕۆژەکە چوومەوە بۆ وەلاَم گوتی ناتوانین هیچ بکەین چارەمان پێناکرێ، دوای ئەمە تەلەفۆنم بۆ ئاغای سیب -sebb- کردەوە تا هەواڵی وەرنەگرتنی پێبدەم وە بەڵکو لای خۆی بتوانێ شتێبکات وەمن زەفتێکی بچوکم

لەگیرفاندابوو (مسجل – تۆماربێژ لەسەر کاسێتێك هەبوو وەڵام و پەیڤەکانی ئاغای -SEBB– م تۆمارکرد کەلەکۆتایدا گوتی من بەشاهید مەگرە و هەر وەها پێشتریش وەڵامی خاچی سووری ئەلمانیم لەسەر شریت تۆمار کرد بوو وهەروەها نامەم بۆنوسینگەی هێڵمۆت کۆڵ نارد بەفاکس پاشان تەلەفۆنم بۆ کردن تا وەڵامی وەربگرم وەلەپەیوەندی تەلەفۆنیدا هەموویم تۆمارکردووە و ئەونامەی بۆ نووسینگەی هێڵمۆت کۆلم نارد بەفاکس لە بەرواری ۱۹۹۸/۸/۱۸دابوو ئەوا لەخوارەوە دەقی نامەکە بەئەلمانی دەبینن.

An den kabiett
Der bundes kanzeler amt in bonn
18-8-1998 berlin

hakem tarik
fax – 03061280837

sehr geehrte meine dammen und herren.
Ich bitte ihren exzellenz sie konnen mich helfen, und ich ersuche ihnen mich zu behandlung unterihrem dach und ihrem Schutz weil ich fluch te von osterreichischer polizei. Dass die polizei seit anfange may haben gerate in meinem kopfein gebaut und wollen von mir ich spioniere fur osterreich und seit den ich bin ein modernste politische folter opfer von ostreichischer polizei, aber ich
Bin, unscuuldiger mensch und ich ersuche ihnen mich behanlung werden in deutschland und michunter schutzung in deutch land.
Ich inschulding ihnen wenn meinen brief gramatisch mengel haft ist
mit herzlichem respeckt
hakim tarik

وا لیرە کوردییەکەی لەبەر دەست دایە.

ڕێزو سلاو لەخانمان لەنوسینگەی ڕاوێژکار..

تکا لەبەرێزتان سەروەریتان دەکەم کە بتوانن من یارمەتی بکەنو تکاتان لێدەکەم من چارە بکەن لەئەلمانیا کەمن لەژێر سایەی ئێوەدام چونکە هەڵهاتووم لەدەست پۆلیسی نەمساوی کە دەزگایەکیان خستۆتە ناو مێشکمەوە لەسەرەتای

انگی (٥)ی ئەم ساڵەوە وە ئەیانەوێ سیخوڕیان بۆ بکەم کەمن تازەترین قوربانی
ەشکەنجە دراوی رامیاریم لەلایەن پۆلیسی نەمساوە کە من مرۆڤێکی بێگوناهم
ەروەها تکاتان لێدەکەم کە چارەم بکەن‌و لەئەلمانیا بم پارێزن، داوای لێبوردنتان
ەدەکەم کە نامەکەم لەڕووی ڕێزمانەوە ناتەواوە وە ئەمە ژمارەی فاکسی نوسینگەی
ێلۆت کۆڵە

ەگەڵ ڕێزوسلاوم دا

-fax -0049228 56237

حکیم طارق.

پاش چەند ڕۆژێ دوای ئەم نامەیە تەلەفۆنم کرد بۆ نووسینگەی ڕاوێژکار هێڵمۆت
ڵ بۆپرسیار کردن لەم فاکسە لەوەلامدا گوتیان فاکسەکە گەیشتووە و نزیکی
فتەکەی‌تر بۆ ئەنجامەکەی تەلەفۆن بکەرەوە ئەوە بوو پاش هەفتەیەکی‌تر دیسان
ەفۆنم کردە وە وتی پێم من بڕوا ناکەم وایان لەتۆکردبێ. وتم بۆچی بڕوا ناکەی؟
ی ئەگەر ئامێرێکی والە مێشکی تۆ بەکارهێنرابێ ئەوا مێشك دەمرێت وتم نەخێر
ستە ئیستا چیم بۆ دەکەن. لەوەلامدا گوتی ئێستا ناتوانین بەلام چاوەڕێبە
اوەڕاستی مانگی(٩)دا وەلامت دەدەینەوە وە وا دەنگیم لەسەر شریت تۆمار
ردووە کەچی وەلامی من دەداتەوە وەمنیش لەوەلامدا گوتم کەناتوانم
انگی(٩)چاوەڕێی وەلام بکەم. و سوپاستان دەکەم خودا حافیز.

ڕۆژی ١٩٩٨/٨/١٠ نامەیەکم بە ئەلمانی نووسی لەناوەندی کوردی بەرلین کە
کی ئەڵمانی لەوێ بوو نامەیەکی بۆم نووسی وە والێرەدا پوختەی نامەکە بە
دی نووسراوەتەوە وەمنیش ئەو نامە ئەلمانیە کەبۆ -ai- لەندەن بوو لەگەڵ

هەندێ بەڵگەنامە بۆیانم فاکس کرد وەبۆزانین هەموو بەڵگەنامەکان لەشوێنی جیادا لەم پەرتوکەدا هەن.

سلاو و ڕێز بۆ خانمان ئاغایان لە ڕێکخراوی مافی‌مرۆڤی جیهانی –ai–.

من لەساڵی ١٩٩٢ وەك پەناهەندەی رامیاری دان پێدانراوم لەنەمساو لەساڵی١٩٩٤وە لەگەڵ گروپی –ai–کاردەکەم لەنەمسا وە من هیچ پەیوەندی رامیاریم لەگەڵ پارتە بەرهەڵستاکارەکان نەبووە بەڵام ماوەیەکی درێژە ئارەزووم هەبووە لە زانستی پاراسایکۆلۆجی‌و دەربارەی ئەم هیوایەتە گرفتم بۆ بووە لەگەڵ پۆلیسی نەمساوە ڕەنگە وایان هەست کردبێ کە من دژی نەمساکار دەکەم وە هەمیشە گرفتی گرانیان بۆ من دەکرد وەڕۆژی١٩٩٨/٢/٢ چوومە پۆلیسی شارۆچکەی شتایەر کەبانگیان کرد بووم، وتم چیتان لەسەر من هەیە، لەوەڵامدا وتیان هەڕەشەت لەکەسێك کردووە بۆ کوشتن وە ویستیان بم دەن بەدادگاوە لەتەنشیت و ڕووە وێنەی منیان گرت گوتم ئەندامی ئەمنستیم –ai–وەلەگەڵ من ئامادە دەبن لەدادگادا، لەبەر ئەوەی بێگوناهم منیان تاوانبار کردبوو کە دەمانچەم لەماڵەوە شاردۆتەوە کەهاتبون لەگەڵم ماڵەوەیان پشکنی و بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە لەمەوە زانیان هیچیان پی‌ناکرێت لەڕۆژی ١٩٩٨/٢/٢٤دادگای شاری شتایەر بەنووسینی نامەیەك بۆ من نووسیبووی کە هیچ تاوانبار نیەوهیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە ئەوا کۆپی نامەی دادگا لەگەڵ دایە، لەدوای نامەی دادگالەگەڵ گروپی–ai– پەیوەندیان کردو پێیان گوت لەنامەیەکدا کە نووسیبوویان من مرۆڤێکی ئاشتی خوازم و بەدانوساندن گیروگرفت چارە دەکەم کەوا کۆپی ئەو نامەیە لەگەڵتایە وە ئەم نامەیەش گروپەکە ناردیان بۆ دادگای شتایەر.

وە لەڕۆژی ١٩٩٨/٣/١٣نامەیەکم نووسی بۆ راوێژکار د.ڤیکتۆر کلیما کەوا پۆلیس دەربارەی هیوایەتەکەم گرفتی گرانم بۆ دەکەن وە تاوان بار دەکەن لێرەدا کۆپی ئەونامەیە لەگەڵ دایە.

پاشان ڕۆژی ١٩٩٨/٣/٣١وەڵامی ڕاوێژکارم بەدەست گەیشتەوە کەناتوانێ بەشداری گیرگرفتی من بکات کە لەگەڵ پۆلیس هەمە لێرەدا کۆپی وەڵامی نامەی راوێژکاریش لەگەڵدایە وەپاشان سکرتێری -ai–ی نەمسا ئاغای پاتسێلتم بە فاکسێك ئاگادار کرد کە پۆلیس پیلانی مەترسیدار دژ من دەکەن وە پۆلیس کامیرایەکی نهێنی بەرانبەر ژوورەکەی من لە باڵەخانەیەکی‌تر دانابوو بۆ چاوەدێری کردنی ووری‌دی ناو ژوورەکەم وەهەروەها لەناوژوورەکەشم دا.

ە لەسەرەتای مانگی پێنجی ساڵی ١٩٩٨لەماڵی خۆم لەشتایەر خەوتبووم وە پاشان کە بەیانی هەستام هەستم کرد کە خەوێکی نائاسایی خەوتووم وە خەواڵو ووم کەپاشتر تێگەیشتم کە پۆلیس هاتوون دەزگای سیخوڕیان خستۆتە مێشکمەوە لەگەرامەوە بەرەو شارۆچکەی شتایەر هەستم کرد لەژێر ئەستێڵی گەرماوەکەم دا ئابلێکی کارەبایی پەستانی بەرز لێی بەستراوە بۆ ئەوەی من بکوژن. وە من چی‌بیر دەکەمەوە دەبێژم بەهۆی دەزگای ناو مێشکمەوە بەناوەندی لای خۆیان دەگات.

ەلەماڵەوە لەتەفزیۆنەکەم بەدەزگای کۆنترۆڵ کەلێیان بەستوو کە ناڵەکانیان کۆنترۆڵ دەکرد ئەوبوو لەڕۆژی ١٩٩٨/٧/٢٠نامەم فاکس کرد بۆ ڕاوێژکارو سەرۆك وەمارو جێگری ڕاوێژکار وەداوای یارمەتیم لێکرد بوون کەوەکو هاوڵاتیەك من ەماشابکەن بەڵام گوێیان بەمن نەدا . وە ویستیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان وەکو سیخوڕێك بەردەوام بەکارم بهێنن وە لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٧ وەنامەی پۆستی من گەڵ تەلەفۆنی ماڵیم لەژێر چاوەدێری پۆلیس دابوو وەبەڵگەی پۆستیشم هەیە ەنامەم کۆنترۆڵ بووە. بۆیە لە ڕۆژی ١٩٩٨/٧/٢٤نەمسام بەجێهێشت‌و هەڵهاتم بۆ

ئەڵمانیا وە لەبەرلینم ئێستا وە ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ نەمسا چونکە ژیانم لەمەترسیدایە وە من دەبێ چارەسەربکرێم وە ئەم ئامێرە سیخوڕیە لەمێشکم دەربهێنرێت وە پێوستم بەیارمەتی -ai-هەیە تکایە یارمەتیم بکەن وەئەوەی لەگەڵ منیان کردووە لەنێوان وڵاتاندا بەکارهێنانی قەدەخەیە وە بەئومێدی ئەوەی بتوانن کۆمەکم بکەن.

لەگەڵ سڵاوی هاوڕییانە.....

طارق حکیم

وەهەروەها ئێمەی کورد چۆن تەماشای یەکدی دەکەین‌و چۆن گفت‌وگۆ لەگەڵ یەکتری دەکەین ئەوان دەیانەوێ زانیاری لەسەرکورد وەرگرن کە چۆن لەیەکتری دەگەن وە هەڵس‌وکەوتی کورد چۆنە وە فەرهەنگی چۆنە وە تێگەیشتنی رامیاری چۆنە وە چۆن بەدەنگ یەکتروە دێن‌و تێکەڵ دەبن وە چۆن لەئەوروپی تێدەگەن کەواتە من لەڕۆژی یەکەمی بەکارهێنانی لێمەوە هیچ شتێکی نهێنیم نییە نووسین یان خوێندنەوە وە هەرشتێکی‌تر ئەوا هەمووی لەپێش چاوی ئەوانە وە ئەو کەسەی دەیناسم و دەبینم ئەوا وێنەو کردەوەی ئەویش تائەوکاتەی لەگەڵ منە لەناوەندی سیخورگە لای پۆلیسی نهێنی نەمسا هەیە وە کەسێك دەبینی پرسیارت لیدەکەن ئەو کەسە کێیە؟ ناوی‌چی‌یە کاری چییە؟ وە هەروەها من ئەو کات لەشتایەر بووم پۆلیسی نەمسا لەدوو کەس لەو شارۆچکەیە گومانیان هەبوو یەکیان نەمساوی ئەوی تریان خەڵکی تورکیایە بەمنیان گوت طارق ئایا ئەو دووکەسە کاریان چییە؟ ئێمە لێیان تێناگەین وە گوتیان تۆ بەڵکو بەتلەپاتی لێیان تێبگەیت منیش لەوەڵامدا گوتم پێیان ئەوانە هیچ شتێك نین ئێوە تێیان گەیشتوون وە هەر بەدڵنیایش ئەوان خەڵکی بێ دەسەڵات و بێگۆناه بوون بەڵام ئەو شوێنی پێیان ناخۆش بوو بەمنیان دەگوت مەچۆرە ئەو شوێنە بۆ نمونە ڕۆژێکیان لە شارۆچکەی شتایەر ڕێکخراوێك هەبوو وە هاتبوون ناو و ئیمزا کۆبکەنەوە بۆ پارێزگاری‌کردن لەناموسی منداڵان کەلەلایەن خەڵکی نەمساویەوە دەست درێژیان کرا بووە سەرو ولە ڕووی ڕووت پەڕیەوە بەکار هێنرابوون وە من ویستم بچم وەکو پاڵپشتێك ئیمزایان بۆبکەم بەمنیان گوت نابێ ئیمزایان بۆبکەیت‌و دوور بکەوەوە بەڵام لەکاتی تێکەڵی کوردەکاندا دەیان گوت طارق ئەوە کێیە و ناوی چییە و کاری چییە بەڵام من هیچم بەگوێ نەدەکردن تەنها کەخۆی کابرایەکی کوردە هەواڵی خۆی و زانیاری بۆم دەگێڕایەوە وە من لەزۆرکات دا دەمگوت من سیخورم زانیاری‌و نهێنی بۆ من

مەگێڕەوە کەچی زۆر لەکوردەکان گاڵتەیان پێم دەهات کەئەوەی من دەیڵێم راست نییە چۆن دەبێ بەو شێوەیە ئاگایان لەمن بێت و لەو کەسەش کە بەرانبەرمە گفت وگۆی لەگەڵ دەکەم وەیان لەهەندێ شوێنی خۆم دوور دەگرت و من نهێنی رابردووی خۆم پێش مایکرۆچیپ بۆهیچ کەسم باس نەدەکرد بەڵام تەنها بۆ هەواڵی نهێنی ئەڵبەتە ئەوان بەمن دەڵێن طارق چاوی وەکو چاوی ئێمە خەڵك وشتەکان نابینێ وەبەوتەی ئەوان چاوی من زۆر سەیر شت دەبینێت. ئەڵبەتە بۆ وەرگێران گفت وگۆی من لەگەڵ دەوروبەرم دا ئەوا لەناوەندی سیخوڕکە وەرگێڕی ئەلمانی هەنە کە خەڵکی ئەڵمانیا و نەمسان فێری زمانی کوردی و عەرەبی فارسی بوون چونکە من ئەو سێ زمانە دەپەیڤم و گفتۆگۆی پێ دەکەم وە وەری دەگێڕنە سەر زمانی ئەڵمانی و وەرگێڕەکان لەفێرگەی سیخوڕی فێری زمانی کوردی بوون وە لەدوای ڕاپەڕین سەردانی کوردستانیان کردووە کرمانجی و سۆرانی باش دەزانن لەزمانی کوردی دا.

وەدوای بەکارهێنان لەخۆم ئەم مایکرۆچیپە ڕۆژێ لەبەر ئاوێنە سەرم چاك دەکرد و سەرشانم رووت بوو مووی سەرم کەوتبوو بەسەریدا ولەوکاتەدا من سەری خۆم ئارایش و ڕێك دەخست راوێژکاری نەمسا ئاگای لەمن هەبوو وە من کە تەماشای ئاوێنەم دەکرد ئەوا وێنەی خۆم لەئاوێنە دەبینی وەبەهۆی ئاوێنەوە ئەوانیش منیان بینی و وەراوێژکاری نەمسا ڤیکتۆرکلیما گوتی ئەم قەرەجە چییە بۆ منتان دۆزیوەتەوە کەبەسەر پۆلیسی خۆیدا هاواری کرد.

وەڕۆژێك لەشارۆچکەی شتایەر پیاسەم دەکرد سواڵکەرێکی شڕو پیسی نەمساوی لەناو شارۆچکەی شتایەر هات وچۆی دەکرد وە چڵکنێکی قاچ ڕووت بوو کە من سواڵ کەرەم بینی راوێژکاری نەمسا د. ڤیکتۆر کلیما هاواری کرد ئەم پیسە چییە لەناوشتایەر دا سواڵی دەکات مەهێڵن لەناو شاردا بسوڕێتەوە و سواڵێ بکات خۆ

ئێمە کورد نین سوالْ کەرمان هەبێت وە ئەمە دواهەمین جار بوو کابرای سوالْکەرمان بینی‌و چیدی نەم بینی‌و وەوای پێ‌دەچێت کە پۆلیس بەووتەی ڕاوێژکاریان سوالْکەرەکەیان کوشتبێ مەبەستم راوێژکار د.ڤیکتۆرکلیمایە .

وە من کەڕۆژنامە بەتایبەتی ئەلمانی وڕۆژنامە بەگشتی کەم دەخوێنمەوە وە یان ناخوێنمەوە بەلاْم بەیانیان هەستم دەکرد ڕاوێژکار دەیگوت طارق ڕۆژنامە ناخوێنێتەوە من دەنگ‌وباسی ئەو کوردانەی کەلە ئەلمانیا بینیومن‌وجۆرێکن ئەوا زانیاریان پۆلیسی نەمسا داویەتی بەپۆلیسی ئەلمانیا وەهەروەها کوردەکانی بەریتانیاش پۆلیسی نەمسا زانیاری لەسەر یان داویەتی بەپۆلیسی بەریتانیا بەتایبەتی ئەو کوردانەی کە ووتەو کاریان دیارە وە من لەبەر ئەم هۆیانە بوو کەخۆم دەپاراست و نەم دەویست زانیاری و هەواْلی نهێنی بۆ من بگێڕنەوە، وە من ئەو کاتی لەنەمسا بووم راوێژکار سەرۆکی پۆلیس‌وئەوانی‌تر بە-PKK- یان دەگوت تیرۆریست وە زۆر دژایەتی -PKK-یان دەکرد و زانیاریان لەسەر دەدان بەپۆلیسی نهێنی تورکیا -میت- بەتایبەتی جم‌وجۆڵی کوردەکانی باکوری کوردستان لەنەمسادا وە هەروەها هەموو کوردی پارچەکانی تریش کە پەیوەندیان لەگەلْ -PKKهەبوو وە یان هات‌و چۆی کوردی باکوریان دەکرد.

لەمانگی ١٩٩٨/٦کەکۆڕێکی هۆنەری عبدالله پەشێو بوو و من کوردێکم بەناوی(ب)دی‌و بە د.احمدم گوت سیخورە چونکە پۆلیس گوتی (ب) پەیوەندی هەیە لەگەلْ ڕاوێژکارمان وەکارمان بۆدەکات ئەندامی پارتی SPÖ یە بەلاْم هیچ نازانێت دیاربوو پۆلیس ئەویان بەدلْ نەبووە چونکە پەیوەندی لەگەلْ ڕاوێژکار هەبوو وە من گفت‌وگۆم لەگەلْ هەر کەس بکردایە لەکوردەکان دەمزانی لەگەلْ پۆلیسە یان نا هەواْلْ بۆ پۆلیس دەبات چونکە پۆلیس ئەو کاتەی کوردی دەبینی دەیان گوت ئەوەش بۆئێمە کار دەکات وە پۆلیس گاڵتەیان بەکورد دەهات دەیان

گوت سیخوری لەسەرخۆیان دەکەن بۆ ئێمە وە من لەوەڵامدا دەم گوت پێیان ئەی ئێوە چەند سیخوڕتان هەبوو کەدوای ساڵی ١٩٤٥کەنەمسا لەلایەن ڕووسیاوئەمەریکاو بەریتانیاو فەرەنساوە داگیرکراوە گوتم تاکۆتایی جەنگی ساردیش نەمسا جێی تەراتێنی سیخوڕەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بوو کەخەڵکی نەمسا دەوڵەتیشی هەبوو کەچی سیخوڕی دەوڵەتانی تر بوون.

وە من کاتێ کچ‌وژنی کوردم دەبنیی دەیان گوت کچان و ژنانیشیان وەکو پیاوانن ئێمە لێیان تێناگەین وەرگێڕەکان کە لە ناوکورد ژیا بوون دەیان گوت کچ‌وژنی کورد لەکچ‌وژنی ئێمە جیاوازە بەڵام من تەماشای کچ‌وژنی کوردم نەکردووە چونکە من بۆ کچ‌وژنی ئەوروپی کە تەماشایان دەکەم بەڕووتی دێنە پێش چاوم لەمێشکم دا وە وێنەکەی لای پۆلیس وەکو مێشکی من هەیە بەهۆی کۆمپیوتەرەوە کەلایانە دەیخوێنێتەوە و بەوێنە پێشانی دەدات بەئەڵمانی پێی دەڵێن einbilden.

وەهەروەها زۆر جاران لەئاهەنگ‌وسیمینواردا کە هەڵپەرکێ‌بووە دەیان گوت سەما و هەڵپەڕکێی کوردی وەك هی ئێمەنیە بۆچی‌کچ و کوڕیان باوەش بەیەکتردانا‌کەن‌و یەکتر ماچ ناکەن وەرگێڕەکە دیسان بۆ پۆلیسی ڕوون دەکردەوە کە کوردان وەك ئێمە نین داب‌ونەریتیان جیایە هەروەها لەساڵی ١٩٩٨ لەلەندەن کەسیمینارێکی کۆنگرەی نیشتمانی بوو وە لەوێش پاش وتار خوێندنەوە هەڵپەڕکێ‌و ڕەش بەڵەك دەستی پێکرد وەرگێڕەکان دەیان گوت کورد زۆرحەز بە هەڵپەرکێ‌و گۆرانی دەکات وە من نەم دەهێشت خەیاڵ و مێشکم بڕواتە ناو ژن‌وکچانەوە چونکە وەکو گوتم لەوێ پۆلیس وەك مێشکی منی دەبینی وە نەشم ویستووە نیاز و ئارەزووم بخەمە لای هیچ کچ‌وژنێکی کورد هەر لەبەر هۆی ناوبراو بەڵام لەبینین‌وتەماشاکردنی کچ‌وژنی کورد ئاسایی تەماشام دەکرد بەڵام بەبێ بیرکردنەوەو خەیاڵ لێکردنەوە وەمن هەستم بەوە کرد کەمن سەیری هەرچییەك بکەم ئەوان وەکو من دەی بینن بۆیە دەهاتم

سەیری تیشکی رۆژم دەکرد کەئەوان لەتەماشا کردندابەرچاویان دەکەوت پێیان ناخۆش بوو وە بێزاردەبوون ولایان ناخۆش بوو، وە دەیان گوت طارق چۆن وا لەئێمە تێدەگات.

وە من وەکو ئەزموونی خۆم لەگەڵ مایکرۆچیپدا دەڵێم تازەترینو بەتواناترین پیشکەوتووترین ئامێری سیخوڕیە ونهێنیترینە وە هەموو شتێ بەدەنگ و وێنەو بەڵگەوە ڕەوان دەکات وە وەبەڵگەنامە و هەموو شتێکی نهێنی لەڕێگەی بەکارلێهێنراوە وەر دەگیرێ بۆ مەبەستی خۆی هەربە هیچ کەس ئاشکرا نابێ کەبەکارلێهێنراو سیخوڕە مایکرۆچیپی لەمێشکدایە وە ئەمەریکا بەخۆیو بەدۆستەکانیەوە بەکاری دەهێنێ لەجیهاندا وە دووری بەکارلێهێنراوی مایکرۆچیپ لە هەرشوێنێکی جیهان بێت جیاوازی نییە چونکە لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە شەپۆلەکان وەردەگیرێن و دەنێرێنەوە.

نەمساوی بەگشتی بەچاوی سەیروجیا لەخۆیان تەماشای خەڵکی باڵاکورت و مام ناوەندی دەکەن چونکە خۆیان باڵایان بەگشتی درێژە بۆیە من کاتێ مام جلال و د.فوئاد مەعصومم بینی لەنوسینگەی ی.ن.ك لە لەندەن وتیان ئەمە بەژنوباڵایانەو کەسایەتیو ناسراویان ئەو هایە منیش لەوەڵامدا بەپەندی کوردی گوتم گوندۆرە بەرەنگی نییە.

وەمن گوتم سیخوڕی کورد بۆ ئێوە لەناچاریەوە کەفشاری ئێوەی لەسەرەو لەترسان دایە وەیان لەبرسان دایە وەجگە لەمەش ئێمەی کورد دەوڵەتمان نیە، بەڵام سەرئەنجام هاتنە سەر ئەوەی بڵێن لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٩دا کورد سیخوڕی بۆ خۆشیان دەکەن و بۆ ئێمەش، ڕۆژێ کاسێتێکم کردە ڤیدیۆی تەلەفزیۆنەکەم لێم دا کەلەسەر مێژووی کوردو نەژادی کورد بوو کەزۆر لەپێش زانین دەدوا هەروەها دێرینی شاری حسن کەیفی دەگوت، کەچیپۆلیس هەستم کرد دەیگوت میللەتی

کورد ئەوەندە میللەتێکی کۆنن کەنەمان زانیوە کەچی ڕاوێژکاریان گوتی میللەتی کوردو شارستانی کوردلە هەرە کۆنەکانە پۆلیس دووبارە هەڵی دایە گوتی لە جوولەکەش کۆنترن دووبارە ڕاوێژکاریان گوتی لەجولەکەش کۆنترن.پاشان ڕاوێژکاریان گوتی کوردوشارستانی کورد زۆر پێش جوولەکە کەوتووە، وە منیش گوتم کە ڕاستە باوکوباپیرانی پەیامبەرەکانیش کوردبوون بەڕەچەڵەك وەکو باوکوباپیرانی عیسی موسی ئەوانیتر.

ئەوکاتەی لەئەلمانیا بووم و تێکەڵی کوردی باکوور بووموو بۆیانم باس دەکرد کێشەو گیررگرفتەکەم بۆیانم دەگێڕایەو کەپۆلیسی نەمسا چیلەمن کردووە وە من سیخوری نەمسام لەم کاتانەدا پۆلیسی نەمسا سەرنجی کوردی باکووری دەدا کەچەند گوێ ڕایەڵنو بەدیسپلین وە دەیان گوت ئێمە لە pkkتێناگەین چۆن ئەوها پارە دەدەنو خواردن دەفرۆشنو دەکرنوپارە کۆدەکەنەوە وە دەیان وویست من لەناو pkkدا سیخوڕیان بۆ بکەم چونکە وایان هەست دەکرد pkk لەمایکرۆچیپ تێناگەن وە لەو سەریشەوە بە pkk یان دەگوت طارق سیخوڕە لەناوتان، بەڵام من هەر لەنەمسا دەرچووم بەناو کوردەکاندا بڵاوم کردەوە کەمن سیخوڕی نەمسام ئەو کاتێ لەبەرلین بووم مامۆستا جمال نەبەزم بینی پۆلیسی نەمسا گوتیان ئەمە جمال نەبەزە ، طارق پەیوەندی لەگەڵیادا هەیە منیش زۆر گفتوگۆم لەگەڵ مامۆستا جمال نەبەز نەدەکرد لەبەر ئەوەی زانیاری نەگات بەپۆلیسی ناو ئەڵمانیا دەربارەی ئەوکە لەمێژە کەسایەتی ئەو لەژێر چاوەدێریدایە، هەروەها کاتێ سیخوڕی خۆمم بۆ کوردەکان دەگێڕایەوە ئەوەی لێم تێبگەیشتایە پۆلیسی نەمسا پێی ناخۆش بوو وە ئەوەی لێم تێنەگەیشتایە پێیان خۆش بوو دەیان گوت طارق کەس بڕوای پێناکات وەگاڵتەیان بەکورد دەکرد کەنارێكو کورتە باڵان بەڵام نمونەم هێنایەوە گوتم خۆ چینیەکان هەموو بچوکن کەچی زیرەکن وخاوەن شارستانی گەورەن

وەیابانیەکانیش بەهەمان شێوە، وەگوتم ڤێتنامیەکانیش هەربچوکن بەڵام چەند جەنگ زان بوون خۆیان لەسێ داگیرکەر ڕزگارکردووە، وەهەروەها لە سەرەتاوە بەمنیشیان دەگوت بالاً مام ناوەندییەو کورتە.

ئەوتێبینیانەی پۆلیسی نەمسا لەسەر کوردی وەرگرتووە کە کورد هەندێکیان دەمووچاویان لەکاتی گفتوگۆکردندا گرژدەبێت وە دەستیان دەجوڵێنن و دەردەکەون کە توڕەدیاربن. وەمن لەوەڵامدا دەم گوت کورد تورە دیارنییە بەڵام بەهۆی زۆر خەمووگیروگرفتەوە دەمووچاویان وا دەبینرێت کە تورە دیاربن یان ئاگایان لەخۆیان نەبێت لەبەر بیرکردنەوەی زۆریان چونکە مێشك زۆر بەکارهێنان کار دەکاتە سەر دەمووچاو کەئەمە لەئینگلیزداهەیە.

لەمانگی (٦)دابوو لەساڵی ١٩٩٨کۆڕی هونەری عبدالله پەشێو بوو وە لەوێ عبدالله پەشێو هەندێ هۆنراوەی خوێندەوە کە سەرنجی راوێژکاری نەمسا و پۆلیسی نەمسای ڕاکێشا و گوتیان ئێمە هۆنەری وامان نیە، وەلەکۆڕەکە چەند کەسێکم بینی لەکورد کەپۆلیس دەیگوت کار بۆ ئێمە دەکەن مانای هەواڵ بۆ پۆلیس دەبەن کەلەم پەرتوکەدا ناتوانم ناویان بێنم وەکوردێکی برادەرم کە خەڵکی سوریا بوو (دکتۆر. احمد)وتی پێم نەمانزانی کە بۆ پۆلیس کاردەکەی کە ئەو بەزمانیتر گوتی ئاژانس دەدەیئەڵبەتە من کاتێ خەریك بووم فاکسێکی بۆ ماڵەوەی بکەم بەڵام نەم کرد، وەپۆلیس چوبوونە ماڵەوە بۆ سەری لەمانگی(٥)ی١٩٩٨ دا پێیان گوتبوو طارق بەڵگەی لای تۆداناوە ئەوەبوو پاش چەند ڕۆژێ نامەو پەرتوکەکانی بۆ من بەپۆستدا ناردەوە و گلەیی کردبوو کە من جارێکیتر پۆستی ئەو بەکارنەهێنم، بۆیە لەکۆڕی هونەری عبدالله پەشێو کاتێ دوکتۆرم بینی پێم گوت من ئاژانس بۆ پۆلیس نابەم لەگەڵ پۆلیس نیم، بەڵام شتێکیان لەمن کردووە جارێ ناتوانم بیڵێم و ئاشکرای بکەم ئەوە بوو دڵی هاتەوە سەرخۆی وە دووبارە متمانەی پێم کردەوە وە دەربارەی

بینین هەرچییەك دێتە پێش چاوی من ئەوا دەبێ بزانن چییەو ناوەکەی دەڵێن کە زۆرشت هەیە لەکاتی بینیندا سەرنجی من ڕاناکێشێ بۆیە هەست بە بینین‌وناسینی ناکەم، و من لێرە لەلەندەن هەموو ئەو کوردانەی ناسیومن و ئەوەی بەجۆرێکە وێنەو دەنگی دراوە بە پۆلیسی بەریتانیا وە من هاموشۆی هەموو کوردەکانیش دەکەم وەکاتێ گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی دەخوێنمەوە وتارو نووسراوە کوردیەکانیان بەتێزوپێز دێتە بەرچاو و گوێ و دەڵێن کورد هەموو شتێك دەنووسن و بڵاوی‌دەکەنەوە کە ئازادی هەیە لەکۆڤار وڕۆژنامەکانیان وەکو گۆڤارو ڕۆژنامەی ئێمە نین.

وەدەڵێن زۆر ڕەخنە دەگرن‌و لەئێمەی ئەورووپی باش تێدەگەن نەمان زانی کورد ئەوها وریان لە ئێمە زوو تێدەگەن دەشزانن پەیوەندیمان لەگەڵ داگیرکەرەکانیان چۆنە و وەکێ چەك بەداگیرکەرەکانیان دەفرۆشێ وەدەشزانن ئەورووپا سیخوڕی لەناو کوردان پەیداکردووە وە من هەرچیم نوسیوەتەوە لای ئەوان تۆمار کراوە چیشم خوێندۆتەوە بەهەمان شێوە و چۆن نامەم ناردووە بۆ پارتە کوردیەکان ناوی هەموویان تۆمارکراوە وەبەتەلەفۆن پەیڤینم لە گەڵ کێ‌کردووە تۆمار کراوە.

وەهەموو کوردەکانی نەمسا ئەوانەی من دەناسن پۆلیس پرسیاری منی لێ‌کردووە بەتایبەتی ئەوانەی پتر هاتووچۆم کردون بەکارلێهێنراوی مایکرۆچیپ جگە لەوەی سیخوڕە لەسەر ژینگەی‌و کۆمەڵەکەی‌و سیاسەتی میللەتەکەی هەروەها سیخوڕە لەسەر بەکارهێنراو خۆشی مانای من جگە لەوەی سیخوڕم لەسەر کوردان بەگشتی‌و پارتە سیاسیەکان هەروەها سیخوڕم لەسەر خۆشم بەوەی دەیانەوێ بزانن لەژیانمدا چیم کردووە وەکو کاری ڕامیاری‌و ڕۆشنبیری‌و زانستی وەهەروەها ئەو فێربوونەی فێری بووم کە ئەزموونە ئەوا لێم دەدزن‌و کەزۆری بەکەڵکی ئەوان هاتووە وە پۆلیسی نەهێنی نەمسا وراوێژکاریان دانی پێدادەنێن کە ئەزموون و زانست و

رامیاری زۆر لەمنەوە فێربوون وەمن کاتێ سەیری ڕۆژنامەی کوردی و ئەرەبی دەکەم ئەوا من جۆرێك تێدەگەم و ئەوان جۆرێکی‌تر تێدەگەن وە زۆر جاران تێگەیشتنی من دروست تر بووە لەهی ئەوان وەلێرەدا کەڵکیان لەتێگەیشتنی من وەرگرتووە وە هەروەها لەتەماشاکردنی تەلەڤیزیۆندا بەهەمان شێوە کەڵکیان لەتێگەیشتنی من وەر گرتووە بەتایبەتی ئەوکاتی لەنەمسا بووم تێدەگەیشتم لەزمانی ئەلمانی وە کەناڵی تەلەڤیزیۆنی عەرەبیشم هەبوو، بێگومان سیخوڕی بەمایکرۆچیپ گەلێك مەترسیدارە و چونکە من کوردم و لێم بەکارهێنراوە ئەوالەکورد زۆر باشترتێدەگەم بەلام خەڵکی بێگانە ناتوانێ وەکو کوردێك تێبگات بۆیە دەزگای سیخوڕی ئەوروپا دەڵێن ئێمەلە کورد واتێ‌نەگەیشتبووین وە جۆری‌تر تێدەگەیشتین بەلام ئێستا بەهۆی طارق وە تێ‌دەگەین کە داب‌ونەریتی کورد چۆنە زۆر پتر لەوەی کە تێگەیشتووین وە بۆ سیخوڕی لەسەر خۆکردن ئەوکاتەی بەبیرتا دێت کەپاش هەفتەیەك یان چەند ڕۆژ دەتەوێ کەسێك ببینی ئەوا لای خۆیان تۆماری دەکەن کەتۆ لەو بەروارەی ئایندەدا کارێك دەکەی یان سەردانی کەسێك دەکەی ولەگەڵی کۆدەبیتەوە.

وەهەر بەهۆی بینینی چاوەوە لەکاتی بینینی کەسێك یا شتێك دا ئەوا من جۆرێك مەزەندەی ئەو شتە و ئەو کەسە دەکەم لەم کاتەشدا ئەوان بەهەمان تێگەیشتنی من مەزەندەی دەکەن ئەمە لەکاتێکدا کە من ئاگام لەخۆم بێت وە هەروەها ئەگەر بیر بخووێنمەوە بەهەمان شێوە ئەوا من چۆنم بیر خوێندۆتەوە وەك من تێدەگەن وە یان من لەمێشکمدا چۆن لێکی بدەمەوە ئەوان وەکی من لێکی دەدەنەوە جا ئەگەر بیرکردنەوەکەم و تێگەیشتنم هەڵەبێ ئەوا وەك من لەزۆر بوارا هەڵە وەری دەگرن.

بەڵێ بەهۆی منەوە لەمێکشی کورد تێ‌گەیشتوون چۆنە وەتێ‌گەیشتوون کەمیللەتی کورد چۆنە و وازناهێنێ لەمافی‌خۆی وە کەئازایی و زیرەکی نەریتی کوردانە وەکورد ئامادەیی تێدایە کە زوو شت‌وزانست و دەوروبەر فێر دەبێت، وە دەڵێن

ئیمە بەهۆی طارق و کەبینیومانە ئەوا خەلکی نەمساوی و ئەورووپیمان لەپیش چاو کەوتووە کە طارق زۆر زوو شت تی‌دەگات و لەئیمە باشتر لە ئەورووپی تیدەگات بەگشتی بەهۆی هەموو ئەو کوردانەی ئەم ئامیرە سیخوریەیان لی‌بەکار هینراوە ئەوا گەلیك پتر تی‌دەگەن وەك لەو تیگەیشتنە ئاسایی‌یەی کە پیشتر هەیان بوو، کەئەمەش هەم کەلك وەهەم زیان بەکورد دەگەیەنی.

* * *

هەستی بیستن:-

هەستی بیستن بۆ سیخوری رۆلی دووەم دەبینی دوای چاو وە بیستن هەموو دەنگەکانی جیهانی دەرەوەی میشك دەدات بە ناو میشك وە مایکرۆچیپەکە لەناو میشك وەری دەگریت بەشیوەی شەپۆل دەیدات وەمانگی دەستکرد شەپۆلەکان وەردەگریت من ئەوکاتی گفت‌وگۆ لەگەل کەسیك دەکەم ئەوا من هەرچیم گوی لییە کە دەنگەکان دەچنە میشکەوە لەناو میشکدا شیوەی دەنگەکە بەری دەکری لەریگەی مایکرۆچیپەوە بۆ ناوەندی سیخورگە (لای پۆلیسی نهینی)وە ئەوان دەنگەکان وەردەگیرنە سەرزمانی ئەلمانی و ئینگلیزی وەتۆماری دەکەن لای خۆیان وە ورگیرەکان کرمانجی‌وسۆرانی باش دەزانن وە هەروەها عەرەبی فارسی‌وتورکی باش دەزانن، وە لەکاتی دوای راپەرینەوە لەکوردستانی باشووربوون هەندیکیان و من ئەوکاتی لەناو کۆمەلیکدا گفت‌وگۆ دەکەم‌و ژمارەی دەنگ بیژان زۆرن لەم کاتەدا وەرگیرەکان فریای وەرگیران نەدەکەوتن وە بەخۆیان دەگوت فریا ناکەوین وە بەتۆمارکراوی ئەو گفت‌وگۆیانەیان هەلدەگرت بۆکاتیکی‌تر وەریان دەگیرایەوە ئەلبەتە ژمارەی وەرگیرەکان وەکو من تیگەیشتووم شەش کەس بوو بەلای کەمەوە بەسی‌کات شەفت وەرگیران دەکەن وەهەر شەفتەی هەشت کاژیر

دەبیت، وەجگە لەوەی کەمن گفت‌وگۆ لەگەل بەرانبەرەکەم دەکەم لەهەمان کاتیشدا لیکدانەوەوبیرکردنەوە لەناو میشکدا هەیە کە دیسانەوە ئەمیش وەردەگیرن بۆ سەرزمانی ئەلمانی.

دەربارەی پەندی‌پیشینانی کوردی کە من زۆر بەکاری دەهینم ئەوا سەرۆکی پۆلیس‌و راویژکاری نەمسا دەیان گوت ئەمە چیە زمانی کوردی تیی‌ناگەین زمانەکەیان ئەوەندە دەولەمەندە لەوشەدا وە خۆشیان ئەوەندە زیرەکن ئەو هەموو پەندەیان هەیە کە لەسەرەتاوە پۆلیس وای دەزانی ئەو پەندانە وتەی خۆمن تا رۆژیك وەرگیرەکان گوتیان ئەوانە پەندی کوردییەو کەلەپووری زمانەکەیانە وە جگە لەمەش زمانی کوردی لەئامادەو نادیاردا گفت‌وگۆدەکات بۆ ئەوان گرانە لیی تیبگەن لەکاتی وەرگیراندا بەتایبەتی پەندەکان ئەگەر خۆم ماناکەی نەبیژم ئەوا تی‌ناگەن وە یان دەچن لەکوردەکان دەپرسن کە ئەم پەندو وشانە مانای چییە وەرگیرەکان دەیانگوت ئیمە وەکو کورد ناتوانین لەپەندی کوردی تیبگەین وەکو ئەم پەندانە تیگەیشتن لە خواردن خۆشترە، هەمووتان جاشی ماکەریکن ئیوە گورگن و لەپیستی مەردان مانای فاشین‌و لەپیستی دیموکراتیدان وەتاد...

وەهەروەها زۆربەی ئەو زانیاریانە کەبەکەلکن داویانە بە تورکیا و هاوکارەسیخوریەکانیان لەئەوروپا وەپاش گرتنی عبدالله ئوجەلان هەستم کرد دەلین کوردان رکیان لەئەمەریکایە کە ئوجەلانی بۆتورکیا دەستگیرکردووە وە کورد زۆر رقیان لەتورکە و تورکیایە وەدەبی مرۆڤ تیبگات ئەگەر بۆبازرگانی کردن بەکوردەوە نیە بۆچی دەزگاکانی سیخوری ئەوروپا زانیاری دەدات بە دەزگای سیخوری تورکیا - میت -؟ وە لەدوای راپەرینی کوردستانی باشور زۆر لەئەوروپییەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەولی فیربوونی زمانی کوردیان داوە وە چوونە کوردستان تا زمان فیربن وە زۆر لەو ریکخراوە خیرمەندانەی کوردستان کار

بۆ دەزگای سیخوڕی ئەمەریکا و ئەورووپا دەکەن و خۆیان پۆلیسی نهێنی نەمسا دەڵێن ئێمە لەگەڵ دەزگای سیخوڕی ئێران ڕێکەوتین بۆ کوشتنی د. عبدالرحمن قاسملۆ و هاوڕێکانی لە ڤیننا بەرامبەر بازرگانی‌کردن لەگەڵ ئێران وە دیارە بەوتەی خۆیان کە ئەمەریکا ڕێگەی بەنەمسا داوە بۆ تیرۆرکردنی قاسملۆ لەڤیینادا تا دەزگای سیخوڕی ئەمەریکا لەڕێگەی نەمساوە بتوانێ زانیاری لەناوەندی ئیران دەست بکەوێ وەهەروەها بالوێزی نەمسا لەتاران ڕۆڵی خۆی ببینێ بۆ ئەمەریکا وە پۆلیس دەڵێن بەیەکتر وریا بن طارق بەڵگەی پتری دەست نەکەوێت و نهێنیمان پتر نەزانێت وەهەروەها پارتی سەوزی نەمسا لەکاتی دادگای میکۆنوسی ئەلمانیادا پۆلیسی نەمسای تاوانبارکرد بەوەی تیرۆریستەکانیان بەڕێکرد بۆ فرگە تا بەرەو ئیران بچنەوە هەرچەندە ئەم هەوڵەی پارتی سەوز بۆ بەهێزکردنی پێگەی رامیاری خۆی بوو بەرانبەر بەپارتی سۆسیال دیموکرات – spo– کە فەرمان راوابوون‌و تاوان بارن لە کوشتنی قاسم لوودا وەپۆلیسی نهێنی نەمسا پتر لەم پارتە پێك هاتووە پارتی فەرمانڕەوا نەك بەرهەڵستکار کەتەمەنی ئەم پارتە لەنەمسا نزیکەی سەدساڵ پترە.

هەروەها پەیوەندی تورکیاو نەمسا تا ساڵی(٢٠٠٠) گەلێك خۆش بووە وە نەمسا ڕێگای بۆ تورکیا خۆش دەکرد کە بێتە پەرلەمانی ئەورووپی‌یەوە وە تورکیا هەروەها داوای زانیاری لەنەمسا دەکرد لەسەر pkkو پارتەکانی تری کوردستان‌و جمۆوجۆڵی پەناهەندەکان بەرامبەر بە تورکیا ڕێگەی ئاڵو ویڵی بازرگانی‌و پیشەساز بدات بە نەمسا لەتورکیادا وەهەروەها پەناهەندەیی کەم بکرێتەوە بۆ کوردی تورکیا وە لەنیوەی دووەمی نەوەدەکان بەدواوە پەیوەندی تورکیا و نەمسا پتر بۆ بەرژەوەندی تورکیابوو لەنەمسا وە بەرامبەر بەمە نەمسا ڕێگەی کردنەوەی نوسینگە و چالاکی‌و رامیاری بە pkkدا لەنەمسادا وە pkkبەم ڕێکەوتنە هەڵخەڵەتان تا دەست گیرکردنی

عبدالله ئوجەلان وە لەنەوەدەکاندا سەرۆك کۆماری تورکیا (مەبەست دوای ساڵی ١٩٩٥سەردانی نەمسای‌دەکرد بۆ کاروباری‌ناوخۆی تورکیا و نەمسا وە نەمسا مرخی خۆیان لەوەش خۆش کردبوو کەفریا بکەون ئەو بۆریە نەوتانەی سەر دەریای خەزەر کە دێتە بەندەری جیهان لەدەریای سپی ناوەڕاست پشکیان بەربکەوێ وەئاڵ و گۆڕی بازرگانی‌و پیشەسازی لەنێوانیاندا پتربێت. وەلەمانگی ئایاری ١٩٩٨سەرۆك کۆماری نەمسا توماس کلیستل ئاماژەی بە تورکیا کرد وە بەوپرۆژەیەکرد وتی تورکیا دەبێتە ناوەندێکی ستراتیژی ئابووری بۆ ئەوروپا وە منیش پییانم گوت ئەمە تەنها خەیاڵ پلاویە بۆئەوروپا وەسەرۆك وەزیری نەمسا خۆی چەند جار دەیگوت ئەگەر کورد وەکو طارق سەر ڕەق بن ئەوا هیچمان پێ‌لەگەڵ ناکرێت وە وابەهۆی طارق وە لەکورد شارەزا بووین‌و تێ‌گەیشتین وە پۆلیسی نەمسا زۆر بەنهێنی جەخت دەخاتە سەر پەناهەندە کوردەکان‌و دەیەوێت بیانکات بەسیخوڕ و هاوکاری پۆلیس بەوەی کەبیر و بۆچوونی سەیر سەیر بلاودەکاتەوە لەناویان کەواز لەرامیاری و لەکورد بهێنن و بۆ خۆیان ژیانی خۆش بژین‌و کاربکەن‌و خۆیان دابڕن لەدۆزی کورد وە پۆلیسی نەمسا ئەم زانیاریانەیان پێ‌ناخۆشە کەبلاوم کردۆتەوە دەڵێین دەیهێنینەوە بۆنەمسا بۆچی‌چووە بۆ بەرتانیا وە ئەوکاتی کە لەئەلمانیا بووم راوێژکاری نەمسا لە ساڵی ١٩٩٨ گوتی طارق بۆچی لەنەمسا دەرچووە و ناگەڕێتەوە دەبێ هەتا دەمرێ ئەو مایکرۆچیپە لەمێشکیدا بمێنێتەوە.

وەدەربارەی هەستی بیستن هەرچی دەنگی هەیە دێتە گوێی منەوە ئەوا ئەوانیش دەیبیستن‌و لێی تێدەگەن‌و تۆماری دەکەن وەهەروەها ئەگەر من لەناو کۆمەڵێکدا بم ڕەنگە من ئاگام لەگفت‌وگۆی دووکەس بێت بەڵام گفت وگۆی کەسانی‌تر کە من ئاگام لێ‌نیە گوێم دەی‌بیستێ‌و بەمێکشم دەگات ئەوان خۆیان وەری‌دەگێڕنە سەرزمانی

ئەلمانی ئەو تێبینیانەی کەکردوویانەو سەرنجیان ڕادەکێشێ کە ئەم کردارانە لەناو گەلانی ئەوروپیدا کەمە یان نیە کورد زۆر تێکەڵن لەگەڵ یەکتری وە هەموو پارچەکانی کوردستان یارمەتی یەکتری دەکەن وە میوان داری‌یەکتری دەکەن وەبەڕێزەوە گفت‌وگۆ لەگەڵ یەکتری دەکەن‌ووشەی ڕێز لەنیوان خوایاندا بەکار دەهێنن وەکو وشەی کاك بۆ پیاوان و وشەی دادە وخوشکە بۆ ژنان وەدەڵێن نەمان زانی کەوا کورد زوو تێکەڵی یەکتری دەبن‌و پاش یەکجار بینین دەڵێی چەند ساڵە یەکتری دەناسن وەهەموو ئەو شتانەی بەکەڵکیان دێت لای خۆیان تۆماریان کردووە و لە منیان وەرگرتووە بەگشتی پۆلیسی نهێنی ئەوروپا بە تایبەتی پۆلیسی نهێنی نەمسا.

هەروەها بەهۆی هەستی بیستنەوە دەزانن چ هەواڵێك دڵ خۆش یان خەمبارت دەکات وە چۆن کاردانەوە و هەڵوێست وەردەگریت وە چۆن گوێ بۆ گفت‌وگۆی یەکتری ڕادەگرن وە بەهۆی بیستنەوە دەزانن من حەز بە چ دەنگ‌وئاوازێك دەکەم وە ئەوانەی گوێم لەدەنگیانە دیسان تا ئەندازەیەك دەزانن حەز بەچ دەنگ‌وئاوازێك دەکەن وەدەڵێن کورد حەزبە گوێگرتنی گۆرانی دەکات وەلەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێن کەئەم کردارەلەناو گەلانی سەرووی ئەوروپادا نیە بەڵام لەئینگلیزی وفەرەنسی‌و ئیتاڵی‌ویۆنایدا هەیە.

٣- دەربارەی هەستی بۆن کردن:

سیخوری بەهەستی بۆن کردنم زۆرترە لەسەرخۆم لەچاو خەڵکی دەور وبەرم‌و ژینگەم بەڵام بەهۆی هەستی بۆن کردنەوە دەزانن ئەوەی لەگەڵیدا پەڤین دەکەم حەز بەچ جۆرە بۆنێك دەکات وەیان بۆن بەکاردەهێنێت وە ئێمە کەنزیکی یەکتر دەبین دەڵێن کورد پاك‌وخاوێنن‌و بۆنیان لێنایەت یان بەدەگمەن هەیە ولێ

دێت، وەهەروەها دەڵێن کورد حەز بە بەکارهێنانی بۆن کەم دەکەن وەیان دەچێتە شوێنێك دەزانن ئەو شوێنە چ جۆرە بۆنێکی‌هەیە وهەروەها لەمن تێگەیشتوون کە توانای بۆن کردنم چۆنەو خۆیان هەست بەوە دەکەن کە توانای بۆن کردن جیاوازە لەنێوان دانیشتوانی ناوچە گەرمەکان‌و مام ناوەندیەکان‌و فێنکەکان‌و ساردەکان دا وەبەوشێوەیە ی سەرووی ئاسایی بۆنی کەسانی ترم پێ‌بۆن دەکەن کە هەستی بۆن کردن دەوری هەستێکی بالاً دەبینێ لەبۆن کردندا کەئەمە پێ‌ی دەڵێن بۆن کردنی سەرووی ئاسایی دەتوانن تا ئەندازەیەك بۆ دوورو نزیکی کەس‌و شوێنی ترت پێ‌بخوێننەوە.

دەربارەی هەستی تام کردن:

دەربارەی خۆم شارەزام بوون کەتونای تام کردنم چۆن چۆنیە وەتام لەخواردن دەکەم وە دڵێن کورد خواردنی خۆش‌وبەتام ساز دەکەن وە دەڵێن کورد خێرانان دەخۆن‌و لەسەر نان خواردن گفت‌وگۆدەکەن‌و بیر دەکەنەوە لەکارێکی کە لەئایندەدا یان لەدوای نان خواردن کە بیکەن، وە دەڵێن بەگشتی کورد زۆرخۆرن حەز بەخواردن دەکەن وە حەز بەخواردنی میوە دەکەن وە گۆشت بەزۆری دەخۆن وە خواردنی هەمەچەشنەو هەمە جۆر دەخۆن ئەڵبەتە هەمەچەشنە خواردنی لەناو گەلانی دانیشتووی سەرووی ئەورووپادا کەمە وەخواردن بێگومان کەسەرچاوەی وزەیە بۆ لەش وە هەمە چەشن خواردنی کەبەفەرە بۆلەش بۆیە کورد دەڵێت ئەگەر خواردن نەت کات بەدوان ئەوا لەیەك کەست دەترازێنێ دەتوانن تامی خواردنم پێ‌بگۆڕن وە بەلایانەوە سەیرە کە تام زۆر خۆش لەخواردن دەکەم وکو میوە خواردن وەخواردنی‌تر زۆر جاران تامی خواردنیان پێم گۆڕیوە بەهۆی فەرماندان بەمێشکم بۆ چەواشەکردنی هەستی تام کردن.

دەربارەی هەستی بەرکەوتن:

کاتێك من دەستم بەرکەسێکی‌تر دەکەوێت ئەوا من چۆن هەست بەدەستی بەرانبەرەکەم دەکەمو بەهۆی بەرکەوتنەوەو کەمێ ئاوەزو کرداری دەخوێنمەوە ئەوا بەهەمان شێوە وەکو من تێدەگەن بەتێگەیشتنی من بڕوادەکەن کەمەرج نیە ئەو لێگەیشتنەی من ڕاست بێت بەهۆی بەرکەوتنەوە بەڵام بەهۆی بەرکەوتنەوە نەرمی وڕەکی دەزانرێ، وەبەهۆی هەستی بەرکەوتنەوە دەزانن بەهێزی یان بێهێزی هەروەها ساردی‌و گەرمیش دەزانن و دەزانن ئەو شوێنەی لێی دەژین گەرمە یان سارده یان فێنکە.

دەربارەی پێنج هەستەکەی دەرەوەی مرۆڤ هەموویان بەکەڵکی سیخوڕی دێن بەڵام بەشێوەی سەرەکی تەواو تەنها دوو هەستی بینین و بیستنە.

* * *

سیخوڕی بەهۆی هەستەکانی ناوەوەی مێشکەوە

وەهەستەکانی ناوەوەی مێشك بەهەمان شێوە بەکەڵکی سیخوڕی دێن وەکو هەستی تێگەیشتن هەستی بیرکردنەوە وە هەستی بیرخوێندنەوە و هاوبیری وەهەستی لێکدانەوەو هەستی خەون بینین و گەشت ولێدوان لەجیهانی ئاوەزدا.

یەکەم/ هەستی تێگەیشتن : مایکرۆچیپ هەستی تێگەیشتنی مرۆڤە کەلەمێشکی‌دایە هەمووی ڕەوان دەکات بۆناوەندی سیخوڕگە کە من چۆن لەخەڵکی‌تر تێدەگەم وە لەهەواڵ و دەنگ و بینین وبیستن چۆن تێدەگەم و توانای تێگەیشتنم چەندە بەهێزە یان بێهێزە وە تێگەیشتنیش جیاوازە لەمیللەتێکەوە بۆ میللەتێکی‌تر بەهۆی زمان وداب ونەریتی جیاوازەوە وە هەروەها تێگەیشتن لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی‌تر جیاوازی فێربوونە ودەڵێن کورد وەکو ئێمە لەژن تێناگات لەگەڵ ئەوەش لەماڵان و لەشوێنان لەبەر ژن هەڵدەستن و گفت وگۆ لەنێوان ژنان و پیاوانی کوردا هەن وە وشەی ڕێزهەیە لەناو ژناندا لەناو پیاواندا وە پیاوان لەگەڵ ژنان دا وە دەڵێن پرسیارێك وەڵامی جیاوازە لەلای ئێمەو ئەوان دیارە ئەمانە ڕاستە، تێگەیشتن بەندە بەفێربوونەوە و وەجۆری فێربوونەوە بۆیە فێربوونە جیاوازەکان تێگەیشتنی جیاوازیان هەیە، وە واهەست دەکەن تێگەیشتنی من بەکەڵکی سیخوڕی دێت لەسەر دەوروبەر وەدەڵێن طارق خێرا لەشت تێدەگات چونکەخێرایی تێگەیشتن لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی‌تر جیاوازە.

دووەم/ هەستی بیرکردنەوە: هەستی بیرکردنەوە دووبارە جیاوازە و بەندە بەفیربوونەوە وەبیرکردنەوەی مرۆڤێکی رامیاری لەچوارچێوەی رامیاری‌یدایە وە تامرۆڤەکە ڕۆشنبیربێت بیرکردنەوەی ئاڵۆزترە بەتواناترە بەڵام ئەوان پۆلیسی نهێنی

پێمان دەڵێن کورد بیر لەشت زۆر دەکەنەوە وە طارق خێرایە لەبیرکردنەوەدا وەزوو شتی بیردەکەوێتەوە کەمێشکم یاریدەدەرە بۆبەکارهێنان.

سێهەم/ هەستی بیر خوێندنەوە و هاوبیری: دەڵێن کورد زوو لەخەڵکی‌تر تێدەگەن و دەتوانن بیریان بخوێننەوەتا ئەندازەیەك دیارە بیرخوێندنیش بەندە لەسەر جۆری فێربوون بەڵام دەربارەی هاوبیری کە تۆ کەسێك دەبینی دەتوانن بە هۆی تۆوە لەبیری ئەوکەسە بگەن‌و ومن کەمایکرۆچیپم لێبەکارهێنراوە وە توانای بیرخوێندنەوە وهاوبیرم هەیە TELEPATHY دەیانەوێ بەکارم بهێنن بەهۆی تلەپاتی‌یەوە بیری خەڵکی‌ترم پێبخوێننەوە وە هەوڵیان لەگەڵ من داوە بەکارم بهێنن چ لەکاتی خەوتن دا وەچ لەکاتی بەخەبەریدا بەڵام چونکە خۆم ئامادەییم نییە بەکارم بهێنن ڕێگەیان پێنادەم بۆیە لەگەڵ من سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە و جگە لەزانیاری شاش‌وهەڵە چی‌تریان دەستگیر نەبووە.

چوارەم/ هەستی لێکدانەوە : هەستی لێکدانەوە ئەوەیە کەتۆ چۆن کارێك سەردانێك یان وێنەیەکە یان کەسێك کە چۆنی لێکی دەدەیتەوە وە چۆن دەگونجێو دەیهێنیتە پێش چاوی خۆت وە چۆن لێکدانەوە لەکارێك یان کەسێك لەهەرسێ کاتی ڕابردوو ئێستا وداهاتوو دەکەیت وە زۆر جار لێکدانەوەی دەچێتە گێژەنی خەیاڵەوە وەیان دەچێتە داڵخەوە کەئەمانە هەموو لەیەکتری جیان بەڵام کەڵك لەلێکدانەوە وەرناگرن لەمن بۆیە سیخوڕی لەم ڕووی لێکدانەوە لەسەر من نازانن چییەوچۆنە وبۆچییە.

پێنجەم / هەستی خەون بینین: خەونەکان یان بیروخەیاڵی ڕۆژانەن وە یان گێڕانەوەی حەزو ئارەزوو بەجێنەهێنراوەکانەوە یان پێش گۆییە، دیارە خەونی پێش گۆیی بەکەڵکی سیخوری دێت بەڵام خەونەکە بەشێوەی هێمایە و تەنها ئەو کەسە خەونی‌خۆی دەزانێ وە هەندێ خەونیش لەناو زۆر لەگەلاندا یەك مانای هەیە وەمن

خەونەکانی خۆم کە زۆری پێشبینیە کەنەم وویستوە شیتەڵی بکەمو تالەخەونەکانم تێبگەن تاکاتی رووداں ئەنجا ئەوان لەخەونەکەی من تێگەیشتوون وە من خەونی پێش گۆییم کەم کردۆتەوە کەویستی مرۆڤ دەتوانێ خەون زۆر کەم بکات تا لەخەونی پێشگۆییم تێنەگەن وە هەروەها خەو بینین لەڕێگەی مایکرۆچیپەکەوە بەفەرمان دان بەمێشك ئەنجامی دەدەن بەشێوەی دەست کرد وە دەتوانن ڕێگە خەون بگرن.

شەشەم/ گەشتولێدوان لەجیهانی ئاوەزدا : ئەمە شێوەی دەچێتەوە سەرهیپنۆتیزم کە چۆن یەکێ هیپنۆتیزم دەکرێو ئاوەزی بەکاردەهێنرێ بۆ شوێنانو وەیان لای کەسێك کە گفتوگۆی لەگەڵ بکرێ وە مرۆڤ کاتێ لەئاوەزیدا ئەمە دەکات وادەزانێ لەجیهانی بەردەستو بەئاگایا وە من زۆر ناردوویانم بۆلای کەسایەتیە رامیاریە کوردەکان وە بۆ لای برادەرانی خۆم کەدەیانناسمو وەیان دەم گێڕنەوە بۆ ڕابردوو بزانن من کێم ناسیوە وچیم کردووە وەیان گەشتی ئایندەم پێدەکەن دیسان لەم ڕووە نەیانتوانیوە کەڵك لەمن وەرگرنو زانیاری دروستم پێوەربگرن جگە لەزانیاری شاشو لابەلاو نادروست نەبێت. وەشەوانە مێشکی من بەو شێوەیە بەکاردەهێنن بەڵام هیچیان دەست نەکەوتووە دروست کراوی مێشکی خۆم نەبێت کەمێشکم وەکو بەرگری لەخۆکردن وێنەو دەنگوهەواڵی چەواشە و هەڵەیان پێنیشان دەداتوپێدەڵێت، وەبۆیە من ئەگەر بەخۆم پێم خۆش نەبی ٔ ئەوان ناتوانن کەڵك وەرگرن بەڵام زۆر جاران پاش وەرگرتنی هەواڵ لەهەمان کات لەبیرمنیان بردۆتەوە بۆئەوەی ئاگام لەخۆم نەبێ چیان لەمێشکم دەرکردووە یان لەگەڵ کێگفتوگۆیان بەمن کردووە وە هەروەها لەسەر داب‌ونەریتو فەرهەنگی کوردان زانیاریان دەست کەوتووە.

مایکرۆچیپ لەبواری لێکۆڵینەوەی زانستی یەوە لەسەر مێشك‌و دزینی ئەوزانستەی کە بەکارلێهێنراو فێری بووە

ئەڵبەتە ئەم مایکرۆچیپە کەلە من بەکارهێنراوە بۆدزینی زانستی پاراسایکۆلۆجی‌یە کەفێری بووم وە هەروەها لێکۆڵینەوەی لەسەر مێشکی‌منە، لەڕووی لێکۆڵینەوەی زانستی‌یەوە دەیانەوێ بزانن ئارەزووی ڕووت پەڕی چۆنە وە چۆن بیر دەکاتەوە وەهەستەکان چۆن دەبینن‌و دەبیستن و بۆن دەکەن‌و تام دەکەن هەست بەبەرکەوتن دەکەن‌و دەروون چییە؟

دەربارەی هەستی بینین لەمندا وە لەڕووی لێکۆڵینەوەی زانستی‌یەوە دەیانەوێ بزانن من حەز بەبینی‌چی دەکەم وە بەبیستنی چی دڵخۆش دەبم وە بەبینینی چی خەمبار دەبم‌وە چ ڕەنگێکم پێ‌جوانە وە حەز بەدیمەن‌و گوڵزار دەکەم وە حەز بە بینینی چ جۆرە کچ‌وژنێك دەکەم وەڕەنگی چ جلێك و پێلاوێك لەبەردەکەم. وەتاد

ئەڵبەتە مرۆڤ کاتێ شتێك دەبینێ ئەگەر پێی‌خۆشە بینینی ئەوا جۆرێك لە تەزووی خۆشی بەناو مێشکی‌دا بلاودەبێتەوە و هەموو دەم‌وچاوی‌و لەشی دەکرێتەوە وە حەز بەخۆشی‌وشادی‌و جۆرێك لەسەرکەوتن دەکات وە وزە دەتەزێتە گیانیەوە وە ئەوکاتی دیمەنێك بەلایەوە ناشیرینە یان کچ و ژنێك بەلایەوە نا جوانە دیسانەوە تەزووی ناشادی بەمێشکی دا دێت و گۆڕان بەسەر دەم‌وچاوی دا دێت نابەدڵی لەدەم‌وچاوی دا دەبینرێت وەهەروەها ئەگەر ڕووداوێك خەمبار بێت بەبینینی ئەوا دیسان ئەو ڕووداوە خەماوی‌یە گۆڕان بەسەر دەم‌وچاوی‌دا دێنێت بەڵام ئەمیش هاملایە (نیسبیە) لە کەسێکەوە بۆکەسێکی‌تر جیاوازی‌هەیە وەبەهۆی بینینەوە ڕێ نوێنی تێگەیشتن دەکرێت بەڕێژەیەکی کەم مەبەستم یارمەتی تێگەیشتنیش دەدات ئەگینا کوێرەکان توانای تێگەیشتنیان هەیەو نابیناشن، بەڵام هەستی بینین یارمەتی‌دەرە بۆ هەستەکانی‌تر وەئایا ڕەنگەکان وەکو خۆی دەبینێ چونکە بینین

لەکەسێکەوە بۆکەسێکی‌تر ڕەنگە جیاوازی کەمی هەبێ وەبینین لەنێوان گیان داران‌ومرۆڤ دا جیاوازە.

دەربارەی بینینی من دەڵێن طارق حەز لەبیبنینی هەموو شتێك دەکات وەبیننیی کوردی پێ‌خۆشە وەهەست بەجۆرێك دڵخۆشی‌دەکات وەهەستی بینین جگە لە ناسین‌وجیاکردنەوەی دیمەن‌و شت‌و کەسەکان‌و جیاکردنەوەی جوانی‌و ناشیرینی هەروەها تام‌وچێژ دەدات بە مێشك وەجوانی‌و ناشرینی کە ڕەهای نیە و هاملایە – نیسبیە– وە دروستکراوی مرۆڤ خۆیەتی‌و بەهەستی بینین دەی بینێ‌و شرۆڤەی دەکات هەروەها بەفەرمان دان بەمێشك دەتوانرێ وێنەی خەیاڵی‌یان جادوویی بەچاو پیشان بدرێ.

دەربارەی هەستی بیستن:

بەهۆی بیستنەوە دەزانن چ دەنگێکم پێ‌خۆشە وە چ دەنگێکم پێ‌ناخۆشە وە چ دەنگێك هەستم دەجوڵێنێ وەکاتێ دەنگ‌و هەواڵێکم بیستووە وەیان لەکاتی گفت‌وگۆدا هەڵە تێگەیشتووم وەپەست بووم ئەوا لەڕێگەی مایکرۆچیپەکەوە لە لەمێشکی من تێدەگەن کەبەو گفت‌وگۆیە پەست دەبم‌و پێم ناخۆش دەبێ بەڵام گەر ڕستەکە من بەهەڵ تێگەیشتم‌و پێم ناخۆش بوو ئەوا ئەوان دەزانن من بەهەڵە تێگەیشتووم‌و نارەحەت بووم، بەڵام مانای وشەکە گەر بەهەڵە تێگەیشتم ئەوا دەزانن کە مانای وشەکە بەهەڵە تێگەیشتووم بەڵام ئەگەر من لەناوەڕۆکی گفت‌وگۆیەك بەهەڵە تێ‌بگەم ئەوا ئەوانیش وەك من تێ‌دەگەن وەنازانن من بەهەڵە تێگەیشتووم بەڵام گفت‌وگۆکردن بەزمانی بێگانە کاتێ‌کەوشەکان بەهەڵە بەکاردێنم لەشوێنی خۆیاندانین ئەوا ئەوان دەزانن کە من زمانی بێگانە باش نازانم وە یان هەڵە وشەکانم بەکارهێناوە بەڵام من نازانم بۆ ئەو ووشە دێتەوە ناو مێشکمەوە بەگوێ‌دا و هەڵە

تێدەگەم وەکاتێ من گوێ لەمۆسیکاو گۆرانی دەگرم ئەوا دەزانن بەچ مۆسیکاو ئاواز و گۆرانیەك دڵخۆش دەبم وە چ ئاوازێدەم هێنێنتە جۆش و هەستم دەبزوێنێ، وەلەمن واتێدەگەن کە ئارەزووم بەهەموو چەشنە مۆسیکاو گۆرانیەك دێت بەڵام گۆرانی کوردی پتر وەئاوازی کوردی پتر سەرنجم ڕادەکێشێ وەکاتێ گفت وگۆدەکەم دەزانن من چۆن گفت وگۆدەکەم وە هۆنەری گفت وگۆم چۆنە وەئایا ئەوەی لە مێشکم دایە بە وتە دەری دەبڕم وەکو خۆی وەیان هونەرو زرنگ بێژیم هەیە وەکرداری بیستن و تێگەیشتن و وەڵامی وشەکان بەخێراییەکی زۆر بێئەندازەیە لەناو مێشکدا چونکە تۆ کاتی لێدوان لەگەڵ کەسێ دەکەیت بەخێرایی و کەوەڵامیش دەدەیتەوە دیسان بەخێرایی تێیدەگەیت و وەڵامی دەدەیتەوە.

وەهەستی بیستن جگە لەناسین و تێگەیشتن و جیاکردنەوەی دەنگ و ئاوەزەکان ئەوا تام و خۆشی دەدات بە مێشك وهەستی بیستن بەڵام ئەگەر دەنگەکان ناسازبوون ئەوا ئارەزوو دەکەیت ئەو دەنگە نەبیسیت وە دەتوانرێ دەنگی جادوویی بهێنرێتە بەرگوێت و دروست بکرێت وەهەر دەنگێك بێت دەنگی گۆرانی و مۆسیکایان مرۆڤ و گیان دار و باڵندەیان دەنگی ئامێر وەئەگەر لەجەنجاڵدا بووی و ژاوەژاو دەنگەدەنگی زۆر بوو ئەو هەموو دەنگانە دەبیسێ بەڵام تەنها سەرنج و هۆشت لای دەنگێك یان دوودەنگە و لەوانی تر بێئاگایی وە نازانن بۆچی مێشك وەهایە؟

دەربارەی هەستی چەشتن و بۆنکردن:

لێکۆڵینەوە لەسەر هەستی چەشتن دەزانن کەتۆ چۆن تام و چێژ لەخواردن دەکەیت وە چ خواردن و خواردنەوەیەکەت پێ خۆشە وە مێشك لەکاتی خواردنەوەدا هەست بەچی دەکات وە تۆ خواردن بۆتام وچێژ دەخۆیت یان بۆ شکاندنی پرسیەتییە وەیان ویست وداخوازییەکی مێشکەو دەروونە بۆ ئەو خواردنە وەئەگەر

من تامی خواردن نەکەم ئەوا ئەوان ناتوانن تامی ئەو خواردنە دیاری بکەن چونکە مێشکم هیچ وەڵامی تێدا نییە وەدەتوانن بەفەرماندان بەمێشك هەستی تام کردن تامو چێژەکان هەڵە بخوێنیتەوە کەئەمە چەواشەکردنی هەستەکانە.

دەربارەی هەستی بۆنکردن:

دەربارەی هەستی بۆنکردن دەیانەوێ تێبگەن کە من چۆن بۆن دەکەم و چ بۆنێکم پێ خۆشە و ئایا توانای بۆن کردنم چۆنە وە من ئەگەر بۆن نەکەم هی گوڵێك یا خواردنێك ئەوا نازانن بۆنی ئەو خواردنو گوڵە چۆنە لەمێشکم دا هیچ وەڵامێك نییە، وئەگەر هەستی بۆن کردنم کەموکوڕی هەبێ ئەوا ئەوان نازانن کەهەستی بۆن کردنم نەخۆشە و کەلەبەری هەیە و کەموکوڕی هەیە جگە لەوکاتەی ئەوان بۆنی گوڵێك بزانن چۆنە وە ئەگەر من جۆرێکیترم بۆن کرد ئەوا تێدەگەن کە من هەڵەم بۆن کردووە یان بۆن کردنی من لەبۆن کردنی ئەوان جیاوازە وە دەربارە یهەستی تام کردنیش دیسانەوە بە هەمان شێوە بەڵام من نازانم لای ئەوان کۆمپیوتەرکە چۆن پێناسەی تام و بۆن کردن دەکات وە چۆن مێشکی من دەخوێنێتەوە لەکاتی بۆن و تام کردندا ئایا هەر ئەوەندەیە کە هەستی بۆنو تام و بۆنە کە دیاری دەکات کە خۆشە وە یان پتر لەوە بەڵام ڕەنگە هەر ئەوەندە بێت چونکە تامەکە خۆشە وە یان ناخۆشە و هیچیتر کە وەڵامەکە لەمێشکمدایە وە هەروەها دەربارەی چەشتن ئەوا هەندێ تام هەیە دیاری کراوەو سەرەکییە وەکو تامی خوێ کە سوێرە و تامی هەنگوین و شەکر کە شیرینە وە تامی چاو کۆفی تاڵە وە تامی لیمۆو تەماتە و هەناری ترش ئەوا ترشە بەڵام تامێکیتر هەیە کە ئەویش تامی مزرە یان مێخۆشە کەلەترش و شیرین تێکەڵە کە هەناری کوردستان ئەم جۆرە تامەی هەیە، بەڵام من لە ئەوروپا تامی ئەوهام نەکردووە بۆیە بەهۆی ئەو خواردنانەوە دەردەکەوێ ئایا

هەستی تام کردنی بەکار لێهێنراوی مایکرۆچیپ کەمە یان زۆرە و هەستی بۆن کردنیش بەهەمان شێوە وەناسینی تام بەوە دەبێت کەتۆتامی شتێك دەکەیت تامی ئەو خواردنە دەدات ئەمە خۆی ناسینی تامە، بەڵام تام‌وبۆنێك کەیەکەم جار لەژیاندا تام و بۆنی دەکەی ناتوانی پێناسەی بکەیت، چونکە پێناسەی بۆن دەبێ لەسەر بناخەی و رابردووی بۆنی‌تر بێت، وەهەستی بۆن کردن‌و چەشتن لەدیاری‌کردنی بۆن‌و تامەکان ئەوا خۆشی‌وتام دەگەیەنێ بە مێشك وەئەگەر زیان بەخش بوو وەژەهراوی بوو ئەوا زیان دەگەیەنی و مێشك دەیەوێ بەخێرایی لێی دوور کەوێتەوە وە مێشك بۆنەکەو تامەکە دەخوێنێتەوە دەتوانن بەفەرماندان بەمێشك بۆن کردنی سەرووی ئاسایت پێبکەن لەکات‌و شوێنی جیاوازدا دەتوانن بۆنی شتێکت پێبکەن کەلەکات‌وشوێنێکی‌تر دوور لەخۆتە کەئەمە گرنگی زۆرە بۆ سیخوڕی بەڵام دەکەویتە سەر توانای مێشك کە تاچ ئەندازەیە بۆنەکە دروستە.

دەربارەی هەستی بەرکەوتن:

لێکۆڵینەوە دەربارەی هەستی بەرکەوتن کە ئەمیش شمەك‌وتەنەکان پێناسەی خۆیان هەیە وەکو شمەکی ئاو کە لەشلی‌وڕەکی‌وگازیدا هەیە وەهەروەها بەهۆی بەرکەوتنەوە گەرمی‌وساردی دیاری دەکرێ وەکو ڕەکی‌و شلی بەڵام باری گازی وەکو هەوا ئەگەر پاڵەپەستۆ جوڵانی هەوا نەبێت ئەوا هەستی پێناکرێت وە بۆ هەست کردنی ساردی‌و گەرمی ئاوێکە ئەگەر ئاوەکە پلەی گەرمتر بێت لەپلەی گەرمی تۆ ئەوا هەست دەکەیت کە گەرمەوە ئەگەر پلەی گەرمی ئاوەکە سارد تر بێت لەپلەی گەرمی لەشی تۆ ئەوا هەستی بەرکەوتن دەڵێ ئاوەکە سارده وە دەربارەی ڕەکی تەنێك ئەوا ئەگەر ڕەکتر بوو لەلەشی‌تۆ ئەوا هەست دەکەیت بە ڕەکی ئەو تەنە وە ئەگەر نەرمتربوو لەلەشی تۆ ئەوا هەست دەکەیت بەنەرمی ئەو تەنە بەڵام مرۆڤ چۆن هەست دەکات بەبوونی گازێك یا هەوا ئەگەر دەستت جوڵاند وەهێزی بەرگری

هەبوو لەبەر دەم جولاندنا ئەوا هەست بە بوونی دەکەیت وە مێشك یەکسەر وەلامەکە دەدات‌و تێدەگات کەهەوا هەیە یان سارده یان گەرمە یا شلە یا ڕەکە و دەتوانرێ راهێنان فێربوون ئازمایش لەسەر هەستی بەرکەوتن بکرێ‌وزانیاری لەسەر کۆبکرێتەوە.

وەبەهەمان شێوە دەتوانرێ ئازمایش لەسەر هەستی بۆنکردن وتام کردنیش بکرێت بەلام پۆلیسی نهێنی ئوتریش چونکە زانیاریان تۆمار دەکەن لەسەر کاسێت دا وەدەی دەن بە زاناو لێکۆڵەرەوە زانستیەکانیان لەو بوارانەدا.

وە دەربارەی ڕووت پەرین و ڕووت کاری یان رووت بازی(sex) ئەمانیش بەهەستی بەرکەوتن دەکرێت وە تێدەگەن ئایا هەستی بەرکەوتن تا چ ئەندازەیەك هەست بەبەرکەوتنی کچێك یان ژنێ دەکات و جگە لەنەرم شلی لەشی ژن و کچەکە لەگەڵ پیاوەکەدا ئەوا جۆرە هەست‌و تاسوویەکی تر بەلەش دەگات وەکو لووسی‌وسفتی رەنگ‌و جوانی پێستەکە کە ئەمە والەهەستی بەرکەوتن دەکات کە پتر چێژ وەرگرێ وە ئەو کاتی هەوەس‌و ئارەزوو تێر دەبێت مێشك هەست بەپشوودان دەکات وەهەستی بەرکەوتنی مرۆڤ لەکاتی ڕووت پەرپدا بۆی دەردەکەوێ بەتایبەتی کە تام و خۆشی دەگەیەنێ بەمێشك‌و لەش وە بەهەمان شێوەش لەبەر کەوتنی تەن‌و مادەکان دا بەلام کەلەئەندازە بەدەربوو هەست بەماندووی و ئازاردەکات وەهەموو ئەمانەش هاولایەی(نیسبیە) لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی‌تر جیاوازە.

* * *

دەربارەی هەستوچالاکیەکانی ناوەوەی مێشك

١-فێربوون :

فێربوون کاتێك دەبێت بەهۆی جیهانی پێنج هەستەکەی دەرەوەی لەسەرەتادا وەپاش گەورەبوون مرۆڤ زۆر پشت نابەستێت بە پێنج هەستەکەی بۆ فێربوون چونکە تا ئەندازەیەك زانیاری تۆماربوو لەمێشك دایە وە بۆ فێربوونی‌تر ئەوا ئەو فێربوونە سەرەتاییە دەبێتە بنەماو بناخە وە فێربوون بەپێنج هەستەکەی دەرەوە جیاوازە لەگەڵ پێنج هەستەکەی ناوەوە بەڵام ڕیژەی زۆری فێربوون هەر بەپێنج هەستەکەیە کاتێ مرۆڤ هۆنراوەیەك لەبەردەکات ئەوا خێرایی کاتی لەبەر کردنی هۆنراوەکە بەندە بەئارەزوو پێوستی بوون بەو هۆنراوەیە وەئارەزوو پێویستی بوون بەندە بە پێکهاتنی سەرنجەوە بەڵام ئایا توانای مێشك هەمووی هەر وەکو یەکە بێگومان نەخێر مێشك هەیە زیرەکترە لەمێشك وەکارکردنی مێشکیش بەندە لەسەر ئەو وزەی پێی دەگات وە پێویستیەکانی مێشك دابین بکرێت وە هەروەها وەرزش پێکردن‌و ڕاهێنانی مێشك وەبوونی پشوو ئارامی‌و خاوبوونەوەی لەش کە ئەمانیش هۆکارن وە هەروەها هەندێ هۆکاری‌تر هەیە کە مرۆڤ وریا دەکاتەوە وەکو خواردنەوەی چای کۆفی وە ڕەنگە خواردنیش هەبێت ئامادی پتر بدات بە مێشك بەدڵنیایی وە هەندێ شت لەمرۆڤدا هەیە پێویست بەفێربوون ناکات و بۆ ماوەییە بەڵام فێربوون بە هەستەکانی ناوەوەی مێشك وەکو خەون بینین کەزۆر کەس هەیە لەخەونیدا شت فێردەبێت وە یان لەلێکدانەوە شت فێردەبێت وەیان بەبیرکردنەوە شت فێردەبێت وە فێربوونیش دوو جۆرە کردەوەیی‌و تێوریيە.

٢- بیرکردنەوە:

ئایا مرۆڤ چۆن بیردەکاتەوە دیارە بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ هەستەکانی دەرەوە یارمەتی دەرن بۆ بیرکردنەوە وە زۆر پشت دەبەستێ بە هەستەکانی دەرەوە کە مرۆڤ شتێك دەبینێ بیری‌لێ دەکاتەوە کە بۆچی ئەو شتە وایە وە ئەنجامی بیرکردنەوەش داهێنانە مرۆڤی کۆن بیریان کردۆتەوە چۆن دارێك بپن لەسەرەتادا ئامێری بەرد هەبووە بەشێوەی تیخ پاشان تیخی کانزا-معدن- هەبووە وەبیرکردنەوەش لەهەموو کات و شوێنێك دا دەبێت وەپێوستی ناچاری کردوون بیر بکەنەوە وەهەستی بینین کاتێ دەورو بەری بینیوە یارمەتی‌داوە بیربکاتەوە ئامێر دروست بکات و بەردەوام بێت لەژیان و بەڵام مرۆڤ بەبێ هەستی بینین توانای بیرکردنەوەی هەیە وەکو کوێرەکان و کەڕەکان... تاد وەبیرکردنەوە هاولایی‌یەو مرۆڤ بەپێی فێربوونی بیردەکاتەوە

٣-تێگەیشتن:

دەربارەی تێگەیشتن بەندە لەسەر جۆری فێربوون‌و زانیاری وە فێربوون وە زانیاریش دەبێتە ئەزمون بۆ مرۆڤ چونکە ئەگەر بێت‌و زانیاریەك بۆکەسێك بگێڕێتەوە ناتوانێ لێی تێبگات ئەگەر زانیاری سەرەتایی لەسەری نەبێت وەیان زانیاریەکە نزیکی‌ئەو زانیاریە نەبێت، وەئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازی تێگەیشتن لەکەسێکەوە بۆکەسێکی‌تر، وە تایبەت مەندی لەزانست دا دەبێتە هۆی تایبەت مەندی لەتێگەیشتن.

بەڵام تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی میللەتێك لەمیللەتێکی‌تر جیاوازە چونکە داب‌ونەریت‌و فەرهەنگ جیاوازە کەئەمەش مانای جیاوازی فێر بوونە.

٤-زانین:

مرۆڤ بۆ ئەوەی شت بزانێت فێردەبێت کە ئەو فێربوونە دەبێتە بنەما لەمێشکدا ئەگەر کارە یان زانستە یان هونەرە، مرۆڤ دەبێت فێر بێت ئەنجا دەزانێت وە زانین دەکەوێتە سەر ناسینی شتەکان وە بەندە بەفێربوونەوە وکاتێك مرۆڤ شتەکانی ناسی‌ولەیەکی جیاکردەوە ئەوا مانای وایە دەزانیٚ کەواتە پۆلین کردن‌و جیاکردنەوە و ناسینی شتەکان لەناومێشکدا مانای زانین‌و زۆرزانی ئەگەیەنیٚ وەهەروەها ناسین‌و جیاکردنەوەی شتەکانیش هۆکاری هەیە کە دیسانەوە بواری زانین فرەدەکات.

٥-خەوتن:

خەوتن بریتیە لەوەی هۆشی ئاگائەرك‌و کارەکانی دەداتە هۆشی نائاگا وە مرۆڤ هۆشی بیٚئاگا بوە و خەوتووە پێنج هەستەکەی کارناکات لەگەلٚ هۆشی ئاگادا بۆیە ئەوا دەزانن کاتیٚ من دەخەوم بەلاٚم لەهەمان کاتیشدا لەناو مێشکمدا بەئاگابووم زۆر جاران ئەوان‌و واتێگەیشتون من خەوتووم کەوتونەتە گفت‌وگۆ لەگەلٚ یەکتری یان پرسیاریان لە مێشکم کردووە لەکاتی خەوتن دا دەتوانن ڕێگە لەخەونی سروشتی بگرن و خەونی دەستکرد بەمێشك ئەنجام بدەن.

٦-ڕك‌وکینەوخۆشەویستی:

دەربارەی ڕك‌وکینەو خۆشەویستی باروکاردانەوەی دەروونییە مرۆڤ فێری نابێت بەڵکو بۆماوەیە بەلاٚم زۆر زانین و تێگەشتن و بیرکردنەوە کار دەکاتە سەر ڕك‌وکینەو خۆشەویسی و کەمی دەکاتەوە تا ئەندازەی نەبوون.

٧- دەروون:

بریتیە لەو هەموو فێربوون ئارەزوو و تێگەیشتن و زانیاریانەی لەناو مێشك دا هەیە وە مێشکی بەتاڵ هیچ دەروونێکی نیە وەگرنگی پێدان‌و خۆ گوشین و ترس‌و هەندێ شتی‌تر باری دەروونی مرۆڤ ئاڵۆز و تێك دەدات وەهەروەها ڕك‌وکینەو خۆشەویستی لەباری دەروونی بەشداری دەکات بەڵام خۆشەویستی بە تەنها هۆکەی جوانی نیە وە هەندێ لەڕەوان ناسەکان لێی‌دەدوێن کە ئەمە لەناو کورداندا بەڕوونی دەردەکەوێت چونکە خۆشەویستی هەمە چەشنەیە وە هۆکان هەمە جۆرن

مرۆڤ دەشێ کچێکی خۆش بوێت لەبەر جوانی‌و لەش ولاری بێت یان لەبەر تێگەیشتن‌و زیرەکی بێت یان لەبەر هەڵس‌وکەوتی بێت یا لەبەر فێربوونی زانستێك یان هونەرێك بێت کەفیری بووە، و بەپێچەوانەشەوە ئەگەر کچێکت خۆش نەوێت ئەو هۆکارانەی هەیە.

وەزانای دەروون ناسی نەمساوی زیگمۆند فرۆید بە هەڵەدا چووە کە دەڵێ هەموو خۆشەویستێك هۆکارەکەی ڕووت پەڕیە(سیکس)ە چونکە زۆر کچ هەیە کچی تری خۆش دەوێت بەڵام ڕووت پەری نیە هۆکەی هەروەها پیاویش کە پیاوی‌خۆش دەوێت هەر هۆکەی ڕووت پەڕی‌نیە دیارە کە پیاوێك پیاوێکی‌تری خۆش دەوێ ئەو هەندێ کرداری باشی هەیە وەکو ئازایەتی زیرەکی مرۆڤ دۆستی دڵسۆزی خەبات گێڕی نیشتمانپەروەری بەڕێزی‌وخزمەتی وە ئاین پەروەری بەڵام ئەمانە لەسەدەی‌بیست و بیست‌ویەکەم دا لەناو کۆمەڵگای ئەورووپی دا نەماوە و نامێنێ، وەهەروەها مرۆڤ نیشتمانی خۆش دەوێ گەلەکەی خۆش دەوێ زمانەکەی خۆش دەوێ دیمەنی سروشتی خۆش دەوێ گیاندار و ڕووەکی خۆش دەوێ وە تاد.. وە زۆربەی ئەو خۆشەویستیانە جوانی تێدا نیە بەڵام ئەگەر مرۆڤ باڵندەیەکی جوانی خۆش بوێت ئەمە ئەوە نیە بچێت ڕووت پەڕی لەگەڵ ئەو باڵندەیەدا بکات لەبەر

ئەوەیە جوانە وەیان خۆشەویستی لەنێوان ئەندامانی خێزان دا مانای سێکس ناگەیەنێ کە دیارە خۆشەویستیش لەفێربونەوە سەرچاوە دەگرێت مەبەست لەچۆنێتی فێر بوونە بۆیە خەڵکی ئەوروپی پێیان سەیرە کە ڕۆژهەڵاتی بەو شێوەیە دەبینین وە بەمن دەڵێن طارق بۆئەوەندە خەڵکی کوردی خۆش دەوێ هەر لەمنداڵەوە تا گەورەو چ نێر چ مێ.

وە دەربارەی جوانی کە هاملاییە(نیسبیی‌یە) دیارە شتێك بەلای منەوە جوانە بەلای کسێکی‌ترەوە جوان نییە ئایا جل‌وبەرگ بێت، گوڵ‌وگوڵزار و دیمەن بێت وە یان کچێت و من زۆر جاران کچم بینیوە لەسەر خیابان و بازار بگرە لەهەموو میللەتەکان کە ئەوەی بەلای منەوە جوان بووەبەلای پۆلیسەوە جوان نەبووە وە زۆر جار کچ بەلامەوە جوان بووە گوتوویان طارق نازانێت کوا ئەو کچە جوانە یا گاڵتەیان پێم کردووە وە خۆشەویستیش لەزانین و فێر بوونەوە سەرچاوە دەگرێ وە هەموو کوێرەکانیش خۆشەویستیان هەیە بەڵام لەژیانیاندا جوانیان نەبینیوە بەڵام من چۆن هەست بەهەموو ئەوانە دەکەم وە هەست بەخۆشی‌و ناخۆشی خەم‌وئازار وڕك‌وکینەو خۆشەویستی و نیگەرانی وە ڕسی‌و وە ئەرێ و نەرێی بیر کردنەوەکە کە هەموو ئەمانە هەستی پێدەکەم ئەوا پۆلیس لەڕێگەی مایکرۆچیپەکەی مێشکمەوە دەزانن کەلەمن دا هەیە یان کەمە یان زۆرە وە هەروەهاکە پۆلیسی نهێنی هەموو ئەمانە لەسەر کاسێت تۆمار دەکەن‌و دەی دەن بەخەڵکی پشکنەر و پسپۆڕی لەهەموو بوارەکانی زانست دا بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فێر بوون.

تاقیکردنەوەو ئەزموون دەربارەی زانستی پاراسایکۆلۆجی لەمێشکی مندا

١- ئەتوانرێ بەمێشکی من تلەپاتی هاوبیری ئەنجام بدرێ ئەگەر خۆم پێم خۆش بێ و ئامادەبم بەڵام لەبەر ئەوەی پێم خۆش نیە و ئامادە نیم ناتوانن پێم ئەنجامی بدەن لەباری نائاگادا بەڵام ئەنجام دانی هاوبیری لەهۆشی ئاگادایە.

٢-بەڵام دەربارەی سایکۆکنیز – دەروونە جوڵە- من پێم خۆش نیە و ئامادەنیم بەڵام لەزۆر بواردا پێم ئەنجام دەدەن بێئەوەی ئاگام لە خۆم بێت مانای ئەو کاتی ئاگام لەخۆم نەبوو پێم ئەنجام دەدەن وە لەکاتی خەوتندا کە ئاگام لەخۆم نیە،پێم ئەنجام دەدەن بەڵام ئەوکاتی بەهۆشم بەگران پێم ئەنجام دەدەن بەڵام بەشێوەی گشتی دژوارە ڕێگری بکەیت.

٣- دەتوانن لەکاتی خەوتندا خەونی دەستکردم پێببینن ئەویش بەوە دەیکەن کە فەرمان بەمێشکم دەدەن وەکو چۆن کەسێك بە هیپنۆتیزم خەوی(سەرنج ڕاکێشراو) دەی خەوێننو پێی دەڵێن تۆ لەباخێك دای یان لەسەردانی کەسێك دایت گفتوگۆ دەکەیت کە هاوشێوەی خەون بینینە وە هەر بەم شێوە خەونی دەستکرد یان دروستکراو بەمن دەبینن بەڵام هیچ کەڵکی بۆئەوان نیە تەنها زانیاریەیە لەسەر فەرهەنگوداب و نەریت هەروەکو خەونی ئاسایی وایە بەڵام ناتوانرێ خەونی پێش گۆیی ببینرێ.

٤-پرسوگۆ: لەگەڵ مێشکی من دەکرێت بۆ ئەوەی مێشکم بکەوێتە گفتوگۆ وە دەپرسن طارق ئەو چییە؟ ئەوە چۆنە؟ ئەوەکێیە؟ ئەوە ناوی چییە؟ ئەم پرسیارانە لە ڕۆژێکدا لەگەڵ من دەکەن کە زۆر بەکەمی وەڵامیان دراوەتەوە چونکە دەتوانم وەڵامیان نەدەمەوە بەڵام هەندێ شت کەپەیوەندی بەخۆم و بەکوردەوە نەبووە کە جاران وەڵامم داونەوە، وەیان دەپرسن بۆ کوێ دەچی؟ کەزۆر جاران وەڵامی پرسیاری بۆ کوێ دەچی؟ نەدراونەتەوە وەلەکاتی خەوتندا

پرس‌وگۆ لەگەڵ من دەکەن بەڵام ئەمیش زۆر کەم وەڵامیان بەدروستی پێگەیشتووە ئەوا ئەوانیتر هەڵە وشاش‌و درۆبووە.

٥- دەربارەی گەشت‌و لێدوان لەئاوەزدا ئەمیش کە ناتوانن ڕۆژێ پێم بکەن بەڵام شەوێ پێم دەکەن‌و ئاوەزم بەڕێدەکەن بۆلای خەڵکی‌تر(ئاوەزی‌تر) کە ئەمیش هاوشێوەی خەون بینینە، دەربارەی فەرهەنگ و داب‌ونەریت بەکەڵکە بەڵام نهێنی پێنادزرێ بەتایبەتی ئەگەر ئامادەییت نەبێ‌و دژ بیت.

٦- دەروونە نەشتەر: سایکۆسۆجەری یان دەروونە بڕین ئەنجا دەروونە تیمار یان دەروونەچارە کە تیماری برینە ئەمیشیان کردووە و پێم ئەنجام دەدەن وە سەرکەوتوو بوون ئەوکاتی بێئاگابوم لە خۆم و دژوارە بتوانی ڕێگری بکەیت.

٧- دەروونە کار تێکردن بەخۆت یان کارتێکردنی سەروی ئاسایی بەهۆی مێشکی خۆت:-

١) تاقیکردنەوە وئەزموون لەسەرتلەپاتی پێدەکرێ وە من چۆن بیر بۆ خەڵکی دەنێرم وە چۆن بیری لێ وەردەگرم کە بەزۆری ئەنجامم داوە وە بیرم بۆ خۆیان پۆلیسی نهێنی نەمسا ناردووە و بیریشم لێوەرگرتوون بێئەوەی بزانن بە خۆیان وەتا وەکو بەراوێژکاری نەمسا د.ڤیکتۆر کلیما ئەوان هەوڵ دەدەن پێم بکەن لەکاتی ئاگایی و نەخەوتن‌و بەڕۆژ بەڵام بەهیچ کلۆجێ سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە و نازانن چۆن دەبێ چونکە ڕێگەم پێنەداون وە ئامادە نیم‌و پێم خۆش نیە کەهەوڵیان داوە لەسەر پارتەکانی کوردستان و کەسایەتیە رامیارەیەکان زانیاریان بەشێوەی هاوبیری و بیروەرگرتن بەتایبەتی بەڵام نەیان توانیوە وەهەر بەئومێدی ئەوەی بتوانن بە من بکەن وەهەروەها ویستوویان زانیاری بە هۆی بیر وەرگرتنەوە بەمێشکی من لەعێراق و ئیران وەربگرن بەڵام بەهیچ شێوەیەك ڕێگەم پێنەداون وە هەوڵیان

داوە بم نێرن بەڵام نەچووم لەبەر بەرژەوەندی خۆم، وە هەروەها لەکاتی خەتندا ویستوویانە بیرم پێوەرگرن بەهاوبیری دەربارەی pkkوەpukو pdkوpsdkو ئیسلامیەکان‌و ئەوانی‌تر بەڵام جگە لەدرۆ و شاش‌وهەڵە هیچیان دەست نەکەوتەوە زانیاریەکانیان دەدا بەسەروی خۆیانەوە کە ئەوان دەیان گوت زانیاریەکان هەڵەیە یا ناتەواوە کەواتە چونکە ئامادە نیم و پێم خۆش نییە، ناتوانن نەلەکاتی بێ‌ئاگادا و نەلەکاتی ئاگادا بەمن هاوبیری ئەنجام بدەن کە هاوبیری لەکاتی ئاگادایە.

٢) لێکۆڵینەوە و تاقی‌کردنەوە و ئەزموون کردن لەسەرسایکۆکنیز - دەروونە جوڵە.لەڕووی دەروونە جوڵەوە هەرچەندە پێم خۆش نیە و ئامادەنیم پێم ئەنجام بدەن بەڵام ئەوکاتی ئەگام لەخۆم نیە وەیان لە کاتی خەوتن دام پێم ئەنجام دەدەن بەڵام من خۆم لەپێش چاوی ئەوان سایکۆکنیزم - دەروونە جوڵە - م ئەنجام نەداوە بۆیە لەمن دەخوازن کەلەپێش چاویان ئەنجامی بدەم تا کەلکی لێوەربگرن وە هەوڵ بدەن بەو ڕەوشەی من فێربن، وە هەرچەندی من لەپێش چاویشیان بکەم ئەوان ناتوانن فێری بن وەکو فێربوونی شتی‌ترنی‌یە ڕەوشی دەروونە جوڵە لەمن دانیە بەڵکو لە دەرەوەی مێشکی من ئەنجام دەدرێ ، بەڵام ئەوان لەکاتی بێئاگاییدا کە بەمن ئەنجامی دەدەن بۆ نمونە دەڵێن ئەوا کلیلکە لە گیرفاندا بزر بوو کەلەڕێگەی مایکرۆچیپەکەوە فەرمان بەمێشکم دەدەن وەمن بێ‌ئاگام‌و بزر دەبێت، وەدەیانەوێ بزانن ئەم بزر بوونە چۆنە و کلیلە بۆکوێ دەچێ ؟ ئایا فڕێ دەدرێتە شوێنێکی دوور لەمن ؟ یان بۆ هەمیشە بزر دەبێت ئەوان دەیانەوێ بزانن بەڵام کەمرۆڤ ناتوانێ لەمە بگات و ئەمەریکا ورووسیاش نەیانتوانی‌وە لەبزر بوون تێبگەن یان لەدەروونە جوڵە تێبگەن هەرچەندە هاوبەش‌و هاوکارەکانیان کە بەپۆلیسی نەمسا دەڵێن بزانن طارق چۆنی ئەنجام

دەدات وە چۆن دەکرێت وە ئەو تەنە بۆ کوێ دەچێت.

وەهەروەها لەکاتی خەوتن بەمنیان ئەنجام داوە دەروونە جوڵە کە کاتی خەوتنیش ئەنجام دەدرێ کاتی نائاگاییە و ئاگام لە خۆم نیە بەڵام ئەوکاتەی لەمنیان کرد خەبەر دەبمەوە وە ئەو کارانەی بەهۆی دەروونە جوڵەوە بە منیان ئەنجام داوە ئەوا دەی نوسمەوە.

ا. نەیان هێشتووە تەلەفۆن بکەم پێمیان گرتووە پەیوەندیەکە لەگەڵ ئەو ژمارەی کە من تەلەفۆنی بۆ دەکەم وە ئەوکاتیهێڵی پەیوەندی لەمن دەبڕن من ئاگام لەخۆم نیە چونکە هەموو کەسێ پێش ئەوەی تەلەفۆن دەکات نیازی بیرەکەی پەیدا دەبێ ئەنجا دەچێ تەلەفۆن دەکات بۆی من ئەوکاتی ئاگام لەخۆم نەبووە نەیان هێشتووە پەیوەندی بکەم وە هەتا درنگ خەریك بووم ژمارە تەلەتۆنەکە لێبدەم وەری ناگرێت و پەیوەندی ناتونرێ بە ژمارەکەوە بکرێت وە منیش لەپێش چاوی ئەوان نەم ویستووە هێڵی پەیوەندی داخراوە کە بکەمەوە کەزۆر بەگران دەکرێ تەنها لەبەر ئەوەی نەزانن من چۆنی دەکەم وە بەناچاری تەلەفۆنەکەم وازلێهێناوە کەئەمیش تەنها فرمان بە مێشکم دەدەن کە وەری ناگرێ یان داخراوە وە جگە لەمەش ئەو کاتیئاگام لەخۆم نەبووە بەتەلەفۆنەکەی خۆم کە دەستیە تەلەفۆن بۆم کراوە و زەنگی لێداوە وە پەنجەم بەبەڵێ داناوە یان کەس نەبووە وە یان بۆڵەبۆڵێك بە ئینگلیزی یان ئەلمانی یان بەکوردی بەر گوێم کەوتووە بەڵام تا ئیستا کە تەلەفۆنەکەم بۆ کراوە بە دەروونە جووڵە ژمارەکەی لەشاشەی تەلەفۆنەکەدا نانوسرێ وە چەندین جار تەلەفۆنم لەلەندەنەوە بۆسەرچنار کردووە لەگەڵ کەس وکارم دا هێڵی پەیوەندیان بەمن بڕیوە هەروەها لەبرادەران و ناسیاوانی ناو لەندەن و ئەوروپادا.

ب. ئەوکاتی ئاگام لەخۆم نەبوو یەخچاڵو تەلەڤیزیۆن و کۆمپیوتەرەکەی ماڵەوەم نەیان هێشتووە کار بکات یان خامۆشیان کردووە وەیان لەکاریان خستووە وەمن کاردانەوەم نەبووە تا ڕێگەیان لێبگرم بەمێشکم چونکە دژوارە وە گرانە بۆیە ناچار بێدەنگ بووم بەڵام ئەگەر پشووودار بێت جیاوازی هەیە.

ج. گڵۆپی کارەبای ماڵی خۆم وئەو شوێنەی کارم تێداکردووە بێئەوەی دەست لەپلاکەکەی بدەم گڵۆپەکانیان ڕۆشن کردووە و پێمیان خامۆش کردووە وەمن بەرگریم نەکردووە کەئەمیش لەکاتی بێئاگایدا بەمنیان کردووە.

د. دەرگاو پەنجەرەیان پێم داخستووە و پێم کردۆتەوە لەماڵەوە لەبێئاگایم دا بەبێ دەست لێدان وەمنیش خۆم لێبێدەنگ کردووە و کاردانەوەم نەبووە هەر ئەوەندی کاتی ڕۆژانەم بەئاگابووم بەڵام نەم ویستووە بە دەروونە جوڵە بەرگری بکەم کەکۆششی دەوێ دژوارەو گرانە.

هـ. بزرکردنی کلیلە و پەرتووك بەڵگەی کاغەز کە ئەمەیان بە من ئەنجام داوە ئەو کاتی بێئاگا بووم وە کلیلەکەی لەدەستم دایە بووە ئەنجا زانیومە کە بزریان کردووە وە پارە ژماردوومە و لەگیرفانم دا پاش چەند کاژێرێ پێمیان بزر کردووەو وەبەڵگەی نووسراوە دووجار پێمیان بزرکردووە وە من هەوڵی گەڕانەوەیم نەداوە وازم لێیهێناوە تەنها لەبەر ئەوەی ئاگایان لە ڕەوشی کردنی من نەبێت کەچۆن دەروونە جوڵە ئەنجام دەدەم جگەلەوەی دژوارەو گرانە وە دەربارەی پارەو بەڵگەنامە و تەلەفزیۆن و هەندێ کاری دەروونە جوڵەی تر بەکەمی بەمنیان کردووە، وە خۆیان دەڵێن پۆلیسی بەریتانیا ڕێگەمان پێنادات بۆ ئەنجام دانی بەڵام شانۆگەریەو هۆکاری تری هەیەوەلەکۆتایی مانگی(١)ی ٢٠٠٠وە تا ئێستا کە مانگی(٦)ی دوو هەزارە

بەزۆری دەروونە جوڵەیان پێئەنجام داوم بەسەر هەموو شتێکدا بەڵام بەڵگەنامە و پارە و کلیلەیان پێم بزر نەکردووە لەماوەی ناوبراودا.

و. کردنی ئاوی گەرم بەسارد بەگەرم وە گرتنەوەی ئاو لەشێرەدا وە بەتاڵکردنی گلاسی ئاوو شەبەرت و کوپی چاوکۆفی کە ئەمانە ئاگام لەخۆم نەبووە بە منیان کردووە وە سەریان سوڕ ماوە چۆن ئاو سارد دەبێ یان گەرم دەبێ وە ئەو ئاوە بەتاڵ دەکرێ لەگلاسەکە دا بۆ کوێ دەچێ وە بۆ شێرە کە ئاوی پێدانایەتەوە خواری و ڕاگیراوە وەهەروەها خواردنی سارد وویستوومە لەفڕندا گەرمی بکەمەوە نەیان هێشتووە بەفەرمان دان بەمێشکم کە ئەو خواردنە گەرم بێتەوە لەپلەی گەرمی بەرزی فڕنی گازیوگۆشت سورکردنەوە دا هەموو ئەمانەیان کاتێ بەمن کردووە ئاگام لەخۆم نەبووەو لەدوای کردنیەوە بەرگریم نەکردووە بەڵام هەموو ئەمانە پێش کردنی کە ئاگام لەخۆم بووە نەم هێشتووە بە دەروونە جوڵە پێم ئەنجام بدەن وە جگە لەمە کەئاگام لەخۆم بێ ئەوا تێدەگەم کەمن ئاگام لەچۆنیەتی کردنەوەکەیانە.

ز. دەنگیان پێم دروست کردووە وەکو دەنگی تەلەفۆنی دەستی و دەنگی فیکە لێدانو زیکەو مۆسیکا چەندین دەنگیتر کەئاگام لە خۆم نەبووە پێمیان ئەنجام داوە بەڵام دەنگەکە بەخۆم گوێم لێبووە بێگومان دەنگەکە چەند مەترێك لە من دوور بووە، بەڵام کە ئاگات لەخۆت بێت ئەو دەنگەت بە دەروونە جوڵە پێناکەن.

ح. وەکایش و زریزەی پانتۆڵیان پێم کردۆتەوە کە بێئاگابووم وە کاتو دوای کردنەوەی هەستم کردووە کە بەدەروونە جولەٚ بەمنیان کردووە مەبەستم پانتۆڵی بەرمە وەدەتوانن کراس لەبەرت دابنێن لەڕێگەی مێشکەوە.

گ. ئەوتەختەی لەسەری دەخەوم لەژێرم دا شەو جولاندوویانە و کەمێ بەرزیان کردۆتەوە ئەنجا من بە ئاگاهاتووم بەلام بەرگریم نەکردووە ئەمە لەکاتی خەوتندا وەیان نەم توانیوەبەرگری بکەم.

ی. هەروەها دەربارەی کار کردنە سەر کچ وژن کە کچ و ژنێك حەزی بەمن نەکردووە کەچەند جارێك بینیوەمە کەچی جاری دوای بینیومە بەرەو ڕووم هاتۆتەوە بەپێکەنین و ڕووی حەزلێکردنەوە کەچی پاش پێنج خولەك وازیان لەکارکردنەسەر کچەهێناوەو گەڕاوەتەوە دۆخی ئاسایی خۆی کەلێرە لەلەندەنەوە لەگەڵ دوو کچ بەمنیان کردووە وە من تەنها چاودێربووم و پێخۆشی وپێناخۆشیم ئەنجام نەداوە.

ك. لەکارراگرتنی ماشێنی وردکدرنی پەتاتەئەمە لەکاتی کارکردندا کە لەخوردنگەی یۆنانی سایبرۆسی - قبروسی کارم دەکرد وە من پەتاتەم ئامادە دەکرد یەکسەر مەکینەیان پێم لەکار رادەگرت وە یان کاری دەکرد و پەتاتەی وورد نەدەکرد کەلە ناویشی داهوو بەلام ئەو کاتی کە ئاگام لەخۆم نەبوو پتر ئەنجام دەدرا.

ل. دەربارە ی پلاکیکارەبا من پەنجەم لەپلاکی کارەبا داوە بۆ کردنەوەی کارەبا منی گرتووە بێئەوەی پلاکەکە کەلەبەری تێدابێت وەیان پەنجە تەڕبێت وە پێش و دوای ئەو پلاکەکە منی نەگرتووە کارەبای نەهاتۆتەسەر کەنەگەیەنەرە.

ەروەها لەشەودا کاتی خەوتندا شتیان بەمن جولاندووە وەکو کەوچکی خواردن وە ەنگیان لەژوورەکەمدا دروست کردووە یەخچاڵمیان خامۆش کردووە وە شەو ەکاتی خەوتندا گووتوویانە بەمێشکم ئەو کەسە بکوژە بەلام پێیان ئەنجام نەدراوە ەجگە لەوەی ئەمە کارێکی زۆر دەگمەنە وە کەس لەپاراسایکۆلۆجییەکان

لەنجامیان نەداوە وە هەروەها خۆشم لە مێشکم دا مرۆڤ کوشتن و گیاندار کوشتن نەم ویستووە رووم تێبکات و بەلایدا بچم وە ئەو کەسانەی کە بەمنیان گوتووە کورد بوون وەکو سەرکردەکان و کەسایەتیەکان و خزم کەس وبرای خۆم کەشەو لەکاتی خەوتندا پێمیان گووتوە طارق بۆمان بکوژە بەلاّم وەك گلۆپ هەڵکردن پێمیان کردووە وە شت وونکردن پێمیان کردووە ، هەروەها گوڵێکم لەماڵەوە هەیە گوڵێکی بۆن خۆشە نەعنای پێدەڵێن ئەزموونیان لەسەر ئەو گوڵە پێکردووم و بە مێشکم پەلکی گوڵەکەیان ووشك کردووە کە دیارە مێشکی مرۆڤ کار دەکاتە سەر ڕووەك و دەی فەوتێنێ خۆ ئەگەرئاگام لێنەبووایە ئەوا بەتەواوی گوڵەکەیان پێم ووشك دەکرد وە ئەزموونیتریان بە من دەکرد ئەڵبەتە کە ئاشکرام کرد پۆلیسی بەریتانیا ڕێگەی لێگرتن چونکە ڕێگەی تاکیکردنەوەی پاراسایکۆلۆجی بە مێشکی من ناهێڵن لەمسا ئەنجامی بدات دیارە هۆکاری هەبووە.

هەروەها دەربارەی کەش گۆڕی نەمسا بۆ ماوەی (٢) دوو خولەك بارانی بە مێشکی من باراندووە کە هیچ هەوریش نەبووەمانگی(٦/(٢٠٠٠)دا وەپاشتریش ئەنجامی دا بە بەردەوامی هەروەها لەمانگی(٦)ی دووهەزاردا بە مێشکیمن بە سایکۆکنیز هەوڵی کوشتنی سکرتێری پارتی ئازادی نەمسا جۆرج هەیدەر کە ململانێیان لەگەڵ پۆلیس و سۆشیال دیموکراتی هەیە داوە چونکە پۆلیسی نەهێنی نەمساسەربە سۆشیال دیمۆکرات و پارتی میللی نەمسان.

٣. دەربارەی خەونی دەست کرد کە خەونی دەست کردی زۆریان بەمن کردووە ئەمیش بەچەند شێوەیەك و ئەوەی کە بەڕۆژ شتێکم بیر هاتبێتەوە وە بەشەو بەشێوەی خەون دووبارە لەوشتە منیان نزیك کردۆتەوە هەروەها من خەونی پێش گۆیم پێشتر هەبووە وە تاساڵی ١٩٩٩ سەرەتای ساڵی (٢٠٠٠) پێش بەسەرهاتێك کە بەسەرم هاتبێ بە شێوەی خەونی پێش گۆیی بینیومە بۆیە

وویستوویانە خەونی پێش گۆیم بەمن دروست بکەن تا بزانن چۆنەو ئایا ڕاست دەردەچێ وە هەروەها بەڵام من هەستم پێیان کردووە و وە جگە لەمەش مێکشم بێخودی بەرگری لەخۆی دەکات وەلەو خەو پێش گۆییە دروست کراوانەی ئەوان خۆم پاراستووە وەجگە لەوەش من ئاگام لێیانە ناهێڵم مێشکم ئامادەو فێر و رابهێنن بۆ ئەو جۆرە کارانە وە جگە لەمانەش خەونی پێشگۆیی زۆر زۆر دژوارە ناکرێ وەهەروەها خۆشیان ڕێگەیان لەمێشکم گرتووە بۆ بینینی خەونی پێشگۆیی.

٤. دەربارەی پرس‌وگۆ: لەکاتی بەئاگایی‌و نائاگایدا وە بەشەو بەڕۆژ وە خەوتن‌وبەخەبەریدا پرسیار لەمن دەکەن طارق ئەوە کێیە؟ وەڵامیان نادەمەوە ناوی چییە؟ وەڵامیان نادەمەوە طارق ئەوە چی دەکات وەڵامیان نادەمەوە پرسیاری پاراسایکۆلۆجی لەمن دەکەن وەڵامیان نادەمەوە، وە دەڵێن زانیاریمان پێ‌بڵێ وەڵامیان نادەمەوە بەڵام لەڕۆژدا کاتی خوێندنەوەی هەندێ شت وە زانیاری پەرتوک گۆڤار وەڵامم داونەوە نەك بەزیانی کورد یان گەلی‌تر بەڵکو بەشێوەی بەرژەوەندی بۆ ئەو گەلانە من پێیانم گوتوە تورکیا هەر کورد ناکوژن بەڵکو ئەرمەن‌و لاس‌وچەرکەس‌و ئاشوریش دەکوژن.من گوتوومە ئەگەر کورد دەوڵەت بێت لەبەرژەوەندی ئەوروپا و ڕۆژئاوایە وە کورد جیایە لە تورك‌و عەرەب من گوتومە کورد لە ئەوروپا ئێوە ناکاتە موسڵمان من گوتوومە ئەگەر کورد دەوڵەتی هەبێ لەئەوروپا ناژین‌و نامێنینەوە و تاد بەڵام زانیاری لە سەرخۆم‌و کورد کە نەرێ بێت نەم گوتووە جگە لەوانەی کە بەپێش چاوی خۆیان دەیبینن‌و دەیبیستن کەئەمە دەسەڵاتی من نیە و من لای هەموو کورد گوتومە ئامێری سیخوڕیم لێ‌بەکار هێنراوە بۆ سیخوڕی لەسەرکورد وە لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر من.

٥. دەربارە ی گەشت‌ولێدوان لەئاوەزدا کە بەمنیان ئەنجام داەو وە بەئاوەز چەندەها جارمنیان ڕەوانەی کوردستان کردووە وە هەوڵیان داوە هاوڕێیانم و هاوکارانم لەرابردودا کێ‌بوون بیان ناسن بەڵام سەرکەوتوو نەبوون‌و ئاوەزم دەنێرنە کوردستان دەڵێن طارق باران نابارێت هەوڵ بدە بارن ببارێت وە باران بارین چۆنە؟ ماوەیەکە ساڵی ١٩٩٩ساڵی ٢٠٠٠لە گەڵ من زۆر شەو خەریك بوون بەڵام هیچ زانیاریان بەدەست نەگەیشتووە وە دەم نێرنە کوردستان بە ئاوەز بزانن من لەوێ چی دەکەم وە تێکەڵی کێ‌دەبم و کاردانەوەم چۆنە کە پێویستە بوترێ کە گەشتی ئاوەز تەنها ئەوان لەخەودا دەیکەن.

وەکو گوتم گەشت‌ولێدوان لەناو ئاوەزدا تەنها شەو لەکاتی خەوتن دا پێم دەکەن وە کاتی بەئاگایی و بەخەبەری ئەنجام نادرێ و ناکرێ بەڵام هیچ کام لەو گەشت‌ولێداوان و گفت‌وگۆیانەم لەم ئاوەزدا کەڵکیان نەبووە زانیاریان وەرنەگرتووە بەڵام کەمێ هاوشێوەی شاخ‌وچیاکان‌و شار و گوندەکانی کوردستانیان بینیوە و کەمێ پتر هاوشێوەی ڕەنگ‌و ڕووی خەڵکیش شەو لەخەودا ناردوویانمە لای کەسایەتیەکان‌و پارتەکان کە ئەوان بەم من بڵێن طارق بگەڕێوە بۆنەمسا و گفت‌وگۆم لەگەڵ بکەن وە بێ‌کەڵك بووە بۆیان ئەم گفت‌وگۆیانە کەلەشێوەی وانە دادەنێ هیپنۆتیزم دایە بەمێشك.

٦. دەربارەی دەروونە نەشتەر یان دەروونە بڕین - سایکۆسورجەری – جراحە نفسیە– وە دەروونە تیمار و دەروونە چارە سایکۆهێلین - الشفا النفسی– ئەمانە لەسەر لەشی خۆم ئەنجامیان داوە، هاتوون زۆر جاران پەنجە یان شوێنێکی دەستم بڕیویانە بەدەروونە بڕ – دەروونەنەشتەر – وە پاش کەمێ ئەو شوێنەیان چارە یان تیمار کردۆتەوە وەکو خۆی بەدەروونە تیمار – چاك دەبێتەوە بێ ئەوەی شوێنی دیار بێت هەر وەکو شێخەکانی کوردستان چۆن

زەرگ لە خۆیان دەدەن خۆشیان چاك دەكەنەوە كە ئەمانەیان بە من كردووە لەكاتی نائاگادا وە كاتێ دەستم بێئەوەی بەر هیچ كەوتبێ بڕاوە وە یان وازیان لێهێناوە بەبڕاوی یان بەدەروونە تیمار چاكیان كردۆتەوە وەكو خۆی وە من تەنها چاودێری بووم كارم پێی نەبوو بەڵام كاتێ ئاگام لەپەنجەی خۆم بووە نەیان وویستووە بیبڕن بەدەروونە نەشتەر – جراحە نفسیە– وە لەسەر پێم بەهەمان شێوە تاقیكردنەوە كراوە وەكو دەستم وە لەسەر لچ ولێوم وە لەسەر ئەندامی نێرینەم وە ناو گەڵم وە لەسەر زمانم وە مەڵاشوو وە قورگم وە شوێنەكانی تری لەشم .

٧. دەروونە كارتێكردن: لەسەر لەشی من ئەنجام دراوە موكو بریندار كردنی گەدە وریخۆڵەم نزیكەی مانگ وچەند مانگ بەردەوام بووە دەرمانم بەكارهێناوە بۆ چاك بوونەوەی و بەدەروونە چارە چارەمیان نەكردووە تەنها لەبەر ئەوەی بێئاگابووم لێیان وە بریندارکردن و ڕووشانی ڕیخۆڵە و گەدەش بەهۆی زۆر ڕشتنی ترش و زراوەوە ئەنجام دراوە وە هەروەها بە دەروونە كارتێكردن گەدەو ڕیخۆڵەكان بۆچەندین كاژێر لەهەرەس كردن ڕاگیراون و هەروەها تووشی سك چوون زۆر پێشاویان كردووم وەتوشی ئازار لەدەست و ماسولكەكان و قاچمیان كردووە وەتوشی پشت ئێشەیان كردووم وە توشی چاو خوران ولوت خورانیان كردووم وە توشی ناو گەڵ خوراندنیان كردووم و توشی لەش خورانیان كردووم.

دەربارەی فێر بوون و نەریت گۆڕین كە هەواڵیان داوە لەكاتی بینینی كچ دا زمان دەربكەم نیشانەی لێستنەوەی بەدەنەو لەشی كچانەو ئەندامی مێینەیان كە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی زمان دەرهێنان نازانین مەبەستم كوردە و خۆم هیچ كات نەم كردووە بۆیە سەركەوتنیان نەهێناوە كە زمان پێم دەربكەن لەكاتی بینینی كچ دا

کە لەئەوروپادا لەنێوان ژنان‌وپیاواندا زمان دەرکردن وەك ئامازەی رووت پەڕی‌کردن(sex) باوە و لەگەڵ یەکتری دەکەن کەئەمە نەریتی باوی نەمساوی‌یە وەجگە لەوەی من فێرنەبووم وە ئاگام لێیانە کە بەڕێکەوتیش زمان دەرنەکەم وە ئەگەر ئاگام لەخۆم نەبێت بەدەرونەکارتێکردن نەخۆشی فیزیکی‌و دەروونیم تووش دەکەن بەڵام من لەخۆم بەئاگام ئەگەر ماندوو نەبم ناهێڵم تووشببم بەڵکو دەتوانم خۆشم چارە بکەم نەخۆشی بە هۆی مایکرۆچییەکەوە فەرمان بەمێشکم دەدرێ کە کارتێکردنی دەروونی یان کارتێکردنی سەرووی ئاسایی خۆمم لە سەرخۆم هەبێت دەربارەی نەخۆشی کەم سەر کەوتنیان وەدەست هێناوە و نەخۆش کراوم بەڵام نەچوومەلای پزیشك‌و خەستەخانە بەرگریم کردووە و جار هەبوو شەوڕۆژێ سەرم ئازاردراوە.

وەهەروەها هەوڵیان داوە هاوکێشی‌وهاوسەنگی من لەوەستان وڕۆیشتن دا تێك بدەن‌و بم دەن وبم خەن بەسەر جادەوئەردەکەدا زەویدا بەڵام نەیان توانیوە بم خەن بە زەویداتەنها وڕوگێژبووم وەهەروەها هەوڵیان داوە من بڕشێننەوە و خواردنەکە لەدەممەوە بێتە دەرەوە هەرچەندە گێژو وڕ بووم لیکاو لەدەمم دەرچووە بەڵام نەڕشاومەوە و ئەگەر مرۆڤ کەم بخوات ئەوا بەهیچ شێوەیەك ناتوانن توشت بکەن ئەمە دووجار پیمیان کردووەو توش بووم پاش زۆر خورانی خۆش

وە بەفەرماندان بەمێشکم ڕەنگی دەستی منیان بەرەو سپی وبۆر هەڵگێڕاوە نزیکەی دووجار کە ڕەنگە ئەمانە بەلای خوێنەرەوە سەیربێت بەڵام هەموو ڕاستن وە چەندین شتی‌تر هەیە من نەم نووسیوە بەڵام ڕەنگە لەئایندەدا خۆیان (نەمساو هاوکارانی) لەشێوەی پەرتوکدا بڵاوی بکەنەو کەهەموو ئەمانە وەکو ئەزموون کاری بەکەڵکی لێکۆڵینەوەکانیان دێت.

وە هەموو ئەوانەی لێی دوواوەو وە هەندێ شت لێ نەدووام مایکرۆچیپ پێ‌ئەنجام ئەدرێ لەبواری سیخوڕی بە پاراسایکۆلۆجی و لێکۆڵینەوەو تاقی‌کردنەوە لەسەر مێشك وە تاقی‌کردنەوە و ئەزموون بەپاراسایکۆلۆجی لەناو لەش داو و لەدەرەوەی لەش بەمایکرۆچۆپ بەلاّم سیخوڕی تەنها بەپێنج هەستەکەی دەرەوە مایکرۆچیپ تەنها لەسنووری هەستی بینین‌و بیستن دا ڕۆڵی ڕاستەوخۆ دەبینێ کە پاراسایکۆلۆجی ڕۆڵی دووەمە دوای ئەودووهەستە.

٨- بۆن کردنی سەرووی ئاسایی‌و تاقی‌کردنەوەو ئەزموون کاری:

دوای ئەوەی کە تێ‌گەیشتن بۆیەکەم جاریان کەمن توانای بۆنکردنی سەرووی ئاسایم هەیە، بەپێی جیاوازی کات‌و شوێن وەیان دەوری کات‌و شوێن تێیدا، ئەگەر خواردنێك لەتەلەفزیۆندا ببینم دەتوانن بەبۆنکردنی سەرووی ئاسایی بەلووتم کەفەرمان دەدەن بەمێشکم پێم ئەنجام بدەن وەیان بۆنی مادەیەکی کیمایی لەڕابردوودا بگێڕنەو بۆ لوتم، وەیان بۆنی خواردنێك لەهەمان کاتدا یان ڕابردووی دوورو نزیکدا خوراوە یان بینراوە ئەوا بەبۆن کردنی سەرووی ئاسایی بەلووتم ئەنجامی بدەن گەئەم تواناو داهێنانەیان (پۆلیسی نەمسا) لەمن‌و لەتوانای من وەرگرتووە وە پێشتر شارەزایانی پاراسایکۆلۆجی نەمساو ئەڵمانیا پێی ئاشنانەبوون.

* * *

هەڵخەڵەتاندنی پێنج هەستەکەی مرۆڤ لەڕێگەی مایکرۆچیپەوە

١. هەستی بینین: دەتوانی لەڕێگەی مایکرۆچیپەوە هەستی بینین هەڵیخەڵەتێنن بەوەی فەرمان بە مێشك دەدرێت کە شتێك دێتە پێش چاوت هەر وەکو چۆن لەخەوی هیپنۆتیزم دا خەوی سەرنج راکێشراودا بەو کەسەی خەوتووە دەڵێن ئەوە شێر یان درەخت وەیان شتی‌تر لەپێش چاوتە وە دەربارەی هەستەکانی تریش بەهەمان شێوە دەکرێ بەڵام لەبەرئەوەی من ئاگام لە خۆمە وەلەکاتی بەخەبەریدا کە چاوم زۆر ورد بینە بۆیە ناتوانن بیهێننە پێشچاوم.

٢. هەستی بیستن: بەهۆی مایکرۆچیپەکەوە فەرمانیان بەمێشکم داوە کە دەنگ و گۆرانی لەناو سنووری گوێم دا دروست بکەن ئەڵبەتە سەرکەوتوو بوون وە چەندین جار ئەنجامیان داوە بەڵام ئاگام لەخۆم نەبووە وە ئەگەر ئاگام لەخۆم بێت‌ولەئاگایدا بۆئەوەی لێیان تێنەگەم ئەنجامی نادەن.

٣. هەستی بۆنکردن: لەبەر لوتم وە لەناو لوتمدابۆنی چەواشەیان زۆر بۆم دروست کردووە وە هەمووی بۆنی ناخۆش‌وهەموو لەوکاتانەدا بووە کەئاگام لەخۆم نەبووە، بەڵام پێم زانیوە و بەرگریم نەبووە وە لەکاتی خواردندا خواردنەکەبۆگەن‌و بۆنی پیسی لێهاتووە وە نەم توانیوە هەموو کات ڕێگری بکەم.

٤. هەستی تام کردن: دەربارەی تام کردن خواردن لەناو دەمم دا تامیان ناخۆش کردووە بۆ تاڵی‌وبۆگەن‌وشتی‌تر.

٥. هەستی‌بەرکەوتن: نەیانتوانیوە هیچ بە من بکەن لەئاگاو نائاگادا وە ئەوەی لێرەدا گرنگە بەهۆی مایکرۆچیپەوە هەوەسی من هەڵدەستێن وەك ئەوەی

ڤیاگرا بخۆم‌و توانای ڕووت پەڕیم زیاد دەکەن(sex)وە تامی سیکسەکە خۆشتر دەبێت هەروەکو ڕوت پەڕی لەتەمەنی چواردە ساڵیدا، بەڵام تەنها یەکجار ئاگام لەخۆم نەبووە وە لەوەو دوا نەیان توانیوە ڕووت پەڕیم پێبکەن‌و وە هەوەسمیان زۆر هەستاندووە بەڵام چونکە ویست(ئیرادە)م هەبوو نەیان توانیوە ڕوت پەڕیم پێبکەن وە بەئاگابم یان نائاگا هەوەسم هەڵدەستێنن ئەمە کاتێك ئاوێتە کیمیاویەکە کە هەموو لەش دەتەنێتەوە.

بەرواری نووسینی زانیاری مایکرۆچیپ لەسەرەتای ساڵی(٢٠٠٠)دا بوولەهەمان کاتدا بەناوپارتەکاندا بڵاوکرایەوە.

* * *

هەندێ کارو لێکۆڵینەوەی‌تر کەلە ڕێگەی مایکرۆچیپەکەوە بە مێشکم ئە نجام دەدەن

هەروەکو لەپێشەوە لێی‌دواوم دەتوانن بەفەرماندان بەمێشکم کۆئەندامی هەرسم بەگەدەو ڕیخۆڵەکانەوە لەهەرس ڕاگرن وەیان پشێوی دروست دەکەن وە ئازاری زۆر شوێنی‌تر لە ئەندامەکانی لەشی من دەدەن و توشی ئازاری سەرم دەکەن هەروەکو لەڕۆژی ٢٨/٨/٢٠٠٠دا بۆماوەی)٤٨(کاژێر ئازاریان خستۆتە ناو مێشکی منەوە وە ڕێگەی هەرس کردنیان بەکۆئەندامی هەرسم گرتووە وەئازاری جومگەکانی لەشی منیان داوە وە هەوڵیان داوە من توشی نەخۆشی گرانەتا بکەن لە وەلأمدا من پێم دەگوتن ئەگەر بەردەام نەبن زێرابەکان و تەوالێتەکانی لەندەن لەمێشکی هەموو نەمساوی پاکترە، وە لەلایەکی‌ترەوە شانۆگەری پۆلیسی بەریتانیا و بەڕێز تۆنی بلێر پێی دەگوتن واز لەمێشکی طارق بهێنن وە مەبەستیان لەم فشار و جەختە بۆ سەر من تا سەر بە من دانەوێنن و فەرمان و داواکاریەکانیان بۆبەجێ بهێنم‌و بگەڕێمەوە نەمسا وە جگە لەمەش پتر بەکارهێنانی من و ئەزمون و تاقی‌کردنەوە بەمێشکم‌و کەڵك وەرگرتن لەمێشکم لەڕێگەی ئەو مایکرۆچیپەوە دەتوانن توشی نەخۆشی فیزیکت بکەن بەلأم من ئاگام لێیانەو دەزانم کە ئەو ئازارە نائاساییە وەبڕوای پێناکەم وەهەوڵ دەدەم مێشکم وەری‌نەگرێت و بەجێنەهێنێ وە من ئەگەر کارنەکەم‌و پشودارم ئەوا بەهیچ کلۆجێ ناتوانن من نەخۆش بخەن‌و ئازاری ئەندامەکانی بەدەنم بدەن وەك لەکاتی ماندوو بوون‌و نائارامی‌دا.

لەبارەی نەخۆشی دەروونی زۆر زۆر هەوڵیان داوە بەلأم لەزۆر کاتی ماندوویی دا نەیان توانیوە بەمن ئەنجامی بدەن‌وتوشی نەخۆشی دەروونیم بکەن، وە دەربارەی ئەو کارانەی بەمنی دەکەن بەزۆری لە -cia—ی وەردەگرن و ڕێنوێنی دەکرێن چونکە پۆلیسی نهێنی ئوتریش‌و-cia— ی بەهاوبەشی لەمنیان بەکارهێناوە ئەم مایکرۆچیپە.

دەربارەی چارەسەری نەخۆشی لەڕێگەی مایکرۆچیپەوە ئەنجام دەدرێ بەلاّم تەنها ئەو مێشکانەی فەرمانی مایکرۆچیپەکە وەردەگرن و پەسەندی هەروەها دەکەن دەتوانرێ نەخۆشی پی‌چاك بکرێتەوە وەهەروەها نەخۆشی فیزیکی و بەدەنی پێی‌چاك دەکرێتەوە بەلاّم تەنها ئەو مێشکانە وانەگرن پتر کەتوانای تێگەیشتن و بەرگریان کەمە.

دەربارەی ڕووت پەڕی لەڕێگەی مایکرۆچییەکەوە فەرمان بە مێشکم دەدەن من کەلەسەرتاشخانە لەلەندەن کاردەکەم ئەوکاتەی من خەریکی سەرچاك کردنی منداڵێکی(٥-١٩)ساڵانم وە ئاگام لەخۆم نامێنی و سەرنجم دەکەوێتە سەرکارەکە ئەوا لەم کاتەدا هەوەسم هەڵدەستێنن و ئەندامی نێرینەم هەڵدەستێنن کە من لەم کاتە گەورەترین تاوان لەناو مێشکم دا ئەنجام دەدرێ خێرا سەرنج دەخەمەوە ناومێشکم تا ڕێگەیان پێ‌نەدەم فەرمان بەمێشکم بدەن تا ئەندامی نێرینەم هەڵستێنن.

هەروەها بەهەمان شێوەش لەگەڵ پیاوێکی تەمەن سەروی(٥٠) ساڵان پێم دەکەن دیسانەوە من سەرنج دەخەمەوە ناو مێشکم تا نەتوانن پێم ئەنجام بدەن وە من دەرم بڕیوەو ئاشکرام کردووە کە پۆلیسی بەریتانیام ئاگادار کردووە چونکە لەهەمان کات دا وەکو نەمسا ئاگایان لەمنە دیارە پۆلیسی بەریتانیا پێیان ناخۆشە بۆ خەڵکی ئاشکراکەم و چەند جارێ پێیان گوتوون کە ئەنجامی نەدەن بەلاّم لەهەمان کاتدا بۆ وەڕس کردنی من و ئەزموونکاری ئەنجامیان داوە، ئەڵبەتە لەهەندێ هەڵس و کەوت و گفت‌وگۆم ئەوا خودی بەڕێز تۆنی بلێر ئاگادار دەکرێت بەلاّم زۆر جاران کراوە هەروەها زۆر جاران تەماشای ناو گەڵی کچ‌وژنانم پێدەکەن کەکاتی لەهات‌وچۆ لەسەر خیابانەکان دەیان بینم وە هەستی بینینم وا لێدەکەن کە ئەندامی مێینەی ژنان بەشێوەی دەرچوو لە پانتۆڵەکەیان ببینم.

وەهەروەها پاش و پێشی پیاوانم پێ دەبینن بەوەی فەرمان بەمێشکم دەدەن و دەڵێن پاشەڵی ئەو پیاوە دەرچووە یان ئەو ژنە دەرچووە وە روت پەڕی لەگەڵیان خۆشە هەروەها شەوێ هەوڵی روت پەڕیم پێدەدەن لەکاتی خەوتن دا بەهۆی فەرمانی تۆپزی دان بەمێشکم کە من خەبەرم دەبێتەوە بەراستی کاری بێڕەوشتی وەها بەمن دەکەن و دەیخەنە مێشکمەوە کە لەئاوەزی گیانداریانیشدا نییە ئەو هەڵس‌وکەوت‌و فێربوون تێگەیشتنانەی پۆلیسی نەمسا و ئەوروپا.

هەروەها دەتوانن چاوت کوێر بکەن وە من چەند جار چاومیان ئازارداوە وە گۆشتی زیادەیان لەسەر سپێنەی چاوم دروست کردووە بەڵام دوای ناچاری وازیان هێناوە وە ئازاری دەمودداان ناو مێشکی منیان داوە وە ئازاریان لەکۆمم دا دروست کردووە وە لەچەندی شوێنی‌تری لەشم دا بەهۆی فەرمان دان بە مێشکم کە هەموو بەدەنی مرۆڤ مێشك بەڕێوەی دەبات لێرەدا کۆتایی بە نووسینی کاری مایکرۆچیپە لەمێشك دەهێنم لەگەڵ مەبەستەکانی وە بەهۆی مایکرۆچییەکەوە ئەم زانیاریانەیان لەسەر کورد بەتایبەتی لەبارەی فەرهەنگ‌و نەریت‌و هەڵس‌وکەوتەوە کە پێشتر پۆلیسی نهێنی نەمساو ئەوروپا نەیدەزانی وە هەروەها پۆلیسی بەریتانیاش هەندێکی نەدەزانی باش تێگەیشتوون.

١. کورد تەندروستیان تەواوە و نان‌و خواردن زۆر دەخۆن.
٢. کورد مێشکیان وەکو مێشکی ئەوروپی نیە زۆر بەگران لێیان تێدەگەیت.
٣. کوڕوکچی کورد وەك کوڕ و کچی ئەوروپی‌نیە.
٤. کورد زمان‌و وێژەیان پیشکەوتووە و پەندی پێشینانیان زۆرەو زمانی فەلسەفیە، وشەکان و ڕستەکان مان دارن و پەیڤەکان نادیارن ماناکانیان دەبێ لێیان تێبگەیت.

٥. کورد زۆر بەگفت‌وگۆن زوو بابەتەکان دەگۆڕن وەلەهەموو بابەتێ لێدوان ومشت‌ومڕ دەکەن تەنها لەسەر ڕووت پەڕی کفت‌وگۆ کەم دەکەن کەبەشەرمی دەزانن.

٦. کورد زۆر بیردەکەنەوە و زۆر شت لێك دەدەنەوە وفڕوفێڵیان زۆرە وە خەڵکی ڕاستیان زۆرە وە لەسەر خواردن بیردەکەنەوە..

٧. کورد زۆر حەز لەوڵاتی خۆیان دەکەن نایانەوێ گیرگرفتیان بۆبکەی.

٨. کورد زۆر حەز بەدیمەن‌و سروشت‌و جوانی دەکەن وە حەز بەباخ‌و گوڵزار دەکەن وە حەز بەشاخ وچیا دەکەن وە حەزبەبینیی گیانداران دەکەن.

٩. کورد ژنانیان لەپیاوان و وە پیاوانیان لە ژنان جۆرێکی‌تر جیا لەئێمە لەیەکتری تێدەگەن.

١٠. کورد پاك‌وخاوێنن کە دێنە سەر توالێت ئاو بەردەدەنەوە بۆ ئەوەی کەس ئاگایان لی نەبێ کە دەنگ‌وبۆن بلاونەبێتەوەکەئەمەش پاك‌وخاوێنییە.

١١. کورد لەکاتی نان خواردندا فەرمووی یەك دەکەن وەمیوانداری یەکتری‌دەکەن وە خواردن بۆ یەکتری دەکڕن وەشت دەدەن بەیەکتری و زۆر یارمەتی یەکتری دەکەن.

١٢. ژنانی کورد لەژنانی ئێمە زیرەك ترن بۆ کاری بەدەنی‌وئاوەزی.

١٣. کورد زۆر بەهەوەسن و حەز لەهەڵپەرکێ و گۆرانی و ئاوازو مۆسیکا دەکەن.

١٤. ئێمەی ئەوروپایی لەگیروگرفتی کورد تێناگەین لە ئاوەزی کورد تێناگەین لەرامیاریان تێناگەین .

١٥. کورد زۆر تێکەڵن و یەکتریان زۆرخۆش دەوێ‌و یارمەتی یەکتر زۆر دەکەن.

١٦. کورد زۆر ڕکیان لەتورکە وە بەتۆڵەن و شتیان لەبیرناچێتەوە.

١٧. کورد زوو لێمان تێدەگەن و گیرگرفتی رامیاری خۆیان دەزانن و لەرامیاری ئێمەش دەگەن.

١٨. زۆری کورد حەز بەدۆستایەتی و هاوکاری ئەورووپا و ڕۆژئاوا دەکەن کە تازە ئەورووپا بەخۆی دەزانێ کەچی ئەنجا لەسەر نەریتی کۆنە.

بێمەوە سەر بەسەرهاتی خۆم کە چ دەکەم وە من هەر واتێدەگەم کە مایکرۆچیپ تیشکی کۆمپیوتەری -Scan–دەتوانێ دەری‌بخات و دوکتۆر چارە ی‌بکات وە هەر ئومێدم هەیە بە سکان (Scan) لەمێشکم دەربێت و بەڵگەی دوکتۆرم دەست بکەوێت بۆ دادگایی، بەڵام من هەتا سەرەتای(ساڵی(٢٠٠٠) کە خۆم (Scan)ی مێشکم کردو هیچی تێدا دەرنەکەوت هەروا تێگەیشت بووم کە بەسکان دەردەکەوێ و دوکتۆر چارەی دەکات.

وە ڕۆژ ١٩٩٩/٩/٦ چاوپێکەوتنم هەبوو لەگەڵ دوکتۆری مێشک لەخەستەخانەی سنت جۆرج هۆسپیتاڵ بەڵام هیچ ئازمایشی ئەوتۆی منی نەکرد وەلێم تێ‌نەگەیشت‌و پێمی گوت بڕۆ بۆلای دوکتۆری گەرەکت وخۆشی داوای بۆ دکتۆری گەڕەکی نوسیبوو بەڵکو بینێرن بۆ خەستەخانەی دەروونی چونکە وای پێدەچێ لەتورکیا ترسابێ‌و ئەشکەنجەی ئەوان درابێ‌و منیش نامەیەکم بۆ دوکتۆر فوستەر نارد کەوا لەڕۆژی ١٩٩٩/٦/١٤مان لەخواردن دەگرم وە هەروەها نامەی مانگرتنەکەم ڕەوانەکرد بۆ پارتە بەرهەڵستاکارەکانی نەمسا وەڕۆژی ١٩٩٩/٦/١٤یەکەم ڕۆژی مانگرتنم بوو وە نامەی مانگرتنەکە لە گەڵ پاڵپشتێك کە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان بۆمی‌کرد وە ناردی بۆ بەڕێز تۆنی بلێر وەبۆ وەزیری تەندروستی بەریتانیا وەهەروەها ڕۆژەکانی دوایی بۆ کوردەکانیشم فاکس کردو ئاگادار کران وە بۆ پەرلەمانی ئەورووپی‌و ڕێکخراوی مافی‌مرۆڤ و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانم فاکس کرد.

لە ڕۆژی ١٩٩٩/٦/١٨ دڵی منیان ئازاردا منیش گوتم دیارە بەهۆی دڵمەوە ڕەوانی خەستەخانە دەبم لەوێ دەخەوم و(Scan)م بۆ دەکرێتەوە هەستام تەلەفۆنم بۆخودرەوی فریا گوزاری کرد کە دڵم ناتەواوەو منیان برد بۆ خەستەخانەی سەنت جۆرج هۆسپیتاڵ وە خوێنیان لێم گرت بۆ ئازمایش کردن وە دڵی منیان ئازمایش کرد پاشان گوتیان هیچمان بۆ ڕوون نەبۆتەوە و هیچت نیە، من هاتم بڕیارم دا مانگرتن بکەم هەر وەکو کردم وەها تێگەیشتم کەئەگەر تیشکی کامیرای کۆمپیوتەری مێشکم بگیرێ (Scan)بکرێ ئەوا لەناومێشکمدا دەردەکەوێ و چارە دەکرێ و ڕزگارم لێی دەبێت، بۆیە بەردەوام بووم لەنان نەخواردن تا ڕۆژی ١٩٩٩/٧//١٢ کەبەناچاری لەم ڕۆژەدا پاش ٢٣ ڕۆژ مانگرتن شکاندم چونکە خواردن لەڕیخۆڵە ئەستورەم دا ووشك بوو ئازاری منی دەدا وە میزم پێنەدەکرا تا ڕۆنە کەرەم خوارد و یارمەتی توانەوەی ئەو پاشەڕۆیەی ناو ڕیخۆڵە ئەستوورەی داو تاواندیەوە و شۆڕ بووم و ڕزگارم بوو کەبۆ ئەمەش بەخود ڕەوی فریاگوزاری دووجار چوومە خەستەخانە تالەو پاشە ڕۆیە رزگارم بکەن بەڵام هیچ وەڵامی منیان نەدایەوە وە دوکتۆرەکان لەخەستەخانە منیان دەرکرد، بۆیە من لەمەوە گەیشتمە ئەنجام کە دوکتۆر ناتوانێ هیچ بۆ من بکات وە وام بیردەکردەوە ئەگەر بیدۆزنەوە لەمێشکمدا ئەوا دیسان ئەزموون لەسەر مێشکم دەکەن دوکتۆرەکان لەخەستەخانەکە چونکە وام دەزانی مایکرۆچیپی لەگەڵە یان ئاوێتەکە دەردەکەوێ.

وە من لەکاتی ئەم مانگرتنەدا ماوەیەك دوکتۆر ناردمیان بۆخەستەخانەی دەروونیو نزیکەی دووهەفتە منیان هێشتەوە لە خەستەخانەی دەروونی تا من بە دوکتۆرەکانم گوت کە من بیرکردنەوەی خۆم نیە بەڵکو پۆلیسی نەمسا پێم دەڵێن لە مێشکت دایە وەمن بۆ بەریتانیا نەهاتووم بۆخەستەخانەی دەروونی چونکە لەنەمسا

خەستەخانەی دەروونی‌ودوکتۆری دەروونی هەبوو کە سەرئەنجام ئەم وەلامە شوێنی خۆی گرت‌و منیان دەرکرد لەخەستەخانەی دەروونی بۆماڵەوە.

هەروەها لەسەرەتای مانگی ۱۹۹۹/۷دا لەسەر پەڕۆی خام نووسیبووم من قوربانی هێتلەرم لەنەمسادا مایکرۆچیپ لە مێشکم دا بەکار هێنراوە بۆ سیخوری کردن لەسەر کوردان بۆ نەمسا وە چوومە بەردەمی بالوێزی ئوتریش لەلەندەن‌و لەوێ بالوێزخانە تەلەفۆنیان بۆ پۆلیس کرد پۆلیس هات منی لەنزیك بالوێزخانە دوورخستەوە منیش چوومە کەمێ ئەولای ڕاستی باڵوێزخانەکەو لەپاڵ دیوارێکدا کەوتم‌و لێی دانیشتم و پەرۆکەش لەپشت سەرمەوە هەڵواسراو بوو کەچی پاش نیوکاژێرێ سیخوری نەمسا و بەریتانیا لەسەر باڵەخانەکەوە یەك سەتڵ ئاوی پڕیان بەسەر من دا ڕژاند و هەموو لەشمیان تەرکرد وە تەلەفۆنم بۆ پۆلیس کرد هیچ وەلامی نەدامەوە وە جارێکی‌تر لەپاڵ دیوارێکی‌تر دانیشتمەوە دیسانەوە ئاویان بەسەرم داکردەوە منیش هەستام و چوومە وەبەردەرگای بالوێزخانەکە و دانیشتم ئەوەبوو تەلەفۆنیان بۆ پۆلیس کرد و پۆلیس هات بە زۆر منیان دەرکرد بۆیە کە تێگەیشتم کەس گوێم لێناگرێ ناچار ئەوێم چۆڵ کرد و چووم بۆ بەردەم پەرلەمانی بەریتانیا وە لەوێ پەرۆکەم دیسانەوە هەڵواسیەوە کەلەسەری نووسرا بوو من قوربانی هێتلەرێکی‌ترم لە نەمسا هیچ کەس بەلامدا نەهات‌و ڕۆژی دوایی چوومەوە دیسان کەس لێمی نەپرسیەوە بۆیە وازم لەمەش هێناو گەڕامەوە ماڵەوە وەمن دەربارەی ئەمە کۆنگرەی نیشتمانی بەڕێز جواد ملام ئاگادار کردەوە وە هەروەها یەکێی نیشتمانی کوردستانم ئاگادارکردەوە لەگەڵ کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد وەلامی هەموو ئەوان دەیان گوت بەبێ بەڵگە هیچمان پێناکرێت دیارە منیش پلەبەپلە بە پەیژەدا سەردەکەوم کە ئەم مانگرتن‌وچوونە بەردەم بالوێزی نەمسایە

تیمی‌گەیاند کە پۆلیسی بەریتانیا نەك هەر وەڵامی من نادەنەوە بەڵکو هاوکاری پۆلیسی نەمسان.

من هاتم بڕیارێکی‌ترم دا دوای شکاندنی مانگرتنەکە کە بەهیچ شێوەیەك بەلای دوکتۆردا نەچم وە هەوڵی کارکردن بەرەشی بدەم تا سەرمایە پێکەوە دەنێم و بەو سەرمایە بچم لای دوکتۆری تایبەتی تیکشی کۆمپیوتەری (Scan)بکەمو بۆم دەربکەوێ کە ئایا ئەومایکرۆچیپەی لەناو مێشکم دایە سکان دەری دەخات و چارە دەبێت چونکە ئەوکاتی لەئەڵمانیاوە بەرێ کەوتم بۆ بەریتانیا لەو بڕوایەدا بووم کە پزیشکی بەریتانیا پێشکەوتووە دەتوانێ چارەی بکات بەڵام لێرەدا لەلەندەن هەر پێشی مانگرتنەکە کوردێکی ڕۆژهەڵات بەناوی عبدالله شیوەکەڵی پێمی‌گوت کوڕە شتی‌وامەکە کەس لێت تێ‌ناگات و پۆلیس و دکتۆر بە شێت دادەنێن‌و بۆ خەستەخانەی دەروونیت ڕەوانە دەکەن وە جگە لەمەش بە سکان(scan) نادۆزرێتەوە لە مێشکدا وەگوتی بەرژەوەندی لەگەڵ نەمسا بۆ تۆ ناگۆرێتەوە بەڵام من دوای شکاندنی مانگرتنەکە لە ١٩٩٩/٧/١٢تەواو بڕوام بە وتەی عبدالله شیوەکەڵی کرد، بۆیە بڕیارم دا بەلای دوکتۆردا نەچمەوە و کارم بەمانگرتن نەبێت بۆیە بڕیارم دا کاری ڕەش بکەم بەڵام هەر لەمێشکمدا مابوو تابزانم ئایا تیشکی سکان دەری دەخات بۆئەمەش دەبوو پارە بەیەکەوە بنێم‌و تابتوانم لەخەستەخانەی تایبەتی سکانی مێشکم بکەم کەخەریکی کاربووم لەلایەك‌ولەلایەکی‌تر هەواڵی خۆم هەمووی بەکوردستان ڕاگەیاندبوو بەردەوام ڕۆژانە ئازارم دەچەشت بەدەست مایکرۆچیپەکەوە کە جەنگی دەروونیان لەگەڵ من دەکرد وە زۆر زانیاری و هەواڵی شاشیان دەخستە ناو مێشکی‌منەوە بەڵام هێشتا ئەزموونیان پەیدا نەکرد بوو کە ئاوەزم بەکاربێهینن لەکاتی خەوتندا بینێرن لەگەڵ خەڵکی‌تر گفت‌وگۆبکات، بەڵام دەربارەی سایکۆکنیز – دەروونەجوڵە– ئەوەلە -CIA–وە زانیاریان پێ‌درابوو

بەوەی هەربە مێشکی من بڕینی هێڵی پەیوەندی تەلەفۆن کردن وە هەروەها گۆڕینی بەرنامەی تەلەفیزۆن کە هەر لەساڵی ١٩٩٨لەمانگی ئایارەوە لەشارۆچکەی شتایەر پێمیان دەکرد بەڵام من خۆم کەشارەزای پارایایکۆلۆجیم تێدەگەیشتم لەم ئەزموونانە و خۆم گێل دەکرد من هەر پاش دەرچوونم لەنەمسا و گەیشتنم بۆ بەریتانیا وە دواهەمین جار لەمانگی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩پێانم ڕاگەیاند دەبێ ئێوەی سۆشیال دیموکراتی نەمسا لە هەڵبژاردنی ئەم جارە بدۆڕیین وەهەروەها لەمانگی شەشی ١٩٩٨نامەم بۆ مامۆستا جمال نەبەز نارد کەبەهۆی زانستی پاراسایکۆلۆجییەوە ناوم کەوتە ناو مێژووی نەمساوە بەڵام پۆلیسی نەمسا و راوێژکاری ئەو کاتەیان د. ڤیکتۆر کلیما گاڵتەیان پێم دەهات تاکۆتایی ساڵی ١٩٩٩ کەلە هەڵبژاردندا دۆڕان.

کۆتایی ساڵی ١٩٩٩هەستم کردبەوەی کە پۆلیسی نەمساو بەریتانیا دەیانەوێ پیلانێك دژی من بکەن بەڵام هەلیان بۆ هەڵنەکەوت و هەروەها بیریان لە کوشتنی من دەکردەوە بەڵام لەو سەرەوە کوردستانیان بیر دەکەوتەوە کە بیانی لێیەولەتۆڵەمدا دەکوژرێتەوە بۆیە لێم نزیك نەدەبوونەوە و کە هەواڵەکەیان بەبەڕێز تۆنی بلێر گوت زۆر سەرسام مابوو کە طارق بەسۆسیال دیموکراتی گوتووە ئێوە لەهەڵبژاردندا دەدۆڕێن.

من لەسەری ساڵی تازەی(٢٠٠٠)دا هەستم کرد مەترسی پۆلیسی بەریتانیا دەربارەی کاری لەناوبردن لەسەر من نەماوە وە یان گێڕانەوە بۆ نەمسا وە من هەستام نامەیەکم بۆ بەڕێز تۆنی بلێر نارد وە پاشتر نامەیەکی ترم بۆ بەڕێز خانم خاوەن شکۆی بەریتانیا ئێلیزابێت نارد وەمن دەم گوت نەمسا ساڵی ١٩٧٩ بەشداری پیلانی کوشتنی بەڕێز مەسعود بارزانی کردووە ساڵی ١٩٨٩بەشداری کوشتنی پیلانی د.قاسملۆ و هاوڕێیانی کرد وریا بن سێیەمینەی نەکات پیلانی

کوشتنی منیش جێبەجێ بکەن چونکە ئەم ساڵانە ٧٩،٨٩،٩٩یانە لەمێژووی نەمسادا دژی کوردە.

ئیتر لەم سەروبەندەدا کوردەکانی ئوتریش ئەوانەی منیان دەناسی کەوتبوونە گێژاوی پرسیاری پۆلیسی نەمساوە کە ئایا(طارق) لەلای ئێوە لە دۆڕاندنی سۆشیال دیموکرات دواوە ئایا چی پیشگۆیی تری لای ئێوە گوتووە وە لەکوردستان کاری چی‌بووە؟ وە چی فێربوە و چی خوێندووە؟ وە طارق ئاوەزو مێشکی چۆن بەکاردەهێنێ بۆچی هاتۆتە وڵاتی ئێمە لەکوێ پاراسایکۆلۆجی فێر بووە لەلای ئێوە گوتویەتی بارن دەبارێنم وە چۆن ئەم کارە سەرووی ئاسایانە دەکات و چەندین پرسیاری‌تر کە نووسین‌و بڵاوکردنەوەی ئەم پرسیارانە لەکوردەکان گەر بینووسنەوە لای ئەوانیش ئەوا پەرتوکێك دەبێت وە لەکوردستان دەربارەی پاراسایکۆلۆجی شێخەکان پرسیاریان لەکوردەکان کردووە وە گوتویانە ئەگەر پرسیارتان کرد و کەسێکی‌تری کورد وەکو طارق کە پاراسایکۆلۆجی فێربووە دەبێ پێمان بڵێن وە ئایا ئەوانەی پاراسایکۆلۆجی لەکوردستان فێربوون دەبێ کەس بێت بۆ وڵاتی ئێمە وە فشاریان خستۆتە سەرکوردەکان کەبەبێ پرسی پۆلیس هات‌وچۆو سەردانی وڵاتان و کوردستان ئەکەن مەبەستم ئەوانەیە کەلەگەڵ پۆلیسی نهێنیدان.

* * *

بۆ/سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا

ڕێزو سلاو بۆ بەڕێزتان

The letter is in kurdish sorani
hakem Tarik
kurdish cultural centre –14 stannay street
London sell 14 AA

بەڕێز من کوردی باشوورم لەکوردستان و لەساڵی ١٩٩٢ وەپەناهەندەی رامیاریم لەنەمسا وە هەروەها لەساڵی ١٩٩٤وە ئەندامی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانیم – ai-وە بەهۆی ئەوەی شارەزاییم لەزانستی پاراسایکۆلۆجی هەبووە تووشی دژایەتی‌بووم لەلایەن پۆلیسی نەمسا لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٨وەبە بەڵگەوە لەمانگی پێنجی ١٩٩٨وە پۆلیسی نەمسا بەبڕیاری راوێژکاری نەمسا بەڕیز د.ڤیکتۆر کلیما ئامێری سیخوڕیان بەناوی micro chipخستۆتە مێشکی منەوە بۆ سیخوڕی‌کردن لەسەر کورد وە بۆ لێکۆڵینەوە لەزانستی پاراسایکۆلۆجی و مێشکم کە بوومەتە قوربانی‌و زۆر هەوڵم داوە لەگەڵ نەمسا بۆ ئەوەی چارە و ڕزگارم بکەن لەو مایکرۆچیپە و وازم لێ‌بهێنن کە بەلگەم بەدەستەوەیە بەڵام نەمسا وەکو مرۆڤ تەماشای منیان نەکرد بۆیە لەمانگی(٩)ی١٩٩٨وە هاتوومە بەریتانیا و پەنام بۆ گەورەیی وسەروەری بەڕێزتان هێناوە، چونکە مێژوویەکی پاکتان هەیە لەپەناهەندەی رامیاریدا وە هەر بەریتانیای مەزن بوو گیانی سەلمان روشدی پاراست کە تەنها نووسەرێکی وێژەییە و بەهۆی نووسینی پەرتوکێکەوە بوو بەڵام کێشەکەی من هەم لەبواری رامیاری هەم لەبواری زانستی پاراسایکۆلۆجی‌دایە وە داخوازم لەبەڕێزتان کەڕزگارم بێت لەم ئامێرە سخوڕیە وە مافی ژیان‌وپەناهەندەی ڕامیاریم پێ‌بدرێت لە بەریتانیا و مافی خۆم وەربگرم وە کەپێشتر لەبەرواری ١٩٩٩/١١/٣٠دا لەلایەن پەرێزتانەوە وەڵامی ئەو نامەی بۆتان ناردبووم پێم گەیشت

کەوا کێشەکەی منتان داوە بەوەزارەتی ناوخۆ بەشی پەناهەندە، بەڵام تا ئێستا من ئێم نەپرسراوەتەوە وەهەر بەو ئامێرە سیخوڕیەوە لەبەریتانیای مەزن دەژیم.

ڕێزم دووبارە بێت بۆ بەڕێتان....

دڵسۆزتان

طارق حکیم

hakem tarik
this letter is in kurdish sorani
kurdish cultural centre 14 stannery stre
london se ll –4AA

* * *

بۆ/ بەڕێز خانم ئیلیزابێت

ڕێزوسڵاو بۆ ئێوەی بەڕێز. و خاوەن شکۆ

بەڕیز خانم ئیلزابێت من لەمانگی ۱۹۹۸/۹دا بەنامە بەڕێز تۆنی بلێر ئاگادارم کردووە کە ئامێری سیخوڕی مایکرۆچیپ Micro chipلەلایەن پۆلیسی نەمساوە خراوەتە ناو مێشکی منەوە لە مانگی ۱۹۹۸/۵وە بۆ سیخوڕی لەسەر کورد ولێکۆڵینەوە لەسەر مێشکی من دەربارەی زانستی پاراسایکۆلۆجی وە لە۱۹۹۸/۱۱/۳۰دا وەلامی بەڕێز تۆنی بلێرم بەدەست گەیشتوە کەوا داخوازیەکەم دراوە بە وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا ئەوا کۆپی لەبەر دەست دایە،وە وائێستاش

بەڕێزتان ئاگادار دەکەمەوە کە چارەو رزگار بونم دەوێ و نامەوێ بەسیخوڕی بژیم چونکە بەشێوەی تلەپاتی مێشکم بەکار دەهێنن بۆ زانیاری وەرگرتن لەپارتە کوردیەکان وە کو psdk,pdk, puk,pkkو پارتە ئیسلامیە کوردییەکان و ئەوانی تر بۆ لایەن وپیلانی تر کەنەمسا بەم کارەیان دژایەتی کوردیان کردووە دووبارە تکا لەبەڕێزتان دەکەم کە چارە ببم و مافم پێ شێل نەکرێ بۆ نەمسا.

ڕێز سلاوم دووبارە بۆ بەڕێزتان ...

دلسۆزتان

طارق حکیم

٢٠٠٠/١/٢٨ لەندەن

* * *

من لەسەرەتای ساڵی(٢٠٠٠)دا پارەم بۆ جەم ببۆوە بۆیە چومە باشترین خەستەخانەی تایبەتی لە لەندەن بەناوی کرۆمیڵ هۆسپیتاڵ cromel hospitalوەبەرواری Scan ctیم دیاریکرد بۆسەرم کە ٢٠٠٠/١/٢٤بوو وەهەروەها دواینە بەرواری MRIم دیاریکرد کە ڕۆژی ٢٠٠٠/١/٣١بوو وە بۆیەش هەردوو ئەو سکانەی مێشکم کرد تادڵنیابم کەدەری دەخات یان نەخێر کەبەهای هەردوو سکانەکە(١١٠٠) پاوەند لەسەر من کەوت بەڵام گەیشتمە ئەنجام کە — Scanلەوەباشترنیە لەبەریتانیا وەدەری ناخات و ئەم ئامێرە سیخوڕی یە(مایکرۆچیپ)لەزانستی پزیشکی ئاشکرانییە، چونکە ئامێری پێشکەوتووی سیخوڕی ولێکۆڵینەوە لەمێشکم و زۆر نهێنی یە و لەلای زانستی پزیشکی ئاشکرا نەکراوە وە زۆر پێشکەوتووە لەتوانای ئەو جۆرە سکانانە نی یە ئاشکرای بکات.

وەمن دوای ئەمانە بیرم کردەوە کە لەلای دوکتۆری دەروونی ئازمایشی بکەمو وەك بەڵگەیەك بەدەستەوەبێ‌و بەناو کوردەکاندا بڵاوی بکەمەوە وەبیدەم بەوەزارەتی ناوخۆ home office لەڕێگەی پارێزەرەوە وەلەناو کوردەکاندا بزانن کە من لەڕۆژی ٢٠٠٠/٢/٨چاو پێکەوتنم لەگەڵ دوکتۆری دەروونی کردوپاش هەفتەیەك ئەنجامەکەم وەرگرت‌و بڵاوم کردەوە بەناو کورداندا وە ناردم بۆ لای پارێزەکەم کە کێشەی من هەرچەند لەکێشی پارێزەردا نییە پارێزگاریم لێ‌بکات وەلەبەڵگەی دوکتۆرە دەروونیەکەدا نووسراوە کە طارق لەڕووی دەروونی‌یەوە مرۆڤێکی تەواوەو لەبنەماڵەکەشیاندا نەخۆشی دەروونیان نیە و جگەرەکێش نیە و ئەلکوهول خۆریش نیەو لەژیانیدا زیندان‌و نەخۆش نەکەوتووە.

ئەوا بەڵگەکە لەلاپەرە کانی‌بەڵگەنامەکاندان.

لەمانگی ٢٠٠٠/٢/٢بوو هاتم زانیاریم لەباری سیخوڕی و لەباری لێکۆڵینەوەی زانستی‌یەوە لەسەر پاراسایکۆلۆجی‌لە سەرسیخوڕی کە چۆن مایکرۆچیپ ئەنجامی دەدات وە بەکارهێنانی مایکرۆچیپ چۆنە لەمێشك وە مێشك چۆن کاری پاراسایکۆلۆجی پێ‌دەکەن ئەمە هەمووی دەربارەی خۆم نوسیوەتەوە لە١٦لاپەڕەدا دابەشم کردووە بەسەر پارتە کوردیەکاندا.

وەلەسەرێکی ترەوە لەکار بەردەوام بووم لەلای خواردنگەیەکی یۆنانی(قبرسی) وە لەشوێنێکی‌تر فرۆشگایەکی پاکستانی هەر لەنزیك ئەو شوێنەی لێی دەژیام لەناوچەی ستریت هام خواروی ڕۆژئاوای لەندەن، پۆلیسی نەمسا لەگەڵ پۆلیسی بەریتانیا – مەبەستم پۆلیسی نەمسا لەڕێگەی پۆلیسی بەریتانیاوە دەیانوویست بەپیلان دژایەتی من بکەن هەوڵیان هەبوو لەڕێگەی هیرۆئین و حەشیشەوە من توش بکەن فڕێم بدەنە ناو زیندان بەڵام زانیان کە ئەمە خەڵکی کورد بە پیلانی دادەنێن بۆیە نەیان توانی ئەنجامی بدەن کە جگە لەوەی خۆم تێدەگەیشتم خۆم دەپاراست

هەروەها لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٩وەپسپۆڕی سیکسیان ڕووت پەڕیان هێناوە تەسەر ناوەندی مایکرۆچیپەکەو بە مێشکیمن دەڵێن کوڕان و پیاوان بگێ، وەنەمساویت بۆ دەنێرین (پیاوان) بگێ وەهەروەها چەندین شتی بێ ڕەوشتیتر.

لەسەرەتای مانگی ٣/٢٠٠٠بەپیلانی نەمسا سیخوڕێکیان بەناوی فیلچ هێنایە سەر ڕێگای کارم تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کرد گوتی من دەست درێژیم لێکراوە وەکاتێ منیان شەوێك ڕاگرت وەرگێرێکی کورد بەناوی نەورۆز شەوهات کەخەڵکی هەولێرە وتی طارق وا پۆلیس دەڵێ ئەوەی لەنێوان منوتۆدا یە بانهێنی بێولای کەس باسیمەکە وە بڕیاماندا لەسەر مایکرۆچیپەکە گفتوگۆبکەین بۆ چارە ئەوەبوو شەو زیندانیم بەسەر بردو بۆ سبەینێ پێش نیوەڕۆ ئازادیانکردم بۆ ٢٠٠٠/٣/١٥وە ٢٠٠٠/٣/١٥ چوومەوە خستیانە ٢٠٠٠/٣/٢١من چووم لەمەڵبەندی کوردییەوە وەرگێر لەگەڵم هاتن وتیان تۆ دەست درێژیت لەکەسێك کردووە من گوتم درۆیە ئەو کوڕە لەگەڵ پۆلیسەوسیخوڕە نێردراوەوجوێنی پێداوم گوتم ئێوە تیرۆریستن فەرموون من بەڕێ بکەن بۆ لای سەدام عێراق زۆرم پێباشترە پاشان بەهەرا بەبەرچاوی نازەنین خانو کیسرای مەڵبەندی کوردی منیان پەل بەست کرد وە منیان هێشتەوە لەزیندان وە منیان بۆ بەیانی بەڕێکرد وە لەزیندان شێوازی ناشرینیان لەگەڵ من بەکاردەهێنا جوێن وسوکایەتیان پێم کرد لەزیندانی بریکستۆن منیان زیندانیکرد وەبردیانمە دادگا وەهەموو بەفەرمانی پۆلیس بوو بۆیە منیش هیچ وەڵامی دادگام نەدایەوە گوێو چاوی خۆم لەپێش چاویان گرت دوو ڕۆژ لەسەریەك لەدادگاکەیان وە من مرۆڤ بووم لەدادگاکەیان کەبەفەرمانی هێتلەری نەمسا وایان لەگەڵ من دەکرد هیچ وەڵامم نەدانەوە وەکاتیگەڕانەوەم بۆ زیندان منیان کەمێ لێدانی کردو جوێنو سوکایەتیان پێم کرد من دەستم کرد بەمانگرتن لەخواردن وە نزیکەی (٣٠)ڕۆژ بەردەوام بووم دووجاریتر منیان بردەوە

ناو دادگایان کە کارتۆنی‌بوو وە دوکتۆری دەروونیان هێنابوو کەلەگەڵ پۆلیس بوون خەریك بوو بمدەن بە خەستەخانەی دەروونی بەڵام من پێم گوتن کەبەڵگەی دوکتۆری دەروونیم هەیە کە من مرۆڤێکی تەواوم لە ڕووی دەروونی‌یەوە تەنها پیلانی پۆلیسە دژی من کراوە، پارێزەرەکەم کە دوا جار وتی دەست بەنان خواردن بکە من یارمەتییت دەدەم بۆ ڕزگاربوون من زانیم درۆدەکات بەڵام بەگوێم کرد و پاش(٣٠)ڕۆژ دەستم بەنان خواردن کردەوە یەك هەفتە من لەزیندان مام پاشان گەڕامەوە بۆ دادگا لە دادگا پۆلیسی ناوچەی streatham هات و لەدادگا گوتیان طارق ئەندامی نێرینەی لەئێمە دەرکردووە و تفی کردووە و جوێنی پێداوین وە پارێزەرەکەم وتی بۆچی ٣/١٥ دواخرابۆ ٣/٢١تەماشام کرد داوەر چرپە چرپی کردو وتی بڕۆ لەزیندان ئازادی بێ‌پێدانی هیچ بەڵگەیەك بەمن وە منیان ئازادکرد بەبێ‌پێدانی بەڵگە وە منیان زیندانکرد بەدرۆ کە خۆیان لە ڕێگەی سیخوریانەوە پیلانیان بۆم دروست کرد وە لەزیندان هەندێ شتیان بە من کرد.

بەڵی ئەمە بە ئاگاداری‌وپیلانی حکوومەتی نەمسا بوە بەڕێز تۆنی‌بلێر لە کێشەکە ئاگاداربوو بەڵام بۆ منیان ئازادکرد و بۆ منیان گرت؟!

منیان گرت بۆئەوەی زاڵ بن ئابڕوم بەرن پیلان دژم بکەن بەڵام من گوتم بم هێڵنەوە لە زیندان خۆم دەسوتێنم لە مەترسان وە هەروەها کەس‌وکارم نیازی گرتنی بارمتەیان هەبوو وەدوای مردنی من بیانی لەکوردستان بکوژنەوە بەڵێ ئەمە یەکەم جارە لەمێژووی بەریتانیادا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی‌یەوە پۆلیسی بەریتانیا بۆ نازی و فاشیستەکانی نەمسا کاربکەن کەوا لەلاپەڕەی بەڵگەنامەکاندا بەڵگەی پۆلیسی ناوچەی -streat ham–لەبەر دەست دایە تەنها ڕۆژی چاوپێکەوتنەکە و هیچی‌تری تێدانیە وە هیچی تریان نەداوە بەمن من لەزیندان پەیوەندیم بە ی.ن.ك و مەڵبەندوکۆنگرەی نیشتیمانیەوە کرد تەنها جواد مەلا گوتی دەمەوێ نامە

بۆپەرلەمانی بەریتانیا بنێرم وە یەکێتی لە جەختی ڕۆژئاوا دەترسان یا فشاری بەریتانیاو نەمسا لەسەریان بوو بۆیە گوتیان ئێمە هیچمان پێناکرێ بەڵام من هەر لەزیندان گوتم ئەگەر بەرم نەدەن نهێنیەکانیان بڵاو دەکەمەوە کە چیتان لەگەڵ من کردووە و ئێوە وپۆلیسی نەمسا وە خۆم دەسوتێنم وە پاش ئەمە لەکوردستان تۆڵەم دەکرێتەوە.

هەروەها لەسەرەتای ساڵی(٢٠٠٠)دا وە کۆتایی ساڵی ١٩٩٩دا هاتم ڕێکلامی(دعایە) ی ڕووت پەڕیم بۆ کچی د.ڤیکتۆرکلیما بەناوی ئەندریا کە راوێژکاری تاساڵی ٢٠٠٠بوو وە سەر بەسۆسیال دیموکراتن - فاشیەکان - !! تیرۆرچیەکان کرد بە ناوی hotlineمن ئەو هۆت لایەنم بۆ خودی بەڕێز تۆنی بلێر فاکس کرد وە هەروەها بۆ -ai-وەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وە پەرلەمانی ئەوروپی پەرلەمانی بەریتانی و پەرلەمانی ئەلمانی وە چەندین شوێنی‌تر وە پەرلەمانی نەمسا پێش هەموو لایەك وە ڕێکلامەکە بەزمانی ئینگلیزی‌بوو.

دەربارەی نەمسا کە من لەو ولاتە دەرچووم نەیان زانی بەرەو ڕووی گیروگرفتی گەورە دەبنەوە لەگەڵ من ئەوها لێیان ئاشکرادەکەم وە بەرەو ڕووی مردن دەبمەوە کاتێ گەیشتمە بەریتانیا و پاش ئەوەی بەریتانیای ئاگاداربوو بەرژەوەندی جیاوازیان بۆ دروست بوو وە زانیان نەمسا تووشی گیروگرفت دەبێت بۆیە نەمسا بەباشی زانی گیروگرفتکە بمێنێتەوە بۆ بەریتانیا وە لەوسەریشەوە نەمسا لەناو کوردەکاندا هاواری دەکرد -طارق- مان بۆ بهێنەوە بۆنەمسا ئایا بۆچی چووە بۆ بەریتانیا؟ وە چۆن طارق بهێنینەوە بۆ نەمسا ئایا لەکوردستان بێگانە دەکوژنەوە ئەم شانۆگەریانە هەبوو هەروەها کاتێ لەئەلمانیابووم لەدەزگای دەوڵەتی بە ناوی - sinat-کە ژنێك بەناوی خانمی ئەندراچکی بەمنی گوت کەپەیوەندی ئەڵمانیا و نەمسا زۆر لێك نزیکەو باشترە تۆ بچیت بۆولاتێکی‌تر کەوای پێدەچێ پیلانی

پۆلیسی ئەڵمانیا و نەمسا بێت و گرفت لەخۆیان دووربخەنەوە خوێنەران ئەوا لە خوارەوە بڵاوم کردۆتەوە کە هەوڵی کوشتنی هەیدەر بووە بەتوانای مێشکم.

* * *

زانیاری گرنگ:

this letter in kurdish soranrni
hakem tariq
amnesty international
united kingdom – 99- 119 rosebery avenue
london ec ir 4 re

بۆ/ بەڕێزان لەنووسینگەی پارتی ئازادی نەمسا.

ڕێزو سڵاو:

بەڕێزان هەروەکو خۆتان دەزانن کە سەرۆکی پۆلیس‌وراوێژکاری پێشوو د.ڤیکتۆر کلیما کەئەو مایکرۆچیپەیان لە مێشکی من داناوە بۆ مەبەستی خۆیان لەڕێگەی ئەو توانا پاراسایکۆلۆجی‌یەوە کەلە من دا هەیە بەکارم بهێنن.

ئەوبوو کەلەسەرەتای مانگی ٦/٢٠٠٠دا لەچەند شەوێکدا هەوڵیاندا لەکاتی خەوتنم دا توانای مێشکم بگۆڕن وبەکارم بیهێنن بە ڕیگەی سایکۆکینز کەسەرۆکی پارتی ئازادی نەمسا -FPÖ- بەڕێز یۆرگ هەیدەر -Jorg haeider- بکوژن بەڵام پاش بەئاگابوونم ڕێگەم پێیان نەدا مێشکم بەکاربهێنن وەهەروەها پۆلیسی بەریتانیاش سەرۆکی پۆلیسی نەمسای ئاگادارکردەوە کەمێشکی من بەکارنەهێنن بۆ کوشتنی jorg haeider یۆرگ هەیدەر چونکە من پێم زانی.

ڕێزم دووبارە بێت .....

سیخوڕی نەمسا

طارق حکیم

٢٠٠٠/٧/١

من پاش بەربوونم لەزیندان دستم بەکارکردەوە ئەلبەتە پۆلیسی بەریتانیا هەر لەسەرەتای ساڵی(٢٠٠٠)وە چەندین جار سیخوڕەکانیان ناردۆتە لام تا بزانن من کاردانەوەم چییە وە چۆن تێدەگەم کە سیخوڕەکان ئینگلیزبوون ناردیان بۆ فرۆشگای پاکساتانیەکە بۆ شوێنی کارکردنم وە هەروەها خەڵکی هۆنگ کۆنگ کە شەو ناردیانە سەر ڕێگەم وهەروەها گەنج‌وپیاوی ڕووت پەڕی sexهەروەها سیخوریان کە خەڵکی تورکیایە لە -tooting-کەکاری سەرتاشیم دەکرد وە هەروەها چەندین سیخوڕی جۆراوجۆری بەریتانیا هاتوون بۆ سەرتاشخانەو وە لەدەرەوە سەرنجی‌منیان داوە تابیرم بخوێننەوە وبزانن دەزگای سیخوڕیان وە خەڵکی ئەوروپا چۆن لە من تێدەگەن و بیرم دەخوێننەوە کە تائێستا کەسیان لێم تێنەگەیشتوون من چیم لەمانگی ٦/٢٠٠٠دا ویستیان بە مێشکم بە سایکۆکنیز د.جۆرج هەیدەربکوژن بەڵام من ڕێگەم پێ‌نەدان‌وئەڵبەتە کارێکی نەشیاوە وە ئەمە چەند شەوێ هەوڵیان لەگەڵ من دەدا کە پاشان ئاشکرام کردو لەسەرم نووسین پۆلیسی بەریتانیا ئاگاداری پۆلیسی نەمسای کرد کەنابێ بەمێشکی طارق هەوڵی کوشتنی هەیدەربدەن ئەوا دەقەکەی لە لاپەڕەی بەڵگەنامەکاندایە.

پۆلیسی بەریتانیا هەرچەندە هەندێ کاری بەگوێی نازیەکانی تازەی نەمسا کردووە بەڵام لەبەر بەرژەوەندی خۆیان ڕێگەیان لەنووسینەکانی من نەگرتووە بەئاشکرا کە چیم لەسەر نووسیون‌و وە چیم دەربارە ی سیخوڕی و مایکرۆچیپ نووسیوە وبڵاو کردۆتەوە وە هەروەها ڕێگەیان بە پۆلیسی نەمسا نەداوە لەمانگی ١ / ٢٠٠٠ تا مانگی ٩/٢٠٠٠هیچ بەڵگەیەکی من بزر بکەن بەشێوەی -جادوو- سیحر کە لەپاراسایکۆلۆجیدا پێی دەڵێن سایکۆکینز - دەروونەجوڵە هەروەها لەسەرەتای مانگی ٩/٢٠٠٠پۆلیسی نەمسا و بەریتانیا ویستیان من لەوناوچەی خواروی لەندەن ژمارە SW١٦بگوێزنەوە بۆ ژمارە ١١خواروی ڕۆژهەڵات SE١١-تەنها

لەبەرئەوەی کەناونیشانی جێگەم بگۆڕێ کەلە ڕۆژنامەکوردیەکانەوە گۆڤار و ڕۆژنامەم بۆ دێت وەلەسەرێکی‌ترەوە لەشوێنی کارم دوورم دەخەنەوە تا بەهات‌وچۆکاتم زۆر بەفیڕۆ بچێت‌و کاتی وتار نووسینم نەبێت، وەلەسەرێکی‌ترەوە کە لەناوچەی –١٦ Stresthnin sw— پەیوەندیم لەگەڵ پارتی بەرهەڵستکار - پارتی کاری سۆشیالیستی بەریتانیا هەیەو دەیناسم هەرەوەها لەڕۆژی ٢٠٠٠/٩/٢٠دا پۆلیسی نەمساو بەریتانیا پلانێکیان دانا تابزانن من تێدەگەم بەوەی لەوهۆتێلەی تێیدا نیشتەجێم نەهۆمی دووەم کە نزیکەی (٨) ژوورین تەنها لەتەواليتە هاوبەشەکەی ئێمە کاغەزی خۆپاکردنەوەیان بۆ ماوەی یەك هەفتە دانەنا هەرچەند من بۆ خۆپاکردنەوە ئاو و کاغەز بەکار دەهێنم پێکەوە بۆتاقی کردنەوەی من کردیان وە من پاش یەك دوو ڕۆژ هەستم پێکردن بەلام نەهاتن کاغەزی تەواليت داینێنەوە تێیدا بۆیە من چووم لەنهۆمی یەکەم کاغەزم هێنا وتم ئەوە کاروتاقی‌کردنەوەی ئێوەیە دەبوایە لێرەش کاغەز نەبوایە تا هەستان پێنەکەم بۆیە پاش دوو ڕۆژ ئەنجا دووبارە لەنهۆمەکەی دووەمیش دا کاغەزی‌تەواليتان دانایەوە کەئەمە لەڕەوان بالایدا پێی‌دەڵێن هەستی بالاو دەروونە مەزندەکە تێدەگەم من ئەوکات سەری خەڵکی دەتاشم لەسەرتاشخانەی جۆرج لە streat ham-sw16- هەوەسی من لەڕێگەی مایکرۆچیپەکەوە بەفەرمان دان بەمێشك هەڵدەستێنن مانای ئەندامی نێرینەم هەڵدەستێنن لەمنداڵی پێنج سالان لەمێر منداڵ لە گەنج لەپیاو و لەپیری(٦٠*–٧٠)ساڵە چونکە من لەم کاتەدا سەرنجم دەچێتە سەرکارکردن وە ئاگام لەمێشکم کەم دەمێنێ بۆیە دەتوانن پێم بکەن بەلام من بەمە زۆر پەست‌وگرژدەبم‌و ناچار بەسەر خۆم دا ناهێنم‌و هەوڵ دەدەم زاڵ بم بەسەر خۆم دا، وەزۆربەفەرمان دان بە مێشکم پێم دەڵێن سمتی ئەو پیاوە خۆشە یان سمتی ئەو ژنە خۆشە وە کچی (١٣–١٤)ساڵانە خۆشە بۆحەزی لێناکەیت خەڵکی ئێمە ئەوروپا

حەزی لێدەکەن هەروەها شەو کاتی خەوتن لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٠وە بەشێوەی تۆبزی وەك چۆن هەندێ جار مرۆڤ توشی مێردەزمە -کابوس- دەبێت هەرچەندە هاوار دەکات هیچ دەسەڵاتی نیە و بەشێوەیەکی ئەوها رووت پەڕی لەگەڵ دواوەی ژنان و دواوەی پیاوان پێم دەکەن کە خەبەر دێمەوە وڕادەپەڕم لەخەو جەخت و فشاری زۆر گەورە لەسەرمێشکم وسەرمە کەئەمە دەچێتە چوارچێوەی شەیتانی بوون.

هەروەها ڕۆژی ٢/١٠/٢٠٠٠شەو لەکاتی خەوتندا بە من ئامێری ئاگادارکردنەوە لێدرا کەلە هۆتێلەکەدایە لەخەو راپەڕیم وخاوەن هۆتێلەکە هاتن بۆ ژوورەکەی من تەماشای ئامێری دابەستراو لەژوورەکەمدا بۆ ئاگاداری کردنەوە بکەن ووە بزانن ئایا ئاگر لەژوورەکەمدا کەوتۆتەو کە هاتن هیچ ئاماژەیەکی ئاگربەر بوون لە ژوورەکەم دا نییە وە لەهیچ شوێنی هۆتێلەکەشدا نییەو کاتژمێر یەکی شەوبوو ئەڵبەتە ئەمە بەمێشکم بە دەروونە جوڵە - سایکۆکنیز بەمنیان کرد کە ئامێری -alarm- وریاکەرەوە کەوتە دەنگ لێدان هەروەها لەسەر جادەی ستریت هام کاتێ من لەو شوێنە دەپەرمەوە کە ئامێری ئاماژەکردن بەپەڕینەوە ی لێیە یەکسەر لەوکاتەدا ئامێری ئاماژە بەپەڕینەوە -trafic light- سەوزپێدەکەن و بۆ ئەوەی مرۆڤ بپەڕێتەو وە ماشێنەکان ڕادەوەستن ئەمە پتر لە ١٠جار بە من کراوە بەڵام لەبەر ئەوەی ماشێنەکان بەڕیەك نەکەون پۆلیسی بەریتانیا ئاگاداریان دەکەن کە نەیکەن کە من خۆم ئاشکرای دەکەم ئەگینا پۆلیسی بەریتانیا بەم جۆرە کارانە نازانن کە پۆلیسی نەمسا بەمنی دەکەن ئەوکارانەی کە بەشێوەی دەروونە جوڵە - سایکۆکنیز- ڕۆژانە پێم ئەنجام دەدەن وەکو کاتی کارکردن لەسەرتاشخانە یەکسەر بەو ماکینەی سەرەکە دەتاشم لەکار ڕای دەگرن وە من دەیخەمەوە کار جارێکی تر وزۆر پێیان ناخۆشە کە من سەری خەڵکی ڕەش چاك دەکەم یان ڕیشیان بۆ دەتاشم

ەپێیان سەیرە کە من بە چاوێکی یەکسان سەیری هەموو بێگانەیەکی جگەلەکورد ەکەمورپێزم بۆ هەمووان هەیە و ڕکوکینەم لەگەڵ کەس دا نییە چونکە خۆیان اوەزیان پڕە لەڕکوکینە وەزۆر رقیان لەڕەش پیستە وە زووتر دەیان گوت ئەم ینگلیزانە ئەفریکی رەشیان بۆ بلاوکردووینەوە بەناو ئەوروپادا وەهەروەها زۆر ڕقیان لەنیلسۆن مەندێلایە کەسەردانی بەریتانیا دەکات ئەوا نەمسا بەبینینی ئاوس ەبن، وەەبەهۆی منەوە جۆرە ململانیەك لەنێوان نەمسا و بەریتانیا و ئەمەریکادا پەیدابووەپۆلیسی‌نەمسا هەوڵ دەدەن گیروگرفت بۆ من لەبەریتانیا بکەن وەهەروەها یان گیرگرفت بۆ بەریتانیا بکەن رای کێشەناو گێژاوی نازیەتی نەمساوە ئەڵبەتە بەوەی کە پۆلیسی نەمسا وانەی من دا دەدەن کە مێشکم بگۆڕێ بۆ جوێن دان بە بەریتانیا وە یان دژایەتی‌کردن لەگەڵ بەریتانیا وە کاتێ پەرلەمانتارەکانی بەریتانیا دەبینم لەتەلەفیزیۆندا جوێن دەخەنەمێشکی منەوە تا من بیڵێم و بڵێن بە بەریتانیا ئەوەتا (طارق) جوێنتان پێدەدات وە یا شتی‌تر بەوانە(تەلقین) دادەەن بەمێشکم وە یان بەدەروونە جوڵە – سایکۆکنیز وەکو لەوشوێنپەرینەوەی سەرجادەکان – ترافیك لایت پێم سەوز دەکەن تا بپەڕێتەوە و خود ڕەوەکان بوەستن – ئەمە بەمێشکی من ئەنجام دەدەن وەشەو ئامێری ئاگادار کردنەوەی انذار– لەهۆتێل هەیە پێم دەخەنە کار بەمێشکم تا من هەرا و جوێن بکەمووە دەیانەوێ چەندان شتی‌تر بەمێشکم بکەن ئەگەر من لێیان ئاشکرا نەکەم ئەوا بەر دەوام دەبن وە پۆلیسی بەریتانیا تێناگەن هەرچەند نەمساوبەریتانیاو ئەمەریکاو هەندێ وولاتی‌تر وەکو نەمسا ڕاستەوخۆ شەپۆلەکانیان دەگرت‌و ئاگایان لەمن بوو، بەڵام چونکە نەمسا منی بەکارهێناوە تەنها نەمسا زاڵبوون‌و فەرمانیان بەمێشکم دەدا ئەوانی‌تر بینەر بوون.

وەهەروەها لەڕێی کوردەکانەوە پیلانی بێئەندازە دەکەن بۆدابڕانی من لەکورد ناهێڵن لایەنە کورددییەکان وەکو پ.د.ك و ی.ن.ك پەیوەندی بەمنەوە بکەن

وەهەروەها ڕۆژی ٢٠٠٠/٩/٢٦/٢٥ تەلەفۆنم بۆ بەڕێز جەواد مەلاکرد گوتی طارق منیان بێزارکردووە و هەموو ڕۆژێ لەنەمساوە تەلەفۆنم بۆ دەکەن طارق نامە و زانیاریت بۆ دەنێرێ منیش لەوەڵامدا گوتم مامۆستا جواد مەلا من زانیاری بۆ هەموو پارتەکان بەڕێ دەکەم بابچن بەئیسلامیەکان بڵێن طارق زانیاریت بۆ بەڕێدەکات و واز لە طارق بهێنن کە دەسەڵاتی پارتە ئیسلامیەکانیان نییە. ئەمە خوارەوە نامەی ئاگاداریيە بڵاوکراوەتەوە.

* * *

ئاگاداری:

ئاگاداری هەمووپارتو ڕێکخراوەکانی کوردستان دەکەمەوە کە من لەسەرەتای مانگی ١٩٩٨/٥وە پۆلیسی نهێنی نەمسا بەئاگاداری راوێژکاریان د.ڤیکتۆر کلیما ئامێری سیخوڕی مایکرۆچیپ -mirochip– یان خستۆتە ناو مێشکی منەوە بۆ سیخوڕی لەسەر کورد و لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە لەسەرمێشکی من وە لەوکاتەوە من سیخوڕی نەمسام لەسەر کوردبۆیە هەرلەسەرەتای بەکارهێنانیەوە دەوڵەتی نەمسام ئاگادارکردەوە کە ئەوئامێرە سیخوڕیە لەمێشکم دەربکەنەوە واز لە من بهێنن ئەگینا هەر کاتێ من بکوژرێم لەدەوڵەتی نەمسا بەرپرسیارم وەمن سەر بەلایەنێکی کوردم کە لەتۆڵەم دا ئەوروپی دەکوژرێتەوە لەکوردستان یان لەهەر شوێنێکیتر وە کێشەی منتان لێدەبێتە کێشەیەکی جیهانی.

هەروەکو چۆن لەئینجیل دا هاتووە کە دان‌وچاو بەچاو وە لەقورئانی پیرۆزیشداهاتووە

فمن اعتدى عليكم فأعتدوا عليه بمثل ما اعتدى عليكم .

صدق الله العظيم.

سیخوری نەمسا

طارق حکیم جاف

london ١٩٩٨/١٠/١٠

* * *

ئاگاداریەك بۆ هەموو پارتە کوردیەکان:

پۆلیسی نەمسا بەئاگایی -cia– لەنەمسا ١٩٩٨ وە ئامێری سیخوری مایکرۆچیپیان لەمێکشی من داناوە بۆسیخوری لەسەر کورد و دەوروبەرو لێکۆڵینەوەی زانستیٚ لەسەر پاراسایکۆلۆجی بەمێشکی من کە زۆربەی پارتە کوردییەکان ئاگایان هەیەو زانیاریان بەدەست گەیشتووە.

بۆیە ئاگاداری نەمسا دەکەمەوە ئەگەر چارەی دەکەن بابیکەن و کۆتایی پیبیٚ خۆ ئەگەر نەمانی منیشیان دەویٚ ئەوا بۆیان ئیمزا دەکەم کە مردنەکەشم ئاشتیانە بیٚو کەس گیروگرفتیان بۆنەکات خۆ دیسان ئەمەریکاش ئەگەر مایکرۆچیپەکە لە نەمسا وەردەگریٚتەوە و دەیەویٚ مێشکی من بەکار بهیٚنیٚ بۆ کەڵکی خۆی تا دەمرم ئەوا پەسەندی دەکەم بە مەرجیٚك ئەمەریکا پشتگیری کیٚشەی کورد بکاتو ئەوەی کورد دەیەویٚ بۆ کوردی بکات، ئەو کاتەمنیش گیانی خۆم بەخشیوە بۆکورد، ئەگینا بەنەمساو ئەمەریکا دەڵیٚم باوریابن لیٚیان تیٚك نەچیٚ بم ڕفیٚنن بۆتورکیا چونکە من

کوردی ژێر دەستی عیراقم !!

بەکارلێهێنراوی مایکرۆچیپ.

طارق حکیم جاف

٢٠٠٠/١١/٢٣لەندەن .

* * *

لەمانگی(١٠)دا سەرۆك بارزانی بانگکرا بۆ نەمساو بەریتانیا بۆیە بەگەیشتنی ئەم نامەم بۆنارد کەبەتایبەتی بۆکێشەی من هاتبوو لەسەر داوای ئەو دوو ولاتە کەنەمسا بەمنیووت.

نامەیەکی ئاوالا بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی:

ڕێزو سلاوی گەرمی کوردانە.

بەڕێز کاك مەسعود من بەکارلێهێنراوی ئامێری سیخوری مایکرۆچیپم لەلایەن پۆلیسی نهێنی نەمساوە لەکۆتایی نیسانی ساڵی ١٩٩٨ وەبەهۆی شارەزاییم لەزانستی پاراسایکۆلۆجی - ڕەوابالاییەوە تا بتوانن وەکو مێشکێکی بەکەڵك بۆ سیخوڕی لەسەر کوردان و دەوروبەرم بەکارم بهێنن وە لەهەمان کاتیشدا لێکۆڵینەوەو ئەزمون لەسەر مێشکم بکەن بۆ زانیاری بەڕێزتان کە لەساڵی ١٩٩٤وە ئەندامی ڕێکخراوی مافی نامرۆڤانەی جیهانم -ai-بۆیە گەورەترین تیرۆر لەسەرمن کراوە لەلایەن نەمساوە بەهۆی کە ئەو مایکرۆچیپەی کە -cia- بەنەمسای داوە بەڵێ ئەمە تاوانو تیرۆری نەمسایە لەئەوروپای دیموکراتی کەنیسەدا !! کەدژی ژیانە دژی مرۆڤە دژی ئایینو یاسایە دژی کوردە دەبێ ڕیسوا بکرێت، چونکە سەرەڕای تاوانەکە کەکردوویانە من هەر لەسەرەتاوە داوای چارە و ئاشتیم لەگەڵ کردوون کە بەڵگە زۆرن بەڵام لەگەڵ منیان نەکردووە، هەروەها کە پەنام بۆ بەریتانیا

هێناوە دووبارە بۆ چارەو ئاشتی هێناوە بەلام تائیستا کێشەکەم راگیراوە لەوەزارەتی پەنابەری بەریتانیا چونکە چاوەرێی وەلامی نەمسا دەکات.

بەڕێز کاك مەسعود وەکو دیارە من داوای چارەم کردووە بەلام نەمسا بەگێلی خۆیەوە خۆی خەنی‌کردووە کە کوپەڵەی زێری لەئەردی دەرهێناوە ئیستا دەمەوێ بەهەموو لایەك ڕابگەیەنم ئەگەر چارەو ئاشتیان دەوی بابیکەین و مافی‌من بدەن ئەگەر نەمانی منیان دەوێ دیسانەوە بابیکەن، وە من بەئیمزایەك بۆ مردنم یارمەتیان دەکەم لەبەر چاوی کورد وئەوروپا بۆ ئەوەی نەکورد و نەلایەنی‌تر داوای مافی من نەکەن لەنەمسا دیارە نەمسا وەك بەرزەکی بانان بەم ئیمزایە بۆی دەردەچێت ئەگینا چۆن زیانی جوولەکە دەبژێرن ئەواش دەبێ زیانی کورد ببژێرن وەمن بەئاشکرا بەهەموو کوردێکی دەڵێم ئەگەرمافی خۆمم پێنەسەنرێ ئەوا ناتوانم داوای مافی کوردیش بکەم وە من کوردێکی ناهۆشیاریش نیم چونکە ئەوا دیارە لەبواری ڕەوان بالایدا نەمساو بەریتانیا و ئەمەریکا زۆر شتی نەزانراو لێمەوە فێر دەبن لەکۆتایی‌یدا من فەرمایشی بەرێزتان‌و هەموو پارتەکانی کورد و کەسایەتیەکان زۆر لەمێژە لەمێشکمدا شوێن‌و پێگەی هەیە جا ئەگەر لەلایەن نەمساو بەریتانیاوە کێشەکەم خرایە بەردەستان ئەوا هەڵوێست‌و تێگەیشتنم دیارە.

ڕێزو سلاوم دووبارە بێت....

دڵسۆزتان

طارق حکیم جاف

٢٦/١٠/ ٢٠٠٠لەندەن

دەربارەی ڕزگاربوونم لەمایکرۆچیپەکە زۆر هەوڵم داوە لەنەمسا وەپاشان لەبەریتانیا بەڵام تائیستا بێوەڵامن وە هەرلەسەرەتاشەوە نەمسام ئاگادار کردەوە کەئەگەر من بکوژن ئەوا کەس‌وکارم یا لایەنێك لەتۆڵەی مندا بێگانە دەکوژنەوە لەکوردستان کە ئەمە لەنامەیەکدا بەناوی ئاگاداری لەبەرواری ١٩٩٨/١٠/١٠دا نووسیم‌و پاشان بڵاوم کردەوە بەناوکوردو پارتە کوردیەکاندا کەپاشتر بەچەند نامەیەك بەریتانیام ئاگادارکردۆتەوە لەمانگی ١٠/دووهەزاردا کاتێك بەڕێز مەسعود بارزانی هات بۆ نەمسا پاشان لەلایەن نەمساوە لەمەڕ بەسەرهات و کێشەی من گفت‌وگۆی لەگەڵ کراوە پاشتر گەیشتە بەریتانیا کەوای پێدەچێ بەوتەی نەمسا و بەریتانیا لەبەریتانیاش گفت‌وگۆی لەگەڵ کرابێ بۆیە دوای گەیشتنی بۆ بەریتانیا من بەنامەیەك ئاگادارم کرد لەبەرواری ٢٠٠٠/١٠/٢٦دا وەهەڵوێستی خۆم دەربڕیوە بۆی کەنامەکە لێرەدا پێشتر بڵاوکراوەتەوە، دوای ئەمانە لەبەرواری ٢٠٠٠/١١/٢٣دا ئاگاداریەك بۆ هەموو پارتە کوردییەکان هەڵوێستی‌خۆم بەتەواوی ڕوون کردۆتەوە بڵاوم کردۆتەوە بەناو پارتە کوردیەکاندا کەلێرەدا لە لاپەڕەکانی پێشتر دووبارە نوسراوەتەوە کەئایا چییان دەوێ چارەی دەکەن یان دەمکوژن بە ئیمزاوە دیسان ئەنجامی بدەن، لەبەرواری ٢٠٠٠/١٢/٦دا نامەیەکم بۆ بەڕێز تۆنی بلێر فاکس کرد بەکوردی وە لەسەر نامەکە نووسیومە بەئینگلیزی کە نامەکە کوردی سۆرانی‌یە هەرچەند لەهەمان کاتی نووسینی نامەکەدا کراوەتە ئینگلیزی و پێش فاکس کردنی نامەکە دراوە بە پەرلەمانی بەڕێز تۆنی‌بلێر ئەوانامەکە وەکو خۆی لەخوارەوەیە.

دەربارەی بەکارهێنانی مێشکم بەشێوەی ڕەوان بالایی بەبەردەوامی ئەزمون کاری لەسەر مێشکی من ئەنجام دەدەن مانای لەڕێگەی مایکرۆچیپەکەی مێشکم فەرمان ئەدرێ بەمێشکم بۆ ئەنجام دانی دەروونە جووڵەو دەروونە بڕو دەروونە نەشتەروەدەروونە تیمار و دەروونە کەش گۆڕی وەچەندەها شتی‌تر.

دەربارە ی‌دەروونە کەش گۆری هاتووم ئەو ئەزمونانەی بەمنیان ئەنجام داوە
نووسیومەتەوە و بلاوم کردۆتەوە و والەم پەرتوکەشدا دەنووسرێتەوە
بۆ بەڕێز تۆنی بلێر
سلاوێکی گەرم

this letter is in kurdish sora
Mr. Tony Blai
10.Downing street
london swi A-2AA

ـن زۆر لەمێژە ئاگادارم کەنەمسا و بەریتانیا و ئەمەریکا بوونەتە هاوبەش لەسەر
ـەکارهێنانی مێشکی‌من بە مایکرۆچیپ لەبواری سیخوڕیدا و هەروەها بەتایبەت
ـیکۆڵینەوە و ئەزموون کاری لەسەر پاراسایکۆلۆجی – ڕەوان بالایی کە چەندین
ـەزموون ڕۆژانە بە بەردەوامی لەسەر مێشکی من ئەنجام دەدەن من دەڵێم بە داخەوە
ـەبەسەر منتان دا سەپاندووە تاپیرۆزبابی تیرۆی سەردەمتان لێبکەم بەتایبەتی
ـەخۆتان بونەتە پۆلیسی نەمسای نازی وە ئارەزووتانە دوکتۆرای تیرۆرلەسەر
ـێشکی من بهێنن خوا نەکردە ئەگەر کەمێ ئاوەزی مرۆڤتان هەیە باشترە من بۆتان
ـبمزا بکەم تالەناوم بەرن‌و کوردیش پرسیاری منتان لێنەکات ئەگەر وەلامتان نەرێ
ـ ئەوا نیشانەی ئاوەز نەزۆکیتانە کەچارە یان کوشتنی منتان ناوێ بەئیمزایەکی
ـشتی.

بەکار لێهێنراوی مایکرۆچیپ
طارق حکیم – جاف.
٦ –١٢ – ٢٠٠٠

بەم ناونیشانە نامەکەم بۆ بەڕێز تۆنی بلێر ناردووە.

Hakem Tarik jaf
Ammesty international
1.Wastonstreet.
London wclx – 8 D
6/12/2000 London

ئـــاگـــاداری:-

لەمانگی (٧)ی دووهەزاروە تا ئیستا کەمانگی ١٢ی دووهەزارە دەروونە کەش گۆڕی بە مێشکم ئەنجام دەدەن لە ڕێگەی مایکرۆچیپەکەوە بەفەرمان دان بە مێشکم کە دەڵێن ببارێ یان خۆش بکاتەوە وبوەستێتەوە وە هەروەها بروسکەیان بەڕۆژ بە من لێداو لەناوچەی لەندەن کەخۆمی تێدا دەژیم وە وێنە بەرداریان کردووە کە تائیستا جارێ کە سەرەتای مانگی ١٢ی‌دووهەزارە باران‌ولافاو لەبەریتانیا بێت وە جاری یەکەم لەلەندەن بوو بەڵام جاری‌دووەم و سێهەم بەفەرمان دان بەمێشکی من باران‌و لافاو سێلاویان وەستاند لەلەندەن و زاناکانیان مێشکیان سوررماوە کە ئایا مێشکی طارق چۆن ئەتوانێ ئەمە ئەنجام بدات‌وە ئایا ئەمە چ هێزێکە ئەنجامی دەدات وە ناگەنە ئەنجام بەدڵنیایی، وەهەموو ئەم ئەزموونانەی لای خۆیان تۆماریان کردووە کورد خاوەنیەتی وە هەروەها مافی داواکردنەوە و هاوبەشی هەیە ئەنجا نووسرابوو:

١. ئەم زانیاریانە بۆ هەموو پارتە کوردیەکانی کوردستانە.
٢. بۆ هەموو کەسایەتییە کوردیەکانە.
٣. بۆهەموو شیخەکانی پسپۆڕانی پاراسایکۆلۆجی کوردە.

وە بەرواری ٢٠٠٠/١١/٢٥ بڕیاری ،لەسەر درا بوو وە بلاوکرا بۆوە،

هەروەها ئەزموونی تریان بەمێشکی من ئەنجام داوە بەشێوەیەکی زۆر سەر سوور هێنەر ئەمانەی خوارەوە:

١. لەمانگی ١١ی دووهەزار لەڕێگەی مایکرۆچیپەوە بەفەرمان دان بە مێشکم کە دەچێتە چوارچێوەی دەروونەکار تێکردن‌و دەروونە جوڵە وە کاری سەرووی ئاسایی‌و و سەرووی‌هەستەکان بەمن ئەنجام دەدەن مەبەست بەمێشکی من ئەو ئەخچاڵەی (بەفرگرەی) کەلە ماڵەوە هەمە یەخچاڵەکە بەمێشکی من دەخەنەکار وە هەروەها بەمێشکی من لەکاری ڕادەگرن کە لەهەردوو بارەکە بەبەردەوامی کارەبای لەسەرە وە لای خۆشیان یەخچاڵ لەڤیینا لە لەندەن لە ناوەندی سیخوڕی‌و لێکۆڵینەوە لەمێشکم دانراوە لەگەڵ یەخچاڵەکەی ماڵی خۆم کەلە یەك کات دا یەخچاڵەکەی خۆیان و یەخچاڵەکەی خۆم هەڵ دەکەن‌و دەخەنەکار وەهەروەها لەهەمان کاتیشدا هەردوو یەخچاڵەکە لەکار رادەگرن دەیانەوێ بزانن بۆ یەخچاڵەکەیان کە بەمێشکی من ڕاگیراوە و کارەباشی لەسەرە کار ناکات وە ئەوهێزە چییە لەکاری ڕادەگرێت، بەبەردەوامی بۆ ماوەی مانگێك ئنجا نەیان توانیوە تێبگەن بزانن ئەو هێزە چییە پەیوەندی بەمێشکی منەوەیە کاری سەرووی ئاسایی پێ‌ئەنجام دەدرێ وە وا تەزووەکە چووە ناهێڵێی یەخچاڵەکە کاربکات کە لەهەمان کات کارەبای‌لەسەرەو بەئارەزووی خۆیان بەفەرمان دان بە مێشکم لەکار دەوەستێ‌و دەکەوێتە کار لەهەمان کات دا.

٢. لەژووری چێشت لینان تەباخی چوارچاوی گازی کە چەرخی کارەبایی لەسەرە بۆ داگیرساندن ئەو تەباخە(کۆڵینەرە) چوارچاوە بەڵام لە ڕێگای فەرمان دان بەمێشکم سێ‌چاویان بەدەستی من هەڵدەگیرسێ ئەمە لەکاتی چێشت لێناندا وەهەروەها لای خۆشیان تەباخ هەیە بەهەمان شێوە چاوێکیان لەکار راگرتووە وەنازانن بۆچی ئەو چاوە تەباخە کە گازی پێدادێت و داناگیرسێ وە

هەروەها خواردنم خستۆتە فڕنی تەباخەوە بۆ گەرم کردنەوە وە پلەی گەرمی فڕنەکە بەرزبووە کەچی خواردنەکە لەناویدا بەساردی ماوەتەوە ئایا ئەمە چ هێزێك ناهێڵێت خواردنەکە گەرم بکات‌و تەنها هەر بەئەوەندەی فەرمان بەمێشکی من دراوە بەساردی بمێنێتەوە.

٣. ئەزموون لەسەر ڕووەك: من لەماڵەوە ڕووەکێکی بۆن خۆشم هەیە بەناوی – نەئنا– (نەعنا)وە لەپەنجەرەدا لەبەر تیشکی خۆردام ناوە و ئاوی پێویستی هەیە ئەوانیش لەناوەندی سیخوڕگە و لێکۆڵینەوە ڕووەکیان داناوە کە ئاوو هەوا و تیشکی ڕۆژی تەواوی هەیە، ئەوا ئەوان دێن لەڕێگەی فەرمان دا بەمێشکی منەوە هەردوو ڕووەکەکە چرچ‌وسیس دەکەن بۆماوەیەك نزیکی مانگێك تەنها هەرئەوەندە فەرمان بەمێشکم دەدەن کە ڕووەکەکان هەردووکیان بۆ ئەو ماوەیە لەگەشە دەوەستن وە دوای ئەمە فەرمانیان داوە کە ئەو ڕووەکانە لەماوەی زۆر کەمتر لەمانگێك گەشەی ڕووەکەکان خێرا دەکەن کەزۆر زۆر خێرایی گەشە کردن لەسەرووی گەشەگردنی ئاساییەوەیە کەئەمانە بەبەرواری ٢٠٠٠/١١/١٧بەڵاوم کردووە بە ناوکورداندا ئەڵبەت ئەو تاقی‌کردنەوە و ئەزموون کاریانەیان بەمێشکی‌من ئەنجام دراوە لەماوەی مانگی٧ی‌دووهەزارەوە دەربارەی دەروونە گەش گۆڕی ئەمە وەکو نەریتێك لەناوکورداندا ماوەتەوە کەئەو بەهاری بارن نابارێ ئەواخێرا قوربانی دەکرێ و کەلە خودا دەپاڕێنەوە تاباران ببارێت وە زۆر جاران داخوازیەکان بۆبارین بەئەنجام گەیشتووە و باران باریوە زۆر لەپێغەمبەرەکان بارانیان باراندووە وە زۆر لەجادوگەرانی نەتەوەو ئایینەکانی‌تر یان پێشڕەوی ئاینەکانی‌تر بارانیان باراندووە کەواتە ئەو هێزەی لەسروشت دایەو پەیوەستە بەباران باراندنەوە هەروەکو ئاینی یەزیدی کورد دەڵێ خودانی باران ڕەشاندن – مەمەدی ڕەشان

وە مێشکی مرۆڤ پەیوەست دەبێت بەو هێزەوە و باران دەبارێ وە دەربارەی گەشەکردن و وشك کردنی ڕووەك لەناوکوردەواریدا کەلەسەرێکی ئیسکان دەکەن بەسەر ئەوڕووەك سەوزە بەرهەم هێنەرانەی کە جوتیارانی کورد کەڵکی لێ وەردەگرن بۆ پاراستن لەچاوی پیس وچاوەزار کە ئەمیش لەزانستی پاراسایکۆلۆجیدا دروستە و هێزێکە پەیوەندی بەژیانەوە هەیە وە پەیامبەرمان دەفەرموێ چاوەزار ڕاستە (د.خ).

هەروەها ئەوەی بەمن دەکەن ئاوی شێرەی ساردەکە لەهەمان کات دا بەفەرمان دان بە مێکشم لەڕێگەی مایکرۆچیپەکەوە یەکسەر ئاوەکەی کاتی بەردانەوە لەساردەوە دەگۆڕێت بۆ گەرم کەئەمە زۆر بە بەردەوامی پێم ئەنجام دەدەن دەیانەوێ بزانن ئەگەر من بەرگری بکەمو نەهێڵم بگۆڕێ بەگەرم چۆنە ڕێگەکەی و ڕەوشەکەی تا وەری بگرن بۆخۆیان وەیان ئەگەر خۆم ئەنجامی بدەم چۆن ئەنجامی دەدەم و ڕەوشەکەی چۆنە؟

وەئەوەی سەیرتر من لەکاتی سەرتاشیندا پرچی دووسەر لە تەنیشت دواوەی سەرکورت و ڕێکم خستبوو کەچی بە فەرمان دان بە مێشکم موەکان درێژ بوونەوە لەپشتەوەی سەربەئەندازەی دوو سانتیمەتر ئەڵبەتە ئەمە بۆ کەسێك کە شارەزایی زانستی پاراسایکۆلۆجی نەبێت بڕواناکات و تێگەیشتنی گرانە بەڵام کەس نازانێ ئایا ئەم توانا وهێزە مووەکە درێژدەکات کە زۆر خەڵکی بینیویەتی لە تەلەفیزیۆن دا یان لای جادوگەران کەچۆن بەن وپەت ودەزوو درێژوکورد دەبن بێ ئەوەی بزانرێ چۆنە و چی درێژ و کورتی دەکات یا ناوەندی سیخوڕگە و لێکۆلینەوە لەمێشکم ئەزمونی کردنی ڕەوانبالایی و کارتێکردن لەتەنەکان بە مێشکم ئەوان دەزانن هەیە بەڵام دەیانەوێ بزانن ئایا مێشك چۆن ئەم کارە سەروو ئاسایانەی پێ ئەنجام دەدرێ وە ئەو هێزە چییەوچۆنە ئەنجامی دەدات وە ڕەوشی فێربوونی چۆنە تا فێرگەی

نهێنی خۆیان بۆ بکەنەوەو خەڵکی‌خۆیان فێر بکەن دەیانەوێ پرسیار لە مێشکی من بکەن بزانن تا مێشکی من چی دەڵێ دەربارەی هەڵسوڕانی کاری سەرووی ئاسایی و فەرجود بەڵام من دەڵێم خوا دەزانێ‌و من نازانم وە نازانم ئارامی گیانم باشترە وە جگە لەوەش سەختە مێشکی مرۆڤ بزانێ ئەو هێزە چییە هەروەها لەلەندەن بەدزی منەوە بەکامێرای سەروو رەنگەکان‌و سەروو بینینەوە وێنەبەرداری منیان کردووە تا بزانن ئایا من هیچ گیان‌و جنۆکەم لەگەڵ دایە پتر مەبەستم گیانە کەئیستا کامێرا هەیە دەتوانێ وێنە بەرداری گیان بکات واتە ئەوانەی دەمرن ئەگەر بێنە ماڵێکەوە سەردانی ئەوماڵە یان دژایەتی ئەو ماڵە بکەن ئەوا بەکامێرا دەتوانرێ وێنە بەرداری ئەو گیانە بکرێ بەڵام کە وێنەبەرداری منیان کردووە بەڕۆژ و بەشەو لە وناوچەیەی لەندەن کەلێی دەژیم هیچ گیانی مردووی رابردوویان بەدەوری منەوە یان لەگەڵ مندا نەبینیوە وە هەروەها خوێنی منیان گرتووە وە مووی سەری منیان بردووە وە جینەکانی منیان پشکنیوە و تەواو لەمنیان کۆڵیوەتەوە لەڕووی جین‌و بۆماوەیی‌یەوە بەڵام نازانم چ ئەنجامێکیان بەدەست هێناوە، هەروەها ئەم ئامێرە میکرۆچیپ لەپاراسایکۆلۆجیەکانی تر و ئاینەکانی‌تر بەکارهاتووە وەکو ماگ‌و جادوگەرەکانی ئاینی ڤودو -vudo-وەهەروەها ئاینی هیندۆسی‌و بودی‌و شەممان وەلەپارایاسایکۆلۆجی شێخەکانی ئیسلام بەپێی ئەوزانیاریانەی کە من لەناوەندی سیخوڕگەو لێکۆڵینەوە وەری دەگرم ئەوا مایکرۆچیپ چینیەکان‌و یابانیەکان‌و رووسەکان‌و ئیسرائیل‌و هەندێ وڵاتی ئەورووپیش بەکاری دەهێنن بۆ سیخوڕی‌کردن و دزینی زانستی وشارەزا بونی ئاوەز و فەرهەنگی گەلان‌و خەڵکی خۆیان ئەزموون دانی پاراسایکۆلۆجی لەسەر شارەزایانی پاراسایکۆلۆجی لەڕێگەی ئەم مایکرۆچیپەوە کە لێمیان بەکارهێناوە هەروەها زاناکانی بەریتانیا و ئەمەریکا لەگیانداران لە ئەفەریقا و ناوچەکانی تری جیهان بەکاری دەهێنن بۆ لێکۆڵینەوی

انستی لەسەر ژیان‌و و ژینگەو هەڵس‌وکەوتی گیانداران هەروەها لەهەندێ باڵندە ،وور فڕو گەڕۆکەکان بەکاردەهێنرێ هەم بۆ لێکۆڵینەوە لەباڵندەکە وهەم بۆ سیخوری پێکردنی لەسەر ناوچەکان.

ئەگەربێت‌و سەیری فیلمی گیانداران بکرێت بە ووردی لەتەلەفزیۆندا ئەوا لەهەندێ فیلمدا دەزانرێ کە گیاندارەکە لێی بەکار هاتووە بەوەدا کەبینینی جۆر ورەنگەکان لەچاوی گیاندارەکە جیایە وەکو لەهی مرۆڤ مانای کامێرای کە مرۆڤ وێنەبەرداری دەکات کامێرایەکی ئاساییە بۆ ڕەنگەکانی چاوی مرۆڤ کە دەبینێ بەڵام لەفیلمەکەدا ئەگەر ڕەنگەکان جیاوازبوون لەو ڕەنگانەی چاوی مرۆڤ دەیبینێ ئەوا ئەوە دەگەیەنێ مێکشی گیان دارەکە مایکرۆچیپی تێدایە وە جۆر وڕەنگەکە جیاوازە بەتایبەتی گیاندارە شیردەرەکان چونکە چاوی ئەوان ڕەش‌وسپی دەبینێ تێکەڵ یان ڕەنگی پتر دەبینێ .

دەربارەی دەروونە بڕو دەروونە تیمار بەزۆری بەمنیان ئەنجام داوە بەوەی لەڕێگەی مایکرۆچیپەکەوە فەرمانیان بە مێشکم داوە کە شوێنێك لەسەر لەشم وەکو پەنجە دەست لچ‌و دەم‌و نچاو پێ‌و ئەندامی نێرینەم کە ئەوشوێنانە براوە وەکو ئەوەی قەڵشی برد بێ یان بەمووس بڕابێت بەڵام بڕینی بچوك بێئەوەی خوێنی لێبێت وە بۆ چاك بوونەوەشی بەدەروونە تیمار بەوەی هەر ئەوەندە فەرمانیان بەمێشکم دراوە برینکە چاك دەبێتەوە و سارێژ دەبێتەوە و یەك دەگرێتەوە وە یان وەك خۆی لێدێتەوە و بەپێی ئەو فەرمانانە کار بەر ئەنجام دەدرێ کەئەمە لەڕەوان بالاییدا پێی دەوترێ دەروونە بڕو دەروونە تیمار وزۆر جاران کە دەروونە بڕ لەسەر لەشم ئەنجام دراوە بەفەرمان دان بەمیشکم ئەوا ئازارێکی کە م لەکاتی بڕینەکەدا و دوای بڕینەکە هەبووە هەروەها کە ئەم دەروونەبڕە شێخەکانی ئیسلام و جووکییەکانی هیندستان ئەنجامی دەدەن بەشێوەی زەرگ لەخۆدان. ئەوەی سەیرترە لەمە بە من

ئەنجامیان داوە دەروونە ڕەنگ گوڕیە بەوەی کەبەرفەرمان دان بە مێشکم ڕەنگی دەستی منیان چەند جارێك بۆ سپی شێوە کاغەزی بە من ئەنجام داوەو ودوای ڕەنگەکەیان ئاسایی کردۆتەوە لەدەستم بەفەرمان دان بەمێشکم کەئەو ڕەنگە سپیە نامێنی.

دەربارەی دەروونە رەنگ گۆری ئەمە لەمنیان دزیوەو وەرگرتووە وە تائیستا خەڵکانی پاراسایکۆلۆجی جیهان لە مێژوودا ئەنجامیان دابن ئەوا نە نووسراوەتەوە هەروەها دەربارەی دەروونە کارتێکردن لەرووەك کە ئەمیش لەمنیان وەرگرتووە وپێیئاشنا بوونو هەر بەفەرماندان بەمێشکی من ئەزموونیان لەسەر ڕووەك پێکردوم کەلەکوردستان بەشێوەی چاوەزار ناودەبرێ دەڵێن دەخڵودانەکەی یان باخەکەی یان سەوزەو میوەکەی بەچاوەوبووە بۆیە هەموو ئەم شتانەی کەلەکوردەواریدا هەیە ئەوا پێویستی بە نووسینەوە هەیە بەڵام دەربارەی – levitation-بەرزبوونەوە لەسەر ئەردی یان خۆڕزگارکردن لەهێزی راکێشانی زەوی دەربارەی ئەمە چەند جار بەمێشکی من فەرمان دراوە کە چەند سانتیمتیرێ لەزەوی بەرز ببمەوە وە کاتێ کەمێ بەرز بوومەوە و هەستیان کردووە کە بەمێشکیمن ئەنجام ئەدرێ وازیان لێم هێناوە هەروەها چەندجار لەڕۆیشتن بۆ تاقیکردنەوە هەوڵی بەرزبوونەوە لەزەویان بەمن داوە کەزانیویانە ئەنجام ئەدرێ وازیان هێناوەلێم و وەستاندوویانە هەروەها دەربارەی هەستی هاوسەنگی بەدەنی کەئەمیش یەکێکە لەهەستەکانی ناوەوەی لەش کە چەند جارێ لەکاتی ڕۆیشتندا ویستوویانە هەستی هاوسەنگی من تێك بدەن و بکەوم بە سەر ئەردیدا کەئەمیش بە فەرماندان بە مێشك دەبێت لەڕێگەی مایکرۆچیپەکەوە بەوەی دەڵێن خۆت پێڕاناگیرێ و ناوەستی وەیان رەتان دەبەی وەیان دەکەویت بە زەویدا.

وەدەربارەی هەستی هاوسەنگی گەرمی لەش کەئەمەیان بەزۆری بەمنیان ئەنجام داوە بەوەی تەنها فەرمان دەدەن بە مێشك کەلەشت گەرم دەبیَ یان گەرماتە وە یان دەڵێن سەرماتە ئەوا مێشك ئەم فەرمانانە وەر دەگریَ و لەسەر بەدەنی خۆی بەجیَی دەهێنیَ.

دەربارەی هەستی بۆنکردن بۆنی دەمی منیان خۆش کردووە کەئەمەیان راست نییە وتەنها هەستی بۆن هەڵدەخەڵتاندنە وەیان بۆنی زۆر پیس ناخۆش کاتی نزیکی کەسی ٔ دەکەوم وە یان دەچمە شوێنی ئەوا دروستی دەکەن لە لوتمو بەردم لوتم دا کە ئەمیش هەڵخەڵەتاندنو فریودانی هەستی بۆنکردنە وەهەروها بۆنکردنی سەرووی ئاسایی کە دەتوانین بۆن خوێندنەوەکە بۆنی کەس‌وشوێنی ترم پیَبۆن بکەن بیَئەوەی بەبۆنی ئاسایی بتوانم بۆنی بکەم. دەربارەی هەستی تام کردن ئەوا دووبارە هەستی تام کردنم هەڵدەخەڵەتێننو فریو دەدەن تەنها بەوەی کە فەرمان بەمێشك دەدەن ئەو خواردنەی تۆدەیخۆیت تامی سوێرە یان تاڵە وە یان تامی گۆڕاوە.

هەروەها دەربارەی مێشکم بەشێوەی هەواڵی دەنگ یان وێنە بۆ مێشکی منیان ناردووە و هەستم پێکردووە کە یان وێنەکان شێوەی خەڵکی ئەوروپیبووە وەیان ئەوانەی لەبەئاگایی‌وە یان لەخەون دابینیومە وەیان وێنەی کەسێکی نەناسراو بۆ مێشکم بەڕێدەکەن هەواڵی جۆراوجۆر وە هەروەها چالاکی مێشکم کەمدەکەنەوە ڕێگەی بیرکردنەوەم دەگرن بەفەرمان دان بەمێشکم وە یا بیرکرنەدەوەم خێرا دەکەن هەتوشی پێکەنینو گریان وخەمو دڵخۆشیم دەکەن بە فەرمان دان بەمێشکم ئەنجامی دەدەن وە لەکاتی خەوتندا توشی شەیتانیم دەکەن و چەندین شتیتر شەویَ لەکاتی خەوتندا بەمنی دەکەن کە یەکیَ لەوانە شەویَ لەخەونمدا بەشێوەی شەیتانی هەوڵ دەدەن لەگەڵ منداڵانم پێبکەن بەڵام تا ئێستا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە

کەشەیتانی لەگەڵ منداڵانم پێبکەن هەروەها بۆ گەورەش تەنها توانیویانە لەگەڵ کچان‌و ژنانم پێبکەن رەنگە وای پێبچێ نەریتی نەمساو ئەوروپا فێری ڕۆژهەڵاتی بکەن بەڵام کەکردیانە تۆبزی ئەنجام دەدرێ. هەروەها بەفەرمان دان بەمێشکم توشی ئازاری وام دەکەن هەر وەك ئەوەی کارەبا بمگرێ کە ئازارەکە زۆر بەهێزە هەر وەکو ئەوەی ئازاری پشتم هەبێ یان دەمار یان شوێنی‌تر و شتی‌تر بەشێوەی بەربڵاو لەهەموو لەشمدا دەربارەی ناوەندی سیخوڕگەو لێکۆڵینەوە هەموو ئەوکەسانەی لەوێن کە پسپۆڕن لەبەکارهێناندا یان وەرگێڕن یان پسپۆڕی مێشکن یا بیر خوێنەرەوەن یان هەرکەسێکی‌تر لەوێ بێت ئەوکاتی تەماشای کۆمپیوتەر و تەلەفزیۆن دەکات بۆبینیی وێنەی مێشکی من‌و وێنەی چاوی من ئەوا لەوکاتەدا بیرێکیان هەیە و جگە لەمەش کە من تەماشای وێنەیەك دەکەم ئەوان جۆرێك بیرکردنەوەیان هەیە لەسەر بینینی ئەو وێنەیە جا وێنەکە مرۆڤ بێت یان شتومەك بێت ئەوا بیرو تێگەیشتینیان دێتە مێشکمەوە کەجیایە لەبیرو تێگەیشتنی من خۆئەگەر من ماندوو نەبم ئەوا ڕێژەیەکی زۆر زۆر لەوان تێدەگەم لەپەیڤینیان‌و بیریان دەخوێنمەوە لێیان تێدەگەم نەمساوی میللەتێکی زۆرلەخۆباین من هەر مرۆڤێکی دەبینم کەم‌و کوڕیەکی تێدا دەدوزنەوەو لەزۆر کەس ناشیرین یان پیس یان کورتە باڵا تێدەگەن وەخۆشیان دوای ئەوەی هاتمە بەریتانیا دەیان گوت وامان زانی هەر کورد ناشیرینە کە چی‌ئینگلیزیش لەکورد ناشرینتریان هەیە وە ئیستا دەڵێین چۆن خۆمان تووشی ئەم گیرگرفتە کردخەڵکی ئێمە لەهەموو خەڵکی جوانترە منیش دەڵێم پێیان کەس بەدۆی خۆی ناڵێ ترشەو هەموو میللەتی خۆی پێجوانەو خۆیان بەوە نازانن کەخەڵکی زۆریان نەخۆشی پیستی هەیەو هەر ئەو کاتی ئەورووپیەکان چوونە ئەفەریقاوە و شوێنی تر پێیان دەوتن پێست نەخۆش لەتێگەیشتنی رەشدا ئەو پێستە سپیە نەخۆش بووەو لەڕووی تەندروستیشەوە

ەبەر ئەوەی سەروونا‌وەندی ئەوروپا تیشکی ڕۆژی کەمە بەرپێست بکەوێ بۆیە ەخۆشی پێستیان هەیە نەمساویەکان ئەم سێساڵە کەلکیان زۆر لەئەزمونی من ەرگرتووە و لەکۆتایی‌ساڵی(٢٠٠٠)وە خۆیان دەڵێن تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەی ێمەی نەمساوی هەڵەیەو هەموو تێگەیشتنەکەمان پێچەوانەی تێگەیشتنی یللەتەکانی‌ترە.

ەروەها کە مایکرۆچیپەکە لەمێشکم دایەو من مێشکم‌و هەستەکانم رادەگرم ئاگام ەمێشکی خۆم ئەبێ تامێشکم بێخودی لەگەڵ مایکرۆچیپەکە نەکەوێتە گفت‌وگۆوە کەلەناوەندی سیخوری‌و لێکۆڵینەوە کۆمپیوتەر هەیە بۆ وەرگرتنی هەست نەستی ەن وەهەروەها خوێندنەوی هەست و نەستی من بەڵام من ئەوکاتی مێشکم ەهەستەکانم راگرم ئەوا پسپۆڕەکانی‌مێشك و بیر خوێندنەوە بیروهەست و نەستی ناو مێشك و هەستەکانی من ئەخوێننەوە کەلێرەدا خوێندنەوەکانیان هەڵەیە چونکە پسپۆڕەکانی مێشك و بیر خوێندوە وەکو کورد فێر نەبوون‌و داب‌و نەریت‌وفەرهەنگی کوردیان نییە بۆیە ئاوەز و هۆشی کوردیان نییە وەهەروەها کاتێ من هەستەکانم راگرتووە و تەماشای دەکەم بۆنمونە من تەماشای دووکەس دەکەم لەیەك دەچن بێئەوەی من لێکی بکەمەوە و بڕیار بدەم ئەوان دەڵێن بران یان خوشکن وەهەروەها من سەیری ڕەنگێك دەکەم بێئەوەی من بڕیاری لەسەر بدەم ئەوان دەڵێن جوانە یا ناشیرینە یان حەزی پێدەکەم یان ناکەم کە ئەوان دەیانەوێ بەئارەزووی ئاوەزی خۆیان مێشکی من بخوێننەوە جگە لەوەی کەمن هێشتا لێی ڕاماوم بڕیارم لەسەر نەداوە خۆ تەماشای شتێك بکەم هەرچییەك بێت ئەگەر لێی رامێنم‌و هیچ لەسەری نەڵێم‌و بڕیاری لەسەر نەدەم ئەوا زۆریان پێناخۆشە چونکە فێ و پەرکەمیان لێدێ‌و نازانن من چی لەسەر ئەو شتە دەڵێم؟

هەروەها دەربارەی هەندێ هەست و تێگەیشتن لەسەر هەستی بینین دەتوانن لەپێش چاوان گۆڕان بەسەر ناشرین و جوانیدا بهێنن کە یان جوانتری بکەن یان ناشرینتری بکەن یان پاك و خاوێنی بکەن یان پیسی بکەن یان بێزی لێبکەیتەوە وەیان حەزی لێبکەیت ئەمە ئەگەر ئاگام لەخۆم نەبێ یان مێشکی بێئاگا بێ پێی ئەنجام دەدەن وە بەمنیش ئەگەر ئاگام لەخۆم نەبێ پێم ئەنجام دەدەن.

وەبۆئەوەی بتەوێ لەمایکرۆچیپ تێبگەیت کە لەمێشك دا هەیە ئەوا دەبێ هەستەکان و مێشك ڕابگرێ یان لەکاتی تەماشاکردندا رابمێنێ لەم کاتەدا کەسێکی تر لەجیاتی مێشکی تۆ لەکاتی تەماشا کردندا ئەو شتە بخوێنێتەوە یان ناوەکەی بڵێ یان لەجیاتی هەست و مێکشت شت بڵێ و بخوێنێتەوە ئەوا مانای مایکرۆچیپ دەگەیەنێ کە گفت وگۆوئاوەزو تێگەیشتنی کەسێکی تر دێنێتە مێشکتەوە وە خۆت بەتەنها نیت، و هەربەم شێوەیە لەبوونی مایکرۆچیپ تێدەگەیت و بەرەنگاری دەبیتەوە ناهێڵیت مێشکت بخوێنێتەوە و بیر لەڕابردوو ناکەیتەوە هەمیشە لەئێستا و داهاتوو وە جگە لەمەخۆت بەشتێکەوە خەریك بکەیت کە پەیوەندی نیە بەبوارە زانستیەکەی خۆتەوە، من خۆم زۆر لەنهێنیەکانی پاراسایکۆلۆجی پاراستووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان وەرگرتووە دەربارەی سایکۆکنیز – دەرونە جوڵە – ئەمە پێم ئەنجام دەدەن بەڵام من تائێسا لەپێش چاویان ئەنجامم نەداوە ئەوانیش کەپێم ئەنجام دەدەن تەنها بەوشەیەکی فەرمانی یان رستەیەك بەوەی دەڵێن ئەوا گڵۆپەکە بەمێشکی تۆ کوژایەوە یان ئەوا هەڵبووە وەیان کزبووە وەدەڵێن ئەوا دەستت دەشۆیت ئاوەکە گەرم دەبێت لە دەستت دا و وەگەرم وخۆشە وەیان یەخچاڵەکە لەکار راوەستا ئەوا کار دەکاتەوە وەلەکاتی تەلەفۆن کردندا دەڵێن ژمارەکە وەرناگرێ هێڵەکە داخراوە وە هیچ پەیوەندی ناتوانێ بکەیت هێلەکە داخراوە و ناکرێتەوە کەلەم کاتەدا من سەرنجم لای تەلەفۆنەکەیەو هەوڵی پەیوەندی گرتن دەکەم لەگەڵ

ژمارەکەدا وەبەهیچ شێوەیەك پەیوەندی ناکرێ وە بۆ نەخۆش خستنی بەدەنی‌و دەروونی من بەهەمان شێوە هەرفەرمان دەدەن بە مێشکم کەئەندامی‌ناوبراوئازاری هەیە وە نەخۆشی‌وسەرت ئازاری‌هەیە.

دەربارەی بۆنکردنی سەرووی ئاسایی کەچەندین جار بۆنیان لەلوتم دا دروست‌وپەیداکردووە پێم بۆنی شتی دووریان نزیك بە من بەخوێندۆتەوە کەهەنەی جاران بۆن خوێندنەوەکە راست بووە لەدووکات‌و شوێنی جیاوازدا وە هەندێ جار چۆتەچوار چێوەی فریودانی هەستەکانەوە مانای کەبۆنەکە بەهەڵە وەرگیراوە و خوێندراوەتەوە و بۆن کراوە من زۆر جاران وەڵامم نەداونەوە وە هەندێ جاران وەڵامیان دراوەتەوە ڕۆژی ٢٠٠١/١/١٢بۆنێکیان هێنایە بەرلوتم کە ئەوە چ بۆنێکە و پرسیاریان لێم کرد، لەڕاستیدا بۆنەکە لەدەرمانی مەلاریا یان بۆن دەرمانی سوتاو دەچوو کەیەکەم جار بوو بۆنی لەو جۆرە بێتە بەر لوتم پاشان مێشکم وەڵامی دانەوە وپێی گوتن کە ئەوە بۆنی ئەو گازانەیە کەخراونەتە ناو خودرۆکانی سەرداخراو لەلایەن هێتلەرو دەسەڵاتەکەیەوە بۆ خنکاندنی جولەکەکان‌و قەرجەکان بەڵام بەم وەڵامەم بێزار و توڕە بوون دیارە وای پێدەچێ وەڵامەکەم راست بووبێ بەڵام خۆم نازانم تا چ ئەندازەیەك راستم گوتووە چونکە زانیاریم نییە لەسەر جۆری ئەو گازانەی هێتلەر بەکاری هێناوە لەخودرۆ داخراوەکاندا هەروەها کە مایکرۆچیپەکە لەمن بەکارهێنراوە تەنها(ڤیننا – نەمسا) ناوەندی سەرەکیەکەی بووە وە هەر لەوێوە هەواڵی دەنگ‌و وێنەو پرسیارکردنی رەوان بالایی بۆمن بەڕێ دەکرێ و پێم ئەنجام دەدرێ بەڵام لەهەمان کات دا پۆلیسی بەریتانیا و پۆلیسی ئەمەریکاش ئاگایان وەکو نەمسا لەوهەواڵ‌وهەرایەی من و نەمسا هەیە بۆیە زۆر جاران هەواڵی جوێنیان بۆ مێکشی من بەڕێ کردووە تا بەئەمەریکا و بەریتانیا بڵێم بۆ ئەوەی پتر بچن بە هانای نەمساوە لەدژی من وەجوێنم بە هەموویان داوە و

درێخیم لییان نەکردووە و گوتوومە ئێوە منتان کردۆتە ڕۆبۆتەی جوێن دان‌و ئەنجا گوناهبارم دەکەن بەم جۆرانە مێشکم بەکار دەهێنرێ بە بەردەوامی دەربارەی ئەو پەروەندەی ئامادەم کرد بوو بۆکاروباری ناوخۆ پەنابەری بەریتانا Home office– –وە هەرهەمان پەروەندەم بۆ بەڕێز تۆنی بلێر نێردراوە وەلامی داوەتەوە لەلاپەڕەکانی پێشوودا وەکو خۆی بلاوکراوەتەوە هەروەها پەروەندەی ناوبراو بۆڕێکخراوی -ai-لەلەندەن نێردرا بوو بە بەرواری ١٩٩٨/٥/٢٤وەلام دراومەوە کە دەڵێ ئەکرێ‌وناکرێ لەگەڵ پارێزەکەتدا بەشدار یبکەین پاشان دەڵێ دەبێ تێبینی بکەی کە -ai–ناتوانێ دەست بخاتە ئەو جۆرە کاروبارانەوە و هیچ تکایەکیش پەسەند ناکات بۆ پاڵپشتی‌و شوێنی بکەوین‌و لە ئێمە داوای پاڵپشتی بکات کەوا دەقەکەی لە لاپەڕە بەڵگەنامەکاندا بەئینگلیزی خراوەتە بەردەست.

هەروەها لەلاپەڕە بەڵگەنامەکاندا رووپەرەی (فۆرم) پرکراوەی ئەندامەتی‌تێدایە وە ئامازەی پێکراوە کەلەساڵی ١٩٩٤ئەندامی -ai–تازەی دەکەمەوە و پێشتریش بەڵگەی –aiنەمسای تێدایە کەلەگەڵیان ئەندام بووم وکارم کردومە وە لەپەرتووکەکەدا دەردەکەوێ کە دیموکراتی چۆنە لەئەوروپا وە مافی مرۆڤ چۆنە لەئەوروپا وەچۆن چاو لەکورد دەکەن وە سیخوڕی لەسەر کورد چۆنە؟ وە ئەوروپا چۆن لەژێر ڕێنوێنی ئەمەریکا دایە وە ئەو لایەنانەی پەیوەندیان پێوە کراوە لەکورد و لەئەوروپی تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠ وەلامیان چۆنە؟ وە مێشکم چییەو پاراسایکۆلۆجی(رەوانبالایی)چییە؟ وەهەروەها تاد.....

دەربارەی بەسەرهاتەکەم لەکوردستانی باشور بلاوکراوەتەوە وە هەروەها لەژمارە(٢٩–٣٠) گەلاڕێزان و سەرماوەزی ساڵی٢٧٠٠ی کوردی دا بەرانبەر کۆتایی ساڵی(٢٠٠٠)ی زاینییە بلاوکراوەتەوە لەژێر سەردێری تیرۆر و تاوانێکی‌تر لەسەر کورد وە وادەقی وتارەکە کەپەیام بلاوی کردۆتەوە لەلاپەڕەی بەڵگەکاندایە ،

کەخۆیان دەڵێن یەکەم ڕۆژنامەیە لەئەوروپا ولەڕۆژهەڵات دا بۆ بڵاوکردنی بەسەرهاتی لەو بابەتەوە پێیان سەیرە کە خەڵکی کورد بوێرانە لەگۆڤار و ڕۆژنامەکاندا وتاری رامیاری گرنگو بەهەڵوێست بڵاو دەکەنەوە وەخۆیان دەڵێن نەمان زانی کورد ڕۆژنامە و نووسەر ئەوها بیرورا دەربڕە وبوێرانە ئازادە وەهەتا بەریتانیا و ئەمەریکاش دەڵێن چۆن ئەوها بوێرنو لەئێمە دەدوێنو لەئێمە تێدەگەن مەبەست خەڵکی ئاسایی کوردە وە نەمسا دەڵێ ئێمە لەترسی ئەمەریکا ناتوانین هیچ بکەین کەچی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینو دوور هیچ بوونێکی بۆ ئەمەریکا دانانێن وە نەمسا دەڵێ کە کورد سەربەخۆییان نییە ئەنجا ناچنە ژێر جەختی ئەمەریکاو ڕۆئاواوە.

هەروەها لەڕووی رامیاریو کۆمەڵایەتیەوە و فەرهەنگیو داب و نەریتەوە لەکورد تێنەگەیشتووە و ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمەریکا کە ئیستا (١٨) تەن بەڵگەنامەی ڕژێمی عێراقی لەئەمەریکایە ئەنجا تازە دەست پێدەکەن بۆ تێگەیشتن لەکورد لەڕژێمی ئیراك و لەناوچەکە کەدیارە ئەو بەڵگەنامانە تەنها وەکو کەلەپور لەمۆزەخانەکاندا پارێزراون هەروەها ئەمەریکا پەشیمانە لەفراندنی عەبدالله ئوجەلان کاتێ کەبینی لەهەموو جیهانو لەهەر چوار پارچەی کوردستان خەڵکی کورد لەڵوێستوپاڵپشستی بۆکوردی باکور ئوجەلان دەردەبڕنوپێشان دەدەنو دژایەتی ئەمەریکا بۆکورد و پاڵپشت کردنی تورکیا تاوانبار دەکەن خۆ ئەگەر ئوجەلان رامیاری نەگۆڕییایە و جۆرێکیتر هەڵویستی رامیاری بگرتایە ئەوهەڵوێستی ئەمەریکاش لەکاتی ئەو هەراو بەزمەدا ڕێڕەوی بە (١٨٠)پلە لەوەی ئیستا هەیەتی هەگۆڕی، ئەمەریکا لەگەڵانی ڕۆژهەڵات ترسیهەیە وە زۆر لەچالاکی سەربازی خۆبەخت کردن دەترسێت وە بەگوێرەی هەواڵی پۆلیسی نهێنی نەمسا و ئەوروپا لەوا فەلەستینیەکانی ئاگادار کردووە وە جۆرە ڕێکەوتنێکی ڕاگرتنی هاوسەنگی

کردووە لەگەڵیان کە چالاکی سەربازی خۆبەخت کردن ئەنجام نەدەن وە هەروەها گوایە هەمان ڕێکەوتنیشی لەگەڵ pkkکردووە و دیسان پۆلیسی نهێنی نەمسا دەڵێن کە چەندین جار ئەمەریکا بە ئێمەی گوتووە تا بەpkkبڵێین کە چالاکی جەماوەری و خۆپیشاندان ئەنجام نەدەن لەئەورووپا پۆلیسی نهێنی نەمسا کە جەختی کورد و ناوخۆیان کەوتۆتە سەر و خەریکە جەختەکە دەبێت ناوچەیی و جیهانی دەبارە ی بەکارهێنانی ئەو مایکرۆچیپەی ی لەمنیان بەکارهێناوە و دەڵێن کوشتنی د.قاسملۆ وە هەڤاڵەکانی دیسان –ciaبەئێمەی ئەنجام دا وە دەڵێن نەمانزانی طارق کاردانەوەکەی دەخاتە پاڵ ئیل وخێڵی جافەوە بێگانە دەکوژنەوە لەتۆڵەی دا کەئەنجام دانی رەنگە ببێتە نەریتێك بۆکورد و لەئایندەدا نەتوانین هیچ جۆرە جەخت و دژایەتیەکیان لە گەڵ بکەین و دەڵێن هەروا مانزانی کەلەڕۆژهەلات دا هەر خێڵەکانی عەرەبستان و یەمەن ئەنجامی دەدەن.

وەهەروەها نەمسا دەڵێن ئەم میلەتی کوردە تائیستا کەس لێیان تێنەگەیشتووە و تەنانەت ئەمەریکاش تێنەگەیشتووە وە لەطارق وە تێگەیشتین کەکورد میللەتێکی چۆنن و کە زیرەك و وریان و زوو تێدەگەن وە چۆن ئێمەو ئەمەریکا لەبەر تێنەگەیشتنمان ئەم بەسەرهاتەو کێشەی (طارق)مان لێگەورە بوو وەپۆلیسی نەمسا بەئاشکرا لەناو کوردەکانی پەنابەر لەنەمسادا دەڵێن بۆپێتان نەگوتین کە طارق خێڵ وخزم وکەسی هەیە و ئەورووپی و بێگانەکان لەکوردستان لەتۆڵەی (طارق)دا دەکوژنەوە ئەمەش کورد وتەنی ئەوەدەگەیەنێ کە مست لەدرەوشە دەگەڕێتەوە ، هەروەها لەساڵی(١٩٩٩) سۆشیال دیموکراتی نەمسا بەمیری سۆشیال دیموکراتی ئەلمانیای گوت کە چیدی چەك نەدەن بە تورکیا و کوردان لەئاڵوێرەکانمان تێدەگەن و میری ئەلمانیا گوتی نەمانزانی کێشەی کورد گەورە بووە وئیستا ئەمەریکا دەستی تێهاویشتووە وە ئیستا نەمسا دەڵێن کە تورکیا بەگوێی نەك ئەورووپا بەڵکو

ەمەریکاش ناکات بۆ دادگایی‌کردنی ئوجەلان لەئەوروپا وە دەڵێن ئێوە چۆن لەفزیۆنی کوردیمان پێ‌ئازاد دەکەن و کێشەی کورد لەتورکیا دەتەقێننەوە مربارەی ciaو پۆلیسی نهێنی ئەوروپا تاکو ئیستا تێ‌نەگەیشتوون لەکورد وە ەوەی کە خۆی هەیە هەرچەند ئەوانە پسپۆرشن لە کاروباری کوردو لەرامیاری ورد و لەفەرهەنگ‌وکۆمەڵی کورد ئەوانیش هێشتا ماویانە تێبگەن خۆ ئەوەی ێگەیشتوون کاتێك دەیخەنە روو بۆ دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیان لە نیوەی نێو بڕوای ێدەکرێ و ئەوەی بڕیاریش دەدات بەرامیاری وڵاتەکەی خۆی لەسەرکورد بڕیار ەدات کە بەتێگەیشتنیان پاراستنی بەرژەوەندین لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان ەپێشترە تا لەگەڵ کورد بەڵام لەڕاستیدا وانیە و بەپێچەوانەوەیە وە ئەو ەرژەوەندییەی کە کورد خستوویەتیە بەردەمی ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمەریکا هەر ەساڵی ١٩٧٠و تائیستا ئەوا تورك و عەرەبو فارس نەی‌خستۆتە بەردەمی ئەمەریکا ەپێ‌ی ئەو زانیاریانەی لەڕێگەی ئامیرە سیخوڕیەکەی ناو مێشکمەوە پێم گەیشتووە کە ئەمەریکا چەندین جار ئەوروپای ئاگادار کردووە کە نەهێڵن کوردی باکورو جەماوەری pkkجێژن‌و ئاهەنگی گەورەو دروشم بەرزکردنەوە و وێرد لێدان لەسەر خیابانەکانی ئەوروپا بکەن وە نایەوێت هیچ پارتێك دروشمی کوردستانی گەورە و سەربەخۆی کوردستان بەرزبکاتەوە.

وەئەوەی زۆرگرنگە بگوترێ ڕۆژئاوا لەدەسەڵاتی خەڵکی کوردا خێڵەکانی کورد پێش تەماشا دەکات لە چاو دەسەڵاتی رامیاری‌و خەباتی هەندێ لەپارتە کوردییەکان بۆ گەواهی ئەم وتەیەش دەسەڵاتی خێڵەکانی سۆماڵ و یەمەنە کە ئەمەریکا خۆی لێ‌دووردەخاتەوە.

لەسەرەتای ساڵی (٢٠٠٠)هاتم یەکەم زانیاریم لەسەر ئامێری سیخوڕی کەلەمن بەکار هێنراوە لەلایەن نەمساوە وکەلەئەمەریکای وەرگرتووە بۆکاری هاوبەشی

بڵاوکردەوە لەسەر مەبەستی کردنی سیخوڕی بەمن و ئەزمون کاری و کەڵك وەرگرتن لەپاراسایکۆلۆجی بەکارهێنانی مێشکی من ئەوا لەلاپەڕەکانی داهاتوودا دەقەکەی بڵاودەکرێتەوە.

ئامێری سیخوڕی و لێکۆڵینەوەی لە مێشك – ئاوێتەی کیمایی مێشکگر – ناسراو بە مایکرۆچیپ – Micro chip-

مانای مایکرۆچیپ (تەنکی بچوکۆڵە) دەگەیەنێ کە ئەمیش خانەیەکی ئەلەکترۆنیە پێش هەشتاکانی سەدەی بیستەم ئەم مایکرۆچیپە بەنەشتەرگەری بچووك دەیان خستە نزیك کۆئەندامی دەمار لەلەشدا یان لەپشتی سەردا وەیان دەیان خستە بۆشایی ناوەوەی کونی لووت کە لەمێشکەوە نزیکە بەهۆی کۆئەندامی دەمارەوە پەیوەست دەبوو بەمێشك وەزانیاریە لەکەسی بەکارهێنراوەوە بەدەماردا دەگەیشت بەخانە ئەلەکترۆنیەکە – مایکرۆچیپ – ئەنجا جۆرێك لەشەپۆل دەهات بۆ مایکرۆچیپەکە و دەگەڕایەوە وە بەکارلێهێنراو چی ببینایەو ببیستایە دەگوێزرایەوە تەنها ئەرکی بوو وەرگرتنی زانیاری بوو پتر نەك فەرمان دان بەمێشك و زاڵ بوون بەسەریدا بەڵام لەدوای هەشتاکانی سەدەی بیستەم دا ئاوێتەیەکی کیمایی داهێنرا کەلەڕێگەی دەرزی لێدانەوە لەلەش دەدرا وەپاشان ئاوێتەکە لەناو لەش دا کارلێکی کیمایی بەسەردا دێت وهەموو لەش دەتەنێتەوە کە دەبێتە سینیەکی شەپۆل گر لەبەدەنی مرۆڤ کە بەهۆیەوە جۆرێك لەشەپۆل دەگات بەمێشك و دەگەڕێتەوە وە ئەم ئاوێتە کیماویە ناوی زانستی خۆی هەیەو وەهەر بەمایکرۆچیپ – Microchip– باوەو ناسراوە.

وە ئەم ئاوێتەکیماویە ڕەنگی سووورباوە بەدەست پۆلیسی نهێنی یەوەیە بۆ بەکارهێنان تائێستا لەزانستی پزیشکی ئاشکرانەکراوە بۆ خوێندن لەکۆلێجی

پزیشکیدا وە دەتوانرێ فەرمان بەسەر مێشك دا بدرێو بۆ سێمەبەست بەکاردێت یەکەم مەبەستی سیخوڕی‌کردن، دووەم مەبەستی لێکۆڵینەوەی زانستی لەمێشك، سێهەم لێکۆڵینەوەو تاقی‌کردنەوە بەزانستی پاراسایکۆلۆجی.

ئەوەی لێرەدا گرنگە بیڵێم گرنگی ئەم ئامێرەیەکە لەدوو بواری جیاوازو گرنگ دا بەکاردەهێنرێ:

بواری یەکەم/

بواری سیخوڕی‌یە وەبەکەڵکترین ئامێرە لەبواری سخوڕیدا پێشەکەوتوترین‌و بەتواناترینە کەوێنەو دەنگ لەمێشکی مرۆڤ وەردەگرێت ئەو کاتی لەجیهانی هەستەکانەوە دەگات بەمێشك وەبەپێچەوانەوە هەواڵی وێنەو دەنگ لەناوەندی سیخوڕگەو کارکردن وێنەو هەواڵ بەهۆی شەپۆلەوە دەنێرن بۆ مێشك کەلەهەمان کات‌و چرکەدایە، جابەکارلێهێنراو سیخورە لەسەر نهێنی‌یەکانی خۆی لەسەر ئەو فێربوون‌و داهێنان‌وزانستەی کەفێری بووە، وەلەسەر دەوروبەرو ژینگەکەی.

بواری دووەم/

بواری زانستیە کەلێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنی مێشکی مرۆڤە لەبواری تەندروستی‌لەجۆری فێربوونی داب‌ونەریتەکەی هەروەها لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنی زانستی پاراسایکۆلۆجی لەهەموو بوارەکاندا وەلەبواری تەندروستیدا بۆ نەخۆش خستن‌و چاکردنەوەی بەکارلێهێنراو لەنەخۆشی وە بەپێچەوانەوە وەبەکارهێنانی توانای ڕەوانبالایی‌و سەرووی ئاسایی بەکارلێهێنراو بۆ سیخوری‌کردن لەجۆری دەروونە جووڵەو کارتێکردنی سەرووی ئاسایی و هاوبیری‌و بیرگری‌و گواستنەوەو بزرکردنی تەن‌وشت‌ومەکەکان بەشێوەی جادوویی وەکەڵك وەرگرتن لەڕەوشی ئەنجام دانی ڕەوان بالایی.

ئەم ئامێرە مایکرۆچیپە وەکو کامێرای هەواڵ نێرەکان وایە کەوێنەو هەواڵەکان لەیەك کاتدا دەتوانێ بدات بەچەند ئێستگەیەکی تەلەفزیۆن کەمەبەست لەولاتانی ئەندامە کە دەتوانن لەڕێگەی کۆدی مایکرۆچیپەکەوە کە کۆمپیوتەر و تەلەفزیۆنی تایبەتی خۆی هەیە دەتوانن هەموویان ولاتانی ئەندام وەك یەك وەری بگرن وەئاگایان لەهەواڵو جموجۆڵی ئەوکەسەو مێشکی ئەو کەسە بێت ڕاستەوخۆ بەزیندووی هەموویان لەیەك کاتدا ئەم ئامێرە لەمێشکدا نیشتەجێ دەبێت هەرچی کارو جموجۆڵو هۆش‌و ئاگای مرۆڤە وەردەگرێت بەهەموو هەستە ئاگاکانی مرۆڤەوە وەکو هەستی بینین، بیستن بۆنکردن، چەشتن، بەرکەوتن وە لەکاتێکدا و لەهەموو کاتێکدا زانیاری جیهانی دەرەوەی لەشی مرۆڤ کەهەستەکان دەیدات بەمێشك وە مایکرۆچیپەکەش لەهەمان کات‌و بەهەمان خێرایی دەی نێرێت بۆئیستگەی پەخش‌وکارکردن وە لەوێ زانیاریەکە وەر دەگێڕدرێتەوە سەر زمانی خۆیان‌و تۆماری دەکەن وە وا بەجیا یەکە بەیەکە ئەو زانیاریانەی کە هەستەکان وەری‌دەگرێت و دەیدات بە مێشك وە مایکرۆچیپەکەش لەمێشکی وەردەگرێت و دەیدات بەناوەندی کارو ئیستگەکەی دەنووسمەوە.

دەربارەی هەستی بینین چاوی‌مرۆڤ هەرچییەك ببینێ مرۆڤ بێت یان شتومەك بێت یان نووسراو بێت یان وێنە و دیمەن بێت کەچاو وێنەودیمەنەکانی دابە مێشك‌و مایکرۆچیپەکەش لەمێشکی وەردەگرێت و دەیدات بەئیستگە لەوێ ئەوەی بەکەڵکە و پێویستە تۆماری دەکەن لەسەر کاسێت ئەگەر نووسراو ئەلف‌وبێیەك بێت کەمن نەیزانم ئەوان دەیخوێننەوە وە ئەگەر خۆشیان نەیزانن دەدەن بەپسپۆر و شارەزایەك تابزانن ئەو نووسراوە چییە؟

وە ئەو شتەی من دەیبیینم‌و ناوی نازانم ئەوان ناوەکەی دەڵێن، وە ئەوشتەی من دەیبینم بەڵام بیرم لای نیە یان ئاگام لای نیە ئەوان هەر دەیانەوێ بیزانن‌و ناوەکەی

بزانن واتە هەرچییەك بەرچاوم بکەوێ گرنگ بێت یان ناگرنگ بێت ئەوان دەبێ بیزانن ئەو شتەچی‌یە وە ئەو کەسانەی لەدوای بەکارهێنانی ئەم ئامێرە لێم‌وناسیومن ئەوا وێنەیان گرتووە وێنەکانیان بەدەنگ‌ورەنگەوە لەسەر کاسێت‌و CDیان کۆکەرەوەی تەلەفزیۆن تۆمار کراوە وە دەربارەی بینینی مێشك کە ئەمیش بەشێوەی لێکدانەوەو وێنە کێشانی خەیاڵی دیسانەوە گرنگەکانی لای‌خۆیان تۆمار دەکەن وە هەروەها خەون بینین لای خۆیان تۆمار دەکەن کە بەئینگلیزی پیی دەوترێ Dream and imgineوەمن ئەو خەونانەی کەلەشێوەی پێش بیبندا وە یان بەهاوڕێکانی رابردوومەوە بینیومەوە یان هەڤاڵان‌و خزمانم‌هەمووی تۆمارکراون بەڵام من وێنەی خەونەکان هی کەسم وەك خۆی نەهاتووەتە مێشکەوە تەنها شێوەی‌کردووە.

وەدەربارەی بیرکردنەوە و خەیاڵ بەرابردووە هەر لەمانگی ئایاری ١٩٩٨وازم لێهێناو بۆ ئەوەی ژیانی رابردووی من نەزانن ولەبەر ئەوەی نەیان زانیوە چوون پرسیاریان لەکوردەکانی نەمسا کردووە کە طارق لەکوردستان چی‌بووە بۆیە تائیستا ژیانی پێش ئایاری ١٩٩٨ لایان وونەو نازانن من چی‌بووم وە چۆن پاراسایکۆلۆجی فێربووم لەرووی تیوری‌و پراکتیکەوە وە هەموو ئەوانەی بینیومەو دەیان نووسم ناو وێنەیان لای‌خۆیان تۆمارکردووە وە ناونیشان‌و ژمارەو تەلەفۆنی هەرکەسێ کەلای من هەیە لای ئەوانیش هەیە کەواتە من بەبێ ئارەزوو وویستی خۆم وەبەتۆپزی سیخورم لە٢٣/٢٤/٤/١٩٩٨وە بۆنەمسا و بەریتانیا و ئەمەریکا وە سیخورم لەسەر باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری وداب‌ونەریت‌وفەرهەنگی‌گەلەکەم بەڵام زانیاریان لەمن کەمتر پێگەیشتووە وەك لەوەی لەسیخورەکان‌ولە ڕۆژنامەو پەرتوکەکاندا نووسراون ڕەنگە لەمندا پراکتیکی‌تربێت مەبەستم لەوەیە نەمسا هەرچی زانیاری‌یەکی لەمن وەرگرتووە داویەتی بە بەریتانیا وئەمەریکا بەڵام ئەوەی لێرە گرنگە بۆئەوان شێوەی

بیرکردنەوە و تیگەیشتن و سیاسەت و داب و نەریت وهەلس‌وکەوتی کوردە کە چۆن گرنگە بۆ ئەوان شیوەی بیرکردنەوە و تیگەیشتن‌وو سیاسەت و داب و نەریت و هەلس‌وکەوتی کوردەوە کە چۆن لەکورد تیبگەیت بیگومان کەمن کوردم میشکی من وەکو میشکی زۆرینەی خەلکی‌کوردوایە وە لەرووی زانستی پاراسایکۆلۆجی‌یەوە کەلکیان بەزۆری لەمن وەرگرتووە هەروەها دەتوانن خەونی‌دەستکرد بەمن ببینن لەکاتی خەوتندا وە کچ‌وژن بەمن ببینن ئەمەش دەکەویتە سەر هوشیاری و ئاگایی خۆم چونکە ئەگەر بەئاگابووم ناتوانن خەونی دەستکردم پی‌ببینن لەرووی هەستی بینینەوە بەشیوەیەکی گشتی بەو شیوەبوو کەلیێ دواوم بەلام لەگەل ئەمەش کەم تازۆر دەتوانن خەونی دەستکردت پی‌ببینن.

وەلەروی هەستی بیستنەوە و گفت‌وگۆوە من چی‌دەبیسم لەریگای هەستی بیستنەوە کە دەگات بەمیشکم یەکسەر دەنیردیت بۆ ئیستگە لەریگەی مایکرۆچیپەکەوە وە جۆری گفت‌وگۆم وە لام دانەوەم دیسانەوە بەوان دەگات وەجۆری تاکتیك‌وهونەری پەیڤین کە رستەیەك دەلیم و رستەیەك دەگیرمەوە یان وشەکان دەکۆلینم‌و ئەنجا ئەی بیژم‌و ئەی لیم ئەوا ئەوان لەریگەی مایکرۆچیپەکەوە ئەو رستەو وشەی دەی‌گیرمەوە لەزارم‌و نای لیم ئەوا ئەوانیش دەزانن وە هەمووی لە میشکی منەوە وەردەگیریت و رەوان دەکریت لەریگەی مایکرۆچیپەکەوە رەوان دەکریت بۆ ئیستگەی ناوەندی کارکردن و تۆمار کردن وە لەنەمسا وەرگیری کوردی ئەلمانی‌وە فارسی ، عەرەبی، تورکی ، ئەلمانی هەیە، وەرگیری کوردی هەورامی‌وزازایی شیوەزمانیان نیە چونکە من هەورامی و زازایی تیناگەم تەنها سۆرانی و کرمانجیە وە لەبەریتانیا وەرگیران بۆ ئینگلیزیە لەو زمانانەوە ئەگەر خۆیان راستەوخۆ لەمنی وەرگرن چونکە پاش گەیشتنم بۆ بەریتانیا ئەوا بەریتانیا خۆیان ئاگادارن لەمن دەربارەی بیستن تیدەگەن ئەوکەسە چ هەوالیکی پی‌خۆشە و

چی پی‌ناخۆشە وە بەچی‌تووڕەو پەست دەبیت‌و پیی ناخۆشە وەبیرکردنەوەی
رامیاری‌چۆنە وە هونەری گفت‌وگۆی سیاسی چۆنە بەلام من لەم روانگەیەوە دەم
رویست لیم تی‌نەگەن تەنها بە کەم و کوری‌نەبی چونکە هەمیشە ئاستی بیدەنگی
رخۆساردیم گرتووە یان هونەری پیچەوانەی بۆ چونی رامیاری خۆمم پیشان داوە
رەئەوکەسەی پەیڤینی لەگەل دەکەم ئەوا پەیڤینی ئەوویش تۆمار دەکریت وە وەکو
من گوییان لەوتەکانی ئەویشە دەتوانری لەکاتی گفت‌وگۆدا ئەگەر رازی‌ببم میشکم
رەکو تلەپاتی ئامادەبکری تاپتر لەبەرانبەرەکەم بگەم، وە دەزانن بە بیستنی چی دل
خۆش دەبیت‌و بەچی دل تەنگ دەبیت وە چ ئاوازو موسیقایەکت پی‌خۆشە وە چ
لەوالی بۆ بەکار لیهینراوی مایکرۆچیپ باشە و پیی‌خۆشە. وە لەرووی بینینەوە
لەروەها دەزانن بینینی چی‌وکیت پی‌خۆشە وەچیت پی‌جوانە و ناشیرینە وە بە چ
کەسیك دلت خۆش دەبی وە دەکریتەوە پتر وە باوەرت چۆنەو بەکی زۆرە ،
رەهەروەها دەربارەی هەستی بۆن کردن دەزانن مرۆڤ چۆن بۆن دەکات بۆنی
چی‌پی‌خۆشە و چ بۆنی‌بەکار دەهینی وەبۆنی ئەو کەسانەی دەیان ناسی چۆنە
ۆنیان دەکات‌وبۆنیانی پی‌خۆشە ئایا پاك‌وخاوینە بۆنی لی‌نایەت. دەربارەی هەستی
نام کردن کە ئایا بەکارلیهینراو چۆن چیژ و تام دەکات وە حەز لەتامی چ خواردنیك
ەکات‌و خواردن زۆر دەخوات یان کەم دەخوات وە خواردنەوە تامی‌لی‌دەکات یان
اکات وە تامی چ خواردن‌و خواردنەوەیەك بەلایەوە خۆشەوە تاد....

ە هەستی بەرکەوتن ئایا هەستی بەرکەوتنی بەکارلیهینراو چۆنە کە کاتی تەوقە
ەگەل کەسیك دەکات چۆن هەست بە دەستی‌بەرانبەرەکەی دەکات لەکاتی
ەوقەکردندا وەیان لەهەرجۆرە بەرکەوتنیکی‌تر.

ەربارەی هەستی چەشتن‌وبۆن کردن و بەرکەوتن کە میشك وەلامی بۆنەکە دەداتەوە
ەوا ئەوان لەریگەی مایکرۆچیپەکەوە ئەو وەلامە دەزانن وە لیرە روون بۆوە کەرۆلی

هەستەکان بۆسیخوڕی ئەوا هەستی بینین‌و بیستن ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی دەگێڕێت، بەڵام هەستێکی‌تری گرنگ لای مرۆڤ هەیە کەهەستی هۆشیاری‌یە کە ئایا مرۆڤ کە هۆشیارە یان ناهۆشیارە مەبەستم لە بەکارلێهێنراوی مایکرۆچیپەکە دێت کە چۆن هەست بەبەرانبەرەکەی دەکات چۆن لێی‌تێدەگات ئایا زوو هەست بە ڕووداوەکان دەکات وە زوو هەست بەبەرانبەرەکەی دەکات کەنیازو مەبەستێك یان نەخشەوپیلانێکی لەژێر سەردا بێت و وەیان چۆن هەست بە مەبەستی گفت‌وگۆی بەرانبەرەکەی دەکات وە چۆن لەجم‌وجۆڵ‌و هەڵس‌وکەوتی بەرانبەرەکەی تێدەگات، ئەمانە هەموو تێدەگەن کەئەمە زۆر زۆر بەلایانەوە گرنگە وە دەوری سەرەکی دەبینێ بۆ سیخوری واتە هەستی هۆشیاری دەوری سەرەکی دەبینێ بۆ تێگەیشتنی دەوروبەرەکەت وە هەروەها ئەوەی لێرەدا گرنگترە ئەوەیە هەوڵ دەدرێ مێشکی بەکارلێهێنراو ئامادەبکرێت بۆ تلەپاتی – قراءة الافكار من بعد– دوورە هاوبیری یان دوورە بیر خوێندنەوە کەهەوڵ دەدرێ مێشکی بەکارلێهێنراو تەلقین و ئامادەبکرێ بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ کەسێك کە دەیانەوێ بۆ ئەوەی بتوانن بەتلەپاتی زانیاری لەو کەسە وەربگرن بەڵام ئەمە مەرجی دەوێ چونکە دەکەوێتە سەر توانای مێشکی ئەوکەسەکە ئایا ئامادەیی هەیەبۆ سیخوڕی وە مێشکی ئامادەی تلەپاتی هەیەوە ئەو کەسە خۆی تلەپاتی شارەزایە و مرۆڤێکی زیرەکە پاش ئەمانە ئەنجا دەتوانرێ بەتلەپاتی سیخوڕی پێبکرێ وەمن چونکە تلەپاتی دەزانم ئەمە لەگەڵ من هەوڵ دراوە بۆ پەیوەندی کردن بە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتەکانی کوردستانەوە تا من زانیاری لەوان وەربگرم بەتلەپاتی کە نەمسا ئەم زانیاریەم بدات بەلایەنی دووەم‌و سێهەم کە داخوازی زانیاری لێدەکەن بەڵام من ئامادەیی سیخوڕیم نەبووە و ڕێگەم پێنەداون بەتلەپاتی بەکارم بهێنن بۆیە ئەم نەخشەو پیلانانەم پۆچەڵ کردۆتەوە کەواتە بەکارهێنانی لەلایەن ئامێری سیخوڕیەوە بۆ تلەپاتی‌و تێگەیشتن لەمێشکی

ەسێکی‌تر وخوێندنەوەی بیرەکانی دەکەوێتە سەر ئارەزوو توانای مێشکی ئەوەی
ە مایکرۆچیپەکەی لێبەکارهێنراوە و ئەمە لەدوور ئەنجام دەدرێ بەبێ بینینی ئەو
ەسە لەشوێنێکی ترەوە یان بەبیننی ڕاستەوخۆ لەگەڵیدا دانیشتن وە هەروەها
ەتوانرێ مێشك وەك هیپنۆتیزەکراو بەکار بهێنرێ بەو مایکرۆچیپە چۆن ئەو
ەسەی کەسێکی‌تری هیپنۆتیزم کردووە و لەژێر فەرمانی‌دایە ئاوەز و مێشکی
ەکاردەهێنرێ و دەنێرێت بۆ شوێنان تا زانیاری‌و هەواڵی لەو شوێنە یان لای
ەوکەسە پێوەرگرن وە ئەمە وەکو خەون بینین وایە بەڵام ئەمیش دەکەوێتە سەر
امادەیی و ڕازی بوونی ئەوکەسەی لێی بەکارهێنراوە وەتواناکەشی.
ەواتە مایکرۆچیپ بەتواناترین و پێشکەوتووترین ئامێری سیخوڕیەَ سەردەمە وە
ەورەترین و بەهێزترین دوژمنی مێشکی مرۆڤە کە تائیستا دروست کرابێ وەئەم
امێرە لەزانستی پزیشکی ئاشکرانیە وە هیچ دەزگایەك و ئەشیعەی کۆمپیوتەری
شکرای ناکات بۆ ئەوەی لەخۆتی بگەیەنی چۆنە دەبێ وەکو فرۆکەی فانتۆمی لێ
ْبگەی کەرادار ئاشکرای‌ناکات دەربارەی ئەو کەسەی مایکرۆچیپی لێبەکارهێنراوە
ەتوانن دڵی بوەستێنن‌و بیکوژن بەڵام ئەگەر مێشك بەهێز بێت‌و فەرمانەکەی
ەرنەگرێ ئەو دڵە لەکار ناوەستێ کەئەمەش ئاسان نیە بۆهەموو کەس کەمێشکی
وانێ فەرمانی مایکرۆچیپ وەرنەگرێ‌و نەهێنێ وەبەهەمان شێوە دەتوانرێ گەدەو
جۆڵەکان لەکار بوەستێنرێ‌و گورچیلەو ئەندامەکانی‌تر بەڵام بۆهەموو ئەوانە
ەکەوێتە سەر مێشك بۆوەرگرتنی فەرمانی مایکرۆچیپەکە تا مێشك دژ بەخۆی و دژ
ئەندامەکانی کار بکات کە هەموو ئەندامەکان لەژێر فەرمانی مێشکدان بەڵام ئەمە
ەکو گوتم بۆ مێشك ئاسان نی‌یە دژایەتی فەرمانەکانی مایکرۆچیپ بکات‌و
رمانەکانی بەجێنەهێنێ دەبێ مێشکەکە بەتوانا بێت وەدەبێ بەکار لێهێنراو
ئاگاو هوشیاربێت ئەگینا دەتوانن توشی نەخۆشی دەروونی و بەدەنی بکەن

دەتوانن مێشکی بگۆڕن خەڵکی‌پێ بکوژن کەواتە من ئەگەر بەئاگا نەبم ئەوا دەتوانن خەڵکم پێ‌بکوژن بەڵام دەبێ مرۆڤ بەئاگابێت بەفەرمان‌و تەلقینی مایکرۆچیپە نەکات‌و شوێنی نەکەوێت وە ئەم مایکرۆچیپە ئەگەر مرۆڤ بەئاگا و هۆشیار نەبێت دەتوانرێ مرۆڤەکە هەڵبخەڵەێنی‌و فریوی بدات تا لەگەل خۆی‌یان کاری پێ‌بکەن‌و وەهەموو شتێ بەگوییان بکات لەژێر فەرمان‌و وگوێ ڕایەڵیان دا بێت وەکو ئەوەی مێشکی بشۆردرێتەوە و پڕبکرێت لەمەبەستی تازە بەڵام ئەم کارە بۆ مێشکی ئاگاو هۆشیار نابێ.

ئەم مایکرۆچیپە ئەگەر مرۆڤ ناهۆشیار و نائاگا بێت هەڵ بخەڵتێنرێ و بکڕدرێت و لەگەڵ خۆیان بێت‌و هەموو شتێکیان بە گوێ‌بکات وەکو ئەوەی مێشکی بشۆردرێتەوە پڕ بکرێت لەمەبەستی‌تازە ئەوا مەترسی گەلێ زۆرە، کەواتە دەتوانن مرۆڤی ناهۆشیار و نائاگاو ناتێگەیشتوو و لاواز فریوی بدەن‌و بۆمەبەستی خۆیان بەکاری بهێنن ئەڵبەتە کە نەمسا ئەم ئامێرەی لەمن بەکار هێناوە ئامێری خۆی‌نیە و دروست کراوی خۆی نیە‌و ئەمەریکا و بەریتانیاش لەوەرگرتنی ئەو زانیاریانە بەشدارن وەنەمسا لەسەرەتاوە هەوڵی لەگەڵ من دا ئاشکرای نەکەم‌و بگەڕێمەوە کوردستان و لەوێ ڕاستەوخۆ بەتێکەڵ بوونی پارتەکانی کوردستان زانیاریان پێ بگات لەهەمان کات دا وەبەکارهێنانی من بەشێوەی تلەپاتی لەکوردستان لەسەر پارتە کوردییەکان و pkkلەکوردستانی باشور بەڵام من هەر لەسەرەتاوە ئەمەم ڕەفزکردەوە و هاتم بۆ بەریتانیا وە بەریتانیاش وەڵامی چارەی من ناداتەوە و دەیەوێ گوێڕایەڵی نەمسا بکەم‌و فەرمانی نەمسا چییە بە جێی بهێنم دەیان ویست بەبێ‌دەنگی‌و گوێڕایەڵی کاریان بۆبکەم. وەمن بەنووسینی ئەم زانیاریە دەمەوێ خەڵکی کورد و پارتە سیاسیەکانی کوردستان لەمەترسی مایکرۆچیپ ئاگادار بکەمەوە کە بەرژەوەندیان کەوتۆتە کوردستانەوە ڕۆژئاوا وای پێدەچێ لەئایندەدا

